حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی گەرمیان

کۆلێژی پەروەردە

بەشی زمانی کوردی

# شیعری زیندان لە باشووری کوردستان

## (کرمانجی ناوەڕاست ١٩٢٠-١٩٧٠)

نامەیەکە

**عەتا عەلی ئەمین**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی زانکۆی گەرمیانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.ی.د.امید رحیم شمس الدین

٢٧٢٢کوردی ٢٠٢٢زایینی

## ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من لەزانکۆی گەرمیان ئامادەکراوە و بەشێکە لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لەئەدەبی کوردیدا.

پ.ی.د.امید رحيم شمس الدين

/ /٢٠٢٢

بەپێی ئەم پێشنیارە ئەم نامەیە پێشکەش بەلێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

م.پێشڕەو ساڵح عەلی

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ / / ٢٠٢٢

**بڕیاری لیژنەی هەڵسەنگاندن**

ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتوویژ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی(                    ) بڕوانامەی ماجستێری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

واژوو:

ناو: پ.د. فەرهاد قادر کەریم

سەرۆکی لیژنە:

بەروار:    /    /٢٠٢٢

واژوو:

ناو: پ.ی.د. فواد حسێن ئەحمەد

ئەندام:

بەروار:    /    /٢٠٢٢

واژوو:

ناو: پ.ی.د. عەتا ڕەشید حسێن

ئەندام:

بەروار:    /    /٢٠٢٢

واژوو:

ناو: پ.ی.د. ئومێد ڕەحیم شمس الدین

ئەندام و سەرپەرشت:

بەروار:    /    /٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێجی پەروەردەوە پەسەندکرا.

واژوو:

ناو: پ.د. حسین اسماعیل علی

ڕاگری کۆلێجی پەروەردە

بەروار:    /    /٢٠٢٢

# پێشکەشکـردن

**پێشکەشە بە:**

**- ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بەڕۆحی باوک و دایکی خوالێخۆشبووم.**

# سوپاس و پێزانین

**سوپاس و پێیزانینم بۆ :**

- **زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە، بەشی کوردی، بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی خوێندنی باڵا.**

- **(پ.ی.د.امید رحیم شمس الدین)، کە بەوپەڕی سنگفراوانییەوە سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی گرتەئەستۆ و بەسەرنج و تێبینییە زانستییەکانی نامەکەی دەوڵەمەند کردم.**

- **کتێبخانەی گشتی سەرقەڵا، کە هەمیشە دەرگایان لەسەر پشت بوو بۆمان.**

- **هەموو ئەو کەسانەی لەم نامەیەدا هاوکارییان کردم.**

## ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١-٢ |
| دەروازە | ٣-٨ |
| بەشی یەکەم | |
| چەند بابەتێکی پەیوەست بە زیندان و شیعری زیندان | ٩-٥٧ |
| یەکەم: مێژووی زیندان و جۆری دامەزراوە زیندانییەکان لە جیهاندا | ١٠-١٧ |
| دووەم: زاراوەی شیعری زیندان و پەیوەندیی شیعر و زیندان و جۆرەکانی شیعری زیندان | ١٧-٢١ |
| سێیەم: شیعری زیندان لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکیدا | ٢٢-٢٨ |
| چوارەم: هۆکارەکانی زیندانیکردنی نووسەر و شاعیران | ٢٨-٤٣ |
| پێنجەم: ڕەهەندەکانی شیعری زیندان | ٤٤-٥٧ |
| بەشی دووەم | |
| بابەت و تایبەتمەندییەکانی شیعری زیندان | ٥٨-١١١ |
| پاری یەکەم | |
| بابەتەکانی شیعری زیندان | ٥٨-٩٦ |
| یەکەم: پەیوەست بە دەسەڵاتەوە | ٥٩-٧١ |
| دووەم: یادکردنەوەی وڵات و کەس و کار | ٧٢-٧٨ |
| سێیەم: کاریگەری دەروونی | ٧٩-٨٧ |
| چوارەم: چەند بابەتێکی دیکە | ٨٨-٩٥ |
| پاری دووەم | |
| تایبەتمەندییەکانی شیعری زیندان | ٩٦-١١١ |
| یەکەم: ڕاستگۆیی | ٩٦-٩٧ |
| دووەم: وەسف | ٩٨-١٠٧ |
| سێیەم: بڕوا و متمانە بەخۆبوون | ١٠٨-١١١ |
| بەشی سێیەم | |
| بنیاتی هونەری لە شیعری زینداندا | ١١٢-١٧٤ |
| پاری یەکەم | |
| زمانی شیعری لە شیعری زینداندا | ١١٣-١٣٣ |
| پاری دووەم | |
| وێنەی شیعریی لە شیعری زینداندا | ١٣٤-١٤٣ |
| پاری سێیەم | |

| | |
|---|---|
| مۆسیقای شیعریی لە شیعری زینداندا | ١٤٤-١٦٦ |
| **پاری چوارەم** | |
| ڕەمز لە شیعری زینداندا | ١٦٧-١٧٤ |
| **ئەنجــام** | ١٧٥-١٧٧ |
| **سەرچاوەكان** | ١٧٨-١٩٨ |
| **ملخص البحث** | ١٩٩ |
| Abstract | A |

# پێشەکی

# پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە هەر بابەتێک سەختی و دژواری خۆی هەیە، بە تایبەتی چەشنێکی شیعریی وەکو شیعری زیندان، چونکە لە جۆرەکانیتری شیعر جودایە و کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، کە لە جۆرەکانیتری شیعردا بەدی ناکرێت، بۆیە شیعری زیندان وەکو بەشێکی (شیعری بەرەنگاری) ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لەڕووبەڕووبوونەوە و بەگژداچوونەوەی دووژمن و جۆشدانی کۆڕی خەبات و بەرزکردنەوەی متمانەی خەباتکەران و تێکۆشەران، هەروەها کۆمەلانی خەڵکیان بێدار و هۆشیار کردۆتەوە بەرانبەر دوژمن و سازو ئامادەیان کردوون و هانیان داون بۆ شۆڕش و بەرەنگاربوونەوە. شیعر کاردەکاتە سەر سۆز و هزری مرۆڤ، کە وەکو چەکێکی مەعنەوی بووە بەدەست نیشتیمانپەروەران و ئازادیخوازانەوە و خستوویانەتە خزمەت دۆزە ڕەواکەیانەوە. دەیان شاعیر ژوورەکانی زیندانیان کردۆتە سەنگەری یەکەمی بەرگری، کە بەهۆی هەڵوێست و بیروباوەڕی جیاوازیان، چی بەهۆی جموجوڵی نەتەوەیی و سیاسییەوە، یاخود بەهۆی نووسین و شیعرەکانیانەوە بوویێت لەکونجی تەنگ و تاریکی زیندان نراون، کەم نین ئەو شاعیرە کوردانەی بەهۆی هەڵوێستەکانیانەوە زیندانیکراون، لەوانە:(فایەق بێکەس، دڵزار، دیلان، کامەران موکری، خالید دلێر...).

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** وەکو ئەوەی کەمترین توێژینەوە و بنکۆڵکاری لەسەرکراوە، چەند نموونەیەکی کەم و سادە نەبێت، کەهێشتا بارتەقای گەورەی و پیرۆزی ئەم ئەدەبە نین، زۆر جار لەناو شیعرە بەرەنگارییەکەدا تواوەتەوەو زۆر بەکورتی و خێرایی ئاماژەی پێکراوە. ئەم سنوورەی کە دیاریمان کردووە، واتە نێوان سالانی(١٩٢٠-١٩٧٠)دوو قۆناغی سەرەکی لەخۆی دەگرێت نێوان سالانی(١٩٢٠-١٩٥٨)و(١٩٥٨-١٩٧٠)، کە بەتێکڕا هەردوو قۆناغەکە نائارام و شلەژاوبوون لەڕووی سیاسییەوە، هەموو ئەو حکومەتانەی لەم دوو قۆناغەدا فەرمانڕەوابوون زۆربەی کات لەگەڵ مافی کوردو دۆزەکەیدا ناکۆکبوون و مامەڵەیان لەسەر بنەمای نکووڵی و زەبری هێز و گرتن و ڕاونان بووە، هەروەها وەکو پاداشت و وەفایەک بۆ ئەو شاعیرانەی گازەرای پشتیان سەنگەری بەرگری بوو دژی دوژمن، کۆڵنەدان و گیانفیداییان کردبووە مەشخەڵی دەستیان و هەندێکیان هەر لەناو زینداندا بەبێ ئەوەی ڕووناکی ببینەوە ژیانیان لێ سەنرایەوەو لەسێدارەدران .

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** بۆ بەدەستهاتنی ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕێبازی(وەسفی-شیکاریی)مان بەکارهێناوە، لەلایەکەوە بۆ دەرخستنی مەبەستی ڕاستەقینە و ناوەڕۆکی دەقە شیعرییەکانی تایبەت بە زیندان و لە لایەکیترەوە بۆ شیکردنەوەی بنەمای هونەریی ئەو دەقانە بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە:** ئەو شیعرە کوردییانە دەگرێتەوە، کە بەکردارەکی شاعیرانی کورد لەکاتی دەستبەسەری و لەناو ژوورە تاریکەکانی زینداندا نووسیویانن. لەلایەکیترەوە سنووری لێکۆڵینەوەکەمان تایبەتکردووە تەنیا بە ئەو شیعرو شاعیرانەی بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و لە سەردەمێکی مێژوویی نێوان سالانی (١٩٢٠ -١٩٧٠)دا نووسراون.

**پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵنەوەیە لە دەروازەیەک و سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

**دەروازە :** مەبەست لە دانانی ئەم دەروازەیە بۆ ئەوەیە سێ لایەنی تایبەت بە زیندانی تێدا ڕوونبکرێتەوە، کە خۆی لە زاراوەی زیندان و واتای زیندان لە فەرهەنگی کوردیدا و چەمکی زیندان دەگرێتەوە.

**بەشی یەکەم:** لەپێنج باس پێکهاتووە، لە سەرەتادا باس لەمێژووی زیندان کراوە لە لای (گریک و ڕۆمانییەکان و میسر و عێراق...)ی دێرین . باسی دووەم تایبەتە بە زاراوەی شیعری زیندان و پەیوەندیی شیعر و زیندان و جۆرەکانی شیعری زیندان. لەباسی سێیەمدا شیعری زیندان لە ئەدەبی(عەرەبی و فارسی و تورکی)دا باسکراوە. لەباسی چوارەمیشدا هۆکارەکانی زیندانیکردنی نووسەرو شاعیران بەگشتی و زیندانیکردنی شاعیرانی ئەم قۆناغە بەتایبەتی. لەکۆتا باسیشدا ڕەهەندەکانی شیعری زیندان باسکراوە.

**بەشی دووەم:** لەدوو پار پێکدێت، کە لەیەکەمدا باس لەبابەتەکانی شیعری زیندان کراوە، کە ئەم بابەتانەش پۆلێنکراون بەسەر چەند جۆرێک: ئەو بابەتانەی پەیوەستن بەدەسەڵات و یادی وڵات و کەس و کارەوە ....،لە پاری دووەمدا باس لەتایبەتمەندییەکانی شیعری زیندان کراوە.

**بەشی سێیەم:** بنیاتی هونەری لە شیعری زینداندا دەگرێتە خۆ، لەچوار پار پێکهاتووە: پاری یەکەم، زمانی شیعری زیندان، جگەلە چەمک و پێناسەی زمانی شیعریی هاوکات باس لەزمانی شیعریی لەئەدەبی کوردی و زمانی شیعریی زیندان و لادان لە شیعری زینداندا کراوە. لەپاری دووەمدا باس لەوێنەی شیعری لە شیعری زینداندا کراوە، جگەلە چەمک و پێناسەی وێنەی شیعریی، باسی دروستبوونی جۆری وێنەمان لەڕووەکانی: ١-ڕوونبێژی ٢-هەستییەوە کردووە. پاری سێیەم باس لەمۆسیقای شیعریی لەشیعری زینداندا کراوە، جگەلە چەمک و پێناسەی مۆسیقای شیعریی هەروەها باس لەجۆرەکانی کراوە، کە ئەوانیش خۆی لەمۆسیقای دەرەوە(کێش و سەروا) و مۆسیقای ناوەوە(ڕیتم) دەبینێتەوە. لەپاری چوارەمیشدا، باس لە ڕەمز لە شیعری زینداندا کراوە، سەرەتا چەمک و پێناسەی ڕەمز، دواتر جۆرەکانی ڕەمز (گشتی، ئەفسانەیی، ئایینی...)کراوە.

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:** گەورەترین گرفت و لەمپەری ڕێگەی لێکۆڵینەوەکە لە ماوە و مەودای سنووری پەنجا ساڵەی دەستنیشانکراوی لێکۆڵینەوەکەدایە، کە پێویستی بەوەدەکرد بۆ ئەو ماوە درێژە سەرجەم دیوان و گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە کوردییەکان بەسەربکەینەوە و بەدوای دەقە شیعرییەکانی زینداندا بگەڕێین و دەستنیشانی شاعیرانی زیندان بکەین، کە ئەرکێکی زۆر سەخت و دژواربوو. لە لایەکیترەوە وێڕای بوونی چەند سەرچاوەیەکی دەگمەنی ئەم بوارە، کە خۆیان لە سنووری باسکردنی شیعری دەرەوەی زیندان و لایەنە رووکەشەکانی دەبینێتەوە، کەمی سەرچاوەی پێویست و تایبەت بەم بوارە چ وەکو کتێب یان وتار یان لێکۆڵینەوەی زانستی، گرفتێکیتربوو پێویستبوو بەسەریدا زاڵبین. هیوادارین بەم لێکۆڵینەوە توانیبێتمان شتێکی ئەگەر بچووکیش بێت بۆ خەرمانی زانستی و ئەدەبیاتی کوردی زیادبکەین.

# دەروازە

# دەروازە

## ١- زاراوەی زیندان

لە بەرانبەر وشەی(زیندان)دا لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (prison) هاتووە، لە زمانی عەرەبیشدا وشەی (السجن) هاتووە، هەرچەندە چەندین هاو واتا و سینینۆمی دیکەش هەن بۆ (السجن)، کە هەمان مانا یان نزیک لەو دەگەیەنن، وەکو وشەکانی (الأسر، الاعتقال، الأزل، الاصفاق، القصر، الدیماس، الجعجاع...)، کە سەرجەمیان بەواتای "حەپسکردن و زەوتکردنی یاخود داگیرکردنی ئازادی دەگەیەنن و سەربەستی و ڕاگرتن و وەستان لە کاری ئاسایی ئەو کەسە دێت بە هەر مەبەست و هۆیەکەوە بێت، کە دووچاری بووە"(فرج،٢٠٢١: ١٦). وشەی (معتقل)یش دیسان بەکاردەهێنرێت لەزمانی عەرەبیدا، کە "بەندیخانەیەکە یاخود شوێنێکە زیاتر کەسانی سیاسی تێدا زیندانی دەکرێت، بەڵام (سجن) شوێنێکە بۆ کەسانی گشتی و هەروەها تاوانبارانە، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت کەسانی سیاسیش بە هەموو جۆرەکانییەوە لە(سجن)دا، زیندانی کرابن"(فرج،٢٠٢١ : ١٧).

بۆیە زاراوەی (زیندان) لە زمانی کوردیدا جێگای خۆی گرتووە و بە تەواوی زاڵە بەسەر هەموو ئەو وشانەی تردا، کە وەکو هاوواتای بەکاردەهێنرێن. (زیندان) بۆ شوێنی سزای هەموو تاوانبارێکە بەتاوانبارانی سیاسیشەوە، چونکە بۆ گرتووانی سیاسی، زاراوەی (زیندانی سیاسی) بەکاردەهێنرێت، دەکرێت زاراوەی (زیندانی هزری و ئایدولۆژی)یش بۆ ئەو کەسانە بەکاربهێنرێت، کە بەو هۆکارانەوە بەند دەکرێن.

### (زیندان) لە فەرهەنگی کوردیدا :

(زیندان) لە فەرهەنگی کوردیدا بەچەند جۆرێک هاتووە :

- لەفەرهەنگی(هەنبانەبۆرینە)دا "زینان: بەندیخانە، زندان،حەپسخانە یان زیندان:زینان"(هەژار،١٣٦٩: ٣٩٤)

- فەرهەنگی(خاڵ): "زیندان: بەندیخانەی قووڵی تاریکی ناخۆش لەزەویدا"(خاڵ،٢٠٠٥ :٢٤٥)

- فەرهەنگی(کوردستان): "زیندان، چاڵی زۆر قووڵ، کە جاران تاوانبارانیان، تێدا ڕاگیردەکرد. گرتووخانە، بەند، بەندیخانە. واتاکەی جێگای زیندووانە، جێگای زیندووان"(موکریانی،١٩٩٩: ٥٤٥)

- فەرهەنگی(شوان) "زیندان: بەندیخانە، زینان، زینگان، زندان"(حسن،٢٠٠٧: ٧٥٢)

(دیلان)دەڵێت: ئەوا زنجیر، ژووری تاریک، تارمایی زیندان

هـــاودەنگمە و مۆسیقامە بۆ شـــەوی لێدان (ئاگرین،٢٠١٣: ١٦٥)

- **گرتووخانە**: لە فەرهەنگی(هەنبانەبۆرینە)دا "گرتوخانە، بەند، حەفس"(هەژار،١٣٦٩: ٦٨٩)

- فەرهەنگی(کوردستان) "گرتیخانە: بەندیخانە: گرتووخانە"(موکریانی،١٩٩٩: ٨١٣)

جگەلە (گرتووخانە) چەندین وشەی دیکە بەرانبەر وشەی زیندان بەکارهێنراون. لەوانە:

- **بەندیخانە**:بەهەمان واتای زیندان دێت، کە لەوشەی(بەند) و پاشگری(خانە) پێکدێت، لەفەرهەنگی(هەنبانەبۆرینە)دا "بەندیخانە: زیندان، حەفس، گرتوخانە"(هەژار، ١٣٦٩: ٨٦)

- فەرهەنگی(خاڵ): "بەندیخانە: جێگایەکە بەندی تێدا بەند و گیرۆدە بکرێ"(خاڵ، ٢٠٠٥: ٥٣)

- فەرهەنگی(هەرمان): "بەندیخانە:{بەندی+خانە}. ١-شوێنی ڕاگرتنی بەندی، زیندان، گرتووخانە. ٢-شوێنی ناخۆش و تەنگ و تاریک"(نانەوازادە،٢٠٠٥: ٤٥٦)

(دڵزار)دەڵێت: لەناو قـــووڵایی بەندیخـانەدا

لەگەڵ ئاوازی ئەم کـــۆتانەدا (دڵزار،٢٠٠٦: ٢١)

- **حەپسخانە**: ئەمەش بەواتای زیندان دێت و لە وشەی (حبس)ی عەرەبی و پاشگری (خانە)ەوە درووست بووە.

- لەفەرهەنگی (شوان )دا "حەپسخانە:بەندیخانە، حەپس، زیندان، گرتووخانە"(حسن ،٢٠٠٧: ٤٦٨).

(مەدهۆش)دەڵێت: هەرچیش قسەی کرد لای ئەو دوژمنە

جێی حەپسخـانە و جـــەزاو کـوشتنە (مەلاکەریم،٢٠٠٦: ٦٢)

- **سزاخانە یان جەزاخانە**: لە وشەی (سزا)ی کوردی یاخود (جزاء)ی عەرەبی، لەگەڵ پاشگری (خانە)دا دروست بووە.

-لە فەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا "سزاخانە: جێگەی ئازاردان"(هەژار، ١٣٦٩: ٤١٥)

(شێخ لەتیف)دەڵێت: وەتەن ڕووح و سەروماڵم لەڕێتا فۆچی قوربانە

بەیـادی ڕۆژی ڕووناکیت لـە تـاریکی ســـزاخـانە (خەزنەدار،٢٠٠٦: ٣١٧)

- **دووساخخانە یان دووساقخانە:** لەفەرهەنگی (مەردۆخ)دا "دوساخخانە: زینان(زیندان، گرتووخانە) "(کوردستانی،١٣٨٨: ٦٦٥)

هەروەها هەندێ وشەی دیکەی وەکو (تەوقیفخانە، دیلخانە...) بەکاردەبرێن، کە هەموویان هەمان واتا و مەبەست دەگەیەنن.

**هەندێک جار وشەی (زیندان) بۆ جگەلە واتای بنچینەیی خۆی لەلایەن نووسەر و شاعیرانێکەوە، کە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەزموونی زیندانیان بەحەقیقی نەکردووە بەکاردەهێنرێت. واتە بۆ گوزارشت لە خەم و خەفەت و چوواندنی ئازار و نامۆییە ڕوحێیەکانیان بەزیندان، واتە زیندان چەند جۆرێکی دیکەشی هەیە، لەوانە:**

**ا- زیندانی دەروونی: لێرەدا شاعیر هەست بە نامۆی ڕۆحی دەکات واتە "شاعیر لە خودی خۆی نامۆ دەبێت و بەمەش لە ژیان و چێژی ژیانکردن دادەبڕێت"(حليمة،٢٠١٤-٢٠١٥: ١٠)، جا بەهۆی باری سەختی ژیانەوە بێت یاخود باری سۆزداری و ئەوینداریبەکی سەرنەکەوتوو، یا هەر کێشە و خەمێکی دیکەوە بێت.**

**(فانی)دەڵێت:** **یا لەناو زینــدانی دووری بەس بنالێنم بەســە**

**نازەنینێکی وەکو تۆ حــەیفــە جەللادی دەکـــەی**

**سەلبی ئازادی منی دڵ خەستە تاکەی گیانەکەم**

**تۆ لەقەڕنی بیستەمای و حــەز بەئازادی دەکەی** **(خەزنەدار،٢٠٠٦: ١٤٤)**

**ب- زیندان لەنێو بنەماڵەکەیدا(خێزان)دا: شاعیر هەرچەندە لەنێو کەس و کارو ئازیزانی و کۆمەڵگاکەیدایە، بەڵام هەست بە دوورەپەرێزی و دابڕاوی دەکات، واتە "لەناو بنەماڵەکەیدا سەرگەردان دەبێت و ژیانە خۆشەکەی لەگەڵ ئەوان لەدەست دەدات، ئەم هەستەی لادروست دەبێت بەهۆی گۆشەگیری و زیادەڕەویکردنی لەخەم و دووری لێیانەوە، وەک چۆن خێزانەکەشی ڕەنگە هەست بەم نامۆییە بکەن"(حليمة،٢٠١٤-٢٠١٥: ١٠)، واتە لەناو وڵات و شار و ماڵ و کەسی خۆیدا هەست بە زیندان و گۆشەگیری دەکات.**

**(بابا تاهیری هەمەدانی) لە چوارینێکدا، کە دڵزار کردوویەتی بەسۆرانی دەڵێت:**

**دنیــای بێ وەفــا زینــدانی مەیە**

**دڕکی غــەم بەشی دامــانی مەیە**

**سەبری ئەیوب و مەینەتی یاقووب**

**هەمــووی نسیــبی گیــــانی مەیە** **(دڵزار، ٢٠٠٦ :٣٠٧)**

**ج- زیندانی بێچاوی: ئەو کەسانەی، کە نابینان بەهەمان شێوە وا هەست دەکەن لەزینداندان، چونکە "بەدرێژایی ژیانیان، لەناو خودی خۆیاندا هەست بە تاریکییەکی هەتاهەتایی دەکەن"(مدكور،٢٠١١ :١٦٥)**

**(أبو العلاء المعري) دەڵێت:**

أراني في ثلاثة من سجوني فلا تسأل عن الخبر النبيث

لفقدي ناظري ولزوم بيتي وكون النفس في الجسم الخبيث (ضيف،١٩٩٠ :١٦٧)

باس لەسێ جۆر زیندان دەکات، کە دەوریانداوە: زیندانی ڕۆح لەجەستە و زیندانی ماڵەوە، هەروەها زیندانی لەدەستدانی بینایی.

## ٢- چەمکی زیندان

زیندان شوێنێکە یاخود دامەزراوەیەکە بۆ سزادان و ڕاگرتنی تاوانبار یاخود تۆمەتبار، واتە تەنیایی بوون و ژیانکردن دوور لە خزم و کەس و کارو کۆمەڵ و جوداکردنەوە و دابڕین لێیان و لێسەندنەوە و بێبەشکردنی لە ئازادییەکانی و خستنە ناوچوارچێوەی دیوارێکی بەرز و تاریک، لە ئەنجامی سەپاندنی زۆرەملێی بەسەر کەسی گیراو یاخود بە ڕەزامەندی خۆی بێت، کە ئەمەش بەشێوەیەکی کاتی یاخود هەمیشەیی، واتە ماوە و زەمەنی دیاریکراوە، کەسی گیراو بە فەرمانی دەسەلاتی دادوەری ڕادەگیرێت.

زیندان هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە هەبووە، بەڵام بەشێوازی جۆراوجۆر، "مرۆڤ هەوڵی ئەوەی داوە یاسا دابنێت بۆ ئەوەی بەپلەی یەکەم خۆی بپارێزێت، هەروەها بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیشی بەپلەی دووەم، هەروەها کۆمەڵێک سزای داناوە بۆ نەهێشتنی پێشێلکارییە یاساییەکان بۆ ئەوەی گەرەنتی ئەوە بکات، کە هەڵە ڕوونەدات و یاساکان ڕێزیان لێبگیرێت و بسەپێندرێن بەسەر کەسی پێشێلکار و بەتایبەتی ئازادی کەسەکەدا"(لعرابی، ٢٠١٥-٢٠١٦: ١١)، واتە زیندان نوێنەرایەتی ئەو ناوەندە یاساییە دەکات کە سەر بەمیکانیزمی جێبەجێکردنی سزاکەیە، لە بنەڕەتدا بۆ سزادانی تاوانباران و کەمکردنەوەی دیاردەی خراپەکاری دروست بووە.

چەندین پێناسەی جۆراوجۆر بۆ زیندان کراوە، هەرکەسەو لە ڕوانگە و تێگەشتنی خۆیەوە کردوویەتی، بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان بەکردارەکی ئەزموونی زیندانیان کردووە، ڕەنگە لەهەموو کەس باشتر و ڕاستگۆیانەتر زیندانمان پێبناسێنن.

(کاروان ڕەئووف) بەم جۆرە پێناسەی دەکات و دەڵێت: "زیندان بە واتای نوقمبوونی ئاوات و ئارەزووی کەسێک کە زیندەبەچاڵ دەکرێت، هەرگیز چاوەڕوانی ڕووناکی نابێت، هیوا و ئاواتی زیندانیبوون بریتییە لەو ئەندێشانەی کە مرۆڤ لەڕێی داواکانییەوە کۆشش و خەبات دەکات تا بگا بەئامانج، زیندان ئەو مۆتەکەیەیە، کە دەست دەخاتە بیناقاقا و دەتتاسێنێت"(ڕەئووف،٢٠٠٤: ٤٠)، بەلای (ڕێبوار مەعروف زادە)شەوە، "زیندان بریتییە لەو دیوارە بڵندانەی کە بۆ ئەوە ئاوا بڵند دروست کراون، کە گاڵتە بە باڵای مرۆڤ بکەن، زیندان بریتییە لەو دابڕانە ناچارەی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگە، بریتییە لەو ژوورە تاریکانەی بۆ ئەوە ئاوا تاریک

**دروست کراون، دووری لە فەزای گشتی و دووری لە هەتاو و ڕەمزی ژیان بکەن بەنزیکییەکی ڕۆژانە و ترسناکی مرۆڤ لە بێدەنگی و مردنی خۆی"(مەعروف زادە: ٢٠١٢).**

**(پشکۆ نەجمەدین) لە کتێبی (ئەزموون و یاد)دا بەم جۆرە زیندانمان پێیدەناسێنێت:**

**"زیندان..**

**کەوڵکردنی کەرامەت لەبەرپێی گزگلەکاندا،**

**چاوانی خوێنتێزاوی جەللاد نیوە شەوان،**

**دەست و چاو بەستنی کەسێک،**

**دووکەرتبوونی دڵی شەوگار بە دەستڕێژێک،**

**هاوارێکی بێفریاڕەس" (نەجمەدین، ٢٠١١: ٣١٥)**

# بەشی یەکەم

## چەند بابەتێکی پەیوەست بە زیندان و شیعری زیندان

یەکەم

میژووی زیندان و جـۆری دامـەزراوە زیندانییەکان لەجیهاندا

دووەم

زاراوەی شیعری زیندان و پەیوەندیی شیعر و زیندان و جۆرەکانی شیعری زیندان

سێیەم

شیعری زیندان لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکیدا

چوارەم

هۆکارەکانی زیندانیکردنی نووسەر و شاعیران

پێنجەم

ڕەهەندەکانی شیعری زیندان

# بەشی یەکەم

## چەند بابەتێکی پەیوەست بە زیندان و شیعری زیندان

### یەکەم: مێــژووی زینـدان و جۆری دامەزراوە زیندانییەکان لە جیهاندا:

### أ - مێــژووی زینـدان

### ١- زیندان لەلای گریک و ڕۆمانییەکان

یۆنانییەکان وەکو گەلێکی دێرین و خاوەن دیرۆک و شارستانییەت، کە لە زۆر بواردا پێشەنگ بوون، وەکو (ئەدەبی، فەرهەنگی، فەلسەفی،...)، کە لەلایەن گەلانی دیکەوە لاساییان دەکرایەوە، بەتایبەت لەلایەن ڕۆمانییەکانەوە پێ بە پێی یۆنانییەکان دەڕۆشتن و چاویان لێی دەکردن، لەبواری یاسا و ڕێساکانی سزادانیشدا هەر بەو جۆرەبوو، سزاکانیش بەپێی جۆر و چەندێتی تاوانەکان دەگۆڕان، گریکییەکان هەندێک شێوازی جۆراوجۆری سزادانیان پەیڕەو دەکرد، کە زیاتر بە مەبەستی دانپێدانانی تاوانباران بەکار دەهێنران، "بریتی بوون لە دوورخستنەوە و دەربەدەرکردن و کوشتن و زیندانێک بۆ دەست بەسەرکردنی پێش دادگایی کردن بەکار دەهات، زۆرێک لەتۆمەتبارەکان لەماڵە تایبەتەکانیاندا دەستبەسەر دەکران یان دەخرانە ژێر پاسەوانییەتی تایبەتەوە"(البلاجی، ١٩٩٠-١٩٩١: ٩٣).

وەک چۆن لەزۆر بواردا سەرمەشق بوون بەوجۆرەش لە داهێنانی ئەشکەنجەداندا یۆنانییەکان پێشەنگ بوون، کە ئەویش "ئەشکەنجەدان بوو بەتۆپێکی مس، تۆپەکە دەرگایەکی پێوە بوو، لەلاکانیشەوە دوو دەرەچەی هەبوو بۆ دەم و لووت، شێوازی کارکردنی بەجۆرێک بوو، کە قوربانییەکان فڕێدەدرانە ناویەوە و بەسەریاندا دادەخرا، دواتر ئاگرێکی بەتین لەژێریدا دادەگیرسێنرا، کاتێک کانزاکە گەرم بوایە کەسە بەدبەختەکانی ناوەوە بوێریان دەکرد وەکو (گا) تا لە ئازاردا لەناو دەچوون"(ج.هروود،٢٠١٧: ١٥)، جگە لەوانەش دەخالەتی ژیانی کۆمەڵایەتی تاوانباریان دەکرد و سزایان بۆ هەندێک شت دانابوو بەبێ ئەوەی خواست و ویستی کەسەکانی تێدا بێت، کە تا ڕادەیەکی زۆر نادادییان تێدا بەدی دەکرا، بۆ نموونە ئەگەر ژنێک تووشی لادان یا نەزۆک بووایە، ئەوا پیاوەکەی ئەو مافەی هەبوو دەستبەرداری ببێ و لێی جیابێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ژن ئەو مافەی نەبوو.

لای ڕۆمانییەکانیش سزای سەخت بەسەر تاوانباراندا جێ بەجێ دەکرا، کە "لە سێدارەدان لە سەرووی هەموویانەوە بوو لەبەر ئەوەی بەگەورەترین سزا دادەنرا و بەشێوازی جۆراوجۆر جێ بەجێ دەکرا، بەنموونەی زیندە بەچاڵکردن یان پارچەپارچەکردنی جەستە، ئەمەش بۆ پادشا (ئالبا) ڕوویدا، کاتێک پەیمانەکەی شکاند، (تلس) فەرمانیکرد بەوەی کەوا بەدوو عەرەبانەوە ببەسترێتەوە و بەپێچەوانەی ئاراستەی یەکترەوە بجوڵێنەوە، تاکو لاشەکەی لەیەکتر بوویەوە"(حسین،٢٠٠٦: ٧٨).

هاوشێوەی گریکییەکان، سزاکانیان جەستەیی و کاریگەربوون و ئامانجیان تۆڵەکردنەوە بووە لە گوناهباران، بۆیە "شوێنی زیندانەکان لەو شارستانیەتیەدا بریتی بوون لە بینای سەخت لە شێوەی کوخێکی بەهێز، کە لەناو قەڵادا بوون"(الجریوی،١٩٩٠: ١٧٥).

## ٢- زیندان لای میسرییە دێرینەکان

ئاشکرایە کە لە سەردەمی دێرینی میسردا زیندان وەکو شوێنی سزاو ئەشکەنجەدان بوونی هەبووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکراوە، کە کاتێ فیرعەون هەڕەشە لە پێغەمبەر (موسی) دەکات، {قَالَ لَئِنِ اتَّخَذْتَ إِلَٰهًا غَيْرِي لَأَجْعَلَنَّكَ مِنَ الْمَسْجُونِينَ}(سورة الشعراء)(٢٩) واتە، "ئەگەر جگەلە من کەسێکی تر بکەیتە خوای خۆت و فەرمانبەرداری بیت دەتخەمە ڕیزی بەندکراوەکانەوە و زیندانیت دەکەم"(ئەمین،٢٠٠٤ :٣٦٨)، پاش ئەوەی کە خوای گەورە ناردی بۆ بڵاوکردنەوەی یەکتاپەرستی، ئەمەش بەڵگەی حاشا هەڵنەگرە بۆ هەبوونی زیندان و زیندانیکردن. هەروەها بەندکردنی پێغەمبەر (یوسف)، کە بەهەمان شێوە لەقورئاندا ڕوون کراوەتەوە، { قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ وَإِلَّا تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُنْ مِنَ الْجَاهِلِينَ}سورة یوسف)(٣٣)، واتە"پەروەردگارا من زیندانم لەلا خۆشەویسترە لەوەی، کە ئەوان بانگم دەکەن بۆی، خۆ ئەگەر لەفێڵ و تەڵەکەی ئەوانە ڕزگارم نەکەیت و لەپیلان و نەخشەکانیان دەربازم نەکەیت و لام نەدەیت، لەوانەیە منیش مەیلم بۆ دروست ببێت و ئارەزوویان بکەم و پاشان بچمە ڕیزی نەفام و گوناهبارانەوە"(ئەمین،٢٠٠٤ :٢٣٩) کەواتە سەرپێچیکاران و تاوانباران و نەیارەکانیان زیندانی کردوون، زۆربەی ئەوانەشی سزادراون لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی بووە: ئەوانەی کردەوەی خراپیان دژی کۆمەڵگا ئەنجام بدابایە، هەر لە کوشتن و زینا و دزی و هەموو تاوانەکانی دیکە و ئەوانەشی، کە دژی دەوڵەت و پەرستگاکان بوون، هەر بۆیە ئەمانە توندترین سزا دەدران، ئەمەش لە سۆنگەی بەنرخی و پیرۆزی ئەو شوێنانە و پاراستنی ژیانی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتبوو.

ئەوەی تێبینی دەکرێت سزاکان سەخت و بەزەبرو بەپێی خودی تاوانەکان شێوازەکانی بەسەریاندا جێبەجێ دەکرا،"سزای لە سێدارەدانیان بۆ هەندێک تاوانی گشتی هەبوو لەسەردەمی فیرعەونەکاندا، هەربۆیە ئەم سزایە بۆ تاوانەکانی دیکەیش بڕیاری لێدەدرا. وەکو کوشتنی ئاژەڵە پیرۆزەکان و جادووگەری و یاخود ئاشکرانەکردنی پلانگێڕی دژی فیرعەون و لێدوانی درۆ و ساختە سەبارەت بەدەرامەتە ئاوییەکان، هەروەها سزای داوێن پیسیش سووتاندن بوو"(حسین،٢٠١٣: ١١).

## ٣- زیندان لای عێراقییە دێرینەکان

ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە ئەوەیە لە عێراقی کۆن (وەڵاتی دوو ئاوان)دا، زیندان وەک دامەزراوەیەکی ڕێک و پێک بوونی نەبووە، بەڵام یاسا و ڕێسای تایبەت بەسزا و ئەشکەنجەدان بۆ لادەر و لەیاسا دەرچووان پەیڕەو کراوە، کە زۆرتر لەسەر بنچینەی تۆڵەکردنەوە و ئەتکردن بنیات نرابوون.

لەسەردەم و ماوەی فەرمانڕەوایی بابلییەکاندا، جۆری سزاکان سەخت و هەمە چەشن بوون بەرامبەر بە سەرپێچیکاران، بەجۆرێک "ئەگەر پیاوێک بە تۆمەتی جادووکردن، یان ئافرەتێک بە داوێن پیسی تاوانبار بکرایە، داوایان لێدەکرا باز بدەنە ناو ڕووباری فوراتەوە و خواوەندەکە هەمیشە پاڵپشتی ئەوەیانی دەکرد، کە توانای مەلەکردنی زۆرتر بێت"(دیورانت،١٩٧١: ٢٠٨).

سەردەمی ئاشوورییەکانیش، کە لە گەلێک جەنگ و شەڕدابوون، لەهەموو ئەو ماوەیەی کە لەدەسەلاتدا بوون سەرکردە و فەرمانده سەربازییەکانیان هەر کارێکی نامرۆڤانەیان کردبێت تۆمار و دیکۆمێنتیان دەکردن، تەنانەت ئەم سیفەتی کوشتن و بڕین و توند و تیژیانە بۆ گەلانی دوای خۆیشیان وەکو میرات گواسترایەوە و هەمان جۆری ئەمان لەخاپوور و کاولکردن و چەوساندنەوەی ژێر دەستەکانیان چنگیان لە خوێندا بوو، هەر بۆیە یاسای سزادانیشیان توند و سەخت بوون دەبینین "لە خۆگونجاندنە هەرە دیارەکان لە یاسادا بوونی هەبووە، جۆرێک لە هێزی سەربازیشی تێدابوو و سزاکانیش جۆراو جۆر بوون، وەکو پیشاندان لە پێش خەڵکی، ئیشی قورس و جەڵد لێدان بە قامچی، کە لە نیوان بیست بۆ سەد جەڵد دەبوون، بڕینی لووت، بڕینی گوێچکەکان، زمان بڕین، کوێرکردنی چاو بە ئاسنی تیژ و سەر بڕین"(دیوارانت، ١٩٧١: ٢٧٥).

## ٤-زیندان لای فارسەکان

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی دێرینی فارسەکان لە وڵاتی ئێراندا سزاو ئەشکەنجە لەلایەن پاشاو فەرمانڕەواکانیانەوە جێ بەجێ کراوە، بە وڵاتی زیندانەکان ناسراوبوو، کە"زۆرینەی زیندانەکانی فارسەکان لەژێرزەمینەکاندا بوون"(البزرة،١٩٨٥: ١٠٧)، لەسەردەمی حوکمڕانی(کیسرا ئەنەوشێروان)دا،"خانوویەکی وەکو گۆڕ تەنگ و تاریک هەبوو، کە تێیدا وەزیرەکەی بەناوی (بزرگمهری حکیم)ی زیندانی و بەئاسن کۆتی کردبوو"(قدور،٢٠٠٦-٢٠٠٧: ٣٤)، هەروەها جگە لەخەڵکی ئاسایی "سەرکردە و وەزیرەکانیش لەم سزایانە بێبەش نەبوون، بەهۆی شکستیان لە بەرامبەر سەربازە ڕۆمانییەکان لەسەردەمی (هێراکلیۆس)دا، زیندانیکردن بۆ ئەوەی بیانکوژێت"(التميمي،١٩٩٧: ١٢).

سزاو ئەشکەنجەی هەمەچەشن و قورس و دژوار پەیڕەو دەکران لەوانە: "بڕینی ئەندامەکانی جەستە، هەڵکۆڵینی چاو، زیندانیکردن یان لەسێدارەدان کە وەک سزایەک دانرابوو بۆ خیانەتکاران لەنیشتیمان یا هاوڕەگەزبازی"(قدور،٢٠٠٦-٢٠٠٧: ٣٤)، جگە لەوەی هەست بە توندی و گیانی تۆڵەسەندنەوە لەجێبەجێکردنی سزادانەکاندا دەکرا، بەڵام هەندێ کات مامەڵەیەکی یەکسان و دادپەروەرانەیان بەرامبەر زیندانییەکان و دابینکردنی هەندێ خواست و پێداویستییان بۆ جێی بەجێی کردوون، وەکو ڕێگەدان و ڕێکخستنی دیدار و چاوپێکەوتنییان لەگەڵ کەس و کاریاندا.

## ٥-زیندان لای عەرەبەکان

**- سەردەمی نەفامی (جاهلی):** ناکرێت باسی  مێژووی زیندان بکرێت و لای عەرەب باس نەکرێت، چونکە گەلێکی دێرین و خاوەن مێژوو و کلتوور و فەرهەنگ و زمانی خۆیانن، سەردەمی پێش ئیسلام تاڕادەیەک ناڕوونە و بەڵگە و مێژووی ژیانکردنیان بەتەواوەتی لەبەردەستدا نین، لەزۆربەی سێکتەرەکانی ژیان لەباری سەرەتایی و دواکەوتوویدابوون، یاسا و ڕێسایەکی ڕێک و پێکیان نەبووە بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانیان، بەتایبەت زیندان و سزادان، ئەمەش بۆ جێگیر نەبوونیان لە جێگایەکدا دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە گەڕیدە و کۆچەری بوون و بەدوای ئاودا گەڕاون بۆ خۆیان و ماڵاتەکانیان، چونکە دوورگەیەکی وشک و برینگ و کەم باران بووە.

ئەوەی ئاشکرایە  پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان دابەشی سەر هۆز و تیرەکان بوو بوون و هەر هۆزێکیش دەم سپی و سەرگەورەی خۆی هەبوو، هەر ئەویش یاسا و دەستووری دەردەکرد و خۆشی هێزی جێبەجێکردنیانی هەبووە، بەهۆی پەرت پەرتی و گروپ گروپیانەوە زۆرجار تووشی جەنگ و شەڕ هاتوون لەنێوان خۆیاندا و سەردەمێکی تاڕادەیەک نائارامیان گوزەراندووە، ئەم جەنگانەش بەسەرکەوتنی لایەک و دۆڕان و شکستی لایەکەی دیکە و هۆزێکی دیکە کۆتایی هاتووە، کە لایەنی دۆڕاو چەندین کەسیان لێ بەند و دیل کراوە.

جا هەر دیلێکی جەنگ یاخود تاوانباری خودی هۆزەکە بەهەر تاوانێک مەحکوم بکرایە، بەهۆی ئەوەی" بەندیخانەی تایبەت بەخۆیان نەبوو کاتێک پێویستی بکردایە، کە کەسێک بەند بکەن ئەوا بەندکراوەکەیان لە ماڵ یا لەژێر ڕەشماڵ یا لای کەسێکی ناسراوی ئەو شوێنەدا بەندیان ئەکردن"(قدور،٢٠٠٦-٢٠٠٧: ٣٥)، جگەلە سزا جەستەییەکان زۆرجار بەپێی بژاردن و دوورخستنەوەی لەو ناوچەیەیە سزاکەی بەسەردا جێبەجێ کراوە" ئەگەر یەکێک لەئەندامانی هۆزەکە تاوانێکی بکردایە، ئەوا پێی دەبژێردرا بەپێدانی شتێک لە ماڵ یان ماڵات یان دوورخستنەوەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو"(الصمد،١٩٩٥: ٢١).

**- سەردەمی ئیسلام و خەلیفەکان:** بێگومان بەهاتنی پێغەمبەر (د.خ) و دابەزینی قورئانی پیرۆز، هەموو کایەکانی ژیان لە ژێر ڕۆشنایی یاسا و حوکمەکانی قورئان و فەرموودەکاندا دەبران بەڕێوە، هەر وەکو سەردەمی نەفامی، لەسەردەمی (موحەممەد)یشدا زیندان وەکو جێگایەکی سزادان بوونی نەبوو، بەڵکو ئەوەی باوبوو، کە بەپێی جۆری تاوانەکان سزا بەسەریاندا جێ بەجێ دەکرا، بۆیە (موحەممەد) خۆی یەکەم کەس بوو پاش هاتنی ئایینی ئیسلام سزای تاوانبارانی دەدا و وەکو کەسی یەکەم و بەرپرس لە جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکانی ئەو ئایینە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی زیناکار چ پیاو یان ژنی هاوسەردار بن یان بێ هاوسەر، سزاکەیان دەگۆڕا یاخود کەسێک دزی بکردیە یا مەی بخواردایە...، بەپێی تاوانەکەی لەژێر ڕۆشنایی ئایەتەکانی قورئاندا سزا دەدران، واتە زۆر کات سزاکان لەپێش چاوی خەڵک جێ بەجێ دەکران و پێوستی بەگلدانەوە و گرتن نەکردووە.

لەسەردەمی خەلیفە(ئەبوبەکر)دا وەکو سەردەمی پێغەمبەر دیسان زیندان بوونی نەبوو، بەڵکو هەر لەماڵێکدا یاخود بن ڕەشماڵێکدا یان لەپێش چاوی خەڵک گەر پێویستی بکردایە سزاکەی بەسەردا دەسەپا.

لەسەردەمی خەلیفە(عومەر)دا شوێنی تایبەت بەزیندان دروستکرا، چونکە لەوددەمەدا ئیسلام لەزیادبوون و پەرەسەندندا بوو، خودی خۆی چاودێری هەموو کاروبارەکانی دەکرد، وەکو بازاڕ و نرخەکان و بینینی هەژاران و ڕووبەڕووی توندی خراپەکاران دەبووەوە، هەندێکجار گوناهبارانی لەناو بیردا زیندانیکردووە، وەکو زیندانیکردنی(الحطيئة )ی شاعیری ناسراوی ئەو سەردەمە.

لەسەردەمی خەلیفە( عوسمان)دا، زیندان هەبووە و شاعیرێکی وەکو"(ضابئ بن بنی الحارث البرجمي)، کە کاری قێزەون و خراپەی زۆر بوو، زیاتر لەجارێک بەهۆی هەجووەکانییەوە زیندانیکراوە و هەر لە زیندانی(عوسمان)یشدا کۆچی دوای کردووە"(قدور، ٢٠٠٦-٢٠٠٧: ٤٠).

هەمان شێوە لە سەردەمی (عەلی)یشدا زیندان هەبووە، کە"لە کوفە و لەقامیش دروست کرابوو، بەڵام زۆر پتەو نەبوو بۆیە زیندانییەکان توانیان لێی هەڵبێن، ئەوەبوو دواتر بەشێوەیەکی تۆکمەتر و پتەوتر لەقوڕ دروستی کردەوە، بەجۆرێک بوو زیندانییەکان نەتوانن لێی هەڵبێن"(الجريوى،١٩٩٠ :٢٣٦).

## ٦- زیندان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

لەم ماوەیەدا کاریگەری ڕووی کەنیسە و پیاوانی ئایینی دەرکەوت لە هێنانە ئارای فەلسەفەی حوکمڕانی، کە بەشێوەیەکی گەورە و کاریگەر بەسەر کۆمەڵگا ئەوروپییەکان و سیستەمی سزاداندا خۆی دەبینییەوە، پێیان وابوو، "بەهیچ شێوەیەک دروست نییە مەسیحییەک دژی حکومەتەکەی بوەستێت، بەبێ گوێدانە ئەوەی کارەکانی دادپەروەرانەیە یان ناڕەوا، هیچ کارێک لە گوێڕایەڵی و خزمەتکردنی سەرکردەکان باشتر نییە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش سەرپێچیکردن، بەگوناهێکی گەورەتر لەکوشتن دەژمێردرا"(إمام، ١٩٩٤: ١٤٥).

سەدەکانی ناوەڕاست بە تاریکترین ڕۆژگاری مرۆڤایەتی دادەنرێت، کەپیاوانی ئایینی مەسیحی هەموو شتێکیان بۆ خۆیان قۆرخ کردبوو، "لەم قۆناغەشدا ئامانج لەسزادان تۆڵەکردنەوەبوو بەمەبەستی پاکبوونەوە لە تاوان و گوناهەکان، ئەمەش بیرۆکەیەکی تەواو هەڵقوڵاوی نێو هەناوی کەنیسە بوو، چونکە کەنیسە بەشێوەیەکی نیمچە تەواو زاڵ بوو بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەو جۆرەش دیدگای خۆی بەسەر ئەرک و مەهامی زینداندا سەپاند"(طالب، ٢٠٠٠: ٣٣).

پیاوانی ئایینی بەو جۆرە لە کەسی تاوانباریان دەڕوانی، وەکو کەسانی ئاسایی دیکەی کۆمەڵگا، بەڵام کەسێکی تاوانباربوو و پێویستبوو پەشیمان ببێتەوە، لە تێڕوانینی ئەوانەوە دەبوو تاوانبار لە کۆمەڵ جیابکرێتەوە و بەتەنیا گفتوگۆ لەگەڵ خودادا بکات و داوای لێخۆشبوون بکا، بەم جۆرەش بیرۆکەی زیندانی تاکەکەسی هاتە ئاراوە، "لە بەناوبانگترین پیاوانی کەنیسە(سان تۆماس ئەکوینی Thomas

d'aquin)بوو، یاسای هەتاهەتایی داهێنا و ئەم یاسایە بەسەر هەمووان‌دا جێبەجێ کرا"(منصور، ١٩٩١: ١١٩)، ئەمەش هانی پیاوانی یاسایی دا کەوا بیرۆکەکانی یاسای کەنیسە وەربگرن و بیگوازنەوە بۆ ناو یاسای شارستانی.

هەندێکی دیکە لە گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن، "کە زیندانەکانی ئەم سەردەمە بریتی بوون لە خانووی تاریک و ناتەندروست و جۆرەها شێوازی ئەشکەنجەدان و لێدان بەکارهێنراون، لەگەڵ ئەوەشدا کەمترین چاودێریکردن هەبووە لەڕووی مرۆییەوە، تەنانەت لەڕووی زیندانی ئافرەتانیشەوە لەگەڵ پیاواندا یەک زیندان دەیانیگرتەخۆ، بەبێ جیاکردنەوەیان لەیەکتر"(خضر،١٩٨٤: ١٨)، ئەمە بەواتای ئەوەی دەستووری بەکۆمەڵ پەیڕەوکراوە، بەڵام تەنها لەڕۆژدا، ئەو کەسانەشی کە سزادرابوون بەزۆری پێسەرپەرشتان و درۆزەکەر و مەی و دەرمان خۆرەکان بوون، کە هۆکارێکی سەرەکی بوون لە بڵاوبوونەوەی تاوان و سەرپێچییەکاندا.

سەرەڕای ئەمانە هەوڵ و تەقەلای پیاوانی کەنیسە بۆ کارکردن لەسەر چاکسازی و گۆڕانکاری کردن لە ژیانی تاوانباراندا و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاریان بەردەوامی پێدا، هەر بۆیە زیندان وەکو بەربەستێک دەبینرا لە پێش بەئەنجام گەیاندنی سزای لە سێدارەداندا.

## ٧- زیندان لە سەردەمی نوێدا

زیندانەکان لەپاش سەدەی هەژدەیەمدا دەکرێت بڵێین پەیڕەوی سیستەم و ڕێسایەکی سزادانی تایبەتیان دەنواند،"بەجۆرێک بوون شێوازی بەکارهێنانیان زیاتر لە خزمەت و پاراستنی تاوانبار و تۆمەتباراندا بوو، یاخود وێستگەیەک بوون بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەیان تاکو کاتی جێبەجێکردنی حوکمەکانیان، کە یان لەسێدارەدان بوو، یان لە هەندێک حاڵەتیشدا ناچار بەپێبژاردنی دارایی یان گێڕانەوەی ماڵەدزاوەکە بۆ خاوەنەکەی دەکران"(الدوری،١٩٨٩: ٢٠٠).

دەکرێت بوترێت سەردەمی نوێی قۆناغێکی یەکلایکەرەوە بوو لە مێژووی بیری تاوانکاری مۆدێرندا، ئەوەش لە دەرئەنجامی دەرکەوتنی زۆرێک لە یاساناس و شارەزایانی یاسایی، کە شۆڕشێکیان بەرپاکرد لەبواری بەڕێوەبردنی زیندانەکان و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ زیندانیکراواندا، بۆیە ئەم ماوەیە بە سەرەتا و دەستپێکی نوێ هەژماردەکرێت، کە کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر یاسا و ڕێساکانی سزادان لەپاشتردا. واتە دەرکەوتنی فەلسەفەیەکی یاسایی نوێیان هێنایەئاراوە، کە جیاوازبوو لەوەی باوبوو. لایەنی پەیوەندیدار و قوتابخانە یاساییەکانیش لەهەوڵی دەوڵەمەندکردن و بەپێزکردنی یاساکانی سزاداندا بوون، بۆیە تا دەهات ئەرک و مەهامی زیندانەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دەهات، هەر لە شێواز و پێکهاتەی دروستکردنی گرتووخانەکان و چاکسازی و دووبارە بنیاتنانەوەی باری دەروونی و کەسایەتی زیندانیان بووە ئامانج و مەبەستی سەرەکیان بۆ ئەوەی لە ئایندەدا کەسێکی تەندروست و سوودبەخش بگێڕنەوە نێو کۆمەڵگا، واتە بوو بە مەڵبەندی چاککردن و ڕاستکردنەوەی تاوانباران و نەوەک شوێنی تۆڵە و ئازاردان.

لەوڵاتە پێشکەوتووەکان سزا جەستەییەکان بەتەواوی هەڵگیران، کە دەستکەوتێکی گرنگ بوو، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانی یاساناسان و ڕێکخراوە مرۆییەکان بوو، کە ئەشکەنجە دەروونییەکان جێگای جەستەییەکانی گرتەوە.

هەر لەو سەردەمەدا ڕەوشی زیندانەکانی ئینگلتەرا لە دۆخێکی خراپ و ناهەمواردا بوون، یەکەم وڵات بوو ڕەوشی زیندانەکانی باشترکرد، ئەمەش سەرەتا "بەهەوڵی (جۆن هاوارد)، کە ڕەخنەیەکی توندی لە شێوازی بەڕێوەبردنی زیندانەکان گرت و داوای ئەنجامدانی چاکسازی تێیاندا کرد، لەساڵی (١٧٧٤)دا ئەو ڕسووماتە هەڵوەشێنرایەوە کە لە زیندانییەکان وەردەگیرا، لەساڵی (١٧٧٧)دا کتێبێکی لەبارەی دۆخی زیندانەکان لە ئینگلتەرا و وێڵزدا بڵاوکردەوە، بەدوای ئەویشدا و لەو ساڵەدا (بەکاریا) کتێبی (تاوان و سزا)ی بڵاو کردەوە، هەروەها (ویلیەم بلاکستۆن) و (بنتام و ئایدن)یش توێژینەوەیەکی چڕوپڕیان لەبارەی دۆخی زیندان و زیندانییەکانەوە ئەنجامدا و کاریگەری زۆریان کردە سەر بەرەو پێشچوونی ڕەوشی زیندانەکان و لەساڵی (١٧٧٨)دا، مەرجی تەندروستی و حەوانەوەیان تێدا جێ بەجێ کرا"(حلمی،١٩١١: ١٥).

پاش ئینگلتەرا، فەرەنساش لە هەوڵدابوو بۆ باشکردنی دۆخی زیندانەکانی وڵاتەکەی، بەرهەمی هەوڵەکانی "گرێدانی کۆنگرەی (لۆندرە) بوو لەساڵی (١٨٧٢)دا، کەوا زانایانی فەرەنسی گرنگیان بە دامەزراندنی ڕێکخراوێکدا بۆ ئەم مەبەستە و زیندانەکانیان بۆ شەش جۆر پۆلێن کرد، کە لە داگیرگەکانی (کاین و کلیدۆنیای نوێ)ی دوورگەیەکی بچووک بوو لە تەنیشت ئوسترالیا و ماڵەکانی چاکسازی، یان زیندانی دادوەری، کەوا نزیکەی (١٦) دانە بۆ پیاوان و (٧) دانەش بۆ ژنان، بەڵام سزای تاوانکاری قورسی وەک هەتا هەتایی یان کاتی، ماوەکەی جیاواز بوو لە نێوان ٥ بۆ ٢٠ ساڵ زیندانیکردن، هەروەها بۆ تاوانی سووکتر بریتی بوو لە بەندکردن بۆ ماوەی ٥ تاکو ١٠ ساڵ "(حلمی،١٩١١: ٣١-٣٢).

لە ئەمریکاش جێگا و گوزەرانی گرتووەکان هەروەکو خۆی نەمایەوە، بەڵکو هەنگاوی گەورەی بەئاراستەی باشترکردنیان لە سوودی زیندانییەکان لێکەوتەوە، هەستان بە چاککردنی ڕەوشی زیندانییەکان ئەوەش بە دروستکردنی چەند زیندانێکی تاکەکەسی، کە بڕیاری زیندانیکردنی تاکەکەسی بەسەر ئەو کەسانەی کە حوکمی کاری قورسیان بەسەردا درابوو، گرنگترین و بەنرخترین کار بۆیان ئەنجامدرابێت، ئەویش "بینینی سەرپەرشتیارانی زیندان و ڕێگە بەهاوڕێکانیان درا کە سەردانیان بکەن و نووسینی نامە و قسەکرن لەگەڵ سەرکردەکانی حکومەت و کاربەدەستان بوون"(حلمی ،١٩١١: ٤١).

## ب - جۆری دامەزراوە زیندانییەکان لەجیهاندا :

**١- دامەزراوە داخراوەکان:** پێکهاتووە لەدیواری بەرز و بڵند و ڕێوشوێنی ئەمنی توند و تۆڵ دەگرێتەبەر تێیاندا، چونکە تاوانبارەکانی ناوەوەی ترسناکن و تاوانی گەورە و جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، واتە "بریتییە لە دابڕینی تاوانباری حوکمدراو لە کۆمەڵ بەهۆی مەترسیەکانییەوە، پراکتیزەکردنی ئەم بیرۆکەیە واپێویست

دەکات چاودێریەکی توند و پتەو و تۆکمە بەسیمای دامەزراوەکانەوە دیاربێت و سڵ لەکەسی حوکمدراو بکرێت و ڕێوشوێنی تەمێکردن بسەپێنرێت بەسەریدا... ئەم جۆرە دامەزراوانە بۆ ئەو حاڵەتانە دەگونجێت، کە مەبەستی سزادان بریتی بێت لە بەرگرتن و دروست کردنی لەمپەر نەک چاککردن"(بۆکانی،٢٠٠٢: ١٣٤).

**٢- دامەزراوە کراوەکان:** ئەو زیندانانە دەگرێتەوە، کە بێبەشن لە دیواری بڵند و ژووری تاریک و ڕێوشوێنی توند و تەنینیان بەپاسەوان و چاودێریکردنی چڕ، واتە بۆ تاوانبارانی زۆر ترسناک دروست نەکراون، "ئەم جۆرە لە دامەزراوە سزاییەکان پابەندی بیرۆکەیەکە بڕواو متمانە بەحوکمدار دەکات و پێی وایە هەست بە لێپرسراوێتی دەکات"(بۆکانی، ٢٠٠٢: ١٣٤).

لێرەدا ئامانج لێیان چاککردنەوەی ڕەفتارەکانی تاوانبارە و ئامادەکردنێتی بەمەبەستی گەڕانەوەی بۆ ناو کۆمەڵگا بەشویەکی باشتر و بێ زیان، بۆیە بەندکراو دەخرێتە ژێر چاودێری و دووبارە بونیادنەوەی لەڕووی کەسایەتی و دەروونییەوە.

**٣- دامەزراوە نیمچەکراوەکان:** ئەم جۆرە لە نێوانی یەکەم و دووەمدایە، واتە سزادراوانی ناوی نە زۆر ترسناک و نە هێندەش بێ تاوان و بێ ترسن، کە بتوانرێت بەشێوەیەکی زۆر ئازادانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، واتە "زیندانی دەخرێتە زیندانێک، کەوا ئاستی پاسەوانیکردن و ڕێوشوێنە ئەمنییەکان توندن تێیاندا، دواتر ئەگەر شایستەیی خۆی سەلماند، ئەمەش بە ڕەفتاری باشی ئەوا دەگوازرێتەوە بۆ پلەیەکی نزمتر لەئاستی پاسەوانیکردن تاکو کارەکە دەگاتە گواستنەوەی بۆ پلەیەکی وەها، کە زۆر نزیک بێت لە دامەزراوەیەکی کراوەوە"(الجربوی ١٩٩٠: ٣٥٠). واتە وێستگەیەکن بۆ تێستکردنی تاوانباران، کە کردەوەی خۆیان ئایندەیان دیاری دەکات، کە ئایا بەرەو کام جۆر (داخراوەکان) یاخود (کراوەکان) هەنگاو هەڵدەگرن؟.

## دووەم: زاراوەی شیعری زیندان و پەیوەندیی شیعر و زیندان و جۆرەکانی شیعری زیندان

### أ- زاراوەی شیعری زیندان

لە ئەدەب و ڕەخنەی ئینگلیزیدا لە بەرانبەر (شیعری زیندان)دا، (Prison Poetry)بەکاردەهێنرێت.

لە ئەدەبی فارسیشدا زاراوەی (شعر زندان) یاخود (زندان نامه) یا (حبسیه در شعر) بەکاردەهێنرێت.

لەزمانی عەرەبیشدا، (شعر السجون) بەکاردەهێنرێت، لەپاڵ ئەوەشدا، هەریەک لەزاراوەکانی(حبسیه"حبسیات "في شعر) و (شعر الأسر) یاخود (شعر الأسر والسجن) و (شعر في المعتقل) بەکاردەهێنرێن، سەرجەمیان ئەو شیعرانە دەگرێتەوە، کە لەزیندان و لەکاتی بەندکردن و دەست بەسەریدا شاعیر نووسیونی، بەڵام لەئەدەبی کوردیدا تەنها زاراوەی (ئەدەبی زیندان) یاخود (شیعری زیندان) بەکاردەهێنرێت بۆ سەرجەم ئەو بەرهەمە

ئەدەبیانەی (شیعر)، کە شاعیرو نووسەران لەزینداندا، چ لەکاتێکدا، کە حوکم درابن یاخود بەکاتی ڕاگیرابن، یا لەگرتووخانەیەکی مەدەنی یا سەربازیدا بەندکرابن، چونکە وەکو ئەوەی هەیە لەئەدەبی عەربیدا ئەم زاراوانە جیانەکراونەتەوە و هەروەها بوونیشیان نییە و شیعرو بەرهەمەکانی زیندانیش لەسەر ئەو بنەمایە پۆلێن نەکراون، چونکە لەهیچ توێژینەوەیەکی (زانستی و وتار...)ێکدا، هیچ توێژەر و نووسەرێک بۆ نموونە زاراوەی (شیعری بەندیخانە) یا (ئەدەبی گرتووخانە)ی بەکار نەهێناوە، لەم ڕوانگەیەوە (د.زاهیر لەتیف) دەڵێت: "ئەگەر چی زیندان بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندە بەهۆکارە تاوانییەکان، هەروەها گرتووخانە بە کارە سیاسی و فیکرییەکان، بەڵام کێشەکە لای ئێمە ئەوەیە، کە هەردووکیان خۆیان لە یەک بازنەدا دەبیننەوە و تێکەڵ دەبن، بۆیە لە ژینگەی ئێمەدا ئەدەبە زیندانییەکە باشتر ڕۆیشتووە بەو پێیەی جێگەیەکی گرتووخانەی تایبەتمان نییە وەکو گوانتانامۆ تاکو جودای بکەینەوە لە زیندان"(کەریم،٢٠١٦).

## ب- پەیوەندیی نێوان شیعر و زیندان

زیندان لەبنچینەدا شوێنی چاکسازییە، بەڵام بۆ مرۆڤە شۆرشگێڕو خاوەن هەڵوێستەکان لەڕوانگەی دەسەڵاتە تۆتالیتارەکانەوە جێگای کوشتن و لەبەینبردنی ئازادییانە، شوێنی دابڕین و دوورخستنەوەیانە لەکەس و کار و کۆمەڵگا، زیندان لەوڵاتە دیکتاتۆر و تاکڕەوەکان، کە هەردەم بڕوایان بەگرتن و کوشتن و ترس و تۆقاندن و زەبرو زەنگ هەیە بەوپەڕی توندوتیژییەوە ڕووبەڕووی دەنگ و ڕەنگە ئازاو بوێرەکان دەبنەوە، ئەوانەی کە لەخۆیان ناچن و وەک خۆیان ناڵێن، بەتایبەتی ئەو گیراوانەی بەتۆمەتی سیاسی و نیشتیمانی و سەربازییەوە دەگیرێن، شوێنی سامناک و تۆقێنەر چاوەڕوانیان بووە، زیندان هەردەم جێگای ئازاردانە ڕووحی و جەستەییەکانیان بووە.

شاعیر جگەلە پێنووس بۆ گوزارشتکردن لە نەهامەتیەکانی هیچی دیکە شک نابات بۆیە "ئەوان سەرەتا بۆ سارێژی ئازارەکانی ڕۆح و گیانی خۆیان و خاڵیکردنی زووخاوی پەنگخواردوو لە دەروونیاندا و دواتر بۆ تۆمارکردنی ساتە ئازاراوییەکانی زیندان لە زەین و بیرەوەری مێژوودا و گواستنەوەی لەم ڕێگایەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، یان بۆ کەسانێک کە لەدەرەوەی زیندان هەست بەم ئازارانە ناکەن، لەژێر ساباتی شیعردا دەفتەری پڕ ئەزموون و ئازاریان والاکردووە"(ئەمانی: ٢٠١١)، واتە جگەلە هەست و سۆزە قەتیسەکانی ناخی، کە دەیەوێت لەنووکی خامەکەیەوە بیرێژێت، هاوکات وەک پەند و ئامۆژگاری و بەرچاو ڕوونییەکن بۆ نەوەو وەچەی داهاتوو تاکو تێیان بگەن، کە چی ئازارو نەهامەتییەکان چەشتووە.

مێژووی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە شیعرە یەکسانە بەمێژووی دروست بوون و دامەزراندنی زیندانەکانەوە، بۆیە پەیوەندیەکی تۆکمە و بەتین کۆیان دەکاتەوە، واتە زیندان نەبێت یاخود ڕۆژێک ئەگەر بێت و زیندانەکان داخرێن و نەمێنن ئەوا ئەم جۆرە شیعرەش ئیتر نایەتە بوون، هاوکات گەر شیعریش نەبێت، ژیانی تاڵی و سوێری و پڕ دەردە سەرییەکانی ناو زیندانەکان وەکو ئێستا تۆمار نەدەکران، یاخود بێبەش ئەبووین لە خوێندنەوەی ئازارەکانیان بە شیعر.

زیندان هەندێکجار کەسانی هەست ناسکی کردۆتە شاعیر،"دواجار ڕاپێچی نێو زیندانە تاک و تاریکەکانیان دەکات و ئومێدی بێدەنگکردنیان لەسەر هەڵدەچنێت، بەڵام گەلێک جار ئاکامەکە پێچەوانە ئەکەوێتەوە و زیندان دەبێتە هەوێنی لەدایکبوونی شاکاری ئەدەبی و شیعری"(کەریم،٢٠٢٠: ٤٣)، هەروەها هەندێک کات نووسەران و شاعیران بۆ ئەفراندن و داهێنان پێویستیان بە تەنیایی و جۆرێک لەچوونە ناو خەڵوەتەوە هەیە،"مرۆڤ ڕەنگە بەڕاستی پێویستی بەوەبێت بۆ ماوەیەک زیندانی بکرێت، تاکو لەنێو زیندانەکەدا داهێنانەکانی بنووسێتەوە، ئەو جۆرە لەمرۆڤ پێویستیان بەتەنهاییەکی ڕەها هەیە، تاکو ئەو وێنە ناتەواوەی لەعەقڵ و ویژدانیدا سەبارەت بەچەندین کێشە و گرفت هەیە، تەواوی بکات. ئەوانە خاوەنی ئەو کێشانەن کە لەسەر دڵیانەو خاوەنی ئەو ئازادییەن، کە لەعەقڵیاندا چەسپیوەو وەک خوێن بەنێو جەستەیاندا دێت و دەچێت"(مدكور،٢٠١١: ١٦٤)، واتە زۆرێک لەوانە بەبێ ئەوەی هیچ ئەزموونێک و پێشینەیەکی شیعر نووسینیان هەبێت، بەڵام دواجار زیندان بەهەموو ماناو وانەکانییەوە دەیانکاتە شاعیر، جا ئەمە بەجۆرێکی دیکە لای(حەسیب قەرەداغی) کەوتوتەوە، یەکەم شیعری لەسەر شێوازی نوێی لەزینداندا داناوە، واتا زیندان لێرەدا بووەتە شوێنی داهێنان و نوێگەری، وەکو خۆی دەڵێت: "لە گرتووخانەی نوگرە سەلماندا یەکەمین شیعری شێوازی نوێیم نووسی، ئەویش شیعری (ئەی ڕۆژ) و شیعری (بەهاری عومرم) بوون" (قەرەداخی،٢٠٠٢: ١٠).

ئەم جۆرە شیعرانەی ناو زیندان لەبواری ڕەخنەدا پێیان دەوترێت (شیعری زیندان)، کە ئەو شیعرانەیە، کە لەناو ژوورە تاریکەکانی زیندان و لەودیوی شیشە بڵندەکانی زیندانەوە نووسراون، "ئەو شیعرەیە، شاعیری دیل، کە بەهۆی کاری شۆڕش یان ڕێکخستنەوە لەزیندانی دوژمن نووسیوونی"(خۆشناو،٢٠٠١: ١٣٦)، کە بەشێوازێکی کردارەکی شاعیر لەناو ژوورەکانی زینداندا دەیان نووسێت، واتە "شیعری دەربڕینی ئازارە جەستەیی و دەروونییەکانە، هەروەها دەربڕینی بەهەدەردانی تەمەنێکی پڕ بەخششە بەهۆی ئەو هۆشداریی و توانا و دەسەڵاتە وشەییە، کە لەبواری شیعردا خستوویانەتە ڕوو و کۆمەڵگایان هەژاندووە، ئەو هەژاندنەی کەدەسەڵات هەمیشە ویستوویەتی و دەیەوێت بەکپی بمێنێتەوە"(سابیر،٢٠١٥: ٧)، واتە ڕەتکردنەوەی کردەی توندوتیژی و داپڵۆسینە، چونکە شاعیر بەجەستەو بیروباوەڕو پەیڤەکانی وەک پۆڵاو شاخێک ڕووبەڕووی جەورو ستەم دەبێتەوە و بۆ ئازادی گشتی و ئازادبوونی خودی تێدەکۆشێت.

شیعری زیندان بەرهەمی ئازارو ناڵە و هاوارێکن، کە لەمنداڵدانی نەهامەتی و خەمەکانی ڕۆژانەی زیندانەوە سەریان هەڵداوە، نوستالیژیای ئازیزان و وڵات و هیوا و خۆزگە خواستنە بەدەرکەوتنی تیشکی ئازادی و سەربەستی و دەربازبوون لەنێو چوار دیوارە تاریکەکانی زیندان. ئەم شیعرانە ڕوویەکی شیعری بەرەنگارین و لە هەست و سۆزێکی پاک و ڕاستەقینە و ڕاشکاوەوە هەڵدەقووڵێن، دەچنە خانەی شیعری لیریکەوە، کە "پارچە شیعرێکی کورتە لەمەبەستەکانی دڵداری و جوانی و سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی- سیاسی و دانایی و ئایین و فەلسەفە و سۆفیزم و بزووتنەوەی دەروونی ئادەمیزاد و ناوەڕۆکی تر دەدوێ"(خەزنەدار،٢٠٠١:١٧٣)، واتە کۆژانەکانی دەکات بەهەوێنی ئەفراندنی دەقێکی شیعریی، کە مۆرکی

زیندانی پێوە دیاربێت، جودایە لەو شیعرانەی، کە لەژوورێک، یاخود باخچەیەکی دڵخوازی شاعیردا نووسراون، جگە لەپێنووس و کاغەزێک یان پشتی پاکەتە جگەرەیەک، یاخود پارچە مەقەبایەک، گەر هەشبووبن یا ڕووی دیوارەکانی زیندان نەبێت، هیچیتر شک نابات بۆ کێشانی وێنەی بەدبەختی و دەردەسەرییەکانی ناو زیندانی، هاوکات وێنای دەرگا و پەنجەرەو دیوارو کەرەستەکانیشی دەنەخشێنێت، واتە دیمەنێکی ڕوون و فۆتۆگرافەریانەیە، کە لەژیان و نەهامەتییەکانییەوە وەرگیراوە.

سروشتی ئەم شیعرە ئەوەیە کە تایبەتە، هەر وەکو جێگاکەی، لێرەدا شاعیر کەمتر پەنا بۆ خەیاڵبازی و فەنتازیا دەبات و ئەوەی مەبەستێتی ڕاستگۆیانە و بێ پەردە دەیاندرکێنێت، نموونەی ئەو شاعیرانە کەم نین، کە بەشێکی شیعرەکانیان زادەی نێو کەش و هەوای زیندانن، لەوانە: (فەقێ قادری هەمەوەندی، بێکەس، گۆران، قانع، دیلان، کاکەی فەلاح، کامەران موکری، شەهید مەلا عەلی...).

ج- جۆرەکانی شیعری زیندان

١- جۆری سەرەکی و بەهێزترینیان ئەو شیعرانە دەگرێتەوە، کە بە کردارەکی شاعیر خۆی وجوودی هەبووە لەناو زیندانداو هەر لەوێش نووسیونی، واتە بەخامەی خۆی وێنای ئازارەکانی کێشاوە، مەبەست و باسەکەی ئێمەش لەسەر ئەم جۆرە دەقانەیە، کە بەجەستە بەند دەکرێت و هەموو دەرگاکانی لەسەر دادەخرێت و پێویستی بەدۆزینەوەی دەرچە و دەلاقەیەکی دیکەیە، بۆیە هەوڵدەدات هەڵبێ بەرەو دنیای دەرەوەی زیندان بەخەیاڵ، کە باشترین ڕێگەیە بۆ دەربازبوون لەو گەمارۆ و دەست بەسەرییەی باڵی بەسەر هزر و خەیاڵیدا کێشاوە، (فایز ابو شمالة) ڕای وایە کە "ئەوانەی لەناو زینداندا شیعریان نووسیووە ناڵانەوە و ئێشیان لەسەر دەرنەکەوتووە، بەڵکو شۆڕش و تووڕەییان پێوە دیارە"(سابیر و عەبدولقادر،٢٠١١: ١٦٩).

(دڵزار) ئەم تووڕەییەی بەیان دەکات، هاندان و نەبەزین دەکاتە بەرنامە و وێردی سەر زمانی تا بەدەستهێنانی مافی گەل و لەڕەگ دەرکێشانی خوێنمژان و دووژمنان:

کوڕانی خەبات و نەجات و ژیان
لەڕێ ی سەربەخۆیی گەل و نیشتیمان
لەژێر بەیرەقی قرمزی ڕەنجبەران
بکۆشن، بهارن قەڵای ڕەنجمژان (دڵزار،٢٠٠٦: ٥٣)

٢- جۆرێکی دیکە ئەو شیعرانەن، دیسان لەلایەن شاعیرانی زیندانیکراوەوە نووسراون، بەڵام پاش ئازادبوونیان، واتە شاعیر ئەزموونی زیندانی کردووە پێشتر، بۆیە دوای چەند ساڵێک و لەکات و سەردەمێکی دیکەدا بەخەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ سەرگوزشتەی ژیانی ڕابردووی ناو زیندانی، لێرەدا شاعیر ناتوانێت دەقاو دەق

هەمان هەست و سۆزی ئەو چرکە ساتانەی ناو زیندان بگوازێتەوە، بەهۆی ئەوەی کە زەمەنێکی بەسەرداچووە، واتە بەجەستە دیل نییە، بەڵکو گەڕانەوەو فلاشباکە بۆ ڕابردوو و یادگارییە تاڵەکانی.

(کامەران موکری) پاش چەند ساڵێک لەئازادبوونی و بەیادی ئەو ڕۆژانە دەڵێت:

لەزیندان و لەبیـابانی (ســـەلمـان)

لەنیشـانەی برینـــەکـانی ســەرشـــان

لەســالانی لاویـی- تەمــەن پشکوتن-

هەلی عومرم، گوڕی هەوڵی پێشکەوتن

لـــەو سالانەی لەگــەڵ زنجیــرا ژیــام

لـــەو هــەرەسەی ژیان بەسەریا هێنــام (بەفرین،٢٠١٢: ٩)

٣- جۆرێکیتری شیعری زیندان ئەوەیە، کە شاعیر هەرگیز ئەزموونی زیندانی نەکردووە، واتە تەنها لەڕێگەی بینین و بیستن و خوێندنەوە و یاخود دروستکردنی لەهزرو خەیاڵی خۆیدا، یا بەکاریگەربوون بەکەسایەتییەکی ڕامیاری و نەتەوەیی ناوخۆیی یان کەسە بەناوبانگەکانی جیهان، کە بوون بەڕەمزی نێو زیندانەکان، یا بۆ کەسی نزیک و خزمێکی زیندانیکراوی خۆی یاخود سوود وەرگرتن لەئەزموونی کەسانی دیکەی زیندانیکراو دەینووسێت. دەکرێت ئەمانە ناویان لێی بنرێت (شیعر دەربارەی زیندان)، واتە کەشی زیندانیان گواستۆتەوە، بەلام لە یەک گۆشە نیگاوە، بۆیە (فایز ابو شمالە)باس لەوە دەکات، "ئەوانەی کە لە دەرەوەی زیندان شیعرییان نووسیووە تەنیا وێنەی دەرەوەی زیندانیان وەکو ئێش و ئازارێک گرتووە، وەک ئەوەی زۆر نالانەوە و سکالا و ئێشی تێدا بەدی دەکرێت"(سابیر و عەبدولقادر،٢٠١١: ١٦٩).

(هێمن موکریانی) دەڵێت: ماچ دەکــەم ئەو مەچەکانەی بە کەلەپــچە دێشن

بۆ ئەو سەرانەی بەگرێی قەمچی دەگروێن دەگریم...

دوور لــە ئازادی بەزینـــدانـــی ڕەش و بۆگـــەندا

بۆ کـــــــەسێکی دەژێن چـــــلکن و دژوێن دەگریم (حەبیب،٢٠٠٨: ٢٠٩-٢١٠)

## سێیەم: شیعری زیندان لە ئەدەبی (فارسی و عەرەبی و تورکی)دا

### ١- شیعری زیندان لە ئەدەبی عەرەبیدا

ئەم شیعرە لای عەرەب مێژوویەکی دوور و درێژ و دەوڵەمەندی هەیە، هەر لەسەردەمی نەفامییەوە سەدان دەقی بەپێز لەزیندانەکاندا دانراون، زیندانی تایبەتیان نەبووە، بەڵکو ئەو شاعیرانەی لەبەر هەر هۆکارێک زیندانی ئەکران لەماڵ یاخود ژێر ڕەشماڵەکان دادەنران، ئەو هەموو شیعرانەش هەر لەو جێگایانەدا لەدایک بوون، شاعیرانی وەکو (عدی بن زید العابدی، عنترة العبسی، طرفة بن العبد، البراء بن قیس ...)، ئەم شاعیرانە هەریەکە و لەپاڵ تیرە و عەشیرەتی خۆیدابووە، لەشەڕ و جەنگ و پێشبڕکێیەکاندا بەشان و باڵی هۆزەکەیاندا هەڵیان داوە، واتە زمان حاڵی خێڵەکانیان بوون.

پاش ئیسلامیش شیعر بە دەقی ئایەتی قورئان سنووردار کرا، بۆیە چەند شاعیرێک بەهۆی بەزاندنی سنوور و یاساکانی ئیسلام یاخود دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە بووبێت لە زیندان نراون، بەمەش چەندین دەق لەدایک بوون، لەو شاعیرانەش: (میمون بن قیس، بشر بن أبی خازم، جویره بن بدر الدرامی ...).

لەسەردەمی تازەشدا بەهۆی ئەوەی، کە سەرزەمینی عەرەب لەلایەن ئیستعمارەکانی(ئیتاڵی، فەرەنسی، بەریتانی)ەوە داگیرا، لەئاکامدا بوونە هۆی گیران و بەندکردنی دەیان و سەدان شاعیر و نووسەر و ئازادیخواز، دیسان چەندین بەرهەمی دیکە لەهەموو جۆرەکانی ئەدەب دانران، پاشتریش کێشەی عەرەب- ئیسرائیل لەساڵی(١٩٤٨)ەوە سەری هەڵدا، ژمارەیەکی زۆری شاعیران و نووسەرانی فەلەستین لە بەندیخانەکان توندکران، بۆیە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، نەک هیچ وڵاتێکی دیکەی عەرەبی، بەڵکو هێندەی هەموویان بەرهەمی ئەدەبی و هونەرییان لەزیندانەکانی ئەو وڵاتە(ئیسرائیل)دا نووسی، چەند شاعیرێکی سەردەمی نوێی وەردەگرین کە خاوەنی شیعری ناو زیندانن، لەوانە:

- **احمد الصافی النجفی(١٨٩٧-١٩٧٧)**: لەشاری نەجەف لە بنەماڵەیەکی ئایینی و کەشێکی پڕ لە زانست و زانیاری و ئەدەبیدا لە دایک بووە، لەتەمەنێکی زووەوە تێکەڵی دنیای سیاسەت دەبێت، هەردەم دژی داگیرکاری و زوڵم و زۆربووە لە سەردەمی خۆیدا، بەهۆی هەڵوێستەکانییەوە تووشی لێپێچینەوە و گرتن بۆتەوە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، هەر لە زینداندا کۆمەڵە شیعرێک بەناوی(الحصاد السجن)ەوە دەنووسێت، لە یەکێک لەشیعرەکانیدا بەناوی(اما تاج واما سجن؟) دەڵێت:

سجنت وقبلی في العلی سجنوا أخي

وامل فی العلیاء ان یسجنوا الابنا

اذا لم نـورث تـاج مجد و سـؤدد

لأبنـائنا طــرا نور ثم ســجنـا (النجفی،١٩٨٣: ٩٥)

واتە، زیندانی کرام و پێشتر لەبەرزیدا براکەمیان زیندانی کردووە، هەروەها هیوادارم لەبەرزیدا منداڵەکانیشم زیندانی بکەن، ئەگەر نەبینە میراتگری تاجی شکۆمەندی و گەورییەکەی بۆ نەوەکانمان، ئەوا بەناچاری زیندانیان بەمیرات بۆ جێدێڵین.

- **مفدی زکریاء**(١٩٠٨-١٩٧٧): لەوڵاتی جەزائیر لە دایک بووە، بەشاعیری شۆرشی جەزائیری دادەنرێت، کە بەسروودەکانی بەشداری کردووە، بۆیە لەلایەن ئیستعماری فەرەنسییەوە چەندین جار لەسەر هەڵوێستەکانی دەستگیرکراوە، چەندین شیعریشی هەر لەزیندان نووسیوە، بەناوبانگترینیان سروودی نیشتمانی جەزائیرە.

لە شیعرێکی ناو زینداندا بەناونیشانی (زنزانة العذاب)دا دەڵێت:

سیــان عنــدی مفتــوح و منـغلق		یا سجـن بابک أم شدت به الحلق

أم الســیاط بهـــا الجلاء یلهبنی		أم خـازن النار یکوینی فأصطـفق

والحوض حوض وان شتی منابعه		ألقی الی القمر أم أسقی فأنشرق		(جغدم، ٢٠١٩: ٣٧)

واتە، لای من وەک و یەکە، کراوەو داخراو، یان زیندانی دەرگاکەی یان توندکردنی قوڕقوراگە، یان قامچی دەستی جەلاد گڕم تێبەردان یان دەرگاوانی ئاگر ئوتوم بکات. داخم بکات و هاواربکەم، حەوز و هەر حەوز باوەکو سەرچاوەکانیشی جیاجیابن فڕێی بدرێمە قوڵایی یان ئاوی خواردنەوەم پێ بدرێت و لەقوڕگم گیربێت.

- **محمود درویش**(١٩٤١-٢٠٠٨): شاعیری بەناوبانگی فەلەستینی و یەکێک لە شاعیرە هەرە دیارەکانی سەدەی بیستەم، کە بەشاعیری شۆرش و بەرەنگاری ناسرابوو، "لەنێوان ساڵانی(١٩٦١-١٩٦٥)دا، دووجار زیندانی دەکرێت و دواتر دەخرێتە ژێر ئیقامەی جەبرییەوە. وە لەسەرەتای لاویدا دەچێتە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستی ئیسرائیلەوە و لەڕۆژنامەو گۆڤاری ئەو حیزبەدا کاری کردووە، دواتر بەدژایەتی کردنی دەوڵەتی ئیسرائیل تاوانبارکراو چەند جارێک دەستبەسەر و زیندانی کراوە"(بەرزنجی،٢٠١٧: ١١،٨)، هەروەها "بەتۆمەتی چالاکی دژ بە دەوڵەت لەساڵانی ١٩٦٥، ١٩٦٦، ١٩٦٧، ١٩٦٩ چەند جارێکیتر زیندانی دەکرێت"(بەرزنجی،٢٠١٧: ١٧). لە ژووری زینداندا قەسیدەی (اخر اللیل) دەنووسێت و دەڵێت:

وطـــنـي

یعلمنی حدید سلاسلی... عنف النور

ورقة المتفـائل

مـا کنت اعـرف تحت جلودنا

میــلاد عــاصفة

**وعــرس جـداول**

**سـدوا عـلى النـور فـى زنـزانة**

**فتـوهجت فـى القلب**

**شمـس جــداول** (مصاروة، ٢٠٢٠: ٦)

**واتە، نیشتمانم، ئاسنی زنجیرەکەم فێری توندی ڕووناکیم دەکات و نەرم و ناسکی گەشبینیی، نەمدەزانی کەوا لە ژێر پێمان لەدایک بوونی با و بۆران و بووکی گۆماوەکان هەیە، لەزینداندا ڕووناکیان لەسەر داخستم، بەڵام لەدڵدا خۆری گۆماوەکان گڕی سەند.**

**- احمد مطر(١٩٥٤- ): شاعیری گەورەی عێراقە، لەگوندی(تەنومە)ی سەرکەناری(شەتوڵعەرەب) لەدایک بووە، هەمیشە دژی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و خۆسەپێنەکان بووە و ڕەخنەی ڕاست و دروستی، بەڵام بەشێوازێکی توند لەخواری و خێچییەکانیان گرتووە، بەوهۆیەوە چەندین جار زیندانی کراوە.**

**لەشیعرێکدا بەناوی (زنزانة)(گرتووخانە)، کە(مستەفا سەید مینە) کردوویەتی بەکوردی، چەند ئەندامێکی جەستەی خۆی بەکەرەستەکانی زیندان دەچوێنێت. دەڵێت:**

**سینگی مـن گرتووخــانەیە**

**شیشەکــانی پەراســوومــە**

**دێنە نێوی ئەو سیـخـوڕەی**

**بەهەڵە داوان لــەدوومـــە**

**دێ بـزانــێ مـنـی بـەنــدە**

**ڕادەی سووری خوێنم چەندە..** (فرج،٢٠٢١: ٦٣)

**٢- شیعری زیندان لە ئەدەبی فارسیدا**

ئەدەبی فارسیش وەکو ئەدەبێکی دێرین و زەنگین بێبەش نییە لە شیعری زیندان، گەر سەیری مێژووی ئەدەبیان بکەین دەبینین هەر لەدێر زەمانەوە تاوەکو سەردەمی ئێستاش چەندین شاکاری نایاب لەژوورەکانی زینداندا نووسراون، بەمەش جێگایەکی بەرز و بڵندیان لەناو ئەدەبی فارسی و ناوچەکەدا گرتووە.

دەیان شاعیری وەک (سرشار، شوکت قاجار، قائم مقام، محمود کلهر، میرزا آقاخان کرمانی، عندلیب ..)، دەستیان هەبووە لەنەخشاندنی ئەم جۆرە شیعرەدا. ئێمە لەمێژوویی نوێی ئێراندا چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو. لەوانە:

- **محمد تقی بهار(ملک الشعرا)**(١٢٦٥-١٣٣٠): "شاعیر و نووسەر و سیاسەتمەداری گەورەی ئێرانە، لە شاری(مەشهەد) لەدایک بووە، لەشەڕی جیهانی یەکەمدا ڕق و کینەی لە ڕووس و ئینگلیزەکان هەڵگرتووە و لایەنگری ئەڵمانیای کردووە، بەو هۆیەوە ڕۆژنامەکەی بەناوی (نوبهار) لە کارکردن دەوەستێنرێت، پاش زنجیرەیەک گرتن و نەفیکردن لەساڵی (١٣١٢)دا، بەیەکجاری وازی لە شانۆی سیاسی هێناوە و بەکاری ئەدەبی و فەرهەنگییەوە سەرقاڵ بووە"(ظفری،١٣٨٠: ٤٠٧-٤٠٨)، هەمیشە لەدژی سیاسەتە چەوتەکانی ئیستیعمار وەستاوەتەوەو بەو هۆیەوە لەگەڵ شاعیران و ڕۆشنبیرانی دیکەی سەردەمی (مەشروتە)دا تووشی گرتن و بەندکردن بۆتەوە. لە زیندان چەندین شیعری نایابی نووسیوە، لەشیعری (پنچمین ماه در زندان)دا دەڵێت:

| | |
|---|---|
| تیرو مردارد هم به بنده گذشت | مـدت حبس من تمــام نگشت |
| آب شـد بـرف قـلـه توچـال | یخ فـراوان نماند در یخچـال |
| خنکی هـای قوم لیک بجـاست | وز دل سردشان عناد نکـاست |
| شد هـوا گرم و گرم شد محبس | پخته گشتند مرغهـا به قفس (بهار،١٣٣٦: ٦٤) |

واتە مانگی حەوت و مانگی هەشتیش بەسەرمدا تێپەڕین، ماوەی زیندانی کردنم تەواو نەبوو، بەفری لووتکەی (توچال)بوو بە ئاو، بەفری زۆر لەبەفرگردا نامێنێتەوە، فێنکییەکانی ترمان هەرماوە، عینادی لەدڵی ساردیان کەم نەبوو، کەش و هەوا گەرمی کرد زیندانیش گەرم بوو، باڵندەکانی نێو قەفەس کوڵان.

- **احمد شاملو**(١٣٠٤-١٣٧٩): نووسەر و ڕۆشنفکر و ڕۆژنامەوان و گەورەترین شاعیری مۆدێرنەی ئێرانە، کە لە شیعرادا ڕێچکەی تایبەت بەخۆی هەبووە، بە شاعیری (ئازادی) ناودێرکراوە، لەتەمەنێکی زوودا دەست دەکات بەچالاکی و جمووجۆڵی سیاسی و بەو هۆیەوە دەستگیردەکرێت، لەزیندان چەندین دەق دادەنێت، لە شیعرێکدا بەناوی (کیفر) دەڵێت : در اینجا چار زندان است

به هـر زندان دو چندان نقب، در هـر نقب چندین حـجره

در هــر حجره چندین مرد، در زنجیــر...

از این زنجیریان، یک تن، زنش را در تب تاریکی بهتانی

به ضــرب دشنــه‌ای کشـته اســـت...                    (شاملو،١٣٧٩: ٤٢)

واته "ئالێرەدا چوار زیندانە، لەهەر زیندان چەن ڕیز داڵان، لەهەر داڵان سیاچاڵان، لەهەر چاڵێک چەندین بەندی لەزنجیردان، یەکێ لەم بەندییانە، لەنێو گەرمەی ڕەش و تاری بوختانێکا، ژنەکـەی خۆی بە زەبـری نەشتەر کوشتووە"(ئەمانی:٢٠١١)

- **اخوان ثالث (١٣٠٧-١٣٦٩)**: لەشاری (مەشهەد) هاتۆتە دنیاوە، "بەچوونی بۆ تاران و ئاشنابوونی بەمەسەلەی فیکریی و جوڵانەوە سیاسیەکان لەڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامەکانەوە، کاریگەری قوڵیان بەئاڕاستەی سیاسی بوونیدا هەبووە، هەر لەبەر ئەوە بەشاعیرێکی سیاسی دەناسرا، لەساڵی(١٣٣٢)دا چۆتە ناو چەپەکانەوە، کە لەڕیزی حزبی دیموکرات گەرای تودەی خۆی بینیەوە، ڕوخانی دەوڵەتی (موسەدیق) کاریگەری گەورەی لەسەری جێهێشت"(رضایی و کوهسار،١٣٩٤: ٢٤٥)، بەهۆی "چالاکییە سیاسییەکانیەوە لە ساڵی(١٣٣٥) کەوتۆتە زیندان و پاش ئازادبوونی دوورخراوەتەوە بۆ (ئابادان و خوڕەمشەهر)، لەوێی گەڕاوەتەوە سەر کاری پێشووی، ئەویش خزمەت کردن بووە لە وەزارەتی فەرهەنگدا"(ظفری ،١٣٨٠: ٥٢٩-٥٣٠). کۆمەڵە شیعرێکی بەناوی (در حیاط کوچک پاییز در زندان)لە ساڵی (١٣٣٨) دا بڵاوکراوەتەوە، لەشیعرێکدا خۆشحاڵی خۆی لەزینداندا دەردەبڕێت، دەڵێت :

در این زنـدان، برای خود هوای دیگــری دارم        جهان گو، بی صفا شو،من صفای دیگری دارم

اسیرانیم و با خوف و رجــا درگیر، امــا باز        درین خوف و رجا من دل به جای دیگری دارم

درین شهر پر از جنجال وغوغایی،از آن شادم        که با خیــل غـــمش خـلوتسرای دیگری دارم

پسندم مــرغ حق را لیک باحقگویی وعـزلـت        مــن اندر انـزوای خـــود نـوای دیگــری دارم  (رضایی و کوهسار،١٣٩٤: ٢٤٦)

واتە لەم زیندانەدا بۆ خۆم کەش و هەوایەکی ترم هەیە، دنیا خۆشیش نەمێنێ من خۆشیەکی ترم هەیە، دیلگەلێکن و بەترس و تکاوە دەرگیرین، بەڵام دیسان من لەم ترس و تکایەدا دڵم بە شوێنێکی ترەوەیە، لەم شارە پڕ لەجەنجاڵی و هەراو هۆریایە دڵخۆشم، لەگەڵ شێتی و خەمیدا خەڵوەتگەیەکی ترم هەیە، باڵندەی حەق پەسەند دەکەم، بەڵام بەحەقبێژی و گۆشەگیری من لەتەنیایی خۆمدا (نەوا) ئاوازێکی ترم هەیە.

**٣- شیعری زیندان لە ئەدەبی تورکیدا**

ئەدەبیاتی تورکیش وەکو ئەدەبیاتی هەموو جیهان بێبەش نییە لەم جۆرە شیعرە، بەڵکو ئامادەیەکی کارای هەیە، بەتایبەت، کە تورکیا بوو بوو بەسەر زەمینی زیندان دەرهەق بەدەنگە دلێر و بوێرەکانی بەئێستاشەوە، بۆیە یەکێکی وەکو(یەشار کەمال)دەڵێت:"بێگومان زیندان قوتابخانەی ئەدەبی هاوچەرخی تورکیایە"(فەلاح،٢٠١٤: ٢٣٨)، یەکێکە لەو وڵاتانەی زۆرترین شاعیر و نووسەری زیندان و دەربەدەر کردووە. لەوانە:

- **نامیق کەمال**(١٨٤٠-١٨٨٨): شاعیر و وەرگێڕ و ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەوان و نیشتیمان پەروەری ناوداری تورکە، لەشاری (تیکرداغ) هاتۆتە دنیاوە، نووسین و هەڵوێستەکانی بەدڵی میری نەبووە، بۆیە چەندین جار زیندانی کراوەو ماوەیەکی زۆری ژیانی لە دەربەدەریدا گوزەراندووە. بەردەوام بوو لە وتار و نووسینە ڕەخنەییەکانی، چیرۆکی (وەتەن یا سیلیستر) و زۆرێک لەشاکارەکانی و شیعرەکانی لەغوربەت و بەندیخانەدا نووسیووە، لە نموونەیەک لەهۆنراوەکانیدا دەڵێت:

"ئای سـەربەستی چەند ڕازاوەیت

کاتێــک وەک خــۆر هــەڵــدێیت لــە دەم ئاســۆوە

لەدیلێتی ئازاد دەبیـن دەکــەوینە داوی عــەشقی تۆوە

ئەی سەربەستی، هیوای دواڕۆژ، خۆشەویستی گیان و دڵ..." (فرج،٢٠٢١: ٦٥)

- **نازم حیکمەت**(١٩٠٢-١٩٦٣): دیارترین شاعیری سەدەی بیستەمە و لە تەمەنێکی زوودا دەستی داوەتە شیعر نووسین، شاعیر بەهۆی هەڵوێستەکانییەوە چەندن جار زیندانیکراوە، لەسەرەتای دەرکەوتنیدا لە کۆڕ و کۆمەڵە هونەرییەکانی ئیستانبوڵدا وەکو هۆنەرێک زوو ناسرا، هۆنراوەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا چاپ دەکرد، "دوای هەڵهاتنی بەهۆی نووسینەکانیەوە بۆ مۆسکۆ و پاشان بەهۆی دەرچوونی لێبوردنی گشتییەوە گەڕایەوە تورکیا، کەچی هەر لەگەڵ گەیشتنەوەیدا دەستگیرا و زنجیر لەدەست ڕەوانەی زیندانکرا" (هەژێن ،٢٠١٤: ٨،١٦). حیکمەت لەنووسینەکانی بەردەوام بوو، "لە ساڵانی سەرەتای سییەکاندا ڕۆمانێکی بەناوی (بەنەرجی بۆچی خۆی کوشت؟) بڵاوکردەوە، لەگەڵ کۆنەپەرستان مشتومڕی نووسینی درێژەپێدا، بۆیە پیاوانی ڕژێم جارێکی دیکە دەرژێنە ماڵی و دەستگیری دەکەنەوە"(هەژێن، ٢٠١٤: ١٨)، زۆربەی کاتەکانی ژیانی لە ئاوارەیی و غوربەتدا بەسەربردووە، ئەو کاتانەشی کە لە دەرەوەی زیندان بووە لەلایەن کۆنەپەرستان و لایەنگرانی دەوڵەتەوە ئارامی و ئاسایشیان لێ سەندبووەوە و هەموو دەرگاکانی کار و کەسابەت و ژیانیان بەسەردا داخستبوو، لەگەڵ ئەوەشدا چەندان ڕێکخراو ڕۆشنبیرو و نووسەرانی جیهانی بانگەوازی ئازادیان بۆ دەکرد، لەوانە(ژان پۆل سارتەر، پاپلۆ بیکاسۆ) و چەندانی دیکە. لە شیعرێکیدا کە کراوەتە کوردی دەڵێت :

"سەرەڕای هەرچی دیواری زیندانە

کە سینگم دەگوشن ..

دڵــم

لەگەڵ دوورترین ئەستێرەی ئاسمان لە لێدانە" (نەقشی،٢٠١٨: ٢١)

## چوارەم: هۆکارەکانی زیندانیکردنی نووسەر و شاعیران

زیندانیکردنی شاعیران لەناو چوارچێوەی ڕژێمە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکاندا مێژوویەکی دێرینی هەیە، هۆکارەکانی زیندانیکردنیان پێش هەموو شتێک دەگەڕێنەوە بۆ نەگونجان و ناکۆکی دنیابینی نێوان ئەم ڕژێمە ئایدۆلۆژییانە و شاعیرانیان، بەرئەنجامەکانی ململانێی نێوان ئەم دوو دنیابینییەش هەمیشە بەزیانی شاعیران کۆتایی هاتووە و ڕژێمە ئایدۆلۆژییەکان ڕێگای جیاوازیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شاعیرانیان گرتۆتەبەر، وەک تیرۆرکردن، زیندانیکردن، وەدەرنان و شەڕی سایکۆلۆژی، فەیلەسوفی یۆنانی کۆن ئەفلاتون (٤٢٨- ٣٤٨ پ.ز) ڕابەری ئەو فەیلەسوفانەیە، کە لەسەر هونەر بەگشتی و شیعر بەتایبەتی نووسیبێتی و یەکەم بیرمەندە زەمینە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی دەڕەخسێنێت و لە(کۆمار)ەکەیدا شاعیران وەدەردەنێت، ئەفلاتون لەدایەلۆگی (کۆمار)دا هەوڵدەدات پێناسەی دادپەروەری بکات و هەر لەسەرەتاشەوە ئەم پێناسەیە دەبێتە بەهانەیەک بۆ هێنانەکایەی ئەم گفتوگۆیە.

ئەفلاتون ئەم باس و خواسانەی خۆی لەسەر شاری نموونەیی لەبەر ئەوە هێنایە ئاراوە، چونکە هەستی بەوە کرد بوو کە وا ئاسانترە لە سەرەتاوە لەسەر ئاستێکی زۆر گەورە باس لە دادپەروەری بکرێت، چونکە دادپەروەری ئەو کاتە بەرقەرار دەبێت، کە هەر مرۆڤێک چ کارێکی بۆ گونجاوە ئەوە بکات و ئیدی دەست لە کاری کەسانی دیکە وەرنەدات، و لەمەشەوە تەواوی کاروباری کۆمارەکە بە نەرمی و کارامەیی بەڕێوە دەچێت. ئەو لە دایەلۆگی (کۆمار)دا بۆ ئەو ڕژێمە یۆتۆپیایەی، کە دایدەمەزرێنێت سانسۆری ئایدۆلۆژی لەسەر بەرهەمی هونەری دادەنێت، سانسۆرکردنەکەش لەسەر بەرنامەی پەروەردە و فێرکردن ڕادەوەستێت و ڕێگە نادات ئەو هونەرمەند و شاعیرانەی، کە بە دیدی ئەو خزمەتی ڕژێمەکە ناکەن و لەگەڵ فەلسەفە و بەرنامە فێرکردنەکەدا ناجۆرن، لە کۆمارەکەدا بمێننەوە، بۆیە "شیعر دەخاتە ناو بەرنامەی پەروەردە و فێربوون بۆ دەستەی فەیلەسوفە دەسەلات مەدارەکە و ڕێگەنادات شاعیرێک لەگەڵ بۆچوونە میتافیزیکیەکانی ئەودا هاوڕا نەبێ لەناو کۆمارەکەدا بژی"(کەماڵ،٢٠٠٥: ٨٦). هەر وەک فەیلەسوفی ئینگلیزی (بێرتراند ڕەسڵ)جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە "ئەو وێنەی کە لەم کۆمارەدا بەرجەستە دەبێت وێنەیەکی ترسناکی دەوڵەتێکە، کە لە ئامێرێکی زەبەلاح دەچێت و هێندەی نەماوە مرۆڤەکان، وەک تاکەکەس تێیدا بەتەواوەتی ون ببن"(ڕەسڵ،٢٠١١:

١٤٩)، ڕەسڵ پێی وایە ئایدیاکانی ئەم بابەتە "سروشی داوە بە چەندان سەرکردەی سەرکوتکار، ئەو سەرکردانەی، کە لە جۆرە هەلومەرجێکدا بوون، دەیانتوانی و لە دەسەڵاتیاندا هەبوو بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە، کە داخۆ لە ئەنجامی کارەکانی ئەوانەوە چ ئازارێکیتر دێتەکایەوە، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی گەورە بکەن"(ڕەسڵ،٢٠١١: ١٤٩).

ئەفلاتون بیریارێکی ئایدیالیست بوو، بە بڕوای ئەو (ئایدیاڵ)خۆی لەخۆیدا هەیە و هەمیشەییە. لەمێتافیزیکی ئەفلاتوندا ئەم جیهانە هەستەکییەی ئێمە تیایدا دەژین ڕاستەقینە نییە و وەرگیراوی جیهانێکی بەرزە لەژوور ئێمە و بابەتە هەندەکی و هەستەکییەکانەوە، شتەکانی وەک (دادپەروەری، جوانی، چاکە و ..) لەجیهانی هەستەکیدا وێنە و نواندنەوەی ئەم ئایدیاڵە یان جیهانی بەرزن، بە بۆچوونی ئەو ئەگەر ڕاستەقینەی ڕەها ئایدیاڵی شتەکان بێت، ئەوا شتەکان هیچ نین جگە لەڕەنگدانەوە و لاساییکردنەوە، ئەو کەسەی لاسایی ئەم شتانە دەکاتەوە، دووجار لاسایی دەکاتەوە، کاتێکیش لاسایی دەکاتەوە، بەم کارەی لە ڕاستی دووردەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی شێواندنی حەقیقەتی شتەکان.

ئەفلاتون لە بارەی دووری هونەر لە ڕاستییەوە دەبێژێت: "دەردەکەوێت لەسەر ئەو خاڵە هاوڕابین، کە لاساییکەرەوە زانیارییەکی بەسوودی لە بارەی ئەو شتەوە نییە لاسایی دەکاتەوە و هەمان کات لاساییکردنەوە جۆرێکە لە یاریکردن و بە جدی وەرناگرین، هەموو شاعیرە تراجیدیاکانیش گرنگ نییە کەم یا زۆر بنووسن، لاساییکەرەوەن ئایا ئەم لاساییکردنەوەیە لە ڕاستییەوە سێ جار دوور نیە؟"(ئەفلاتون،٢٠٠٩: ٢٢٩-٢٣٠). ئەفلاتون پێی وایە هونەری لاساییکردنەوە لە ڕاستی دوورە و پەیوەندی بە بەشێکی دەروونەوە هەیە. ئەو بەشەش هۆش نییە. نزیکبوونەوە لەم بەشەش ئاکامێکی چاکی نییە:"کەوابوو، لاسایکردنەوە شتێکی نزمە و لەگەڵ شتێکی نزمی دیکەدا جووت دەبێت. شتی نزمتر دەهێنێتە بەرهەم"(ئەفلاتون،٢٠٠٩: ٣٣١)، کەواتە کاتێک ئەفلاتون ڕەخنە لە هونەر و شیعر دەگرێت، هۆکارەکەی بۆ لاسایکردنەوەی و دوورکەوتنەوەی ئەم بوارانە لە ڕاستی دەگەڕێتەوە. شاعیر لە داهێنانی تابلۆیەکی شیعرییدا خۆی بەجیهانی هەستەکی یان شتەکانی نێو جیهانی هەستەکی ماندوو دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم شتانەش ئەفلاتون میتافۆری (ئەشکەوت) بەکاردەهێنێت، شتەکانی نێو ئەشکەوتیش ساختە و وەرگیراون و لە ڕاستییەوە دوورن شیعر باسی فۆرمە بەرزەکان یان ڕاستی دەرەوەی ئەشکەوتمان بۆ ناکات، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ بابەت و ڕوداوەکانی نێو ئەشکەوت دەکات.

خاڵێکیتر کە بەهۆیەوە ئەفلاتون شاعیران لە کۆمارەکەیدا وەدەردەنێت خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە "شیعر کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی بیسەران و خوێنەران دادەنێت، سۆز بە سەرچاوەی شیعر و دەربڕینی شاعیرانە دادەنێت، کاریگەرییەکەشی بەسەر سۆزی بیسەران و خوێنەرانەوە دەکەوێتەگەڕ"(کەماڵ،٢٠١٠: ٢٨١)، لەهەردوو حاڵەتەکەدا، واتە لەلایەن شاعیر و بیسەرانیشەوە، (هۆش) کە سەرچاوەی زانینە و ڕاستی ناسە دەور نابینێت و خراوەتە پەراوێزەوە: "ئێستا ئەم بەشە هەڵچووە و ئۆقرەنەگرە زەمینە بۆ لاساییکردنەوە خۆش دەکات بەشە هۆشەکییە ئارامەکەش، کە وەکو خۆی دەمێنێتەوە لاسییکردنەوەی ئاسان نییە و کەسانی دیکەش لێی تێناگەن

ئەوەی هۆش هەیەتی بۆ ئەوان شتێکی ئاسان نیە... لێرەدا دەردەکەوێت شاعیر بە سروشتی خۆی بە بەشی هۆشەکی دەروونەوە نابەستێتەوە، ئەگەر زیرەک بێت و بیەوێت جەماوەر بە لای خۆیدا ڕابکێشێت، نابێت خۆی لە هۆش نزیک بکاتەوە، بۆ ئەو بەشە هەڵچووە ڕەنگینەکە چاکترە، چونکە لاساییکردنەوەی ئاسانە"(ئەفلاتون،٢٠٠٩: ١٦٨). بەم شێوەیە، ئەفلاتون پێی وایە شیعر ڕاستی دەشێوێنێت، گەر ڕاستیش بشێوێت، ئەوا ناتوانین زانینی دروستمان دەربارەی شتەکان و ڕووداوەکانی ناو ژیان هەبێت. لەبەر ئەوەی هونەر بە گشتی خۆی بە جیهانی هەستەکییەوە گرێدەدات و مامەڵە لەگەڵ بابەت و جوانی نێو ئەشکەوت دەکات، لەسەر و ئەمەشەوە پەنا بۆ سۆز دەبات، ئەوا نابێتە سەرچاوەی زانین.

## أ- هۆکارەکانی زیندانیکردنی نووسەر و شاعیران لەجیهاندا

### ١- زیندانی سیاسی و حیزبی

لەژێر ڕۆشنایی ئایدیا و بۆچوونەکانی ئەفلاتوندا گەڕان بەدوای زانینی ئەو هۆکارانەی، کە بۆچی شاعیران لەناو قەوارەیەکی سیاسیدا جێگایان نابێتەوە، ئاسانترە، چونکە وەک ڕەسڵ ڕایدەگەیەنێت، ئایدیاکانی ناو(کۆمار)ەکەی ئەفلاتون بوونەتە هۆکار و سروشی سەرهەڵدانی چەندان سەرکردەی سەرکوتکار و سیستەمی سیاسی مەترسیدار، کە دەسەڵاتێکی ڕەهایان بۆ خۆیان درووست کردووە و بەتەواوی دەستبڵاو بوون لە جێبەجێکردنی بەرنامە ئایدۆلۆژییەکەیان، لەم سۆنگەیەوە زیندانی سیاسی و حیزبیش دەچێتە ناو هەمان ئەو جۆرە ئایدۆلۆژی و فیکرییەی کە ئەفلاتون لە کۆمارەکەیدا بانگەشەی بۆ دەکات.

سیاسەتیش بە سروشتی خۆی بەدەر نییە لە پێشنیازکردنی مۆدێلێکی جیاواز بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێک یان قەوارەیەک ئامانجی هەر پارتێکی سیاسی هەوڵدانە بۆ دەسەڵاتگرتنە دەست، کاتێکیش ئامەنجەکەی بەدیدێت، دەست دەکات بە جێبەجێکردنی دنیابینییە ئایدۆلۆژییەکانی بەسەر تەواوی چینەکانی کۆمەڵگادا، سەدەی بیست لوتکەی ئەو قۆناغە دیرۆکییانە بوون کە تێیاندا پارتە سیاسیەکان لە زۆربەی وڵاتاندا چ بەڕێگەی پرۆسەی دیموکراتی و چ بەڕێگەی زۆرەملێ و شۆڕشدا دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست و خۆیان بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا سەپاندووە و پەیڕەوی دەسەڵاتێکی گشتگیر و تۆتالیتاریزمیان کردووە، وەک نازیزم لەئەڵمانیا، بەلشەڤیەکان لەڕوسیا، فاشیزم لە ئیتالیا، بەعسیزم لە شام و عێراق و هتد.

نووسەران و شاعیرانیش وەکو چینێکی کۆمەڵگا ناچاربوون بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەش بن، یان بەهۆنینەوەی هۆنراوە بە شان و باڵی ڕابەر و ڕژێمە سیاسییەکەدا هەڵیانداوە، یان بێدەنگیان هەڵبژاردووە، یاخود واقیعەکەیان قبووڵ نەکردووە و بەرخودانیان لە هەمبەر ڕژێمە سەرکوتکارەکە کردووە کە لەم حاڵەدا چارەنووسیان لە شاعیرانی ناو کۆمارەکەی ئەفلاتون باشتر نەبووە و بەدەرنێردراون، یان زیندانیکراون یاخود تیرۆرکراون، بۆ نموونە فەیلەسوفانی (قوتابخانەی فرانکفۆرت)ی ئەڵمانی بەهۆی مەترسییەکانی نازیزمەوە بەرەو دەرەوەی وڵات و ئەمریکا کۆچیان کرد؛ ئەنتۆنیۆ گرامشی فەیلەسوف و شۆڕشگێڕی ئیتاڵی تا کۆتایی

تەمەنی لە زیندانی فاشیزمدا ژیانی بەڕێکرد؛ تیرۆرکردنی نوسەری گەورەی کورد (موسا عەنتەر) لەلایەن دەسەڵاتی فاشیزمی تورکی.

لە سەردەمی ئەمڕۆشدا، ڕژێمی ئێران نموونەیەکی زەق و بەرچاوە کە زیندانەکانی پڕکردووە لە هونەرمەند، نوسەر و شاعیرانی کورد (لە نموونەی چالاکوانی زمانی کوردی زارا موحەمەدی) و گێچەڵ بە هەر کەسێک دەکات کە ڕەخنە لە ئایدۆلۆژیا سیاسییەکەی بگرێت. چەندان نموونەی دیکە لە دەوڵەتە تۆتالیتاریزمەکانی دیکەش هەن.

**٢- زیندانی ئایدۆلۆژی و فیکری**

وەک چۆن ئەفلاتون لەکۆمارەکەیدا سیستەمێکی سیاسی لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی و مێتافیزیکی دادەمەزرێت و پێناسەی هەموو شتەکان (دادپەروەری، جوانی، چاکە، ڕاستی و زانین و...) دەکات و چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژیان بۆ دادەڕێژێت کە دەبێت هەموو مرۆڤەکان (لەو ژمارەشدا هونەرمەندان و شاعیران) لێی دەرنەچن، ئاواهاش ڕژێمە ئایدۆلۆژیا و فکرییە سیاسییەکانی سەدەی بیستەم پێوەری خۆیان دەربارەی (دادپەروەری، چاکە، جوانی، ڕاستی و ...)بەسەر تەواوی کۆمەڵگادا سەر لەنوێی و بە جیهانبینی تازەوە جێبەجێ دەکرد، گەر بۆ ئەفلاتون لاسایکردنەوە و هەست و سۆزی شاعیران ڕاستی بشێوێنن و دواجار بەمەترسی بۆ کۆمارەکەی دابنرێت، بەهەمان شێوەش بۆ ڕابەرە دیکتاتۆرەکان و ڕژێمە ئایدۆلۆژییە سیاسیەکانیان لەسەدەی بیستەمدا شاعیران گەر لە دەرەوەی جیهانبینی و چوارچێوەی ئەم ڕژێمەدا بیریان کردبێتەوە، ئەوا بە مەترسی و هەڕەشە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان یان بۆ وڵاتەکەیان زانیوە، چونکە ئەمانیش وەک ئەفلاتون پێناسەیەکی ڕەها و گشتگیریان بۆ هەموو شتەکان کردووە کە لە دەرەوەی ئەمەدا پێناسە و ڕوانگەیەکی دیکە قبووڵ نەکراو بووە.

ئەم سیستەمە سیاسیانە هەموو توانای دەسەڵات و تەکنۆلۆژیای مۆدێرنیان بەگەڕ دەخست بۆ ئەوەی سانسۆری ئایدۆلۆژی لەسەر بەرهەمی هونەرمەند، نووسەر و شاعیران دابنێن، تەنها ئەو کاتە ڕێگەیان بە بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمانە دەدا، کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئایدۆلۆژیا و ڕژێمە سیاسییەکەیان بکات، گەر بەرهەم یان داهێنانێک بەدەر بێت لە خزمەتکردنی ئەم ئامانجانە و لەم پێناوە نەبێت، ئەوا وەک لە سەرەوە باسمانکرد، بە زیندانیکردن، تیرۆرکردن، یان وەدەرنانی ئەم نووسەر و شاعیرانە کۆتایی هاتووە.

ئەفلاتون، کە ئامادەی دادگایکردنی مامۆستاکەی(سوکرات)بوو، کە بەهۆی ئەو نەگونجانە ئایدۆلۆژی و فیکرییەی هەیبوو لەگەڵ نەیارەکانیدا و بەتۆمەتی هاندانی گەنجان و لاوان، دادگای ئەسینا فەرمانی مردنی بەسەردا سەپاند و لەسەرەتادا خرایە بەندیخانە بۆ ئەوەی چاودێری جێبەجێکردنی حوکمەکەی بکرێت، چونکە پێیان وابوو، کە"سوکرات هۆکاری شەڕە، پیاوێکە دەگەڕێت بەدوای ئەوەی لەژێر زەوی و ئەوەی لە ئاسماندایە و جل بە بەر ناڕەواییدا دەکات، ئەمەش هەمووی فێری خەڵکی دەکات و گەنجەکان گەندەڵدەکات و دان بەخواوەندددا نانێت، کە دەوڵەت دانیپێداناوە"(غالب،٢٠١٢: ١٩).

**٣- زیندانی کۆمەڵایەتی و ئابووری**

**دیارە زۆربەی هەرە زۆری بەندکردنی تاوانباران بە گشتی، بە هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوەن، واتە بەربڵاوترین فاکتەری زیندانیکردنی خەڵکی لە یاسا دەرچووە، بەڵام بە پێچەوانەوە لای شاعیران و نووسەران و ڕۆشنبیران کەمتر بەدی دەکرێت، چونکە نوخبەیەکی هۆشیارن و ڕێژەی تاوان و خراپەکاری بە بەراورد بە چینەکانی دیکەی کۆمەڵگا لە ڕادەیەکی نزمدایە، دەکرێت بڵێین یەکێکن لە هەرە توێژە بێ گرفت و بێ کێشەکان لەم ڕووەوە، ئەگەر بڕوانین دەبینین کەمترین جار بەم هۆیەوە زیندانیکراون. زۆر جار گرتن و کێشەکانی هەندێ لەم چینانە(شاعیران و ڕۆشنبیران و نووسەران...) بە هۆی پێگەیان لەناو کۆمەڵگادا دێزە بەدەرخۆنەکراوە و شاردراوەتەوە، یاخود ژیاننامە و بایۆگرافیان وەکو خۆی تۆمار نەکراوە، بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گەر چاو بگێڕین بە مێژووی نزیک و مام ناوەندا، دەبینین چەندین شاعیر و نووسەری گەورەی جیهانی بەم هۆکارانەوە بەندکراون.**

**(میگێل دۆ سێرڤانتێس سائاوێدرا)(١٥٤٧-١٦١٦)، نووسەر و سترانبێژو وێنەکێش و ڕۆماننووسی ئیسپانی،" گەشتی شاری (سیویل)ی کرد بەمەبەستی دۆزینەوەی کارێک و خۆ ژیاندنی، پاشماوەیەک گەڕایەوە شار و وڵاتەکەی خۆی و بوو بە کار بەدەستی کۆکردنەوەی باج و ماڵیات لە ساڵی (١٥٩٧)دا، بەڵام بەهۆی خافڵبوون و نەشارەزایی لە کارەکەیدا لە سندووقدا کەمی هێناو پاش لێپرسینەوە لەسەر کاریان وەدەرنرا، بەگومان پێبردنی بە دزیی و دەست پیسی تۆمەتبار کراو بەو هۆیەوە زیندانی کرا"(سێرڤانتێس، ٢٠٠٨: ٧،٥).**

**هەروەها (هێنری دەیڤد سۆرۆ ١٨١٧- ١٨٦٢)ی نووسەر و فەیلەسوفی ئەمریکی "بەهۆی نەدانی باجەوە بە حکومەت، کە لەو کاتەدا باج و خەراج بۆ جەنگی مەکسیک کۆ دەکرایەوە، زیندانی کراوەو ژیانی لە پشت دیوارەکانی زیندانەوە بەسەر بردووە"(بێکسترویم،١٩٨٨: ٣٤). شاعیر و نووسەری ئیرلەندی (ئۆسکار وایلد)(١٨٥٤-١٩٠٠)، بە"یەکێک لەگرنگترین و مەزنترین دەنگە ئەدەبییەکان لە سەدەی نۆزدەیەم دادەنرێت کە ژیانی تا ڕادەیەک پڕبوو لە گێژاو بۆ ماوەی دوو ساڵ بە تۆمەتی ئەخلاقی (هاوڕەگەزبازی) زیندانی کراوە"(حنفي: ٢٠١٦).**

**شاعیر و شانۆنامەنووس و ڕۆماننووسی بە ناوبانگی فەرەنسی(ژان ژینیە)(١٩١٠-١٩٨٦)، "ژیانی منداڵی لە خانەی منداڵانی بێ سەرپەرشت بەسەربرد، لە تەمەنی لاوێتیدا چۆتە ناو جیهانی تاوانەوە و دەیان تاوانی جۆراو جۆری ئەنجام داوە بەوهۆیەوە دەخرێتە زیندان، هەر لەوێی ڕۆمانێک دەنووسێت و دەیەوێت دەربازی دەرەوەی بکات، بەڵام لەلایەن پاسەوانەکانی بەندیخانەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت و دەسوتێنرێت، بۆیە جارێکی تر دەینووسێتەوە لە ١٩٤٣ دا بڵاوی دەکاتەوە، لەو زەمەنەدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی لە نێو کایەی ئەدەبیدا دایەوە"(حنفي،٢٠١٦). شاعیری ئەمریکییش(بۆبی جین گارسیا،١٩٤٦- ١٩٨٠)، کە "بەتاوانی کوشتن سزا درا بوو لە ساڵی (١٩٨٠)دا لە بارو دۆخێکی گوماناوی دا، لە زینداندا گیانی لە دەستدا"( Bunny Mcfadden,2022).**

## ب - شاعیرانی زیندانیکراوی کورد لە باشووری کوردستاندا(١٩٢٠-١٩٧٠)

بەکورتی لە هۆکارەکانی دەستگیرکردن و بەندکردنی هەر شاعیرێک دەخەینەڕوو، کە لە کۆنترین ساڵی لەدایکبوونیانەوە دەستمان پێکردووە، واتە لەکۆنەوە بۆ نوێ:

### ١- ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٨-١٩٣٥)

لە بنەماڵەیەکی خانەدانی هەڵەبجە لەدایک بووە، کە کوڕی وەسمان پاشای گەورەی جافە، لەحەوت ساڵیدا ئەخرێتە بەر خوێندن لەقوتابخانەی منداڵان لە هەڵەبجە، "هەرچەندە لەخوێندنێکی بەرزو ڕێکوپێک بەهرەدار نەبوو بوو، بەڵام خاوەنی زەکایەکی تیژ و بیرێکی ورد بوو، کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی و کەمێکیش ئینگلیزی ئەزانی"(حیلمی،٢٠١٠ :٢٠).

بە پێچەوانەی زۆرێک لەخانەدان و سەرۆک هۆزەکانی ئەو سەردەمەوە "کە لەڕووی سروشت و بیرەوە تەماشای ڕەفتاری ئەحمەد موختار ئەکەین ئەبینین ئەم چەشنە پایە و کورسی یانەی لەلا بێ بایەخ بووە"(ڕەسوول،٢٠١٦: ١١)، کەسێکی دەستپاک و کاربەدەستێکی گەورە و بە ویژدان و دڵسۆز بووە، هەرگیز خۆی بە گەورەو سەردار نەزانیووە و دژی زوڵم و زۆری کار بەدەستان و ئاغا و دەرەبەگ بووە، هەر بۆیە لە چیرۆکی(مەسەلەی ویژدان)دا ئەم هەڵوێستانەی بەڕوونی هەست پێدەکرێت.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە، کە (ئەحمەد موختار) لەلایەن دوژمن و داگیرکەر و بێگانەوە دەستگیر نەکراوە، بەڵکو لەلایەن دەسەڵاتی کوردی و بەفەرمانی خودی (شێخ مەحموود) بەندکراوە، گیرانەکەشی بۆ چەند هۆیەک دەگێڕدرێتەوە، بەڕای (د.عیزەدین مستەفا ڕەسوول) ئەوەیە، کە (شێخ) بەهەڵەدا براوەو تۆمەتیان بۆ ئەحمەد موختار دروستکردووە، "خۆ دووزمان و درۆزن و ڕاپۆرت نووسیش لە هیچ شوێن و زەمانێکدا لە کاری خۆیان نەکەوتون، لەبەر ئەوە هەر لەو ئاوارەیی یەی خۆیدا ئەوی بەندکردووە"(ڕەسوول،٢٠١٦: ٢١)، بۆچوونی (د.مارف خەزنەدار)یش ئەوەیە کە دەشێت وەکو سەرۆک عەشرەت و کەسێکی دژ بەزوڵم و ستەم، هەڵوێستی وەرگرتبێت و دەڵێت: "لەوەدا گومان نییە کاری وا لەشێخ ڕوویداوە جێی ڕەخنە گرتن بێ لێی، دیارە گومانیش لەبیری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری ئەحمەد موختاردا نەبووە، کەچی دوور نییە ئەحمەد موختار وەک یەکێک لەسەردارانی عەشیرەتی جاف هەڵوێستی خۆی هەبووبێ بەرانبەر شێخ مەحموود ئەویش خۆی بە گەورە زانیبێت. ئەمە و خۆئاگاداری ئەوەین کە هەندێ دەوڵەمەند و بازرگان و ئاغەلەری ناوشاری سلێمانی دژی شێخ بوون، جگە لە دۆستانی ئینگلیزو جلخوارە تورکچییە تۆرانییەکان و هەندێ لەسۆفییانی تەریقەتی نەقشبەندی" (خەزنەدار،٢٠٠٥: ٤٦١). هەر چەندە بۆ ماوەیەک زیندانی کردووە، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاندووە و (شێخ) تێگشتووە، کە شایەنی ئەو سزایە نییە، بۆیە ئازادی کردووە. دواجارو لەتەمەنی (٣٧) ساڵیدا و لە ساڵی (١٩٣٥)دا، بەگوللە لەسەر ڕووباری سیروان کوژرا.

**٢- ئەسعەد مەحوی (١٨٩٨-١٩٧٦)**

**لەگەڕەکی چوارباغی سلێمانی لە دایک بووە، بەخوێندنی ئاینی دەستی پێ کردووە و "لە ساڵی ١٩١٠ بۆ خوێندن ڕووی لە قوتابخانەی (سەید ئەحمەد) کردووە و لە ساڵی ١٩١٥دا بۆ خوێندنی ڕەسمی و حکومی لە قوتابخانەی (أعدادی) سلێمانی وەرگیراوە"(ئاگرین،٢٠٠٤: ٥). بەهۆی ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ (شێخ مەحموود)دا هەیبووە، هەر زوو لەبزاڤی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد نزیک دەبێتەوە، بۆیە" لە ساڵی ١٩٤١ بەهۆی جموجوڵی سیاسی لە پێناو کوردایەتیدا، لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی ڕۆشنبیری کورد دەگیرێت و دەخرێتە گرتووخانەی سلێمانی، لە دوای ماوەییک ڕەوانەی کەرکووک دەکرێت، لەوێشەوە بۆ بەندیخانەی حەویجە"(خەزنەدار،٢٠٠٦: ٤٦٣). هەر بەهۆی خەبات و چالاکییەوە، ئاوارەی(داری کەلی) لای شێخ و پاشتریش شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت. لەساڵی(١٩٧٦)دا کۆچی دوایی دەکات.**

**٣- مەلا حەسەنی نەوحی زەنگەنە (١٩٠٠-١٩٦٦)**

**لەشاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، لەتەمەنی حەوت ساڵیدا دەست بەخوێندن دەکات "لەساڵی(١٩٢٦)دا، بە فەقێیەتی دێتە باشووری کوردستان، لەدەڤەری گەرمیانی کەرکووکدا گیرساوەتەوە و بۆ (سەقز) نەگەڕاوەتەوە"(کاکەیی،٢٠١٠: ٨)، پیاوێکی ڕاستکۆ و متمانە پێکراو و حەقبێژبووە، شانازی بە نیشتیمان و نەتەوەکەیەوە کردووە. وەکو زۆربەی چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە هەردەم لە جموجۆڵ و خەباتدا بووە، بەشداری بۆنە و چالاکییە ڕامیارییەکانی کردووە، بەتایبەتی ڕاپەڕینە لەمێژینەکەی بەردەرکی سەرا لە ١٩٣٠دا، شاعیر چەند جارێک ڕووبەڕووی بەندکردن بووەتەوە، "لە(١٩٥٩/٨/٢٢)دا بەتاوانی کوردایەتیی و نیشتیمانپەروەری، بۆ ماوەی ساڵێک لەگەڵ (ئەحمەد مەحموود و حاجی ڕەشید مفتە)ی دانیشتووی ئاوایی(ئاوباریک)لە پۆلیسخانەی کەرکوک بەندکراوە"(کاکەیی،٢٠١٠: ١١).لەساڵی(١٩٦٦)دا کۆچی دوایی کردووە.**

**٤- عەبدوڵلا گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢)**

**لە ساڵی ١٩٠٤ یان ١٩٠٥ لە هەڵەبجە لەدایک بووە، سەرەتا لای باوکی دەرسی ئایینی خوێندووە، پاشان لە قوتابخانەی ئەو سەردەمە وەردەگیرێت، خۆی ئەیگێڕێتەوە، دەڵێت: "لەبیرمە کە یەکەم قوتابخانەی زەمانی تورک لەهەڵەبجە دانرا، بۆ پۆلی یەکەم وەرگیرام"(مەلاکریم،١٩٨٠: ٥٤٦). پاش چەند ساڵێک و دروست لە (١٩٢٥)دا، دەبێتە مامۆستا و پاشتر ڕاژەکەی دەگوازنەوە سەر بەشی ڕێگا و بان (اشغال). لەساڵی(١٩٥٠) تۆمەتی بەهەدەردانی پارەی دەوڵەت دەخەنە پاڵی، "ماوەیەک و لەدوای ئەوەی کە ساغ دەبێتەوە (١٧٠٠) دینار لە بری پارەی ناو قاسەی بەردەستی گۆران دیار نەماوە، دادگاش بڕیاری بەندکردنی بۆ دەردەکات، بەم پێیە گۆران لە(١٩٥١/٣/٢١)تاکو(١٩٥٢/٩/٣٠) لەبەندیخانە دەمێنێتەوە"(سەعدون،٢٠١٥: ١٨٨). ئەم تۆمەت و زیندانیکردنەی کاریگەری قوڵ دەکاتە سەر دەروونی و شیعرە بەناوبانگەکەی بەناوی(لەبەندیخانە)هەر لەوێی دەنووسێت، لەبنەڕەتدا بەهۆی پەیوەست بوونی بەحزبی شیوعییەوە ئەو تۆمەتەی بۆ دروستکرا، (بەهادین**

نوری) لەبیرەوەرییەکانیدا ئەمە دووپات دەکاتەوەو دەڵێت: "لە نوگرەسەلمان بۆ یەکەم جار چاوم بە(عەبدوڵڵا گۆران)ی شاعیری ناسراوی کوردی کوڕی شارەکەم کەوت، بەهۆی چالاکیی کۆمۆنیستییەوە زیندانی کرابوو"(نوری،٢٠٠١: ٢٥٠)، دیسانەوە "لە(١٧/١٠/١٩٥٤) بۆ جاری دووەم لەگەڵ کۆمەڵێ ئاشتیخوازانی سلێمانی ئەگیرێ و حوکمی ساڵێ بەندو ساڵێ خستنە ژێر چاودێریی پۆلیسی بەسەرا ئەدرێ"(مەلاکریم،١٩٨٠: ٥٤٧)، دواین جار لە١٩٥٦دا لەگەڵ کۆمەڵێک نیشتیمان پەروەردا بەبۆنەی دەسدرێژییە سێقۆڵییەکەی سەر میسرەوە ئەگیرێ و تاکو لە١٩٥٨دا و لەسەروبەندی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزدا ئازاد دەبێت، لە١٩٥٩دا سەرپەرشتی گۆڤاری (شەفەق) ئەگرێتە ئەستۆ کە بەناوی (بەیان)ەوە دەری ئەکات، کۆتا وێستگەی ژیانی لە ١٩٦٠دا دەبێتە مامۆستای وانەبێژ لە بەشی کوردی، کولییەی ئادابی زانکۆی بەغدا. لەساڵی (١٩٦٢)دا بە نەخۆشی گیان لەدەست دەدات.

### ٥- فایەق بێکەس (١٩٠٥-١٩٤٨)

لە سیتەک هاتووەتە دنیاوە، هەر بەمنداڵی باوکی خستوویەتیە بەر خوێندن و لەحوجرەوە دەستی پێ کردووە، "بێکەس لاوێکی هۆشیار و زرنگ و تێگەشتوو بووە، کاتێ کە چۆتە قوتابخانە لەپۆلی سێیەم وەردەگیرێ و تا ساڵی ١٩٢٣ بەردەوام دەبێت، هەموو ساڵێکی خوێندنی بەپلەی یەکەم دەرچووە"(غالب، ١٩٩٨، ١٢٨)، پاشتر بەهۆی نەگونجان و خراپی باری داراییەوە واز لەخوێندن دەهێنێت. بێکەس نیشتیمانپەروەر و دڵسۆزێکی گیانفیدای وڵاتەکەی بووە، خەباتی دژی دوژمن و بۆ سەرفرازی گەلەکەی کردووە، کاتێک "لەساڵی ١٩٣٠ (ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا) شەڕی بەردەرکی سەرا قەوما دژی پەیمانی دوو قۆڵی بەریتانیا و دەوڵەتی پاشایەتی عێراق، کە خەڵکی شار ڕژانە سەرجادە بەخۆپیشاندان، لەئەنجامدا کە تەقە لەخۆپیشاندەران کرا، ژمارەیەک لەخەڵکی شارەکە شەهید کران"(مستەفا،٢٠١٤: ٢٢٩)، بێکەس یەکێک بووە لەو کەسانەی کە بەژداری کردووە و ڕۆڵی سەرکردایەتیکردنی بینیووە لەو ڕوداوەدا و برینداركراوە، لەئەنجامدا دەستگیردەکرێت و لە بەندیخانە شیعرە بە ناوبانگەکەی (ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم) دەنووسێت.

بێکەس لەپاڵ پیشەکەیدا، کە مامۆستا بووە، بەباشیش ئەرکی نیشتیمانیی و نەتەوەیانەی خۆی بەجێهێناوە، لەزۆربەی کۆڕ و کۆبونەوە و ناڕەزایەتییەکانی ئەو سەردەمەدا بەگوتار و شیعرە حەماسیەکانی گڕی لەجەماوەر بەرداوە. لە(١٩٤٨)دا و لە تەمەنی ٤٣ ساڵیدا بە نەخۆشی تەوژمی خوێن کۆچی دوای دەکات.

### ٦- برایم ئەحمەد (١٩١٤-٢٠٠٠)

لە بنەماڵەیەکی ناوداری سلێمانی لەدایک بووە، لەسەرەتای بیستەکاندا لە قوتابخانەی سەعادەت دەست بەخوێندن دەکات، تا لەساڵی ١٩٣٧دا کۆلێژی مافی لەشاری بەغدا تەواو کردووە و ماوەیەک پارێزەرایەتی کردووە. لەپاڵ نووسیندا، چی وەک شاعیر و ڕۆژنامەنووس و چیرۆک نووسیدا، کاری سیاسیشی کردووە، کاتێک ڕاپەڕینی١٩٤٨ی گەلی عێراق دژی مۆرکردنی پەیمانی (پۆرتسمۆس) ئەنجام درا، حکومەتی عێراق کەوتە گیانی

خەباتکاران و هێزە نیشتیمانی و دیموکراتەکان، لەوانە "(پ.د.ک)یش بەهەمان شێوە کەوتەبەر ئەم شاڵاوی گرتنە، ژمارەیەک لە ئەندامەکانیان دەستگیرکران کە(برایم ئەحمەد) یەکێک بوو لەوانە"(ئەحمەد،٢٠٠٩: ١١٥)، خۆیشی چۆنیەتی و هۆکاری گرتنەکەی دەگێڕێتەوە، دەڵێت: "لە١٧ی ئەپریلی ١٩٤٩دا گیرام، منیان ڕەوانەی بەغدا کرد لەوێ لە دایرەیەک پێیاندەووت (تەحقیقاتی جینائیی) چەند ڕۆژێ لەوێ مامەوە. لە پاشاندا ناردیانین بۆ ئەبو(غرێب) و دایانین بە دادگا، ئێمە(٦٠-٧٠)کەس بووین، پێکەوە درابووین بە دادگا. دۆسییەکەی من، یەک لاپەڕەی تێدابوو کە باسی من بکا، من کێم و بە قسەی خۆیان من لەگەڵ کاری ڕامیاریی خەریکم"(عەزیز،٢٠٠٢: ١٨-١٩). پاش ئازادبوونی پێویست بوو بۆ ماوەی دوو ساڵ لەژێر چاودێری پۆلیس بمێنێتەوە، بۆیە تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی (١٩٥٨) ڕێگای خەباتی نهێنی دەگرێتە بەر، لەساڵی (٢٠٠٠)دا کۆچی دوای کردووە .

### ٧- شێخ لەتیفی حەفید (١٩١٧-١٩٧٢)

کوڕی سەرکردەی کورد (شێخ مەحموود)ی نەمرە، هەر لە تەمەنێکی زووەوە تێکەڵی خەبات و سیاسەت دەبێت، لەئەنجامدا تووشی ڕاوەدوونان دەبێتەوە،"پاش ناچاربوونی خۆدان بە دەستەوە و دوور خستنەوە بۆ خوارووی عێراق، لە هەڕەتی لاویدا شێخ لەتیف بوو بەکوێر نەکەرەوەی ڕێڕەوی باوکی"(ئاشنا،٢٠٠١ :٦٦)، و" لەتەمەنی سیازدە ساڵیدا بوو لە ساڵی(١٩٣٠)دا، بەشداری بزووتنەوەی خەباتی چەکدارانەی شۆڕشی کوردی کردووە، لەساڵی ١٩٤٣دا لەلایەن حکومەتی کۆنەپەرستی پاشایەتی گۆڕکراوەوە پەلاماردرا، بەڵام دەستگیر نەکراو خۆی گەیاندە کوردستانی ئێران، دوای ساڵێک گەڕایەوە"(غالب،١٩٩٨: ١٥٩). حیزب و ڕێکخراوەکانی بەئامرازێکی گرنگی خەبات و تێکۆشان بۆ بەدەست خستنی مافەکانی میللەتەکەی زانیووە، بۆ ئەم مەبەستە(ڕێکخراوی برایەتی) دادەمەزرێنێت و پاشتر دەبێتە جێگری سەرۆکی پارتی دیموکرات، چەندین جار بەهۆی هەڵوێست و خەبات و باوەڕە نەگۆڕەکەیەوە زیندانیکراوە،"لە ساڵەکانی پەیمانی بەغدای لەناوچوودا لەکاتی هێرشەکەدا بۆ سەر نەتەوەی کورد و هەرێمی سلێمانی بەتایبەتی ساڵەکانی (١٩٥٤،١٩٥٥،١٩٥٦)، شێخ لەتیف بەحەوت ساڵ حوکمدان زیندانیکرا، ساڵانی درێژی ناو زیندانی شێخ لەتیف و ناسۆری کۆچی دوای باوکی، کە ڕابەرێکی بێ وێنەی نەتەوەکەمان بوو، تووشی هەمە جۆرە نەخۆشی کرد"(ئاشنا،٢٠٠١ : ٦٧)، ئەو چەند ساڵەی لەزیندانەکانی (بەسرە، حیللە،...) بەسەربرد، پاش ئەو هەموو ئازار و ڕاونان و گرتنە لەڕاپەڕینی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا ئازاد دەبێت. لەساڵی(١٩٧٢)دا لە نەخۆشخانەیەکی بەغدا کۆچی دوای دەکات.

### ٨- بورهان جاهید (١٩١٨-١٩٩١)

لە شاری هەولێر لەدایک بووە، کوڕی یەکێک لە خانەوادە خواپێداوەکانی ئەوکاتەی هەولێر بووە و خۆش ژیاوە، تاقە کوڕی خێزانەکەیان بووە، بەڵام لەکۆتایی تەمەنیدا ژیانێکی سەخت و ناهەمواری هەبووە، چەند جارێک گیراوە، هەندێ کات لەسەر مەسەلەی سیاسی و نیشتیمانی و هەندێ کاتیتر بەهۆکاری دیکەوە، یەکەمجار "لە ساڵی ١٩٤٥ جاهید یەکێک بوو لەوانەی بەرلێشاوی هێرشی حکومەتی کۆنەپەرستی عێراق کەوتن،

بەهۆی بزووتنەوەی ئەو سەردەمەی بارزانییان و ماوەیەک لە گرتووخانە مایەوە"(خەزنەدار،٢٠٠٦: ٣٢١)، پاش مردنی باوکی ژیانی بە تەواوی دەگۆڕێت و ڕوو لە مەی خواردنەوە دەکات هەرچی هەبووە سەرفی کردووە، بۆیە بەبێ ماڵ و بێ حاڵ بووە، ژیانی لە ماڵی خزم و کەس و کار یاخود هۆتێلە هەرزانەکاندا بەسەر بردووە، ماوەیەکیش لە ناو مزگەوت ژیاوە، بەو هۆیەوە چەند جارێک بە ئەنقەست خۆی بەگرتن داوە تاکو هەر نەبێ شوێنێکی بێ منەتانەی بۆ حەوانەوە دەستکەوێت، "جارێک لەگەڵ برادەرێکی دەچن بۆ شاری کەرکووک، بێ ئەوەی هیچ برە پارەیەکیان پێ بێت، بۆیە جابیی دێت و لەپسولەی سەرنشینەکان دەپرسێتەوە، ئەمان هیچیان پێ نابێت، نە پسوولە نە پارەش، هاوڕێکەی بەمە زۆر تێک دەچێت و دەترسێت بەگرتنیان بدەن، بەڵام جاهید بەبێ هیچ ترس و شڵەژانێک پێی دەڵێت: ژیان لەناو بەندیخانە بێت یاخود لە دەرەوە، هەر هەمووی بۆ ئێمە بەندیخانەیە و فەرقی نییە، بەم هۆیەوە دەخرێنە زیندان"(موفتی،٢٠٢١: ١٠). لە ساڵی ١٩٩١دا لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

### ٩- حەمەعەلی مەدهۆش (١٩١٩-١٩٩٤)

لەسلێمانی لەدایک بووە، لای مەلا دەست بە خوێندن دەکات، پاشتر بەهۆی شاگردییەوە خوێندنەکەی ئەخاتە شەوان بۆ ئەوەی بە هەردووکیان ڕابگا، تا کۆتای ژیانی بەپیشەی خەیاتییەوە سەرقاڵ بووە. مەدهۆش کەسێکی دڵتەڕبووە و زۆرینەی شیعرەکانی بۆ ئافرەت و دڵداری نووسیووە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کایە نیشتیمانی و نەتەوەیەکەش دانەبڕاوە، وەکو هەر کوردێکی دڵسۆز و خاوەن هەڵوێست تووشی گرتن و لێپێچینەوە بووەتەوە. "لەساڵی ١٩٤٨دا لەسەر بیری نیشتیمانپەروەری و کوردایەتی گیراوە و ماوەیەک لەبەندیخانەی ناوەندی بەغداد بووە، لەم بارەیەوە(د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) دەڵێت: لە ساڵی ١٩٤٨دا کە من لە بەغداد بووم لە سجنی کەرخ لەگەڵ حەمەسالح دیلاندا لەسجندا بوون، چووم بۆ زیارەتیان، هاتنە بەردەم پەنجەرەی سجنەکەو قسەمانکرد"(حسێن،٢٠١٣: ٤)، لەپاش ئەوەش "لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا چەند جارێکیتر لەسەر بیر و باوەڕ گیراوە"(حسێن،٢٠١٣: ٤-٥). لەساڵی١٩٩٤دا کۆچی دوایی کردووە.

### ١٠- ئەحمەد دڵزار (١٩٢٠-٢٠٢١)

لە بنەماڵەیەکی ناسراوی کۆیە لەدایک بووە، باوکی بۆ خوێندن لە تەمەنی حەوت ساڵیدا ڕادەستی مەلا ئەسعەدی دەکات، لە تەمەنی نۆ ساڵیدا دەچێتە بەر خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی، پاشان خوێندنی ئامادەیی دەخوێنێت. لە ناوەڕاستی جەنگی جیهانی دووەمدا ئەبێتە سەرباز و بەشداری جەنگ دەکات، دڵزار زۆر وڵات گەڕانەوە و دنیا بینی بۆ خەبات و تێکۆشان بەجۆرێکی تر بووە،"چۆتە فەلەستین و سوریە و لوبنان و قوبرس، بەم وێنەیە دڵزار چاوی کرایەوەو ڕۆژ بە ڕۆژ هەستی نیشتیمان پەروەری لە دڵیدا بەهێزتر دەبوو، دڵزار نەک تەنیا لە مەیدانی شیعردا ناوی دەرکردوە بەڵکو نیشتیمان پەروەرێکی بەناویشە"(دڵزار،٢٠٠٦ :٦)، هەر بەهۆی ئەم خۆشەویستییەی بۆ نیشتیمان و هەوڵدان و خەباتکردنی لەپێناویدا، بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕژێم "سێ ساڵ حەپسی کردووە، نزیکەی چوار ساڵیش هەڵاتوو بووە، هەمیشە خائینان پەڵپیان پێ گرتووە، بەدرۆ

و بەفیشاڵ لەبەندیخانە توندیان کردووە"(دڵزار،٢٠٠٦ :٦). هەر وەک خۆی لەبیرەوەرییەکانیدا باسی یەکەم گرتنی دەکات، دەڵێت: "لە ساڵی ١٩٤٧دا بۆ یەکەم جارم لەژیانمدا گیرام و ساڵێک حوکمی (ادرای) درام لەگەڵ چەند هاورێ و تێکۆشەرێکی تردا، چونکە سکاڵا نامەیەکمان ئیمزا کردبوو تێیدا هاتبوو داوا لەکار بەدەستانی میری دەکەین کە شێخ ئەحمەدی بارزان و حەمەد ئاغای مێرگەسوور و وەهاب ئاغای جوندیان و هاوەڵەکانیان ئازادبکەن"(دڵزار ،١٩٩١: ٧٤-٧٥).

حکومەتی ئەوسا لەرقی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و تۆڵەسەندنەوەی راپەرینی ١٩٤٨دا، کەوتە پەلاماردان و گرتنی نیشتیمانپەروەران و ئازادیخوازان تێکرا بەکورد و عەرەبەوە، دڵزاریش لەگەڵ کۆمەڵێک خەباتگێردا دەگیرێن و ماوەیەک بەند ئەکرێت، دیسان "لە ١٩٤٩ دا خۆپیشاندان و گردبوونەوە بەمەبەستی پشگیری و نوێکردنەوەی راپەرینەکەی کانوون بەرپا دەکرێت، بۆیە لە رۆژی ٢٠/١ ی هەمان ساڵ دەگیرێ و دەبرێتە بەردەم دادگای عورفی، لە ئەنجامدا شەش مانگ حوکم دەدرێ"(دڵزار،١٩٩١: ٩١-٩٣). ناوبراو لە ساڵی ٢٠٢١ کۆچی دوایی کردووە.

### ١١- مارف بەرزنجی شەهید (١٩٢١-١٩٦٣)

لەقادرکەرەم لەدایک بووە و لە ساڵانی سەرەتای سییەکاندا خراوەتە بەر خوێندن و پاشتر بۆ هەمان مەبەست روو لە کەرکووک دەکات و لە کۆتاییدا لە زانکۆی بەغدا کۆلێژی ماف تەواو دەکات. لە بنەماڵەیەکی نیشتیمان پەروەرو پێگەیشتووبووە، هەرزوو تێکەڵی سیاسەت و پارت و رێکخراوەکان دەبێت، ئەمەش بەهۆی بنەماڵەکەیەوە، لەسەرەتا پەیوەندی بە پارتی (هیوا)وە دەکات و"لەدواییدا کە خوێندنی کۆلێجی (حقوق)ی زانستگای بەغدادی تەواوکرد و زیاتر ئاسۆی بیرو لێکدانەوەی فراوانتر بوو کەوتە جمووجۆڵی سیاسی و لە راپەرینەکانی وڵاتدا لەریزی پێشەوەی تێکۆشەراندا بووە، بە تایبەتی راپەرینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ و تشرینی دووەمی ١٩٥٢"(بەرزنجی و بەرزنجی، ١٩٩٣: ٣٠). چەند جارێک لەو کاتەی کەخوێندکار بووە و لەساڵانی دواتریشدا فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە، بەڵام نەتوانراوە دەستگیر بکرێت بەهۆی خۆدزینەوە و هەڵهاتنەوە. لەپاش شۆرشی ١٤ی تەمووزی١٩٥٨ بە سەرۆکی شارەوانی کەرکووک هەڵدەبژێرێت، بەڵام نۆکەرانی ئیستیعمار ئەمەیان پێ قبوڵ ناکرێت و نایانەوێت کە خزمەتگوزارێک دەسەڵات بگرێتە دەست، هەر بۆیە لەبیانیوویەک دەگەران بۆ دوورخستنەوەی، وەک خۆی دەیگێرێتەوە، دەڵێت: "لەسەر داخوازی جەماهیر بەسەرۆکی شارەوانی کەرکووک تەعین کرام پاش مانگ و نیوێک بەبۆنەی فیتنەکەی کەرکووکەوە کە لەرۆژی ئاهەنگی یەکەم جەژنی ساڵانەی شۆرشی چواردەی گەلاوێژدا روویدا تەوقیف کرام... بەمادەی هەشتای قانوونی عقوباتی بەغدادی درام بەعورفی، کە سزاکەی خنکاندنە، منیان بە تاوانباری یەکەم لەقەڵەمدا"(بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ٥٤). بەخت یاوەری نابێت و لەتەمەنێکی زوودا، فەرمانی لەسێدارەدانی بەسەردا دەدرێت، بەهۆی "ئەو دۆخە ئاڵۆزە و سیاسەتی ئەو قۆناغەی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، کە کۆمەڵێک هیوا و ئاواتی رۆشنبیران وسیاسەتمەداران خرایە گۆرەوە و زیندە بەچاڵکران، بەشێکی ئەو مەینەتییە بەر شێخ

مارف کەوت و لەگرتووخانە توندکرا"(سەعید، ٢٠٠٥: ٨٣)، شاعیر پاش چوار ساڵ لە بەسەربردنی ژیانی زیندان، کە ئەو ماوەیەی بۆ کاری نووسین و خوێندنەوەی ئەدەبی تەرخان کردبوو. مخابن لە ١٩٦٣دا فەرمانەکەی بەسەردا جێ بەجێ کراو، یەکەم شاعیری شەهیدی خنکێندراوی ئەم ماوەیەیە.

**١٢- محەمەد ساڵح دیلان (١٩٢٧-١٩٩٠)**

لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، سەرەتاکانی قۆناغی خوێندنی بۆ مزگەوتی بابە عەلی و دواتریش قوتابخانەی خالدییە دەگەڕێتەوە، بەگشتی تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە. دیلان یەکێکە لەو شاعیرانەی زۆرترین جار زیندانیکراوە، بەهۆی هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوەییەوە چی لەڕێگای بەشداری نارەزایی و گردبوونەوەکان یاخود شیعرەکانییەوە بوویێت دووچاری ڕاوەدونان و ئەشکەنجەدان و گرتن بۆتەوە. یەکەمین جار دیلان "لە ساڵی ١٩٤٣دا کاتێ کە قوتابی ناوەندی دەبێ و پاش سەیرانێکی قەڵاچوالان لەگەڵ دەستەیەک لە هاوڕێکانیدا دەگیرێن و دەخرێنە بەندیخانە"(محەمەد،٢٠٠٧: ٢٤)، دیلان مانای پشوو و کۆڵدانی نەزانیووەو هەردەم لەپێناوی گەلەکەیدا دووبارە و چەند بارە دەستگیرکراوە، خۆڕاگری و بەرگەگرتنی زەحمەتی و مەینەتیەکانی زیندان و دووری کەس و کار و ئازیزانی سەرسوڕهێنەر بووە، هەرگیز خۆ بەدەستەوەدان لەفەرهەنگیدا نەبووە .جارێکی دیکە و "لە ساڵی١٩٤٩-١٩٥٠ دا، بەهۆی چالاکی سیاسی و بەشداری لەبزوتنەوەی نیشتیمانیدا جارێکی تر دەدرێ بە دادگای(مەجلیس عورفی) لە بەغداو ساڵێک حوکم دەدرێت، ساڵی ١٩٥٢ لەسەر مۆرکردنی بەیانی (ئاشتی خوازان) گیراوە"(دیلان ،١٩٩٦: ٥٥)، پاشان لە ١٩٥٤دا جارێکی دیکە لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێتەوە، هەروەها "لە ساڵانی ١٩٥٥-١٩٥٦ لەسەر چالاکی ئاشتیخوازی بۆ ماوەی دوو ساڵ لەبەندیخانەی نوگرەسەلمان دەگیرێت و لە ساڵانی١٩٥٦-١٩٥٧ بەتاوانی پشتگیری لە گەلی میسر لەکاتی پەلاماردانە سێ قۆڵییەکەی (ئیسرائیل- بەریتانیا- فەڕەنسا) بۆ سەر میسر دەگیرێ و دەدرێتە دادگا"( دیلان،١٩٩٦: ٥٥)، لە ساڵانی ١٩٦٢-١٩٦٦ لەلایەن ڕژێمی ڕژێمەکانی (قاسم) و (عەبدولسەلام عارف)ەوە ڕاپێچی زیندان کراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٩٠دا کۆچی دوایی کردووە.

**١٣- عەلی فەتاح دزەیی (١٩٢٨-١٩٩٢)**

لە گوندی دووسەرەی لای هەولێر لەدایک بووە، بەسەرکەوتووی پلەکانی خوێندنی بڕیوە، تا لەکۆتاییدا کۆلێژی حقووق تەواو دەکات. شاعیرێکی نوێخواز بووە، لە بواری سیاسەت و خەباتیشدا تێکۆشەرێکی دڵسۆز و بە ئەمەکی خاک و وڵاتەکەی بووە، بەشداری ڕاپەڕینی ١٩٤٨ دەکات، "لە کانوونی دووەمی ١٩٤٩ لەسەر جموجوڵی سیاسی دەگیرێ، دادگا بڕیاری سێ ساڵ بەند و ساڵێک دەستبەسەری بۆ دەردەکا"(خەزنەدار،٢٠٠٦: ٥٧٥)، جارێکی دیکە بەهەمان هۆکار دەگیرێتەوە و هەر لەوێی لەگەڵ (گۆران)ی شاعیردا ئاشنایەتی پەیدا دەکات و خۆی بەم جۆرە باسی دەکات، دەڵێت: "لە ساڵی(١٩٥١)دا و لەبەندیخانەی (کەرکووک)دا، دەستی پێ کردووە، چەند مانگێک لەم بەندیخانەیەدا پێکەوە بووین و زۆربەی کاتی ڕۆژ و شەومان بەگفتوگۆکردن لەبارەی شیعری کوردییەوە دەبردە سەر"(دزەیی،١٩٨٧: ٧)، دواتر دەچێتە دەرەوەی وڵات و لەپاش شۆڕشی ١٤ی تەمووز

دەگەڕێتەوە و کاری پارێزەرایەتی دەکات. لەساڵانی حەفتاکان وەک سەرپەرشتیاری یەکەی کارگێڕی، بە بەڕێوەبەری ناحییە و قایمقامی لە چەندین شوێن خزمەتی کردووە، لەشۆڕشی کوردستاندا دەچێتە شاخ وپاش نسکۆ دێتەوە و خۆی خانەنشین دەکات. لەساڵی ١٩٩٢دا کۆچی دوای کردووە.

**١٤- حەمە حەمەئەمین قادر(کاکەی فەلاح)(١٩٢٨-١٩٩٠)**

لەچوارتا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، هەر لەوێش قۆناغی سەرەتای خوێندووە، بۆ خوێندنی زیاتر ڕوو لەسلێمانی دەکات، بەڵام لەوێی تێکەڵی چالاکی خوێندکاری و سیاسی دەبێت. بەشیعرەکانی بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەکانی کردووە،"هەر لەو سەردەمەدا و ئەم چەشنە جموجۆڵ و بیرو باوەڕە پێشکەوتنخواز و باس و خواستی چەوساندنەوە و کاروباری خەباتی چینایەتییە بۆ ماوەی شەو و ڕۆژێک دەبێتە میوانی بەزۆر بانگ کراوی بەندیخانە"(بنەماڵەی شاعیر،٢٠٠٤: ٩)، جارێکی دیکە لەساڵی ١٩٤٨ دا، دەخرێتەوە زیندان "دوای بگرە و بەردە سزاو ئەشکەنجەیەکی زۆر سەبارەت بەجموجۆڵ و شیعری سیاسی لەکۆبونەوە و خۆپیشاندانەکان(کاکەی فەلاح) میوانێکی هەمیشە نوێن بەکۆڵی خانەخوێ نەویستی هەر ڕۆژە تا ڕۆژێکی بەندیخانەکانی ئەو ڕۆژگارە ڕەشەبوو"(بنەماڵەی شاعیر،٢٠٠٤: ١١). خاوەن ئیرادەو ورەیەکی پۆڵاین بووە و هیچ زەبروزەنگ و چاو سوورکردنەوەیەک نەیتوانیوە لەتێکۆشان و چالاکییە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان دووری بخاتەوە، نە وازی لەجموجۆڵ و خەبات هێناوە، نە دوژمنیش لێی گەڕاوە، بۆیە زۆربەی کات شوێنی بەندیخانە بووە. لە ساڵی ١٩٩٠دا کۆچی دوای کردووە.

**١٥- حەسیب قەرەداخی (١٩٢٩-١٩٩٧)**

لەگوندی سۆڵەی چرچەقەڵای ناوچەی قەرەداغ لە دایک بووە، هەر لەمنداڵیەوە چاونەترس و زیتەڵە و حەقبێژ بووە، لەتافی لاویدا ئاشنای شیعر و نووسین بووە، پاشان دەخزێتە ناو سیاسەتەوە، سەرەتای کاری بۆ کۆتایی چلەکان دەگەڕێتەوە، کاتێک کاروانی خەباتی لەناو ڕیزەکانی(پارتی دیموکراتی کوردستان)دا دەست پێدەکات، لێرە بەدوا خۆی بۆ کوردایەتی و تێکۆشان و بەشداری و ئامادەبوون لەکۆڕ و نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا یەکلادەکاتەوە، دواتر لەڕیزەکانی (حیزبی شیوعی عێراق)دا خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی پێداوە "لەماوەی نێوان ١٩٥٥ تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، چەند جارێک بۆ ماوەی کورت کورت لەسەر بەشداری کردن لەڕێپێوان و مانگرتنەکاندا، لەسەر خوتبە و هوتافکێشان و شیعر خوێندنەوەی لەو ئاپۆڕا جەماوەرییانەدا، کە دژ بەڕژێمی پادشایی و ئیستیعمارو کۆنەپەرستان ئەنجام دەدران، زیندانی کراوە"(قەرەداخی،٢٠٠٢: ٩-١٠)، دیسان جارێکی دیکە "لە دوای کودەتا خوێناوییەکەی (٨ی شوباتی ١٩٦٣)دا شاعیر لەگەڵ چەندین تێکۆشەرانی تردا دەگیرێت و ماوەیەک لەزیندانی سلێمانی دەهێڵرێتەوە و دواتریش حوکم دەدرێت و ڕەوانەی نوگرە سەلمان دەکرێت"(ساڵح ،٢٠١٢: ٣٨).

لەسالانی حەفتا و هەشتاکاندا ڕژێمی بەعس فشاریان خستۆتە سەری، بەڵام هەرگیز کۆڵی نەداوە و سوور بووە لەسەر هەڵوێستەکانی، لەسالانی کۆتایی تەمەنیدا دژی شەڕی کورد بە کورد وەستاوەتەوە و خامەکەی لەو بوارەدا خستبووە گەڕ. لەساڵی(١٩٩٧)دا کۆچی دوایی دەکات .

**١٦- کامەران موکری (١٩٢٩-١٩٨٦)**

لە سلێمانی لەدایک بووە، هەر لەمنداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە، پاشان چۆتە ڕیزی ئازادیخوازانەوە، بەهۆی هەڵوێستە نەتەوەیەکانییەوە چەندین جار گیراوە، خۆی لەباسی یەکەم گرتنیدا دەڵێت: "من و گورزە شیشی دەرگای بەندیخانە کە لە ساڵی ١٩٤٩ دەست لە ملان بووین"(ئاشنا، ٢٠٠١ :٨). یەکێک بووە لەو شاعیرە پایە بڵندانەی کورد، کە هەر دەڵێیت بۆ خەبات و تێکۆشان خوڵقابوو، هەمیشە بێ سڵمینەوە لە خەبات و تێکۆشاندا بووە بۆ ڕزگاری گەلەکەی. جارێکی دیکە و لە ١٩٥٤دا دەستگیر دەکرێت، خۆی هۆکاری گرتنەکەی ئاشکرا دەکات کە بەهۆی شیعرێکیەوە بووە، کە بۆنی نەتەوایەتی لێ هاتووە، دەڵێت: "ئەو هۆنراوەیەش جارێتر بردمیەوە زیندان و بەرەو (بەدرە)ی کردمەوە"(ئاشنا،٢٠٠١: ٩)، هەر لەوێیش بە تەواوی ئاشنایەتی لەگەڵ (گۆران)ی شاعیردا پەیدا دەکات.

لەساڵی(١٩٥٦)دا دەخرێتەوە زیندان، (نایب عەبدوڵڵا) لەبیرەوەرییەکانیدا بەمجۆرە دەیگێڕێتەوە و دەڵێت: "حوکمی عورفی دانرا بەهۆی خۆپیشاندانی جەماوەری عێراقەوە بە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی بۆ پشتگیری لە گەلی میسر، کە ئیستیعمارەکانی بەریتانیا و فەڕەنسا و دەوڵەتی ئیسرائیل هێرشیان کردبووە سەر، لە هەموو عێراقدا هێرشکردن و گرتن و داپڵۆسین دەستی پێکرد، لەشاری سلێمانیشدا زیاد لە ٦٣ تێکۆشەری پارتی و شیوعی گیراین، ئەوانەی لەیادم ماون: مامۆستا گۆران، حەمەسالح دیلان، حەمەی ئەحمەدی تەها ...بووین"(عەبدوڵڵا،١٩٩٦: ٥٣). ناوبراو لەژیانیدا حەڤدە جار گیراوە و شەش ساڵی ژیانی لە ناو زینداندا بەسەر بردووە، لە ساڵی١٩٨٦دا لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

**١٧- مەجید ئاسنگەر (١٩٣٢-٢٠١٢)**

لە کۆیە لەدایک بووە، هەر لەوێش قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێت و بۆ تەواوکردنی ئامادەیی دەچێتە شاری هەولێر. بەهۆی هەڵوێستەکانی و کارکردنی لەڕیزی ڕێکخراوەیدا زیندانیکراوە، لە ساڵی ١٩٤٨دا دەچێتە ناو پارتییەوە،"لە پایزی ١٩٦٠دا حکومەتی عەبدولکەریم قاسم لە بەڵێنەکانی بۆ کورد و کێشە ڕەواکەی پاشگەز بوەوە، ئینجا کەوتە سەر تەسککردنەوەی چالاکی حزبە پێشکەوتن خوازەکان، بۆیە لەسەر چالاکی سیاسی بەفەرمانی حاکمی گشتی عەسکەری گیراوە و ڕەوانەی گرتووخانەی بەسرا کراو دوای بەربوونی دوورخرایەوە بۆ قەزای (سوێرە) لەپارێزگای واسیت(کووت)"(شارەزا،٢٠١٣ :١٥٧-١٥٨). لە ساڵی٢٠١٢دا بەنەخۆشی لەشاری هەولێر کۆچی دوای کردووە .

**١٨- خالید دلێر (١٩٣٣-٢٠١١)**

لە كۆیە لەدایک بووە، وەکو زۆربەی منداڵانی ئەو سەردەمە خوێندنی لە حوجرەوە دەست پێدەکات، قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە بەغدا و کەرکوک تەواو دەکات. بەهۆی بیرو باوەڕی کوردایەتییەوە دەستگیر دەکرێت، کە سەرەتای کاری سیاسی لە چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەست پێدەکات، لەلایەن ڕژێمەکەی قاسمەوە لە(١٩٦١)دا دەستگیر دەکرێت، لەزیندان شەڕی دەروونیان لەگەڵ کردوون و سەرکەوتنەکانی قاسم بەسەر کورددا، کە گوایە بەدەستی هێنابوو، بەگوێیاندا دەدرا، بەو هۆیەوە سروودی (پێشمەرگە) دادەنێت، (دلێر) خۆی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: "ڕادیۆی گرتووخانەیان بە دەنگی بەرز کردبۆوە، عەبدولکەریم لە(دەربەندیخان) وتاری دەدا، دەیگوت پیاوی ئیستیعمار و (حیلفی سەنتۆ)ن هەموویانم لەناوبرد، ئەوەی ماویشە بۆ باوەشی حیلفی سەنتۆ ئاودیوی ئێران بوون...، کە گوێم لەوتارەکەی عەبدولکەریم بوو بڕیارمدا وەڵامی بدەمەوە"(شەریف و دەشتی ،٢٠١٦: ٧٢). لەحەفتاکاندا واز لە سیاسەت ئەهێنێت و وەکو کەسێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی بەردەوام ئەبێت. لەساڵی (٢٠١١)دا لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

**١٩- مەدحەت بێخەو (١٩٣٤- )**

لەشاری مەخمووری سەر بە پارێزگاری هەولێر لەدایک بووە. هەر زوو خەبات و تێکۆشان و جموجوڵی سیاسی دەبێتە کەڵکەڵەی سەری، لەساڵی ١٩٤٧ دا پەیوەندی بەحزبی شیوعییەوە دەکات، هەر لەو سۆنگەیەوە خەباتی چینایەتی لەلا پیرۆز و گەورە بووە. بەهۆی بزاوت و چالاکییەکانیەوە هەمیشە ئامانجی دەسەڵاتداران بووە، وەک خۆی باسی دەکات و دەڵێت: "لە هەمان ساڵی ١٩٤٨ بەهۆی گواستنەوەی فەرمانەکەی بابم ماڵمان چووە کۆیە، ساڵی ناوبراو گەرمەی چالاکی ڕامیاریی و خۆنیشاندان بوو دژی ڕژێمی پاشایەتی، منیش بەشداری هەموو خۆنیشاندانەکانم دەکرد"(بێخەو،٢٠١٣: ٧). دیسان "بەهۆی خۆنیشاندانی ١٩٥٣ی (گاوورباخی) شەش مانگ حوکم دەدرێت و دەخرێتە کونجی بەندیخانەوە"(زامدار،٢٠٠٦: ٥٢)، بۆ تەواوکردنی حوکمەکەی لەبەغداوە دەیهێننەوە کەرکووک. لەساڵی ١٩٥٧دا لەکەرکووک دیسان جارێکی دیکە دەستگیر ئەکرێت، "مرۆڤی ناپاک زمانیان دابوو کە من لە شوێنەکەی خۆم لە ئۆتێل (قصرالشام) کۆبوونەوەی حیزبی شیوعی دەکەم"(بێخەو،٢٠١٣: ١٧). لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا چەند جارێک بەهۆی بوونی گومان لەسەری دەستگیر دەکرێت، بەڵام زۆر نابات ئازادی دەکەن، بەڵام هەمیشە چاودێری بزاوت و کردەوەکانیان کردووە. تا ئێستاش لەژیاندایە.

### ٢٠- عوسمان عوزێری (١٩٣٦-١٩٦٦)

له ١٩٣٤دا لەدایک بووە، بەمنداڵی دەخرێتە بەر خوێندن و لەقوتابخانەی ئەیوبییە خوێندوویەتی، لەهۆزی عوزێرە و هەر ئەمەشی کردۆتە ناسناو، لە تەمەنێکی کەمی لاوییدا تێکەڵ بەدنیای ڕاگەیاندن ئەبێت و دەبێتە پەیامنێر لەڕۆژنامەی (ژین)دا، پاشان دەچێتە شاری بەغداد و دیسان لەوێیش بەردەوامی بەکاری ڕاگەیاندن دەدات، بەڵام ئەمجارە لەئێزگەی بەغدا. عوزێری "لە سەرەتای شۆڕش(١٩٦١) لە شەڕی دەربەندی بازیاندا بریندارکراوە و گیراوە، پاشان ڕەوانەی زیندانە تاریکەکانی دوژمن کراوە"(چەرمەگا،٢٠٠٩: ١٣)، لە ماوەی زیندانی بوونیدا کۆمەڵێ بەرهەمی ئەدەبی و شیعریی نووسیوە. مخابن بەهۆی دوو بەرەکی و ئینشقاقی باڵی مەکتەب سیاسی پارتی و شەڕی نەخوازراوی براکوژی ئەو سەردەمەوە، لە ناوەڕاستی (١٩٦٦)دا، دەبێتە قوربانی ئەو شەڕە نەگریسە.

### ٢١- عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی (هەوری)(١٩٤٤-    )

لەگوندی کەڵوڕی سەر بە پردێی کەرکووک لەدایک بووە، باوکیشی شاعیر بووە، بۆیە خۆشی بەهرەی شاعیری تیاخوڵقاوە و خۆی پێ گەیاندووە لەڕێگەی خوێندنەوەی سەرچاوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە، هەموو جۆرە ڕەگەزێکی شیعریی بەکارهێناوە و زیاتر شیعرەکانی لەدەوری وەسف و لاواندنەوە و سیاسەت و نیشتمانپەروەری دەخولێتەوە. بەهۆی کاروباری حیزبییەوە دەستگیر دەکرێت، "لەساڵی ١٩٦٥دا، نامەیەکی نهێنی لە ڕێکخستنەکانی سەرەوەی حیزب(پارتی)یەوە هاتبوو بۆ بەندییەکانی بەندیخانەی کەرکووک، بەڵام ڕژێم دەستی بەسەردا دەگرێت و دەبێتە هۆکاری ئاشکرابوونی بەشێکی زۆری ڕێکخستەکانی ئەو ناوچەیە و کۆمەڵێک خەڵک دەگیرێن، هەوریش لە١١/٥ی ئەو ساڵەدا بەهەمان هۆکارەوە دەستگیردەکرێت و ڕەوانەی بەندیخانە دەکرێ"(بەرزنجی،٢٠١١: ٢٣). شاعیر تا ئێستاش لەژیاندایە.

## پێنجەم: ڕەهەندەکانی شیعری زیندان

### ١- ڕەهەندی ئایدۆلۆژی

"ئایدۆلۆجیا Ideology واتە زانستی بیر یان زانستی فیکرەکان، ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا لە دوو وشەی یۆنانی وەرگیراوە: ئایدیۆ واتە بیر، لۆجی واتە زانست، لەکۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا سیاسەتمەدار و فەیلەسووفی فەرەنسی ئەنتوان دیستوت دوتراسی(١٧٥٥-١٨٣٦) یەکەم کەس بوو لە کتێبی (ڕەگەزەکانی ئایدۆلۆژیا-١٨٠١)دا، ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە و پێی وایە ئایدۆلۆژیا ئەو زانستەیە کە لەڕاستی یان ناڕاستی ئەو فیکرانەی لای خەڵکی هەن دەکۆڵێتەوە"(ئەسوەد،٢٠١٥: ٣٤)، بۆیە لەلایەن فەیلەسووف و بیرمەندو توێژەرانەوە ڕاڤەو شیکردنەوەی زۆری بۆکراوە لە هەموو بوارەکانی مەعریفەدا و نەتوانراوە یەک مانا و پێناسەی کۆنکرێتی و جێگیری بۆ بکرێت، ئەوەش بەهۆی بەیەکداچوون و ئاوێتە بوونی ئایدیاکان، کە دەبنە هۆکاری پەرەسەندن و سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیای نوێی، چونکە پەیوەندی بەهەموو بوارەکانی (فیکری، سیاسی، ئەدەبی، ڕۆشنبیری، هونەری...)یەوە هەیە. یەکێکی وەکو (کارل مانهایم)، لە شرۆڤە و پێناسەی دا، ئاماژە بۆ دوومانا دەکات، کە"مانا(تایبەتی و گشتی)مەبەست ژ ڕامانا تایبەتی یا ئایدۆلۆژیایێ: ئەوحاڵەتە کو هزر تێدا ئەرکی شێلاندن و ژێ برنا واقعێ کۆمەڵایەتی دبینت و مانایا گشتی ئاماژەیە بۆ ڕێکخەرەکا هزرێن گشتی، دناڤ گروپەکا دیارکری یا کۆمەڵایەتی دقۆناغەکا مێژوویی یا دەست نیشانکری دا"(بامەرنی،٢٠٠٧: ٢٦-٢٧)، هەروەها (مارکس) لەناساندنی دا، دەڵێت: "ئایدۆلۆجیا بەشێوەیەکی سەرەکی گرێبەستێک لەنێوان واقعی بیری بڵاو و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیدا پێکدەهێنێت، چونکە هەر بیرێک لەسەردەمێکدا بەسەر چینێکدا زاڵ دەبێت، ئەوچینە دەیەوێت بەهەمانشێووە سەرپەرشتی بەرهەمهێنانی بیر بکات"(قادر،٢٠٠٨: ٦٠)

لە ساڵانی چل و پەنجاکانی سەدەی رابردوودا ئایدۆلۆژیای(مارکسیزم- لینینزم)، ڕەنگدانەوەی زۆری بەسەر نووسەر و ڕۆشنبیر و شاعیرانی کورد و بەرهەمەکانیانەوە دروستکردبوو، سەبارەت بەمە (د.مارف خەزنەدار )دەڵێت: "لەڕووی ئیدیۆلۆجییەوە، خەڵکی دووبەش بوون، کۆمەڵێک باوەڕیان بە بیری نەتەوەیی دیمۆکراتی بوو، کۆمەڵی دووەم بەناوی بیری مارکسیزم لەخەباتدا بوون لە پێناوی کوردستان، لەسەرەتادا بیری مارکسیزم بەهێزتر بوو بەتایبەتی لە شارەکاندا، بەڵام لەبەرئەوەی کردەوەیان ڕەنگدانەوەی ڕاستەقینەی قسەیان نەبوو لە دواییدا نشستییان هێنا"(خەزنەدار،٢٠٠٦: ١٣-١٤).

حزبێکی وەکو شیوعی پرۆگرامی خۆی لەم ئایدۆلۆژیایەوە وەردەگرت، کەلەسەر بنەما و کۆڵەکەی نانەتەوەیی دامەزرابوو، نانەتەوەیش بەواتای خەبات و تێکۆشانی چەند نەتەوەیەک و یەکگرتنیان و سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی هەریەکەیان و ڕێکخستنیان لە چوارچێوەیەکدا بۆ یەک ئامانجی هاوبەش و بەرگری لە چینی کرێکار و جوتیار و زەحمەتکێش و برایەتی گەلان.

هۆکاری سەرەکی گواستنەوەی ئەم بیرە بۆ کوردستان، "لە ڕاستییدا تۆوی ئەم بیرە، دوای جەنگی یەکەمی جیهان، سەرەتا ئینگلیزەکان و پاشان ناسیۆنالیستەکانی عەرەبی عێراق، لەکوردستاندا چاندیان و بڵاویان کردەوە، دواتریش کۆمۆنیستەکان لەوانیان وەرگرت و گەشەیان پێیدا"(عەزیز،٢٠٠٠: ١٣٣)، جگە لەوە فاکتەرێکی دیکە بۆ تەشەنەکردنی "گەڕانەوەی ئەو سەربازە کوردانە بوو، کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) لەلایەن سوپای ڕووسەکانەوە دیلکرابوون یاخود وەکو سەرۆک هۆز و کەسایەتی ناودار بەبارمتەیی دەست بەسەرکرابوون و دواتر ئازادکران"(ئەمین،٢٠١٦: ٢٠).

زۆرجار شیوعییەکان لەلایەن کوردە ناسیۆنالیزمەکانەوە بەوە تاوانبار دەکران، کە بوونەتە هۆی لاوازکردن و کوشتنی هەستی نەتەوەیی لای خەڵکی و ڕۆشنبیران و نووسەران، "بەڵام هەر کە شیووعییەکان ئەم دروشمی(برایەتی)یەیان هێنایەناوەوە، ئەوسا کاسەلێسەکانی ئینگلیز گورج قۆزتیانەوەو کردیانە کوتەکی دەستیان، نەک لەبەر خاتری شووعیەکان، بەڵکو تەنها بۆ ڕێگرتن لە کوردایەتی"(باخەوان،٢٠٠٦: ٣٩)، بۆیە بەشێکی ململانێ و ناکۆکی ئەو سەردەمەی نێوان پارتی و شیوعییەکان بەهۆی جیاوازی بیروباوەڕییان بوو بۆ خەبات، "هەندێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کۆمۆنیستەکان وا بەتوندی پێیان لەسەر ئینتەرناسیۆنالیزم دادەگرت کە گاڵتەیان بەداخوازییە نەتەوەییەکانی کورد دەهات"(ئەسەسەرد،٢٠١٢: ٦٣).

دەبینین پەیوەندیەکی توندوتۆڵ لە نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیادا هەیە، ئەگەر سەیری ئەدەبی هەموو میللەتان بکەین هەموو جۆرە ئایدۆلۆژییەک تیایدا خۆی دەنوێنێ،"ب ڕەنگەکی ژ ڕەنگان دناڤ دەقێ ئەدەبیدا ئامادەبوونا خو هەیە، دڤی چارچۆڤەی دا ئایدۆلۆژیا ئەگەر ڕەهەندەکی چالاک و سەرەکی نەبیت دناڤ ڤی ڕەهەندی، ب لایەنێ کێم ئێکە ژوان ڕەهەندێن کو ڕاستەوخۆ یان نەڕاستەوخۆ، دەقێ ئەدەبی بەرجەستە دکەت، لەورا دبێژن ئەدەب دەربڕینا پەیڤ و هەستایە کو دەربڕینێ ژ هەڵوێستێن ئەدیبان دکەت"(بامەرنی،٢٠٠٧: ٤٤).

بەشێکی شیعری زیندان لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای (مارکسیزم)، بە تایبەتی تا ساڵانی کۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەرچاو دەکەوێت، چونکە شاعیران زۆرینەیان ئەندامی کاراو چالاکی پارتە سیاسییەکان بوون و ئایدۆلۆژیایەکی ئاشکراو ڕوونیان هەبوو، خەڵکیان بۆ خەباتکردن و بەگژداچوونەوەی ئیستیعمار هاندەدا و ئایدیا و پرنسیپە سیاسییەکانیان لە نێو چوارچێوەی دەقەکانیاندا دادەڕشت .

(دڵزار) لە شیعری (یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر)(بەندیخانەی کووت - ١٩٤٩)دا، بیری ئەنتەرناسیۆنالیزمی لەم شیعرەو زۆربەی شیعرەکانی دیکەیدا بە زەقی هەستیان پێدەکرێت، چونکە شاعیر یەکێک بووە لەوانەی، کە لە پێناوی ئەم بیروباوەڕەیدا خەبات و تێکۆشانی کردووە و زیندانیکراوە، هەر لەم ڕوانگەیەوە (د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) لە پێشەکی (خەبات و ژیان)دا دەڵێت: "لەمانەو لە تێکۆشانی هەموو گەلی جیهان و تام و بۆی خۆشی سەرکەوتنی ئەم گەل و ئەو گەلدا، لەمانە دڵزار چەپکە گوڵێکی هۆنراوەی (خەبات) کۆ ئەکاتەوە و لەگوڵدانی ئەو بیروباوەڕەی لە خوێنی شەهیدان و لە ئاواتی ناخی دەروونی و لەبازووی کۆڵنەدەریا هەمیشە

بێ سرەوتە، لەو بیروباوەڕەی مارکسی لینینییەی وەک گوڵە ئەستێرە لەو چەپکە گوڵەدا، ئەدرەوشێتەوە"(دڵزار،٢٠٠٦: ٢٩). دڵزار پێی وایە، کە ڕۆژی وەرگەرانی تەخت و تاجی قەیسەرە، بەوەش سۆڤیەت بووەتە لانکەی ژیان و بەختیاری بۆ هەموو گەلان و قیبلەگای هەموو ئاواتەکانیانە، مژدەی ئاشتی و لە گۆڕنانی شەڕوشۆڕ و جەژنی هەموو ئازادیخوازانە، هەموو ئەمانەش بە هەوڵ و کۆششی سەرکردەی ئەو شۆرشە(لینین)ەوە، بەدەست هاتوون :

خاکی سۆڤیەت بوو بە بێشەی بێچوەشێرانی ژیان

بوو بەبێشکەی نەرم و نۆڵی بەختیاری بۆ گەلان

بوو بەقیبلەو ئابیدەی ئاواتی گشتی میللەتان

مژدە بێ وا مۆتەکەی شەڕ چوو بەرەو گۆڕی نەمان

جەژنی ئازادانە، یادی شۆرشی ئۆکتۆبەرە

یادی رۆژی وەرگەڕانی تاج و تەختی قەیسەرە (دڵزار،٢٠٠٦: ١٤)

دیسان لەشیعری (سوپای سوور)(بەندیخانەی کووت - ١٩٥١)دا، دووبارە ئەو ئایدۆلۆژییە بەسەریدا زاڵە و لای وایە کە سوپای سوور، سوپا و هێزێکی بەکار و هەڵگری بەیداخی بەختیاری و ڕزگاریی و سەربەخۆیی گەلانە، هەروەها لابەری دەرد و ئازارەکانیان و تێک و پێکدەری چینی سەرمایەداری و لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی زوڵم و زۆرداریيە :

جەژنی هێزێکە سوپای سووری بەکاری پێ دەڵێن

هەڵگری بەیداغی سووری بەختیاری پێ دەڵێن

لابەری ئازارو دەردی سەنگەساری پێ دەڵێن

تێکدەری تیپ و سوپای سەرمایەداری پێ دەڵێن

دیدەنی ئاسایش و ئازاریی و ڕزگارییە

کردەوەی دەرکردنی ڕیشە و ڕەگی زۆرداری یە (دڵزار،٢٠٠٦: ٣٨)

(گۆران)لە شیعری (١٤ی تەمووز)(بەندیخانەی بەعقووبە-١٩٥٨)دا، ئەو بیر و باوەڕەی قەناعەتی پێی هەبووە، لە دەقەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە سەرەڕای خۆشحاڵی دەربڕین بە ڕووخان و کوشتنی سەرانی ڕژێمی پاشایەتی و گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن شیوعییەکانەوە، هەروەها گەلی عێراق بە دوو لاقی پێکهاتوو لە

کورد و عەرەب دەزانێت، نەهامەتی و دواکەوتوویی و نائاسودەییەکانی گەلانی عێراق، بۆ خراپی بەڕێوەبردنی دەسەڵات لەلایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت :

ئەبێ وریا بــــم، وریا مـــن

من گـــەلم، گەلـی عیراقـــم

عەرەب ئەم لاق،کورد ئەو لاقم

ڕێــێ کــــاروانم ناهێمـن بوو

شوێن بۆسەی هێزی دوژمن بوو

مۆڵــم دابوو لە شـــوێنی خۆم

نەمــئەوێرا بارکـــەم، بـــڕۆم

وا ئێستا ڕێـــم بــەرەڵــــلایە

خـــواستی کــۆچم لـــە دڵایە،

هێند گـەرمە کەڵکەڵەی سەرم

وەک گـــوللـە تـیژ تێئەپەڕم

بەســـەر ڕێگـــای پێشکەوتنـــا،

ڕێــێ خـــۆ بەخـتیار کــردنا (مەلاکریم،١٩٨٠: ٢٩٢)

(مارف بەرزنجی شەهید) لە شیعری (دەسکەگوڵ)(گرتووخانەی بەغدا-١٩٦٠)دا، خۆی سەبارەت بە لەدایکبوونی ئەم شیعرە دەڵێت: "لە کاتی ئاهەنگی دادگای گەلدا گوێم لە گۆرانییەکی ئاسووری بوو، ئەم چەند دێڕەم بۆ هات لەسەر برایەتی نەتەوەکانی عێراق"(بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ١٠٧):

ئەی بــاخ باخـــی گـــوڵ

ئەی پەروەردەی خـوێنی دڵ

ئەی جــێ ڕەنجـی باو باپیر

ئەی یادگــــاری شیـــــرین

ئەی ئارەقـــی ناوچـــــەوان

هـــی ڕەنجبەر و هی سەپان

هـــی کـارگـەری پاڵـــەوان

لەوێنـــەی کـــاوەی دلـــێر

لەباخـــێـکـا باخــــــەوان

یادگـــارێـکـــی دێـــریـــن

باخـــی مـن و باخـــی تـــۆ

لە یەکتر ناکـەین پەرژیـن...

من گوڵـــی گـــوڵنار دێنـــم

تۆیش بۆم بهـــێنە نەســرین

وەنەوشەو شەوبۆی بۆن خۆش

وەک براو خوشکـی ڕوو خۆش

دەسکە گـــوڵـی عێـــراقیـــن

بۆ دوژمنــــان مـــــەراقـــــیـن (بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ١٠٧-١٠٨)

بیروباوەری ئەنتەرناسیۆنالیزمی لە دەقەکەدا بەباشی هەستی پێدەکرێت، شاعیر یەکپارچەیی و پێکەوە ژیانی گەلانی لاپەسەندە، خاک بە باخ و نەتەوەکان بە گوڵی ئەو باخە دەچوێنێت، بڕوای وایە نابێت ئەم باخانە لەیەک پەرژین بکرێن و سنورییان بکێشرێت، جگەلەوەش تەبایی و دەسکە گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگی لەلا شیرین ترە لە گوڵێکی یەک ڕەنگ.

دیسان لە شیعری (گاگارین)(گرتووخانەی بەغدا-١٩٦١)دا، شاعیر لەسۆنگەی زاڵبوونی هەمان ئایدۆلۆژیا بەسەریەوە، شانازی بەو سەرکەوتنەی (یوری گاگارین)ەوە دەکات، کە یەکەمین کەس بوو بە کەشتییە ئاسمانییەکەیەوە بەدەوری زەویدا سوڕایەوە، چونکە بەم هەواڵە جەمسەری دژ، کە(واشنتۆن)ە، هەمیشە لە جەنگی ساردداِبوون لەگەڵ ڕووسەکان شەرمەزارە و شین و زاری دەگێڕێت، لەبەرانبەردایشدا (پەکین)ی شیوعی هاوفکر و هاوپەیمانیان جەژن و شادی دەردەبڕن، بەو هۆیەوە هێندە خۆشحاڵ و شادمانن، سەرەڕای ئەوەی دەست بەستراوی ناو زیندانن، بەڵام وا خەریکە باڵ دەگرن و دەفڕن و دەڵێت :

پۆلا گـرین

پرشنگی لە ڕۆژی لینین

بۆ ڕۆژی ئاسمانی بەرین

ئەی گاگاریـن

ڕەنگی زەردی شەرمـەزاری

لەواشنتۆن، گورگانی بۆن

شیـــن وزاری

هەزار نەفرین

بەڵام پەکیــن

جەژن و ئاهەنگ و پێکەنین

دڵۆپ دڵۆپ

وەکوو وشەی مــژدەی شیرین

لەچاو ئەرژێ شادی ئەسرین

ئێمەی دەس بەستەی ناو زیندان

وابالْ ئەگرین

ئەفڕین، لە خــۆشییا ئەفڕین.. (بەرزنجی و بەرزنجی، ١٩٩٣: ١١٤-١١٥)

**٢- ڕەهەندی نەتەوەیی**

نەتەوە وەکو زاراوە بە بڕوای (بوید شیفر)، "وشەی Nation لەوشەی Natioی لاتینی وەرگیراوە، کە بنچینەکەی وشەی(Nattus)ەو هەردوو وشەکەی(Nation)و(Nattus) لەوشەی(Nascor)ەوە وەرگیراون، کە بەمانای (لەدایکبوون) دێت، واتا لەدایکبوونی کۆمەڵە کەسێک لە شوێنێکی تایبەت و دیاریکراودا"(عەبدوڵلا،٢٠١٠: ٢٤). هەروەها چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، (ئیرنیست گیلنەر) بەمجۆرە دەیخاتەڕوو "ناسیونالیزم لە پلەی یەکەمدا پرنسیپێکی سیاسییە کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەبێت یەکێتی سیاسی لەگەڵ یەکێتی نەتەوەییدا یەکانگیربێت"(ئەمین،٢٠٠٦: ١٦)، (سنیدەر)یش دەڵێت: "ناسیونالیزم حاڵەتێکی خوودی و هەستیاریی گروپێکە لە سنوورێکی جوگرافیی دیاری کراودا دەژین، بە زمانێکی هاوبەش دەدوێن، خاوەن ئەدەبیاتێکن کە تەعبیر لە خواست و ئارەزووەکانی نەتەوە دەکات، پابەندی نەریتێکی هاوبەشن، خاوەن پاڵەوانانی نەریتیی هاوبەش و لەهەندێ حاڵەتدا، ئایینی هاوبەشن"(ئیروانی،٢٠٠٣: ٢٩)، بەلای (د.ڕەفیق سابیر)ەوە، "ناسیۆنالیزم بە مانا گشتییەکەی دیاردەیەکی سروشتی و ئاساییە، چونکە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە ویستوویەتی و دەیەوێت لەگەڵ ئەوکەسانەدا تێکەڵاوی و پەیوەندیی هاوبەشی هەبێت کە لە زمانیان تێدەگات، هەست دەکات کە کولتووریەکی هاوبەش یان مێژوویەکی هاوبەش و کۆمەڵە ئامانجێکی هاوبەشی لەگەڵیاندا هەیە"(سابیر،٢٠٠٨: ١٣).

سەبارەت بە پێناسەکردنی کورد، وەکو نەتەوەیەک (حوسێنی مەدەنی) دەڵێت: "نەتەوەی کورد ئاکام و بەرهەمی پێکەوەژیانی کۆمەڵە خەڵکێکە لەپرۆسەیەکی مێژوویی و لە نێو وڵاتی خۆی و لەبارتەقای ئیدیایەکی هاوبەشدا شێوەی گرتووە و دەیەوێ دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێت"(عەبدوڵلا،٢٠١٠: ٢٨).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم، ئەوا سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا، کە" ئەمەش لە دەرئەنجامی هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لە ماوەی نێوانی سالانی(١٤٧٥-١٧٨٥)دا، ڕوویانداو کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕیشەیی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و... هێنایە کایەوە"(سەعید،٢٠٠٣: ٤٧).

لای کوردیش دەشێت بیرو باوەڕ و خەبات و بزووتنەوەی کوردایەتی لەو ڕۆژەوە دەستی پێ کردبێت، کە خۆی وەکو نەتەوەیەکی سەر ڕووی ئەم جیهانە ناسیووە، هەندێک ڕایان وایە کە دەوڵەتی (ماد)(٥٥٠-٧٠٠پ.ز)، یەکەم هەوڵدان و یەکەم بناغەی دەوڵەتی کوردییە و بەپراکتیزەکردنی ئەو خواست و خولیایە بووە، (جەمال نەبەز) سەبارەت بە سەرەتاکەی دەڵێت: "ڕاستییەکەی نازانرێت لە کەیەوە کورد کەوتوونەتە سەر بیری ئەوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ناسیۆنال بۆ خۆیان دروست بکەن، بەڵام ئەوەی هەیە گومانی تێدا نییە ئەوەیە، کە دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ لە شێوەی میرنشیندا هەر لە کۆنەوە بووە،... بەکردەوە لە سەتەی هەژدەوە دەستی پێ کردووە و لە نیوەی یەکەمی سەتەی نۆزدەدا گەیشتووەتە پلەی خەباتی چەکدارانەی ڕێکخراو؛ کاتێک کە

میرەکانی کوردستان، وەک میری بۆتان و میری بابان و میری بادینان و میری ئەردەڵان، کەوتنە هەڵگیرساندنی شۆڕش و بەیەکادان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی و قاجاردا"(نەبەز،٢٠٠٢: ٢٦،٢٩-٣٠).

هەروەها (فەرهاد شاکەلی)، ڕەگ و ڕیشەی بۆ سەردەمی (ئەحمەدی خانی ١٦٥٠-١٧٠٧) لە (مەم و زین)دا دەگێڕێتەوە، کە"شکڵ و بناغەی ناسیۆنالیزمی کوردی داڕشت، ئەحمەدی خانی داوای لە گەلی کورد کرد، کە بە دژی ئەوانەی کە دەسەڵاتیان بەسەر کوردستاندا هەیە، ڕابن، بەئامانجی ئەوەی کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی دامەزرێنن"(ئەمین،٢٠٠٦: ٢٠)، بۆیە هەر نووسەر و توێژەرێک باسی ناسیۆنالیزمی کوردیی کردبێت، نەیتوانیووە دان بەو ڕاستیا نەنێیت و شۆڕشە فیکری و ئەدەبییەکەی خانی لەم بوارەدا لە بەرچاو نەگرێت .

(خانی) بەو هیوایە بووە، کە هەر نەک گەلەکەی بگاتە ئاستی گەلانی دیکە و سەرکردایەتی خۆیان بکەن و لەژێر دەستی بێگانە ڕزگار بن، بەڵکو لەپاڵ دەست نیشانکردنی دەردی ناتەبایی و ناڕێکی کورددا، خەون و خولیای ئەوەبووە، کە (ڕۆم و عەرەب و عەجەم )ببنە خزمەتکار و غوڵامی گەلی کورد :

گەر دێ هەبووا مە ئیتیحادەک

ڤێگر بکرا مە ئینقیادەک

ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی

هەمیان ژ مەڕا دکر غولامی (هەژار،٢٠٠٨: ٤٥)

واتە خانی ئەو دەوڵەتەی دەیەوێت، تەنها بۆ کوردەکان نییە، بەڵکو دەخوازێت گەلانی دیکەشی تێیدا بێت و ببە ژێردەستە و نۆکەری کورد، هەر وەک چۆن گەلانی تر(عوسمانییەکان و عەرەبەکان و ئێرانییەکان) بەسەر چەند گەلێکی تردا زاڵن، واتە "کە ئەحمەدی خانییش بیری لە دەوڵەتێک بۆ کۆمەڵە ئێتنیکییەکەی خۆی کردۆتەوە، بە دووچاوی سەر دیویە چۆن لەبەرئەوەی، کە دەوڵەتی تایبەتیی خۆیی نەبووە بەدەست دوو دەوڵەتی سەر دوو کۆمەڵی ئێتنیکیی تری ڕۆم و عەجەمەوە لە زەلالەتدا بووە"(مەلاکریم،١٩٩٩: ٥٠)، واتە "ئەو ئەیزانی بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەو دەوڵەتەی بۆ (مە=ئێمە)ی کورد ئەویست، کوردن و کەعبەیش کەچ نەئەبوو ئەگەر لەو کوردستانەی ئەو دەوڵەتدا وردە گروپی ئێتنیکیی فارس و تورک و ئەرمەن و ئاسووری و عەرەب و هیی دیکەیش هەبووبن"(مەلاکریم،١٩٩٩: ٥٠-٥١).

هۆکاری نەبوونی کورد بە دەوڵەت بۆ قەدەر و چارەنووسی گەلی کورد خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا

کورمانج د دەولەتا دنێدا

ئایا ب چ وەجهێ مانە مەحرووم

بیلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم (هەژار،٢٠٠٨: ٤٤)

پاش (خانی)، (حاجی قادری کۆیی)(١٨١٦-١٨٩٧)، یەکێک لەو شاعیرە ناودارانەیە، دەکرێت بڵێین یەکەم شاعیری ئەو سەردەمە بووە، کە لەپەیامی ناسیۆنالیزمانەی خانی و مەم و زین تێگەیشتووە و لە بەشێکی شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، کاتێک حاجی کۆچ دەکات بۆ مەنفاو لە ئەستەمبوڵ دەگیرسێتەوە، لەوێی لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکان، کە بنەماڵەیەکی ناودار و خەباتگێڕ و نیشتیمانپەروەربوون، ئاشنایەتی پەیدادەکات و "ئاسۆی بیری حاجی لە وڵاتی عوسمانی فراوانتربوو، بەهۆی بەدرخانییەکانەوە زیاتر لە کۆمەڵی ڕۆشنبیری و خوێندەواری و خەباتی سیاسی و کاری نهێنی لە پێناوی شۆڕشی چەکدار نزیک بووەوە و دەبینین حاجی دەورێکی باڵای هەبوو لە هێنانی بیروڕای تەنویری و شۆڕشگێڕی بۆ ناو کۆمەڵی کوردەواری"(خەزنەدار،٢٠٠٤: ١٥٠)، هەندێک پێیان وایە (حاجی) ئەم ڕێچکەی بەتەواوەتی خەملاند و خستییە چوارچێوەیەکی تۆکمە و لەپێشترەوە، "چونکە ئەگەر شیعری نەتەوەیی لە سەردەمێکی پێش حاجیش سەری هەڵدابێت، ئەوا وەک شیعرەکانی حاجی پێگەیشتوو نەبوون"(میران و شارەزا،١٣٩٠: ٢٨).

فاکتەری سەرەکی بۆ دامەزاندنی کیان و قەوارەیەکی سەربەخۆ، کە دەیخوازێت ئەویش یەکریزی و یەکدەنگی سەرجەم هۆزو تیرەو ڕۆڵەکانی میللەتەکەیەتی، تاوەکو بەهێزو سەنگەوە، کاریگەربن بەرانبەر دوژمن و دەڵێت:

تا ڕێک نەکـەون قەبیلی ئەکراد
هــەروا دەبنە خـــــەرابە ئاباد
ئەنواعی میلەل لەگەوره تاچووک
خەملیوە مەمـالیکی وەکــوو بووک (میران و شارەزا،١٣٩٠: ٢٠٠)

پاش یەکگرتن و تەبایی، کەرەستەی جەنگی و ئامرازەکانی شەڕکردن بە گرنگ دەزانێت، چونکە دوژمن هەمیشە بەئاگر و ئاسن حوکم دەکات، ڕای وایە کە تەگبیر و بیرکردنەوەیان بۆ پەیداکردنی ئەسبابەکانی شەڕ بێت و دەڵێت : جۆشێک بدەن وەکوو هەنگ، تەگبیر بکەن بەبێ دەنگ

ئەسبـابی شـەڕ پەیداکەن تۆپ و تفــەنگ و هـــــاوان (میران و شارەزا،١٣٩٠: ٩٦)

(نالی)(١٨٠٠-١٨٥٦) شاعیریش وەک کاریگەرترین شاعیری کلاسیکی قوتابخانەی بابان، هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری خۆی نەشاردۆتەوە و درکی بەو ڕاستییە کردووە، کە نەتەوەکەی مافخوراوە و شانازی بەزمانی نەتەوەکەیەوە دەکات و دەڵێت:

طەبعی شەککەرباری من،کوردی ئەگـەر ئینشا دەکا

ئیمتیحـانی خـۆیە مقصــودی، لە (عمدا) وا دەکـا  (مدرس و عبدالکریم،١٣٦٤: ١٠٦)

ئەم هەستە لە شیعری (قوربانی تۆزی ڕێگەتم..)دا دەگاتە لوتکە و ترۆپکی خۆی، کاتێک لە غوربەتدا شیعرێکی پڕ لەسۆز، لەدووری خاک و نیشتمانەکەی دەنووسێت و یادگاری لەگەڵ بست بەبستیدا دەخاتە ڕوو و داوا لە(با) دەکات نەچێتەوە مەنزڵگای باو و باپیرانی، کە خاک و خۆڵە، تاکو بەسلێمانیدا تێنەپەڕێت، ئەمەش پێگەی ئەو شارە وەک پایتەختی وڵاتەکەی لەلای دەردەخات. دەڵێت:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور

ئەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری(شارەزور)...

داخڵ نەبی بەعەنبەری سارایی(خاک و خۆڵ)

هەتا نەکەی بەخـاکی (سولەیمانی)یا عـوبور  (مدرس و عبدالکریم،١٣٦٤: ١٧٤،١٨١)

(سالم)(١٨٠٥-١٨٦٩) وەک یەکێک لەشاعیرە هەرە دیارەکانی کلاسیک، هەستی نەتەوایەتی لە شیعرەکانیدا دەبریسکێتەوە، بۆ کەوتن و ڕووخانی میرنشینی بابان بەدەستی تورکەکان ماتەم دەگێڕێت و دەڵێت:

لێم گەڕێن با گۆشەگیربم، دەستەوئەژنۆ، کەفــزەنان

گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد صەفحەی جیهـان

(شارەزوور) بەحرو(سولەیمانی)لەسەر ئاو،گەمیەڕەنگ

بۆ شکستی وەک نەهەنگ بوو، فیتنەیی ئاخـر زەمــان  (مودەرریس و عەبدولکەریم،٢٠١٥ :٥٢٤)

هەروەها ڕووبەڕووبوونەوەی کەسانی دووڕوو و بەرژەوەندیخوازانیش دەبێتەوە، کە دڵخۆش و شادمانن بەڕووخانی میرنشینی بابان، بە شەیتان و ناپاک وەسفیان دەکات :

لەئەوضاعی سـولـەیمانی،ئەوانـەی شـاد و ئاسوودەن

لەفەرعا نوطفەیی حەیضن،لەئەصلا جینسی شەیطانن  (مودەرریس و عەبدولکەریم ،٢٠١٥: ٥٨٧)

لەسەرەتای سەدەی بیستەم و پاش جەنگی جیهانی یەکەم و داگیرکردنی کوردستان و عێراق لەلایەن ئینتیدابی بەریتانیاوە، بەوەش بارودۆخێکی ئاڵۆز و نالەبار باڵی بەسەر تەواوی ژیاندا کێشا، شاعیران لەو قۆناغەدا شیعرەکانیان کردە مەشخەڵی هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد و خۆشویستنی خاک و وروژاندنی هەستی نەتەوەییان.

له دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە له(١٩٢٠)دا تاكو ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی له (١٩٥٨)دا، چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین و گردبوونەوە و ناڕەزایی دژی داگیرکەران ڕوویاندا، هەر یەکێک لەمانە زیاتر گڕوتین و جۆشی زیاتری بەنیشتیمانپەروەران و ئازادیخوازان دەبەخشی، شاعیران بە شیعرەکانیان هاوشانی ئەو خەبات و تێکۆشانە دەرۆیشتن، "جگەلەوەش شاعیران ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دامەزراندن و پێشخستنی ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە، زۆربەیان پەیوەندیی دۆستایەتییان لەگەڵ سەرکردە نیشتیمانپەروەرەکانی کوردا هەبووە"(قەرەنی،٢٠٠٧: ١٠٥)، دەبینین "بەم شێوەیە شاعیرانی ئەم قۆناغە بە تووڕەیی و دەمارگرژییەوە جەختیان لەسەر واقیعی ژیانی سەردەم و ڕووداوەکانی دەوروبەریان دەکرد و هەڵوێستیان بەرانبەر کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان وەردەگرت"(قەرەنی،٢٠٠٧: ١١٠).

پاش هاتنە سەرتەختی نیزامی کۆماریی، کورد و گەلانی عێراق تێکڕا دڵخۆشبوون بەم ئاڵوگۆڕ و پێشهاتە، بەڵام خودی (عەبدولکەریم قاسم) لەو بەڵێنانەی، کە بەکوردی دابوو پاشگەزبوویەوە، بۆیە گەلی کوردیش بیری لە خۆی کردەوە و ئەوەبوو لەئەیلوولی (١٩٦١)دا شۆڕشی کوردستان بەڕابەرایەتی (مەلا مستەفا بارزانی) هەڵگیرسا، لەبنچینەدا شۆڕشێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی و سەرتاسەری بوو، داوای مافی سیاسی و ڕۆشنبیری و کلتووری و یەکسانی ڕاستەقینەی بۆ گەلی کورد دەکرد.

بەهاتنی بەعس و حەرەس قەومییەکان و گرتنە دەستی لووتکەی دەسەڵات، تاکو دەهات ئاگری شەڕ خۆشتر دەبوو، لەم ماوەیە بەدوا زیاتر لە هەموو کاتێک هەست و بیری ناسیۆنالیزمی لە بیرو هزری شاعیران و نووسەران و ڕۆشنبیراندا چەکەرەی کردو لە نووسین و بەرهەمەکانیاندا بەڕوونی ڕەنگی دایەوە، سەبارەت بەمە، شاعیری زیندانیکراو (مەدحەت بێخەو) دەڵێت: "سەرەتا من بەبیرباوەڕی چەپ گۆشکرابووم، شیعرەکانم ڕیالیزمی سۆشیالیستی بوو، بەڵام کە شۆڕشی ئەیلوول بەرپابوو، بەتایبەتی، کە ڕژێمی عەفلەقی فاشست هاتەسەر حوکم، من لەو کاتەوە کە هێشتا ڕادیۆی کوردستان بەگەڕ نەکەوتبوو، شیعری سروودی (پێشمەرگە)م نووسی، شیعری (ڕەشەبا) دەربارەی کوودەتای شوومی بەعسە، لەگەڵ شۆڕشی کورد زیاتر هەستم ورووژا و کەوتمە نووسینی شیعری شۆڕشگێڕی بە شێوازی نوێی"(زامدار،٢٠٠٦: ٥٢-٥٣)، ئەگەر لای هەر تاکێکی کورد، ئەم هەستە بوونی هەبوویێت، ئەوا لای شاعیرانی زیندانیکراو چەندین پلە زیاتربووە، چونکە زۆربەیان بەهۆی چالاکی سیاسی و خەبات بۆ ئازادی و سەربەخۆی خاک و گەلەکەیان دەستگیرکراون، دیسان لە زیندانیشەوە بە دەنگێکی زوڵاڵتر داوای ئەم مافەڕەوایەیان بۆ نەتەوەکەیان کردووە.

(ئەسعەد مەحوی)(بەندیخانەی حەویجە-١٩٤١) لە شیعرێکیدا، هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ئیستقلالی و سەربەخۆی کورد بە جۆرێک لە مێشک و سەریدا شین بووە، بووەتە کەڵکەڵە و خولیایی هەرە بەرزی، کە هیچ هێز و زوڵم و تۆقاندنێک ناتوانێت ئەم بیرو باوەڕ و هەوڵ و بەرخودانەی لەسەر بباتەدەر:

هەوڵی (استقلالی) کوردە چۆتە کەللەی سەرمەوە

کـەڵکـەڵەو خولیـایەکـە هێـزێ نییە بیکـــا تەدەر

هەر ئەبێ ئەم حوکمە بدرێ، سەربەخۆیی دەس کەوێ

ڕۆڵـــەیی زەحمەت کەشانێ، تـاجـی شاهی کاتە سـەر (ئاگرین، ٢٠٠٤: ١١٠)

لەسەرەتای نیوە دێڕی دووەمدا وشەی (هەر ئەبێ) هاتووە، کە ئەوپەڕی سووربوون و جەختکردنەوە و بڕوابوون بە ئامانج و داخوازییە ڕەواکەی دەگەیەنێت، پێی وایە پێویستە ئەو خەبات و هەوڵانە بگەنە ئەنجام و سەربەخۆیی بە دەست بهێنرێت، تاکو ڕۆڵە زەحمەتکێش و ماندووەکان وەکو شاه و پادشاه تاج بنێنە سەر و بژین، واتە ژیانێکی شایستە و شکۆمەندی تاکەکانی لە هەبوونی ولاتێکی سەربەخۆی کوردییدا دەبینێتەوە.

(مەدحەت بێخەو) لەشیعری (تێکۆشەر)(بەندیخانەی کەرکووک-١٩٥٣)دا، لە زیندانەوە بە ورەبەرزی و بیرو باوەڕێکی نەگۆڕەوە ئەوە ڕاستییە دەخاتە ڕوو، کە کاروانی خەبات دوور و درێژە و پشوو درێژیشی دەوێت، نابێت لە مردن و کوشتن سڵ بکەیتەوە، گرتن و ئەشکەنجەدان جۆش و خرۆشمان سارد بکاتەوە، پێیوایە ئامانج و هیواکان بەدەست نایەن گەر قوربانی و خوێن نەبەخشی لەپێناویدا، هەروەها مەرجی دروست بوون و دامەزراندنی (کیان) و قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ کوردستان و زاڵبوون بەسەر دوژمندا دەبەستێتەوە بە یەکبوون و یەکریزی کورد خۆیەوە:

گـەر لە ڕێگـە تا سەربێ

بێ وەستان

بۆ گەل بێ گیان و سەربێ

بێ وچان

وەک دارێکـــی بە بەربێ

بۆ ژیان...

نابـێ بسڵـــەمـیتەوە

لەکوشتن

جۆشت ســارد نەبێتەوە

بەگرتن

لەکـــاروان نەکشێتەوە

تامردن

باخی ژین بەرناگرێ

بێ قوربان

بێی یەکبوون هیچ ناکرێ

بۆ (کیان) (بێخەو، ۲۰۱۳: ٥۱-٥۲)

(مارف بەرزنجی شەهید) لەچوارینەیەکدا، کە لە(گرتووخانەی بەغدا-۱۹٦۰)دا دایناوە، سۆز و هەستی ناسیۆنالیستیانەی خۆی بەبالاَی نیشتیمان و خاکی کوردستاندا دەردەبڕێت:

شاخی بەرزو جوان وولاَتی کوردان

قەلاَ و سەنگەر و پشت و پەنامان

چەن هەزار سالَە ژینمان تێکەلَە

بووی بەنیشانەی کورد و کوردستان (بەرزنجی و بەرزنجی،۱۹۹۳: ۹٦)

جگە لە وەسفکردنیان، ئەو ڕاستییەی خستۆتە ڕوو، کە (شاخەکان) هەموو کاتێک پشت و پەنا و قەلاَیەکی بەهێز بوونە و کوردیان لە کاتی تەنگانە و هێرشی دوژمندا پاراستووە، بۆیە وتراوە کورد جگە لە چیاکان دۆستی تری نییە.

(خالید دلێر) لە شیعری (بۆ دوژمنی گەوج)(گرتووخانەی تسن-تشرینی یەکەمی۱۹٦۱)دا، لە سەرەتا شاعیر پەیامی خۆی بە گوێی دوژمنی گەوجدا دەدات، کە ئامانج و خەباتی لە پێناوی ڕزگارکردنی تەواوی کوردستانی گەورەیە نەوەک تەنها یەک بەش و پارچەیەکی، بەمەش ئاستی تمووحی نەتەوەیی شاعیر نیشان دەدات، کە چەند لە ئاستێکی گەورەدایە، بۆیە هەرگیز دەست بەرداری مافی گەلەکەی نابێت، کە خۆی لە بنیاتی ولاَتێکی سەربەخۆدا دەبینێتەوە، سەرەڕای ون نەکردنی خوێنی ڕۆلَەکانی میللەتەکەی، هاوکات دەرسی هەلَمەتبردن و تۆلَەسەندن بۆ نەوەکانی کورد دا ئەدا، " شیعر بەلای ئەوەوە چەکی خەباتە، چەک گرنگ نییە جوان بێ، گرنگ ئەوەیە کاریگەر بێ. شیعر بەلای دلێرەوە لە پێش ئەوەی تابلۆبێ، بیروباوەر و جۆری سەرنج و ئامانج و هەلَوێستە"(دلێر،۱۹۸٥: ٥٥) :

چۆن لەرێگەی سەندنی مافی گەلی کورد لائەدەم؟

چۆن بەڕە بەخوێنی سووری ڕۆلَەکانی دا ئەدەم؟

چۆن لە ڕێ ی ڕاگرتنی کورسی شلۆقی ئێوەدا

بەرژەوەندی (١٦) ملیۆن نەفسی کورد بەربا ئەدەم

قەت ئەمانە ئیشی من نین هەمیشە تا ئەژیم

دەرسی هەڵمەت،تۆڵە سەندن،بۆ نەوەی کورد دائەدەم... (دلێر،١٩٧٠: ٤٨)

پشت ئەستوورە بەهێزو بازوویی میللەتەکەی، ئامانجی دەخاتەڕوو، کە یان شەهیدبوونێکی شەرەفمەندانەیە لەو پێناوەدا یاخود سەرکەوتن و لەباوشکردنی ئاڵا جوان و بووک ئاساکەی نەتەوەکەیەتی، دوژمن ئاگادار دەکاتەوە کە هەوڵی بازرگانی کردن و کڕین و فرۆش و لەخشتەبردنی تێکۆشەران نەدات و ئەو گرەوە نەکات، چونکە بۆ هیچ پول و پلەو پایەیەک واز لە دۆزی ڕەواکەی ناهێنێت :

گەوجە؛ تازە کورد بەهیچ کەس نافرۆشرێ و ناکڕێ

چۆن منیش وەک تۆی گەوج،خەنجەر لەفەردەی کا ئەدەم

نەمری، یاخود بەختیاری، هەر بەشی تێکۆشەرە

بۆیە وا پشتم بە هێزی میللەت و بڕوا ئەدەم

یا هەڤاڵان چەپکە گوڵ دێنن لەبۆ سەر گۆڕەکەم

یاخود توند باوەش لە بووکە جوانەکەی ئاڵا ئەدەم

من سڵاوێکی هەژار و ڕووتەیێکم دەس کەوێ

سەد دراوی تۆ و کورسی تۆی لە پێناوا ئەدەم (دلێر،١٩٧٠: ٤٨-٤٩)

# بەشی دووەم

## بابەت و تایبەتمەندییەکانی شیعری زیندان

### پاری یەکەم

### بابەتەکانی شیعری زیندان

یەکەم

پەیوست بەدەسەڵاتەوە

دووەم

یادکردنەوەی وڵات و کەس و کار

سێیەم

کاریگەری دەروونی

چوارەم

چەند بابەتێکی دیکە

### پاری دووەم

### تایبەتمەندییەکانی شیعری زیندان

# بەشی دووەم

# بابەت و تایبەتمەندییەکانی شیعری زیندان

## پاری یەکەم

## بابەتەکانی شیعری زیندان

### یەکەم: پەیوەست بەدەسەڵاتەوە

**١-ئازادی و سەربەستی**

ئازادی وەکو هەناسە، وەکو ئاوو خۆراک پێویستە، بۆیە مرۆڤەکان لەپێناویدا دەیان و سەدان شەڕ و کوشتار و ماڵوێرانیان لەمێژوودا ئەنجامداوە، ئەگەر سەرەتا وەکو چەمک بیناسێنین، دەبینین چەندین پێناسەی جۆربەجۆری بۆ کراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئازادی و سەربەستی زۆر لەوە فراوانتر و فرە ڕەهەندترە کە یەک پێناسەی کۆنکرێتی هەڵبگرێت، (کانت) دەڵێت: "ئازادی بریتییە لەسەربەخۆیی لە هەر شتێک جگە لە تەنیا یاسای ئەخلاقی"(ساڵح،٢٦٩٤: ١٣).

(بنجامین کۆنستان) بەمجۆرە پێناسەی دەکات: "ئازادی واتە مافی هەر تاکێک کە تەنیا یاسا بەسەریدا باڵادەست بێت، ئەو مافەی لەئەنجامدا ئیرادەی سەرکێشانەی هیچ کەس یان کەسان دەستگیر، یان قۆڵبەست نەکرێت، یان نەکوژرێت، بەهیچ شێوەیەک ڕەفتاری خراپی لەگەڵدا نەکرێت"(بێرلین، ٢٠١٦: ١٠٣- ١٠٤).

(جون ستیوورت میل) بڕوای وایە، کە "ئازادی بریتییە لەسەربەستکردنی جڵەوی خەڵک بەو ڕێگایەی، کە خۆیان هەڵیدەبژێرن بۆ بەدەستهێنانی سوود، بەمەرجێ هەوڵی بێبەشکردنی بەرانبەر نەدەیت بۆ گەیشتن بە مافەکانیان یان بەربەست دروست نەکەن بۆیان بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان"(براهیم،٢٠١٦: ١٤٩-١٥٠)، بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت ئازادی بریتییە لەوەی، کە بەبێ هیچ کۆسپ و سانسۆر و ڕێگرییەک، بیر و بۆچوون و هزرەکانت دەرببڕی و گوزارشتیان لێبکەی و نابێت لەژێر هیچ ناونیشان و بیانوو و پاساوێکی (ئایینی، ئایدۆلۆژی، ڕەگەزی، سیاسی...)، لە تاکەکان زەوت بکرێت. مەبەستی سەرەکی لێرەدا ئازادییە سیاسیی و ئایدۆلۆجییەکانە، کە "بەواتای هاووڵاتیبوون دێت، واتە درککردنی تاک بەمافەکانی و پیادەکردنی لەژیانی ڕۆژانەیدا لەڕێی سەرجەم چالاکییە سیاسییەکانەوە. ئەو مافە سیاسییانەی کە خۆی لە ڕادەربڕین و قسەکردن و بەشداریکردنی سیاسییانەدا دەبینێتەوە، کە هاووڵاتی بتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بەرپرسیارانە کاریگەری و بەشداریی هەبێت لەبڕیارەکانی پەیوەست بەخودی تاکەکانەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان"(عەبدوڵڵا :٢٠١٧).

ئەوەی ڕوونە زۆربەی شاعیرانی کورد بەهۆی خەباتی سیاسی و داکۆکیکردن لەخاک و نەتەوەکەیان زیندانی کراون لەلایەن ئەو دەسەڵات و ڕژێمانەی، کە باوەڕیان بەوەها مافێک نەبووە بۆ گەلانی ژێر دەستیان، لەسەرەتای سەدەی ڕابردوودا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە (سیاسی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی...)ەوە، کە دروست بوو، بوونە هۆی هۆشیاری و وریابوونەوەی نەتەوە ژێردەستەکان و کەوتنە جموجۆڵ و داواکردنی مافاکانیان و هەوڵدان بۆ ڕەهابوونیان لەژێردەستەیی، لەوانەش گەلی کورد، کە بەهەموو چەشنەکانی ڕووبەڕووبوونەوە و تێکۆشانی چەکداری و مەدەنی و سازکردنی خۆپیشاندان بۆ بەدەستهێنانی ئەم مافەی تێکۆشا، کە زۆربەی ڕێکخەران و چاوساغانی ئەو نارەزایەتی و بەرەنگاربوونەوانە، نووسەر و شاعیران و دەستەبژێری کۆمەڵبوون، لەئەنجادا چەندینیان دوورخرانەوەو گیران و خرانە کونجی زیندان، واتە دووجار بێبەشکران لەئازادی، هەمان ئەو ساتەی کەسێک دەخرێتە زیندان خەیاڵ و بیرو هۆشی، جگەلە ڕەهابوون و ئازادبوونی خۆی و گەلەکەی لەکۆت و دیلێتی هیچی دیکە نییە، ئەوانە دەبنە سەرچاوە و هەوێنی ئەفراندنی شیعر و بەخشینی گڕوتین بە لایەنی مەعنەوی و کۆڵنەدان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی، کە بریتییە لە ئازادی.

بە گرنگترین و سەرەکیترین بابەتی شیعری زیندان دادەنرێت، کە شاعیران لەپێناویدا لەقەفەس نراون و لەوێشەوە پێنووس و پەیڤەکانیان دەکەنە چەکی بەرگری و بەدەستهێنانی مافەکانیان، "شیعر بۆ ئاشتی و ئازادی جگەلەوەی ئەرکێکی سیاسی و ئینسانییە، هاوکات پێداویستی شیعریشە، چونکە ئازادی بنەڕەتی داهێنانە"(مەعروف،٢٠١٧: ٧٣). شاعیر و نووسەرانیش وەکو ئاوێنەیەک بارودۆخی ژیانی سەردەمی خۆیان نیشان دەدەن و ئەرکی شیعر لەهەر واقیع و هەلومەرجێکدا پێویستە دەرخەرو بەرجەستەکەری ئەوکات و دۆخە بێت، لەبەر ئەوەش "نووسەر و شاعیرانی کورد هەوڵیان دەدا ئەو ڕووداوانە بدۆزنەوە کە نموونەی وێنەی خەباتی کوردبوون لەپێناوی ئازادی و سەربەستی کوردستان یان بۆ ئازایی و قارەمانییەتی خەڵکی کورد، ئەو ڕووداوانە زۆرن لەمێژووی کۆن و تازەی سەردەمی کوردیدا"(فەتاح،٢٠١٤: ٨٥-٨٦).

ئازادی و سەربەستی و خۆشەویستی وڵات لەسەرووی هەموو ئازادییەکانی دیکەوەیە، گەر ئازادی نەبێت ژیان دەبێتە دۆزەخ و مرۆڤ ناتوانێت گوزارشت لەمافە بنچینەییەکانی بکات، شکۆ و عیزەت نەفسی لەدەست دەدات و سەرزەوی لێ دەبێتە جەنگەڵ و هەمیشە لەجەنگ و کێشمەکێشمی نێوان چەوسێنەر و چەوساوەدا دەبێت، هەر کێ بەهێزتربێت ئەوە بە چەپۆکی ڕەش و دڕندانەی ماف و ئازادی ئەوانیتر پێشێل دەکات.

(کاکەی فەلاح) لەشیعری (لەجەرگەی تاریکی یەوە)(بەندیخانەی ئەبوغرێب-١٩٤٩)دا، بەجۆرێک گوزارشتی لەو مافە ڕەوایەی کردووە، کەسەلمێنەری گەورەیی و گرنگی و پیرۆزبوونی دەگەیەنێت، دەبێتە هەموو شتە بەنرخەکانی ژیانی، جارێک دەیباتە ئاستی خوداو بەرزترین موقەدەساتەکانی و کڕنوشی بۆ دەبات، جارێکی دیکە دەبێتە تاقە خۆشەویست و ئەوینداری، دەمێکی دی دەبێتە گوفتار و وێردەکانی سەرزاری و هەموو ئامانج و هیوا و بڕوا و ئاینی، هەرسەربەستییە و خواستەکانی تەنها لەودا دەبینێتەوە:

سـەربەسـتی ئەتپەرسـتم

تۆی تاقــه خۆشەویســـتم

تۆی وێردی ســەر زوبــانم

تۆی ئامــانجی ژیـــانــم

تۆی ئایینم، تۆی بــڕوام

تۆی ئاواتم، تۆی هیــوام

تۆی بیرو هۆش و هەستم

تۆی ئارەزوو مــەبەستــم

تۆی قیبلـەگـــای نیـــازم

بۆ تۆ ئاواتــه خـــــوازم (بنەماڵەی شاعیر،٢٠٠٤: ٣٦)

تەنانەت لەکۆتایی شیعرەکەدا، بەوانە ناوەستێت بەڵکو ئامادەیە تاقە گیان و ڕۆحی، کە بەنرخترین سەرمایەیی ژیانێتی بێ دوودڵی شاباش و پێشکەشی ئەو ڕێگا و ڕێبازەی خەبات و تێکۆشانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی بکات، "هەندێ جاریش، کە بێ تاقەت دەبووم دەمویست بەراوردێک لەنێوان ژیانی زیندان و مردن بکەم، بەڵام جیاوازیەکە لەهەڵوێست بەولاوە شتێکی تر نەبوو، هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خۆبەخت کردن و خۆڕاگری لەپێناوی ئازادی و سەربەرزی"(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٤: ١٢٥):

تا لـەم ژیـانه زیـاتر

لەو تاقه گیانه زیاتر

شاباشی ڕێگەتی کـەم

بەفەرشی جێگەتی کەم (بنەماڵەی شاعیر،٢٠٠٤: ٣٧)

هەر لەو چوارچێوەیەدا، (هەوری) لەشیعری (زڕەی زنجیرەی دوژمن)(بەندیخانەی سەربازگەی کەرکووک-١٩٦٦)دا، پشت ئەستووره بەبیرباوەڕە نەگۆڕەکەی، کە تێکۆشانە بۆ ئازادی و سەربەستیی، هیچ ئێش و ئازار و زڕەی زنجیر و ورشەو برسکەیەکی پەتی قەنارە و تۆقاندنێک، ساردی ناکەنەوە و ناتوانێت تەنانەت بۆ تۆزقاڵێکیش کاریگەری بخەنە سەری و کۆڵی پێ بدەن:

زڕەی زنجیــری کەلەپچـــەی دوژمـن

یا ورشـەی پەتی قەنارەی گـــەردن

لام نادا لەســـــەر ڕێگـــەی ئـــازادی

یەک تۆزقاڵ تەئسیر ناکاتە سەر من (بەرزنجی،٢٠١١: ٢٤)

پاشان دەیەوێت ئەوەمان بەبیربهێنێتەوە، کە هیچ ئازادی و ڕزگارییەک بێ قوربانی و باجدان بەدەست نایەت و دوژمن وەکو چەپکە گوڵ و دیاری پێشکەشتی ناکات، بەڵکو "ئازادی وەکو تەندروستی وایە، نە بەدیاری دەدرێ بەکەس و نە دەکڕێ و نە دەفرۆشێ...سا یان ئەوەتە هەر لە زارۆییەوە لەکۆمەڵگایەکی ئازاددا لەدایک دەبێت و دەبێ ئازادیی خۆت تامردن ڕابگریت، یا ئەوەتا لەکۆمەڵگەیەکی دیلدا لەدایک دەبیت و دەبێت هەلومەرج بۆ ئازادبوونی خۆت بڕەخسێنیت"(نەبەز،٢٠٠١: ٢٢)، دووپاتی دەکاتەوە دوژمن چەند دڵڕەق و ستەمکار بێ ناتوانێ ئەو هەست و خواستەی لەلا بسڕێ و چاو ترسێنی بکات و دڵنیایی دەدات کە هەر گەل و میلەتێک بەڕاستی و دڵسۆزی ژینی ئازادی و سەربەستی بوێت، ئەوا پێویستە قۆڵی لێ هەڵماڵی و خۆی بۆ تەیار و ئامادەبکات و پێداگر بێت لەسەر خواستەکانی، هەر گەلێ ئەو ڕێگا و ڕێچکەیەی گرت بەرهەمداربوو :

دوژمن با دەستی خۆی بوەشێنــێ

خوێن بڕژێنێ وەک دەریای بێبــن

ناتوانێ هەستی ئازادی بســڕێ

بەگولله سینە گەربکـا کون کون

میللەت بیــەوێ ژینی سەربەستی

بەردەمــی ناگرێ شوورای ئاســن

ئەو گەلەی گرتی ڕێگەی ڕزگاری

گەیشتە ئاوات وەک مەردی مەزن (بەرزنجی،٢٠١١: ٢٤-٢٥)

هەروەها (مارف بەرزنجی)یش لەشیعری (بولبولێکی ئازاد)(گرتووخانەی بەغداد-١٩٦٠)دا دەڵێت:

بۆ ڕاوم ئەنێ ی چیت لێم ئەوێ

من بولـبولێکـــی ئازادم

سروشت وای ناوە بنیادم

کە ئازاد بـم و دیلـیم نەوێ

کەوتوویتە دووم لێرەو لەوێ

دان ڕۆ ئەکەی

داو دائەنێ ی

نیشان ئەگری

لەپارێـــزای

تـا بمـــگـری (بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ١١٢)

وەک دەبینین شاعیر خۆی بەبولبولێکی ئازاد دەچوێنێت، لەدوژمن و ڕاوکەر دەپرسێت، کە ئاخۆ چییان لێی ئەوێ و بۆ ڕاوی دەنێن؟ بەکام ماف و حەقیان دەیانەوێت ئازادی لێی بستێننەوە، چونکە سروشت ئەو دەسەلات و ئازادییەی پێبەخشیوە، لەم ڕووەوە (ڕۆسۆ)دەڵێت:"مرۆڤ بەئازادی لەدایک دەبێت، بەڵام لەهەموو شوێنێک کەلەپچە کراوە"(بێرلین،٢٠١٦: ٩٤). باسیش لەپلانی وردی دوژمن دەکات،(دان ڕۆکردن، داودانان، نیشان گرتن)، کە چۆن بەهەموو جۆرێ دەیانەوێ بیگرن. ئامانج و ویستی دوژمن گرتن و لەڕەگەنانی و سەپاندنی ئیرادەیەتی، بۆیە ئەو هەوڵ و خواستەی دوژمن بە بێ هودە دەبینێت، چونکە گەر بڕیار بێت بخوێنێت تەنها بۆ گوڵێکی ڕەنگ لەخوێنی ئەخوێنێت، (گوڵی سوور) نیشانە و هێمای خەبات و قوربانی و خوێنی شەهیدانە:

تـا بمگری و لەڕەگەم نێ ی

بە ئارەزووی تۆ بخـوێنـم

من ناخــوێنم

ئازادی خــــۆم نادۆڕێنـم

بێ کەڵکە ڕەگە و تەڵەکە

بەزۆر لە ئازادیـــم مـەکە

مــن بۆتۆ ئازا ناخــوێنم

بۆ گوڵێک لەڕەنگی خوێنم

من ئەخوێنم (بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ١١٣-١١٤)

## ٢-بەرەنگاربوونەوەی دوژمن

زیندان جێگایەکی دابڕاو لەکۆمەڵگایە، هەست و کەشێکی وەها لای شاعیر دروست دەکات، کە زیاتر و زۆرتر ڕق ئەستوور بێت بەرانبەر دوژمن، دەبینێت چەند بەدڕندەیی ژیان و ئازادی پێ ڕەوا نابینێت، هەر هەڵوێست و کارێکی پێچەوانەی دژی خواست و بەرژەوەندییە نارەواکانی بنوێنێت، شوێنی کونجی زیندانە، شاعیران و ئازادیخوازانیش هەردەم بۆ ئەگەرێکی وەها خۆیان ئامادەکردووە و زیندانیان بە بەشێک لەخەبات و قوربانیدان و وێستگەیەکی دیکەی بەرخودان زانیوە بۆ گەیشتن بەئامانج و خواستە ڕەواکانی میللەتەکەیان، بۆیە خەبات و تێکۆشانیان گواستۆتەوە بۆ ناو ژوورە تاریکەکانی زیندان و کردوویانە بە سەکۆی داکۆکی و بەگژداچوونەوەی دوژمن و داگیرکەران.

شیعری زیندان پاژێکە لەئەدەبی بەرەنگاری، کە ئامانجی سەرەکی و بنەڕەتی ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی و گوڕدانە بە کۆڕی تێکۆشان و خەبات، (شێرکۆ بێکەس) لەم ڕووەوە دەڵێت: "شیعری بەرەنگاربوونەوە لەجەوهەردا بریتییە لەشیعری هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی، چینایەتی، کۆمەڵایەتی و جۆشدانی گیانی تێکۆشان و خەبات دژی هەموو زوڵم و زۆر و سەرکوت کردنێکی نەتەوایەتی و چینایەتی لەڕووی زەبرو زەنگدا ڕەفزکەری واقیعی ژێر دەستەییە"(عومەر،٢٠٠١: ٢١). بۆیە گرتن و لێدان و ئازاردان نەیانتوانیوە دەستەمۆ و ملکەچیان بکەن، بەڵکو "زیندان و دیوار و دەرگا پۆڵاییەکانی زیندان بوونەتە پاڵنەرێک بۆ کۆکردنەوەی ڕق و بەرجەستەکردنی ئەو ڕقە بەهۆی وشە پڕ جۆشەکان و ئاڕاستەکردنیان بۆ دوژمنان، بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە بچەسپێنین، کە زیندان نابێتە هۆیەک بۆ دابەزینی ورە و لەڕێگەی خەبات و کۆڵنەدانیان دانابڕێت"(سابیر،٢٠١٥: ٢٣). جا هاوکێشەیەکی پێچەوانەیە تاکو ستەم و زوڵم زیاتربێت، گیانی بەرەنگاری و ڕووبەڕوبوونەوە هەڵدەکشێت. هەمیشە بەشیعرەکانیان لەبەهێزی و شکۆ و هەیبەتی دوژمنانیان کەم کردۆتەوە، بۆیە بەشێکی فراوانی شیعری زیندان بۆ ئەم مەبەستە دانراون.

(برایم ئەحمەد) لەشیعری (دوا تیری کەوان)(زیندانی ئەبوغرێب-١٩٤٩)دا، ئامۆژگاری داگیرکەران دەکات، کەچەند بەهێز و پڕتفاقی جەنگی بن، ئاکام و پاشەڕۆژیان هەر کەوتن و شکستە، سەرکەوتنی گەلەکەشی وەکو ڕۆژی ڕوون لێ دیارە و دەڵێت:

دوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە هەلە دوژمن

دوا سەرکەوتنی تۆیە و دوا نووچی گەلە دوژمن

شەوی ترساندنت سامی نەماوە تاریکو ڕوونە

بەئاسۆی ئەرخەوانیدا هەتاو لەودیو کەلە دوژمن

چ گەوچی هەژ بەسەر،کەی خۆر بەهێڵەک پێشی گیراوە؟

وە یاخــود چـــەرخی مێژوو کەی بەبەردی ئێوە وەستاوە

هەمــوو پێشکـــەوتنێکی تۆ بەرەو چـــاڵی نەمان ئەتبا

هەمــوو سـەرکەوتنێکیشت بە وێنەی بڵـــقی سـەرئاوە (بەرزنجی،٢٠٠٧: ٤٣-٤٤)

شاعیر دڵنیایە و بەئامانج گەیشتنی کاروانی میللەتەکەی لای ڕوون و حاشا هەڵنەگرە، بەگوێی دوژمندا دەدا کە دەست نەپارێزێت و هەرچی دەکات و لەتوانایدایە بیکات، چونکە ئەمە دوا هەل و سەرکەوتنێتی و دوا نووچ و شکستی گەلیشە، چونکە شەوی ترساندن و زەبروزەنگ نواندن سامی نەماوە، ئاسۆ و ئامانج ڕوونە و لەودیو کەلە، لە ئان و ساتی دایە و هاکا دەرکەوت، شاعیر دیاردەی گەردوونی بەسەر چوونی شەو بۆ نەمانی زوڵم و زۆر و دەسەڵات و هەڵهاتنی هەتاویش بۆ سەرکەوتنی گەلەکەی هێناون.

هەروەها (مەجید ئاسنگەر) بەئاوێتەکردنی ئەو پەندەی کە دەڵێت: "سەگی هار، چل شەوی عومرە"(خاڵ، ٢٠٠٧: ٢٥٢)، لە چوارینەیەکدا، کە لە(بەندیخانەی بەسرە)دایناوە، سیفەتی سەگی هاری بۆ دوژمن داتاشیوە، کە چۆن چاوی سوور و لەخۆبایی بووە، دڕندەی گەشتۆتە ئاستێک، کە چەپۆکی ڕەشی بۆ چەکی خوێناوی ببات دژی گەلەکەی، بەڵام چارەنووسی پەیوەستە بە کاتەوە، چونکە باوی هەر چل ڕۆژێکە و سەرئەنجامی سەرنگون بوونە و دەچێتە زبڵدانی مێژووەوە. دەڵێت:

کوردە: دوشمنت ســوور بووە چــاوی

چەپۆکی چـۆتە چەکـی خوێنــاویی

بۆ لەناو چوونت..وەک گورگی هــارە

تەنیا مەترسە..چــل رۆژە باویــی (ئاسنگەر،١٩٦١: ٨٨)

(مارف بەرزنجی شەهید)، لەشیعری (ئاسیاو)(گرتووخانەی بەغداد-١٩٦٠)دا، بەرەنگاری دوژمن دەبێتەوە، کەدەسەڵاتەکەی بە ئاسیاوێکی کۆنی شڕ وەسف دەکات، کە بەئاوێکی سوێر دەگەڕێت، مەبەستێی بڵێ سەردەمی ئەم جۆرە حوکمڕانییە بەسەرچووە، چونکە هەر خەریکی زوڵم و خراپەکارییە بەرانبەر ڕۆڵەکانی، کە هەموو چینەکانی کۆمەڵگای لێ ناڕازی و وەڕەزن، هەر وەکو دەڵێت :

ئەو ئاسیاوە کۆنە شــڕە

بەئاوێکی ســوێر ئەگەڕێ

مێشک و سەری خەڵک ئەهاڕێ

دڵ ورد ئەکا

لێو ئەکرۆژێ

ڕەنگی ساوایان سیس ئەکا

چاوی گەلاوێژ کــــز ئەکا

ئەو ئاسیاوە کــۆنە شـــڕە

بەئاوێکــی ســوێر ئەگەڕێ

بەنــــاڕەوا

لەناو شەوا

لە باخەڵی گەرم و گــوڕا...        (بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ١١٠)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئومێدەوار و گەشبینە بەهێزی گەل تێک و پێکی بشکێنێت و ئاسیاوێکی تازەی ئاسنین و بەهێز لەسەر شێوازی شارەزایی و دنیابینیەکی تازەتر دابمەزرێنین، کە بەدەستی خەڵک بگەڕێ و خۆیان خاوەنداری بکەن و هی هەمووان بێ و لەخزمەت هەمووان بێ، خۆشی و ئازادی و کەیف و سەیران بگەڕێنێتەوە بۆ خەڵکی:

تا ئاسیـــاوێکـی ئاســـنین

لەسەر شێوەی تازەی زانین

دامەزرێنین

بەدەستی خەڵکــی بگەڕێ

گــەنمی زۆرمان بۆ بهاڕێ

نانی جوان

بۆ هەموومان

تا بهــــاڕێ

بەڵام گـــەنم بەبـــێ وەستان

بێ ڕەنگ نەبن سروە و سامان

بێ باب نەبن، بێ ناز و نان

شین هەر گوڵ بێ

کار هـەر سەیران

هەموو چـاوێک گـەلاوێژ بـێ

هەموو ڕوویەک مانگی تـابان

لێو بەباری

لەهەڵبەستی کـۆنە مـانـا

بێتەوە یاد

یادی جاران (بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ١١١-١١٢)

**٣- پۆزشنامە(بێگوناهی دەربڕین)**

**یەکێکە لەبابەتەکانی شیعری زیندان، کە هەندێک لەشاعیران بەهۆی ئەو فشار و ئازارە جۆر بە جۆرانەی سەریان و بەزەبری و بێڕەحمی و دەست نەپاراستنی دوژمن لێیان، کە توانا و وزەی بەرگە گرتنی ئەو هەموو فشار و ناڕەحەتیانە ناگرن و بە تێپەڕبوونی ماوەی زیندانی کردنیان، جۆش و ورەبەرزی لەدەستدەدەن و چۆک بۆ خواست و ویستی دوژمن دادەدەن، بۆیە شاعیر بۆ ڕزگارکردنی گیانی و ئەو کەشەی تێی کەوتووە، پۆزش و بێ تاوانی خۆی لەشێوەی نامەیەکی کراوە و لەدەقێکدا ئاراستەی کەسانی دەست ڕۆیشتوو و فەرمانڕەوا دەکات، بەم کارەی دەیەوێت سۆز و بەزەیی و هەستی مرۆڤ دۆستییان بجوڵێنێت و ببیبەخشن و ڕەهای بکەن. یاخود زۆر کات شاعیر خۆی بەبێ گوناه دەزانێت و هیچ هۆکار و تاوانێک بۆ گرتن و بەندکردنی شک نابات، کە دراونەتە پاڵی، بۆیە بێبەریبوون و ئەستۆپاکی خۆی دووپات دەکاتەوە و ئەو سزاو حوکمەی بەناڕەوا و ناڕاست دەزانێت و ڕاستییەکان دەخاتەڕوو. جا ئەو دەقانەی بۆ ئەم مەبەستە نووسراون، سەرەتاکەی بەستایش و پیاهەڵدانی بەرانبەر دەست پێدەکات، (د.مارف خەزنەدار) شیعری ستایش بەمجۆرە پێناسە دەکات: "بریتییە لەپێدا هەڵدان و دەرخستن و پیشاندانی خوو و ڕەووشتی چاک لەو کەسەی کە شیعرەکەی بۆ دادەنرێت، لەم جۆرە شیعرەدا تەنیا کردەوەی باشی ئادەمیزاد وەردەگیرێت و کردەوەی خراپ پشت گوێی دەخرێت، دیارە مەرجیش نییە ئەو کەسەی مەدح دەکرێت خاوەنی ئەم ڕەووشت و کردەوە چاکانە بێ کە شاعیر بۆی هەڵدەبەستێت،**

بەزۆری ئەم جۆرە شیعرە لەخوارەوە بۆ سەرەوە دەبێت، واتە کەسی بێ دەسەڵات ئەم بابەتە شیعرە دادەنێ بۆ کەسی زەبر بەدەست، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرێت"(خەزنەدار، ٢٠٠١: ١٧٥).

بۆ نموونە (ئەحمەد موختار جاف) لەشیعری (ئەوسا قایمەقام ئێستە مەحبووس)(ئەشکەوتی جاسەنە-١٩٢٣)دا، لەسەرەتادا مەدح و ستایشێکی زۆری (شێخ مەحموود) دەکات، لەلایەن خودی شێخەوە زیندانی کرابوو، بەحوکمی ئەوەی ناوبراو باگراوەندێکی ئایینی هەبووە، بۆیە لەئازایەتی و قارەمانیەتیدا بەسەڵاحەدینی ئەیووبی و حەیدەر، کە ناونیشانی (عەلی کوڕی تاڵیب)ە و لەجوانی و قەشەنگی سیمایشدا بە پێغەمبەر یوسفی دەشوبهێنێت، سەرەڕای ئەوەی کە بەڕەئیس و سەرکردەی هەموو کورد ناوی دەبات، بەمجۆرە داوا لەبای سەبا دەکات پەیامەکەی بەشێخ بگەیەنێت و دەڵێت:

سەبا عەرزی خلووسی و بەندەگیم و هەم دوعاخوانی

ببە بۆ خزمەتی شاهی موحیتی گشت سولەیمانی

بڵێ قوربانی تۆ بم ئەی سەڵاحەدینی ئەییوبی

بەزۆری پەنجە وەک حەیدەر، بەسیما یوسفی سانی

ئەبێ ئەم قەومە ئەمرۆ شاد و خەندان و سەناگۆ بن[١]

کە چونکە تۆ شەهنشاه و ڕەئیسی جەمعی کوردانی

لەدەست کافر نەجاتمان بوو بیحەمدیللاهی وەلمێنە

لەسایەی دەست و تیغ و هیممەتی تۆ شێری یەزدانی

خوداوەندا بەلوتفی خۆت لەچاوی بەد بەدووری کە

بەجاهی سەییدی مورسەل، بەڕۆحی شاهی گەیلانی (ڕەسووڵ،٢٠١٦: ١٨١)

لەدێرەکانی دواتردا داوای ڕوونکردنەوە و هۆی بەندکردنەکەی لە شێخ دەکات و داوای لێخۆشبوون و سەرفی نەزەری بڕیارەکەی لێدەکات.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە، سەرەڕای ئەو ڕووداوانەش هەر خۆی بەبەندە و غوڵامی دەزانێت و شانازی و فەخر بەگرتنەکەیەوە دەکات، بەمەرجێک لوتف و میهرەبانی جارانی بەرانبەری هەر بمێنێت،(د.عیزەدین مستەفا

[١] - ئەم دێڕە لەدیوانەکەی ساڵی٢٠١٦، کە لەلایەن (د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ)ەوە ئامادەکراوە، نابینرێت، بەڵام لای(د. مارف خەزنەدار)هاتووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب٥،چ١،دەزگای ئاراس، هەولێر،ل ٤٦٠

ڕەسووڵ) سەبارەت بەم دەقە و پەیوەندی نێوانیان دەڵێت: "ڕەنگە بووترێ، ئەم بەندێکە و لەبەندیخانە داوای بەربوون ئەکات، بەڵێ شێخ زوو بەری داوە، بەڵام هەڵوێستی ئەحمەد موختار بەرانبەر بەشێخی ئەمر هەر ئەمەبوو. پاش ئەو ماوە کەمەی بەندیخانەی شێخ، دەسەڵاتی پەیداکردۆتەوە، هەموو ئەو ڕۆژنامە و چاپەمەنی یانەی لەبەردەستدابووە کە ئینگلیز خواهەکوردەکان گرتبوویان بەدەستەوەو هێرشیان تێدا ئەبردە سەر شێخ، بەڵام وەک هاوڵاتیەکی بەشەرەف چ بەنووسین و چ بەقسە و وتن و چ لەڕەفتاری ڕۆژانەدا، لەگوڵ کاڵتری بەشێخ نەوتووە"(ڕەسووڵ، ٢٠١٦: ٢٢)، هەر بۆیە "شێخی ئەمریش تا دوارۆژانی ژیانی لەجێی خۆیدا و لەکاتی باسکردندا بەسۆز و خۆشەویستی و بەرزییەوە ناوی ئەحمەد موختاری ئەهێنا"(ڕەسووڵ، ٢٠١٦: ٢٢).

لەدرێژەیدا دەڵێت: لە پاش ئەم ئیحترامـــاتە، بلـــێ بەو شـــاهـــی دەورانـــە

چ جـــورێکی هـــەیە (ئەحمەد)، کە کـردووتە بە زینـدانـــی

ئەگـــەر شایەد لەخـــزمەتتا خـــراپەی ئەو بـــووە سـابیت

بەلوتفی خۆت عەفووی کە چونکە هەرخۆت ساحێب ئیحسانی...

ئەگـــــەر داوای کـــەفیـلی لێ ئەفـــەرمووی حـــازرە، یاخود

مـــوڵک تەئمیـن ئەکـا سـەدجـار، بەئایین و بە ئیـمانی

هەتا مـردن وەکـو بەندە، لەخـــزمـەت شاهـی کوردستـــان

حـــەیاتـــی خـــۆی فیداکا بۆ هەمـــوو ئەمرێک و فـــەرمانی

مـــن ئەم حەپسەم لەلا فەخرە، بەشەرتێ سەرەوری کوردان

لـــەحـــــەق ئەم بەندەیەی خـــۆیە، بمێنێ لـوتفی جارانی

بەزاتـــی پاکـــی بێ هەمتـــا، بەنووری ئەحمـەدی مورسـەل

جـــەنابت سوێند ئەدەم قوربان، بە گشت ئایاتـی قـورئانی

بەلوتف و مـــەرحەمەت ئەم بەندەیەی خۆتە عـەفو فـەرموو

ئەتۆ ســـەرفی نەزەر فەرموو، لەجورم و سـەهـــوو نیسیـــانی

لەلـــوتـــفی تۆ زیاتر هیچ پەناهێکی نی یە (مـــوخـتـــار)

بەکـــاری نەهـــاتـن دۆستەکـــانی، خـــزم و خوێشـانـی (ڕەسووڵ، ٢٠١٦: ١٨١-١٨٢)

**٤- ڕیسواکردنی جاسووس و خائینان**

بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بەپرسی داگیرکەر و دوژمنەوە لەشیعری زینداندا، مەسەلەی بەکرێگیراو و خائین و جاسووەکانن، ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە کار بۆ دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتەکەیان، یا هی وڵاتێکی دیکە دەکەن، یاخود بەسەر وڵات و میللەتی خۆیانەوە وەکو ناپاک و خائینێک ئەنجامی دەدەن، بەمەش زانیاری پێویست دەربارەی دۆخی (سیاسی، سەربازی، ئابووری، تەکنەلۆژی...) کۆدەکەنەوە و پێیانی دەدەن.

لەمێژوودا کەم نین ئەوانەی پشت لەخاک و هاوڵاتیانی خۆیان دەکەن و بوونەتە داردەست و چاوساخ و گوێی لەمستی بێگانە لەپێناوی پول و پارە و پلەوپایەدا، ڕۆڵیان خراپتر و قێزەونترە لە دوژمن، چونکە نەیار، بەئاشکرا خۆی یەکلاکردۆتەوە و ڕێگای دژایەتی و سەرکوتکردنی گرتۆتەبەر، بەڵام ئەمانە لەبۆسە و هەلێک دەگەڕێن تاکو هاوزمان و هاووڵاتیانی خۆیان بەگرتن و سێدارە و کوشتن بدەن، جا چی لەزیندان بن و بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری بێت لەسەر گرتووەکان، کە وەکو بەندکراوێکی ئاسایی خۆیان وێناکردووە و خۆیان خزاندۆتە ناویانەوە، "هیچ داگیرکەرێک بەبێ یارمەتیدەرێکی ناوخۆیی ناتوانێت ئەرکەکانی جێ بەجێ بکات، ئەگەر سیخوڕ و خیانەتکاران نەبن، ئەوانیش لە زۆرینەی ڕۆڵەکانی وڵاتن و ڕۆڵێکی نەرێنی لەدۆزی نەتەوەیی دەگێڕن و خزمەت بەدوژمنەکانیان دەکەن"(المعوش،٢٠٠٣: ١٢٨)، بەشێکی دیکەی ئەمانە لەدەرەوەی زیندان و هەمیشە چاودێری کەسانی نیشتیمانپەروەر و ئازادیخوازانیان کردووە و لەهەر جموجوڵێک دوژمنیان ئاگادارکردۆتەوە.

(ئەسعەد مەحوی) خائیین و خۆفرۆشان ڕسواو هەجوو دەکات، ئەوانەی گەلێکی دیل و بێ پشت و پەنای خۆیان دەفرۆشت بۆ بەرژەوەندی کەسی، ئەوانە بە ڕوو ڕەش و شەرمەزار و بێ حورمەت وەسف دەکات و دەڵێت:

ڕوو ڕەشی و بێ حورمەتی بۆ ئەوکەسانەی خائینن

ئەی فرۆشن ئەم گەلەی داماوو دیلەی قوڕ بەسەر (ئاگرین،٢٠٠٤: ١١٠)

لەجێگایەکی دیکەدا، بەشێوەیەکی توندتر سەرزەنشتیان دەکات، بەخود پەسەند و لووت بەرز و خائین ناویان دەبات، کە چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکانی کۆمەڵگەن بەحیساب، شاعیر بەشیاو و لایەقی سێدارە و پەتیان دەزانێت، چونکە وەکو ئەوەی، کە دڵسۆزی گەل و نیشتیمان نین، هاوکات چینی خەباتگێڕان و تێکۆشەرانیش سارد دەکەنەوە، تاکو ڕادەی عەدەم و خاڵی سفر:

گەرچی خوێندەوارەکانم لایەقی دارن هەموو

خود پەسەندو خائینن سەیریان ئەکەم ئەچمە عەدەم

نەونەمامێکی شەرەف نایەتە بەر بۆ زاڵمان

دەستی پیسی با نەبێ (ئەسعەد) ئەسیر بێت و بەغەم (ئاگرین،٢٠٠٤: ١٥٦)

(گۆران)، بەشێکی زۆری ئەو شێخ و مەلایانە، بەجاسووس و خۆفرۆش وەسف دەکات کە لە دەرەوەی زیندانن و بە ئازادی دەسوڕێنەوە، بونەتە ئامراز و مەقاشی دەستی دوژمن، ئاغا و بەگەکانیش هەروا لەزمانی زبری قوتاربن، کە بەپێست و ڕواڵەت مەردن، کەچی بەئێسک و لەجەوهەردا بێ ناموسن، چونکە بۆ چەوسانەوەی هاونیشتمانی و کەس و کاری خۆیان دڕ و بەهەڵمەتن، کەچی لەئاست بێگانە و دوژمندا، دەست لەسەر سینگ و گوێڕایەڵ و بێ غیرەتن وەکو ژن، هەروەکو دەڵێت:

بۆ ئەو دیوی شێخ و مـەلا بەشـی زۆری جـــاسووس

زۆربەی ئاغا بەپێست مەردو، بەئێسک بێ نامووس

بۆ زۆرداری ناوخــــۆ دڕو، لــەلای بێـــــگـــانە

دەســت لەســەر سنـگ لـەبەر ئەکــەن جلـی ژنانە (مەلاکریم،١٩٨٠: ٢١٦)

## دووەم: یادکردنەوەی وڵات و کەس و کار

زیندان جگە لەئازار و کۆت و بەند و ناڕەحەتی، هاوکات وێستگەیەکە بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵکردن لە ڕابردوو، لە کەس و کار و هاوڕێی و دۆست و خۆشەویست و زێد و نیشتیمان، چونکە مرۆڤ هیچ کاتێک لەکەس و کارو دۆستانی بێ منەت و بێ نیاز نەبووە، هەرگیز ناتوانێت بەتەنها بژی و هەمیشە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بۆی گرنگن و دەبنە مایەیی ئارامی و دڵنەواییکردنی، هیچ کەسێک ناتوانێت دورەپەرێز و تەنها بژی و هەڵبکا، چونکە تاکەکانی کۆمەڵ پێویستیان بەیەکترە. بۆیە بەشێکی زۆری کاتەکانی دەبێتە خەیاڵ و یادکردنەوەو بەهۆیەوە چەند ساتێک لەدۆخی چەقبەستووی زیندان دێتەدەرەوە و ئەو بۆشاییە ڕۆحییە وای لێدەکات بۆ گوزارشت لەهەست و سۆز و نامۆیی ناو زیندانی، پەنا بباتە بەر پێنووس و وشە "دواجار ئەم غوربەت و نامۆیی و نەهامەتی و دوورییە دەبێتە هۆکارێک بۆ داهێنان، چونکە نووسەر بۆ دەربڕین و خستنەسەر کاغەزی یادەوەرییەکانی، بێجگە لەدەقی ئەدەبی و دنیای ئەدەب شتێک باوەشی بۆ ناکاتەوە، تاوەکو خەم و حەسرەتەکانی تێیدا بنێژرێت"(عەبدوڵلا،٢٠١٦: ٧٨-٧٩). یادکردنەوەکان هەمە چەشنن و ئێمە چەند جۆرێکی دەخەینەڕوو:

### ١- یادکردنەوەی نیشتیمان

دیارە زۆربەی شاعیران و نووسەران بەهۆی خۆشەویستی خاک و هەوڵدان بۆ ڕزگارکردنی و تێکۆشان لەپێناویدا خراونەتە زیندانەوە، لەوێشەوە دیسان بەخۆشەویستی ئەوەوە ژیاون و لەیادیان نەچووە سەرەڕای ناڕەحەتی و ئازارەکانیان، بەم حاڵەتەش دەوترێت نۆستالژیای نیشتیمان "ئەو کەسەی، کەوا بەهەر هۆکارێک لە هۆکارەکان بێت تووشی زیندان دێت و لەزێد و وڵاتی خۆی دووردەخرێتەوە، ئەو کەسەش لەئێستایی زیندانی ناخۆشی، دوێنێی ئازادی و خۆشی بیردێتەوە، حاڵەتی نۆستالژیای بۆ دروست دەبێت"(عەبدوڵلا،٢٠١٦: ٦٦).

(فایەق بێکەس) لەشیعری (ئەی وەتەن)(١٩٣٠)دا، بەڕوونی یاد و نۆستالژیای زێد و وڵاتی تێدا بەدی دەکرێت، شاعیر هەرچەندە لەچوارچێوەی وڵاتی عێراقدا بەندکراوە، بەڵام هیچکات بەوڵاتی خۆی نازانێت وەکو ئەوەیە لەخاک و وڵاتێکی بێگانەدا بەندکرابێت، بەهۆی خۆپیشاندانی(١٩٣٠)ی بەردەرکی سەراوە دەخرێتە زیندان، هەر لەوێی ئەم شیعرەی بەگیانێکی شۆڕشگێڕییەوە نووسیووە و دەڵێت:

ئەی وەتەن مەفتــوتی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە

وەختی بەندی و ئەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە (ئاشنا،٢٠٠٥: ١٥)

وەک دەبینین شاعیر لەگەڵ وەتەن دەکەوێتە گفتوگۆ، سەرەڕای کۆت و بەند و تەوق و ئەسارەت، هێشتا مەفتوون و شەیدایەتی، کە هیچ گرتن و ئازارێک ناتوانێت بۆ ساتێکیش لەفیکر و زیکری غافڵیکات، "هەندێک کەس یان هەندێک نیشتماندۆست ئەوەندە هۆگری خاک و نیشتیمانن، لەدووریدا تەمەنیان دەبێتە فرمێسک،

هەندێک کەس لەدووری نیشتمان گریان و خەم دەبێتە پیشەیان، زۆر لەنووسەرە جیهانییەکان کە دوور لە وڵاتەکەیان بوون، شاکاری تراژیدیی و ڕۆمانسیئامێزیان نووسیوە"(پاڵەوان،٢٠١١: ٢٧٤).

**٢- یادی هاوسەر**

یەکێکی دیکە لەوانەی، کە شاعیری زیندانیکراو خەیاڵ و مەیل و تاسەی کردووە، هاوسەر و هاودەمی ژیانی بووە، دیارە ڕەگەزی بەرانبەر بەتایبەت هاوسەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەژیان و ڕەنگدانەوەی بەسەر هەڵسوکەوت و کردارەکانی ئەوی تردا جێی دەهێڵێت. (عومەر پەتی) هاوسەرگیری بەمجۆرە پێناسەدەکات: "پرۆسەیەکە، کە لەبەردەم خەڵکیدا دەبەسترێت بۆ تەرخانکردنی سیفەتە سەرەکییەکانی خۆشەویستی بۆ یەکتر، دەتوانین بڵێن (هاوسەری) واتا: هاوبەشی لەسەرین(بالیف)،(سەریناو)، یاخود هاوبەشی سەرجێ، بەواتایەکیتر هاوبەشی لەژیانی خێزانیدا، لەهاوسەرگیریدا پەیمانی ئارامبەخشی ئارەزوو دەگۆڕێت بۆ خۆشەویستی"(معروف،٢٠١٥، ١٣-١٤)، واتە "هاوسەرگیری پێوەرە بۆ خۆشەویستی و گەشەکردن، چونکە بەردەوامی لە هەوڵدایە بۆ بەدەستهێنانی یەکبوونی ڕاستەقینە لەنێوان هەردوو خۆشەویستەکە"(معروف،٢٠١٥: ١٤). جیا لەوەی کە هاوبەش و هاوخەمی ژیانیتی، هاوکات دایکی جگەرگۆشەکانێتی و پەیوەندییەکی ڕۆحی و جەستەی بەهێز پێکیان دەبەستێتەوە، کە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانیان پێکەوە بەشکردووە، هەمیشە وتراوە لەپشت هەر پیاوێکی مەزن و سەرکەوتووەوە ژنێکی مەزن هەیە، لەزیندان و تەنهایدا ئەم هەستی نەبوونە لای شاعیر دەگاتە لوتکە و دەبێتە وێستگەیەک بۆ یاد و نوێکردنەوەی سۆز و وەفا و خۆشەویستی و دەربڕینی کەف و کوڵی ناخی.

(مەدهۆش)، لەشیعری(نامەی یەکەم بۆ یار)(بەندیخانەی کەرخ-١٩٤٨)دا، کە بۆ (سەبری) خێزانی نووسیوێتی، بەڕوونی دەردەکەوێت چەند یاد و تاسەی دووری دەکات:

ئەی یاری شیرین..ئەی یاری شیرین

ئەی نەونەمـامـی دەم بەپێکەنیـــن

وەهــا نەزانـــی تــۆم لەبیــرچـــووە

گــڕی دڵـــداری جــاران کـــز بــووە

هیچ بەندیخـــانە و ئێش و ئازارێک

یادت لــە دڵــمـا دەرناکــا جـارێک        (مەلاکەریم، ٢٠٠٦ :٦٢)

لەلای شاعیر هاوسەرەکەی هەر مەعشوق و یارەکەی جارانە، کە لەدەمی ئەویندارییدان، بەنەمامێکی تازە و دەم بەپێکەنینی دەچوێنێت، بەبیری دێنێتەوە کەوا سەرەڕای بەند و ئێش و ئازارەکانی، بەڵام ئەوی بیر

نەچۆتەوە. لەدێڕەکانی (٤ بۆ ٨) دا، ئەوایندارێکردن و خۆشی ژیان، پەیوەستی بارودۆخی سیاسی و ڕامیاریی وڵات دەکات، کە تا دەور و زەمانە وەها شووم بێت، باخی دڵداریش بێ بەرهەم و بێ ئاکام دەبێت، چونکە کەس هەست بەئاسایش و بەختیاری ناکات و دەیەوێت بڵێت هەردووکمان دیلین، شاعیر مەبەستێتی ئەو ڕاستییە ئاشکرا بکات، کە هەموو سوچێکی وڵات کراوەتە زیندان چ لەژووری زیندان یان دەرەوە بێت جیاوازی نییە، دواتر ئامانجی داگیرکەر و ئیستعماری پێ ڕادەگەیەنێت، کە لەدووری هەزاران میللەوە هاتووە تەنها مەبەستی بەتاڵان بردنی خێروبێری وڵاتە، هەر کەسێکیش بێتەگۆ، شوێنی حەپسخانە و سزا و کوشتنە:

بەڵام لەدەوری شـوومـــی وەهــادا

باخی دڵــداری هــەرگیـز بەرنـادا

چونکە کەس تەنیا بەختیـار نابێ

تـاکـــو دەورو پشتی لەســزادا بێ

ئەو ئیستعمـــارەی ناوت بیستووە

گوڵێکی وەک تۆو یارتی گــرتووە

چـونکـە ئەیەوێ خێــراتــی دنیــا

کۆ بکاتەوە و بیخــوات بەتەنیــا (مەلاکەریم، ٢٠٠٦: ٦٢)

**٣- یادی منداڵ**

یەکێکی دیکە لەوانەی شاعیری زیندانیکراو یاد و بەسەری کردۆتەوە، منداڵ و جگەرگۆشەکانی بووە ،"منداڵ بەشێکە لەژیانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و تەواوکەری ڕەوتی مێژوویەتی، هەر لەیەکەم چرپەی سەرهەڵدانی مرۆڤ، لەمنداڵیەوە دەستی پێکردووە"(ئەحمەد،٢٠٠٧، ٨). منداڵان جوانترین و بەنرخترین دیاری خودان، شاعیر لەدووریان لەدۆخێکی دژواردا دەبێت، خۆشەویستی منداڵ لەدڵی باوک و دایکدا شتێکی فیترییە و لەدڵ و هەناویاندا ڕەگی داکوتاوە، ڕەنگە پێش هەموو کەسێک زیاتر بیر وخەیاڵی لای ئەوان بێت، پەرۆش و عەوداڵی زانینی چۆنیەتی گوزەرانیان و ئاواتەخوازی بینینەوەیان بێت.

بەناوبانگترین شیعری زیندان بۆ ئەم مەبەستە دانرابێت، (بۆ شەش پەپولەکەم)(١٩٦٤)ی (کاکەی فەلاح)ە، کە تێکڕا لە پێنج کۆپلە پێکهاتووە، لە کۆپلەی چوارەمدا، شاعیر بەتەواوی لەدووری جگەر

گۆشەکانی بێ قەرارە، بەجۆرێک بیریان دەکات، کە تەنها و تەنها خەمی دووری ئەوانێتی،"دوایی نامەیەکم بۆ ماڵەوە نارد، گوتم ڕەسمێکی منداڵەکانم بۆ بنێرن، تا بزانم داخۆ ماون یا نەماون"(عومەر، ٢٠٠٦: ١٣٥):

شەش پەپوولەکەی گۆشەی باخەکەم

هــەر بۆ ئێوەیە ئاخ و داخــەکەم

یــادی ڕۆژانــی عــومــری ڕابــردوو

کەچەن زوهات و چەن زو بەسەرچوو

یــادی فڕینــی ئەو ناو بەهــەشـتە

ســەیرو سـەیران و گـەڕان و گەشتە

یــادی ئەو هەمــو یادگــاریــانە

بــزەی ســـەرلێــوی ژینی جـارانە

وا لـــەبــەرچــاوی خـەیاڵاتـی من

بـەڕۆژو بە شـــەو هــەردێن و ئەچـن...(بنەماڵەی شاعیر،٢٠٠٤: ١٦٤)

شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ یاد و خاتراتی خۆش و شادییەکانی ڕۆژانی ڕابردوو و دەیانهێنێتە پێش چاوی خەیاڵاتی، کە چەندە کورت بوون ئەو ڕۆژانە، زوو هاتن و زووش بەسەر چوون، یاخود یادی فڕینی ئەو ناو بەهەشت و ئازادییە، وە یان سەیران و گەشت و گەڕانانە، کە تێکڕای ئەو ڕۆژانە سەرچاوەی خۆشی و بزە و خەندەی سەرلێوی ژین و ژیانی جاران پێک دەهێنن.

**٤- یادی هاوڕێی و برادەر**

وەکو چەمک، "برادەر ئەو مرۆڤەیە، بەویستی خۆمان و بەحەزی خۆمان لەنێو کایەی ژیان هەڵمان بژاردووە و کردوومانە بەهاوڕێی ڕۆژگار، واتە برادەر لەدەرەوەی کارو ویست و بەرژەوەندی ڕۆژگار لەدەوری یەک کۆبوونەتەوە، وەک برا پێکەوە ڕۆژەکانی ڕۆژگار دەگوزەرێنن"(عەلی، ٢٠١٨)، واتە هیچ بەرژەوەندییەک کۆیان ناکاتەوە جگە لەڕێز و ئاوێزانبوونی ڕوحی و قبوڵکردنی یەکتر، کە بەواتای برای دەرەوەش دێت.

یەکێکە لەجوانترین پەیوەندییەکان، وا لەتاکەکان دەکات هەست بەخۆشی و بەختەوەری بکەن لەمیانەی ئەو پەیوەندییە، مرۆڤ پێویستی بە هاوڕێیەکە لەڕەگەزی خۆی، چی بۆ گوزەراندنی کات و ساتەکانی بێت، یا وەک

لایەنی ڕووحی و دوورخستنەوەی لەتەنهایی بێت. شاعیریش پاش کەسە نزیکەکانی خۆی ئینجا دەکەوێتە مەیل و یادی هاوڕێکانی، کە دەمانێک پێکەوە بوون و دەیان یادگاری شیرین و تاڵیان پێکەوە تۆمارکردووە.

(کامەران موکری) لە بەشێکی شیعری (لەزیندانەوە)(١٩٥٧)دا دەڵێت:

ئاسمـان وەکـو کەلە بێــژنگ

ئاوات ئەبارێنـێ بە چــەنگ

بەچاوی خەیاڵ دوور(لەدەشت)

کچـان ئەبینم دێـن بۆ(گەشت)

سەوزە گیـایە، گـوڵـە، هۆزار

قــاقـایە، تـریفـەی نـازدار

یـــادی ئێـــوە هـــاوڕێنــە

لـــەباخــی دڵـمـا شیــرینــە (بەفرین،٢٠١٢: ٩٧)

شاعیر یادی هاوڕێیانی لەهەست و زاکیرەیدا زیندووە و لەدڵیشیدا شیرین و جوان و هیوا بەخشن و لەبیری نەکردوون، دەبینین خۆ دەربازکردنێکی کاتییە، لەئازار و ناڕەحەتییەکانی و تەنهایی نێو زیندان، هیچ نەبێت بەبیرخستنەوەی ئەو ڕابردووە شیرین و زیندووانە، پشوو و ئارامیەک بەدڵ و مێشکی ماندووی دەدەن.

٥- یادی خۆشەویست و دڵدار

"شیعری خۆشەویستی و دڵداری بۆ خۆی یەکێکە لەبابەتە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی شیعرو ڕاستەوخۆ سەرکاری لەگەڵ هەست و دەروون و چێژی کەسی شاعیردا هەبووە"(مصطفی، ١٩٨٩: ٤٧)، شیعر و خۆشەویستی دوانەیەکی دانەبڕاون، هەمیشە "شیعر و خۆشەویستی و داستان و قەسیدە شیعرییەکان لە زۆربەی زمان و شارستانییەتەکاندا پڕن لە سۆزی خۆشەویستی، شاعیرانیش بەتێکەڵەیەک لەڕێژەی جیاواز لەپاڵنەری جەستەی و پاڵنەری ڕۆحی باسی ئەم سۆزە دەکەن"(کەمال،٢٠١٥: ٧٤١).

شاعیرانی زیندانیکراویش وەکو هەموو شاعیرانیتر گرنگیان بەمجۆرە شیعرە داوە، بوون بە سەرچاوەو ئیلهامی گەلێک شیعری نێو زیندان، کە دەگەڕێتەوە بۆ یادگارییە خۆش و شیرینەکانی و دەیهێنێتەوە پێش چاو و خەیاڵی و لەگەڵیاندا دەژی و سارێژکەری هەندێ لەبرینەکانێتی. هەمووکاتێ بەئومێدی ئازادبوون و گەڕانەوە بۆ باری ئاسایی و شادبوونەوەیان ڕۆژیان ژماردووە، چاوپێکەوتنی کەسی بەندکراو لەو ساڵانەدا دژوار بووە، جا بۆ خۆشەویست و ئەویندار هەر یاساغ و بڤە بووە، بەهۆی باری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەوە دەبنین

تاكە ڕێگایەک هەبوویێت تاکو هەواڵی یەکتر بزانن یان پەیام و نامەیان بگۆڕنەوە، مەگەر لەڕێگەی کەسی سێیەمەوە توانیبێتیان ئەو کارە بکەن، "نامەکەی لەدەستی خۆیدا توند گرتبوو، ئینجا پرسی کوڕم، ئەو کچە قولەڕەشە کێیە، ڕەق ڕەق، درێژ دەرێی زەڕافەیە، ئەو نامەی لۆ تۆ ناردیە... نامەکەم لەدەستی دایکم وەرگرت و کردمەوە، تەزوویەکی خۆشی بەسەرتاپای جەستەمدا هات"(دیبەگەیی،٢٠١٥: ٣٧٩).

(مارف بەرزنجی شەهید)لە شیعری (لەخەوما)(گرتووخانەی بەغدا-١٩٦١)دا، کە بەخەون و خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی نێوان خۆی و خۆشەویستەکەی و دەڵێت:

لەخەوما یارەکەی جاران لەتافی جوانییا ماوین

وەکو دوو کۆتری نەخشین بەتەنیا لەگوێ ئاوین

وەکوو ئەم دەهری هیجرانە

وە یا ئەم لێک بەجێمـــانە

نەبو بێت و نەڕووی دابـێ

وەکو ئەم دەست لەیەکتر شووشتنە

تەم بـێ و لــەدڵ ڕابـێ

لەگوێ ئاوێ بەجووتە بێ خەفەت ڕاز و نیازمانە

نەترســی چــاوی بەدکـــار و نەئازادی ژیانمــانە

چ خۆشە دڵ وەهــا ســادە

وەها پڕ خۆشەویستی بێ

لەڕوخساری نیگارێکا هەموو ئاوات و هەستی بـێ (بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ١٢١)

شاعیر لەخەونیدا هێشتا خۆی و یارەکەی لەتافی لاوی و جوانیدان، کە ژیان ئاسایی و شادیە وەکو جاران، نەدەهری هیجران و دابڕان و نە لەیەکجێمان لەئارادابێت، دەستەواژەی (دەست لەیەکتر شووشتن) ئاماژەیە بۆ بێهیوایی شاعیر لە بینینەوەی خۆشەویستەکەی بۆ جارێکیتر، کە پاشتریش هەروا دەردەچێت، چونکە لەزیندان ئازاد ناکرێت و لەسێدارە دەدرێت. پاشان ئەو ژوان و ڕاز و نیاز و دەردە دڵ گۆڕینەوەی کە دەیخوازێت، تەنها و بەجووتە و بێ ترسی چاوی بەدکار و بێ ئازار و مەینەتی ژیان بێت، چونکە بەدکار و ڕەقیب، هەمیشە

لەداستان و چیرۆکە ئەڤینداریيەکاندا ڕۆڵێکی نێگەتیڤ و خراپیان بینیووە، بەفیتنە و ئاژاوەنانەوە و ئیرەی بردنیان بوونەتە مایەی لەیەکترکردن و بەیەک نەگەیشتنی عاشقان.

یاخود (عوسمان عوزێری) لەشیعری (ئاوات و سزا)(بەندیخانەی سلێمانی-١٩٦٢)دا، لەدەستپێکدا، وەفا و خۆشەویستی خۆی دووپات دەکاتەوە بۆ ئەویندارەکەی و دەڵێت:

خۆشەویستی تۆ وەک خۆراک و ئاو

وەک خەو خۆشی، وەک گلێنەی چاو

بۆ من پێویستە هەتا دوای ژیــان

لەناو خوێنمـایە تێکـەڵە بەگیـان (چەرمەگا،٢٠٠٩: ٢٥١-٢٥٢)

نەک هەر ئەوەندە، تەنانەت ئەوەش دەردەخات، کە یاد و یادگاریيەکانی ڕابردوویان، بوونەتە فریادڕەس و پاڵنەرێکی مەعنەوی و گۆڕێکن بۆ ئێستایی، خۆڕاگری و ئارامی بەخشن بۆ بەرگەگرتنی سزا و ئازارە کۆن و لەمێژینەکانی ناو زیندانی، کە وەکو فلیم و وێنە دەیانهێنێتە پێش چاوی و لەسەریان دەژی و بەنی خەیاڵی لەسەریان دەهۆنێتەوە:

ئێستاش کەبەندی ناو ئەم زیندانەم

گیــرۆدەی کۆنــی ئەم بەندیخــانەم

گیــانم بەوەیە لەســەر یادی کــۆن

بەنــی خەیاڵــم ئەنم هۆن بە هــۆن

هەڵــوێستەکانی پێشوو وەک فلــیم

دێنمــە پێش چـــاو لەسەری ئەژیـم

گـــەر وەهـــا نەبێت ستەمــە ژینـم

ســـزا بچێـــژم شێـــوەت نەبینـم (چەرمەگا،٢٠٠٩: ٢٥٢)

## سێیەم: کاریگەری دەروونی

### ١- بیستنی هەواڵی خۆش

**هەر هەواڵێک دەربارەی کەس و کارو هاوڕێی و نیشتیمان و وڵات، بۆ شاعیر جێگای بایەخ و گرنگییە، جا هەواڵەکە شاد و دڵخۆشکەربێت، بەدەمی و وتن یان لەڕێگەی نووسراو و نامە و دەزگا ڕاگەیاندنەکانەوە بێت، کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر هەست و سۆزیان دادەنێت و دەبێتە هەوێن و بنەمای داڕشتنی دەقێکی شیعریی و هەستی خۆشحاڵی و شادومانیان بەرانبەر ئەو هەواڵە گوزارشت لێی دەکەن، چەندین دەقی نێو زیندان لەژێر کاریگەری ئەم جۆرە هەواڵەدا دانراون.**

**(کاکەی فەلاح) لە(١٩٥٧)دا لەزیندان دەبێت، کاتێک وێنەیەکی منداڵەکانی بەدەست دەگات، زۆر دڵخۆش دەبێت و دەبێتە خۆشترین هەواڵ و دیاری بۆی، بە چاوتێبڕین و سەرنجدان لێی، تاڕادەیەک حەسرەت و تاسەی دووری لێیان دەشکێت، سەر ئەنجام لەدەقی (ئەی وێنە) دا، ئەو هەست و سۆزەی دەخاتەڕوو. شاعیر خەم و حەسرەت و دابڕانی وەکو باوکێک نیشان دەدات، کە لەدووری جگەرگۆشەکانی تووشی بووە، تامەزرۆی دیداریان تاکو ئەندازەیەکی زۆر تەنگی پێ هەڵچنیووە و بەوپەڕی پەرۆشی و بێ قەرارییەوە لەوێنەکەی دەستی دەڕوانێت و دەڵێت:                    ئەی وێنە جوانەکەی دەستم؛**

**چۆن شنەی شەماڵ هێناتی؟**

**هەوێنی تازەی هەڵبەستم**

**لای کام فریشتەوە هاتی؟**

**چی تۆی گەیان**

**ئارامی گیان**

**بەهرەی ژیان**

**سروەی بەیان**

**خونچەی تازە بەهارەکە**

**لە باخا جێگەت سەرچڵە**

**ئەستێرە پرشنگدارەکەم**

**تۆی ڕۆشن کەری ئەم دڵە**                    **(بنەماڵەی شاعیر، ٢٠٠٤: ٥٧-٥٨)**

(گۆران) لەسەر و بەندی ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتیدا کاتێک لەزیندان دەبێت، بەبیستنی ئەو هەواڵە خۆشە، هەستی خۆی لەشیعری (لەزیندانا چواردەی تەمووز)(بەندیخانەی بەعقووبە-١٩٥٨)دا دەردەبڕێت، چونکە هەر ئەو ڕژێمە بەهۆی جیاوازی بیروباوەڕی ئایدۆلۆژی و سیاسییەوە بەندی کردبوو، زۆربەی گەلانی عێراق و ئازادیخوازان خۆشحاڵ بوون بەم گۆڕانکارییە. ئەم شۆڕشە لەشیعری دەیان شاعیری کورددا ڕەنگی داوەتەوە و شادمانیان دەربڕیوە و پێشوازیان لێکردووە. لەسەرەتادا بەخەون و خەیاڵی دەزانێت، ئەو دەنگ و هەواڵە بە ئەستەم و مەحاڵ دەگەنە ژووری زیندان و گوێیەکانی، "زیندانیەکانیش جووڵە جووڵیان تێکەوت. هێندێک لە گوێی سووکەکان لافی ئەوەیان لێدا کە گوێیان لە هەنگامەو هوڕکێشانی دەرەوەی بەندیخانەیە لەشاری بەعقووبە"(نوری،٢٠٠١: ٢٧٧)، تێگەشتین "کەواتە ئەوە شۆڕشە، شادییەکی بێ ئەندازە دڵ پڕاو پڕ دەکات و مرۆڤ وشەیەکی وا نادۆزێتەوە بیروڕای خۆیی لەم بارەوە پێ دەرببڕێ"(نوری،٢٠٠١: ٢٧٧)، پاشتر داوا لە هەوای شەڵەقاوی ناو زیندان دەکات کپ بێت وەک منداڵی بەرمەمکان، بۆ ئەوەی بەباشی گوڵلەی مانای گوێی بپێکێت :

دەنگێکی دوور،

دوور... ئێجگار دوور...

بە ئاستەمێک ئەگاتە ژوور

ئەی دەنگی دوور

بە ئاستەمێک ئەگەیتە ژوور

ئاخۆ سپیت، یان ڕەش، یان سوور؟

وەرە پێشتر..

چۆن ئاو ئەڕژێتە ناو ئاگر

لەڕێی گوێوە، بڕژێرە گیان

زیندانم پڕ کە لە کۆڵنەدان

زنجیری پێ،

کپ بە تاوێ، وەک لۆکەی گوێ

هەوای شڵەقاوی زیندان

بنــوو، وەک بەرمەمکان ئەنــوێ

با دەست ڕێژی ئەم دەنگەی دەر

گــوللەی مــانای گــوێم بپێکــێ

بەڵکــو گــڕەی تینوێتیی ســەر

وەک تۆپ نالەی بێ و بتەقــێ (مەلا کریم،١٩٨٠: ٢٨٠)

**٢- سکاڵا دەربــڕین**

لەفەرهەنگی (خاڵ)دا، سکاڵا بەواتای "هەڵڕشتنی داخ و خەفەتی دڵ، لای یەکێک دێت"(خاڵ، ٢٠٠٥: ٢٥٧)، هەروەها وەکو چەمک و پێناسەش: "گلەییکردن مەیلێکی فیترییە لەمرۆڤدا پەنای بۆ دەبات، کاتێک هەست بەئازار، یا خەم، یا نائومێدی دەکات، کە ڕازی نییە بەوە و لەهەستکردن بەستەم و چەوسانەوە یان زوڵم و نادادی لەژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکرییدا، مرۆڤ ئەم هەستە دەردەکات بۆ پاڵنانی ئەو دۆخەی بەسەری هاتووە لەلایەن تاک یان لەلایەن کۆمەڵگاوە"(أختر، ٢٠٠٤-٢٠١٠: ٤). هەروەها (بیان علی عبدالرحیم) بەمجۆرە پێناسەی دەکات: "گلەییکردن گوزارشتکردنە لە بێبەشبوون و هەستکردنە بەنادادپەروەری، کاتێک دەردەکەوێت، کە بارودۆخی مرۆڤ ئاڵۆزبێت"(أختر، ٢٠٠٤- ٢٠١٠: ٤). هەر مرۆڤێک ڕەنگە ساتێک یان ڕۆژێک لە ژیانیدا، سکاڵا دەرببڕێت، بەردەوام مرۆڤەکان لەیەک دۆخی جێگیر و نەگۆڕدا نامێننەوە، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات و شوێن و باروگوزەرانکردنیان ڕەنگە دووچاری خەم و گرفت ببنەوە، شاعیری زیندانیکراویش لەئاکامی ئازارە فیزیکی و ڕەوانییەکانی، لەگەڵ خەم و دەردەدارییەکانی ژیان و زوڵم و ناعەدالەتییەوە تووشی بێهیوای دەبێت و دەنگی گلەیی و گازندەی بڵنددەکاتەوە و گوزارشت لەناوەوەی دەکات و بەیەکێک لەهەرەباوترین بابەتەکانی شیعری زیندان هەژماردەکرێت، چەند جۆرێکی هەیە(سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی و خودی، فەلسەفی، عیرفانی...).

(مەلا حەسەن نەوحی زەنگەنە)، لەشیعری (نەوحی لەبەندیخانەدا)(بەندیخانەی کەرکووک-١٩٥٩)دا، سکاڵای خۆی بەرانبەر ئەو دۆخە ناهەموارەی تێیدایە دەخاتەڕوو، کە چۆن سێ مانگی تەواو و ڕەبەقە لەسووچی زیندان نراوە. سکاڵا و گازندەیی ئەوەیە کە کەس لێی ناپرسێتەوە و پشتگوێی خراوە، پێی وایە یاسا و دادگا سەروەر نییە ئەگینا دەبوو کەیسەکەی بخەنە لایەکداو چارەنووسی دیاری بکەن، داخۆ فەوزەوی و ئاژاوەگێرە یاخود بێباک و بێ تاوانە "لەساڵی (١٩٥٩ز) و سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەردەمی حوکمی (عەبدولکەریم قاسم)دا، ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی و تێکڕای

ئازادیخوازانیان بەناوی فەوزەوی (ئاژاوەگێڕ)ەوە دەگرت و لە گرتووخانەکاندا بەندیان دەکردن"(کاکەیی،٢٠١٠: ١٥١). :

نەبا لێیـــداوم نەهـــەتاو
بەندم ســێ مانگە تەواو
هێشتا لەلای ئەو کـــەمە
نەیپرسیـــوە مـــەحکەمە
هیچ ناپرســێ لە تـــاوان
ئایا لەمـــم یا لـــەوان؟
بە خـەبــەری کـــازیـــبە
بووەتە هێــزی جـــازیـبە
شـــــەرتــی بە دادی وایە
بپــرسێ لـــەو کـــابرایە
کابــرا چــلۆنــی چاکــی؟
فـــەوزەوی یا بێــبـاکـی؟
مــەعنـــای بێبـــاکی وایە
ئیــجـــازەی وا لە کـــایە
هــەر چــاوە هێــزو پارە
لــە بۆ ژیان بەکـــــــارە
خــزم و بــرا بەتــۆچــی
کەتۆ بەندی بەمـــەرجێ (کاکەیی،٢٠١٠: ١٥١)

**٣-ئارەزووی مەرگ**

"مردن بووەتە باسێکی هەرە هەستیارو ترسناک و قورسایی هەموو ئایین و فەلسەفەکانیش خراوەتە سەر مردن و ئەوەندەی بۆیانکرابێت چ کەسانی لاهووت و چ کەسانی فەلسەفە لەمردنیان کۆڵیوەتەوە و هەریەکە و بەبۆچوونی خۆی بۆ مەسەلەکان چووە"(سابیر،٢٠٠٨: ٧٩). لەئایینەکاندا "مردن بەجێهێنانی وەزیفەیەکی خوداییە، کە زیندووبوونەوەی تێدایە، کە مرۆڤ نامرێت و خاوەنی ئەو ڕوحەیە کە زیندوو دەبێتەوە"(عوسمان، ٢٠١٣: ٣٩)، جا تێڕوانینی فەلسەفە پێچەوانەی ئایینەکانە و پێی وایە مرۆڤ یەکجار دەژی و یەکجاریش دەمرێت، واتە شتێک بەناوی ژیانی نەمریی بوونی نییە، لەم ڕوانگەیەوە (تۆمای ئەکوینی) فەیلەسوف دەڵێت: "سەرزەمینی تۆ لێرەیە و دەکرێت بگەیتە هەموو ئارەزووەکانت و شتێک نییە بەناوی ژیانی جاویدانی و بەهەشتی بەرین و حۆری و غیلمانی بەژن زراڤ"(سابیر،٢٠٠٨: ٨٠).

شاعیرانیش بەهۆی ڕووداوەکان و ناڕەحەتییەکانی ژیان و ئازارە دەروونیی و جەستەییەکانی ناو زیندانەوە، جا هەندێکیان بەسەبر و ئارام گرن و دۆخەکە وەکو خۆی قبوڵ دەکەن و دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەن، بەڵام هەندێکی دیکەیان بەرگەناگرن و ئەو فشارانە تووشی ڕوخان و بێهیوایی و خۆزگە خواستن بە مەرگیان دەکات، دەگەنە ئەو بڕوایەی کە مردن لەژیان بەنرخترە، "مرۆڤ لەکاتی بوونییەوە بەهەموو ڕێگا پەیبراوەکانی خامە سەرقاڵی گوزارشتکردنە لەمەرگ، بەڵام لەشیعر باشتری نەدۆزییەوە بۆ دەربڕینی هەست و بیرۆکەکانی، وشەی شیعری بەهۆی ئاوازەکەیەوە بۆ شاعیر دەبێتە دەرچەی ئارامی و لەڕێگەیەوە هەست و خەم و ئازارەکانی بەرانبەر بەمەرگ دەردەبڕێت"(کەریم،٢٠٢٠: ٤٦).

(عوسمان عوزێری) لەبەشێکی شیعری (من کێم و تۆ کێیت)(بەندیخانەی سلێمانی-١٩٦٢) دا، ئاوات بە مەرگ دەخوازێت، هەموو کات و ساتێکی بە مردن دەزانێت، بۆیە مردن یەک جارو یەک ئازارەو کۆتایی دێت، ئەمەش لەئەنجامی بێ وەفایی و بێ مەیلی یارەکەی و تاڵی و سوێرییەکانی ژیانی زیندانەوە سەرچاوەی گرتووە، ژیان بە پەتێکی قەنارە دەچوێنێت، کە بەردوام لە گەردنیدایە، نە دەیخنکێنێت و نەڕەها و ئازادی دەکات، بۆیە بەردەوامی ئەو ژیانە ناخۆشەی ناوێت و دەڵێت:

بەلــــەمێـــکم ڕێ بـــــزربوو

ئاوارەو ڕێ هــەڵــە کــردوو

شەپۆلی ئاو بە ئەم لاو لاولا

هـــەردەم بە لایەکـــمدا ئەدا

کەوتوومەتە شەوێک کـەو ڕێ

هــەر نازانم بۆ كــویّ ئەچــیّ

ئاواتمە كـــە نـوقــم بـــم

یان بۆ ڕۆخـــی دەریا بــچــم

بگــەمــە ئەویّ ئەوسا لـــەویّ

تۆزیّ وچـــانم بەر كــــەویّ

بەتەمـــا بووم كـــەوا بگــەم

بەڵام داخـــەكەم، داخـەكەم

من ئەو كەسەم كەچەند ساڵە

ژینـــم بەد بەختـییە و تاڵە

پەتــی قـــەنارەم لەگـــەردن

لە مـــل شـــەتەک دراوە توون

بەبــیّ ئەوەی گیـــانم دەرچــیّ

یاخـــوود وازم لـــیّ بهێـنریّ

مـــردن لـــەمـــە خۆشتـریّكە

هــــەر ســـاتێكم مـــــردنێكە (چەرمەگا،٢٠٠٩: ٢٤٣-٢٤٤)

**٤- ئومێد و نائومێدی**

بریتیین لەدۆخێكی سایكۆلۆژی، جا ئەوەی یەكەمیان،"ڕەنگە بەهەڵەدا نەچین، خودی (ئومێد) وەک ئەو هێزە لەقەڵەم بدەین، كە بەردەوام وزەی ژیانكردنی ساتێكی دیكەی داهاتووتر دەدات بەمرۆڤ"(حەمەعەلی، ٢٠١٨: ٢٤)، واتە هەستێكە پێمان دەڵێت هەرچیەكمان بوێت دەتوانین بەدەستی بخەین و بارودۆخ و سەرجەمی ڕووداوەكانی ژیان بەسوود و قازانجمان دەشكێنەوە، واتە بوونی شكبردنی ڕۆشنایی و تروسكایەک لەهیوا و ئاواتە لەناو جەنجاڵی ژیان و كۆڵنەدان و سەركەوتن بەسەر كەند و كۆسپەكاندا. هەروەها "بێئومێدی حاڵەتێكی دەروونییە و لەكاتی قەیرانە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكاندا بەرۆكی تاک یان كۆمەڵگا

بەگشتی دەگرێت، بێئومێدی دەرهاویشتەی نەهاتنەدی خەون و خەیاڵ و حەزو ئارەزووەکانی تاکە"(ساڵح،٢٠١٦: ٢٣٨). واتە کەسەکە بە بۆچونی خۆی واهەست بکات هەموو دەرگاکانی لەسەر داخراون و هیچ دەلاقە و کلاورۆژنەیەک لەهیوا و ئاوات بەدی ناکات و غەرقی بێئومێدی دەبێت. جا شاعیرانی زیندانیکراو چ بەهۆکاری مەسەلەی دووری نیشتیمان و ئازیزانیانەوە بێت یا خەمی رۆژگار یاخود هەستکردن بە بەهێزیی و دڕندەیی دوژمن و بارتەقا نەبوونی خەبات و تێکۆشانی میللەت و نابەرانبەری هێز یان بەپێچەوانەوە، یەکێک لەو هەستانە یا هەردووکی لای دروست دەبێت و لەدەقەکەیدا ڕەنگ دەداتەوە.

(دیلان) لەشیعری (دەمەتەقێ)(بەندیخانەی کووت-١٩٤٩)دا، لەڕێگای (لاس و گوڵ)ەوە بەشێوەیەکی دیالۆگ دەیخاتە ڕوو، بەڕوونی بێئومێدی بەدەقەکەوە دیارە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە دۆخ و گوزەرانی نیشتیمان پەروەران و دڵسۆزانی خاک و وڵات لەو ساڵانەدا چەند دژواربووە، هەمیشە لەژێر ڕەحمەتی چەپۆکی زوڵم و زۆری دوژمندا بوونە. لێرەدا (لاس) کارەکتەرێکی بێ هەڵوێست و بێ ئاگایە و بەسەرسامییەوە لە(گوڵ) دەپرسێت، کە بۆچی بەهار و دیاردە ڕازاوەکانی سروشت ئاسایی نین و شێوێنراون.

لاس: گوڵـەباخ ئیمسال شکاوە چـڵـی
وەنەوشە سیس و ژاکـاوە گـوڵـی
گوڵاڵە بەحاڵ و هێزی تیامــاوە
ئەوەندە خوێنی لەلـەش تکــاوە...
بەهــاری ئیمسـال تۆراو و تاڵـە
با لەگوڵ پرسین چیە ئەم حاڵە؟ (ئاگرین،٢٠١٣: ٦٠-٦١)

(گوڵیش) لەوەڵامدا، توانج و پلاری بێ هەڵوێستی و بێ باکی لێی دەدات، کەوا بێ خەم و کەم تەرخەم بێت، هەر بۆ مردن و نەمان باشە.

گوڵ: تۆ..بەرگی زەرقیت کردۆتە بەرت
بەڵام ڕەش پۆشە ئاسمـانی سەرت
تۆ.. وابێ خەبەر هێندە بێ باکی
بەڕاســتی ئەڵێم بۆ مـردن چــاکی (ئاگرین،٢٠١٣: ٦١-٦٢)

لە کۆتا کۆپلەدا (لاس)یش دەگاتە بڕوا و بڕیاردەدات، کە وەکو نیشتیمان پەروەران چۆن گیان و سەریان بەخشی، ئەمیش ڕێگا و ڕێچکەی ئەوان بگرێت و پەیمان و سۆز دەدات بەقەپاڵ و گازی میللەت، ڕەگ و ڕیشەی کۆیلایەتی و زیللەت لەڕەگەوە دەربێنێت، دەبینین ئومێد و هیوا دەگەڕێتەوە نێو دەقەکە :

لاس: بەڵام بەڕێـــژەی ئێســـکی شـەهیــدان

بەو قــــەنارانەی هەڵــخرا لێمــان

ڕێم ڕێگەی ڕۆڵەی گیان بەخش کەربێ

ئەوی پێشکــەش بێ نرخ بێ ســەربێ

شەرتە بەگـــازی خـەباتی میــللـەت

دەربێنـم ڕەگـــی بەنـدی و زیــللـەت (ئاگرین،٢٠١٣: ٦٣)

(گۆران) لەشیعری (لەبەندیخانە)(بەندیخانەی موسڵ-١٩٥٢)دا، بێ ئومێدییەکی قوڵ و دژوار باڵی بەسەر شیعرەکەیدا کێشاوە و بەزەقی ڕەنگی داوەتەوە. دوای ئەوەی بەتۆمەتی بەهەدەردانی (ئیختلاس)ی دارایی تۆمەتبارو دەسگیردەکرێت، تێکشکاندنێکی سایکۆلۆژی دژوار ڕووی تێدەکات، کە مۆری ناپاکی پێوەنانی لەلایەن گەلەوە زۆر ئازاری داوە. چاوەڕوانکراویشە کە دۆخی بەرەو دۆخێکی دابڕاو و لەخۆشی و شادییەکانی ژیان و مەحرووم بوونی لەدنیای ڕووناکی هەنگاو دەنێت، ئەویش بۆ (زیندان)ی تاریک و خاڵییە، بێئومێدی و ڕەشبینییەکەی لێرەوە دەست پێ دەکات، بەجۆرێک کاریگەرە لەسەری، کە حاشا لەئادەمیبوونی و نیشتیمانیبوونیشی دەکات، ئەمەش ئەوپەڕی ترۆپکی بێهیوایی شاعیر دەگەیەنێت:

تاوانم کـرد گـەل پێوە نام مــۆری ناپاکـی

بۆ زیندانە کـۆچــی ژینم دنیـــای ڕووناکــی

ئەوا ئێستا باخچەی ژیـن و شیـعرو خەیاڵــی

بوو بەژووری بەندیخــانەی تاریک و خاڵــی

ساخوات لەگەڵ دنیای جوانی، دنیای ڕووناکی

تاوانم کرد گــەل پێوە نام مــۆری ناپاکــی

ئیتر مــن هیـچ نە ئادەمیم، نە نیشتمــانی

نە ئەندامی ئەم کــۆمەڵــەم، نەکـوردستانی (مەلاکریم،١٩٨٠ :٢١٥)

(حەسیب قەرەداخی) لەشیعری (ئەی ڕۆژ)(زیندانی نوگرەسەلمان-١٩٦٤)دا، بەهۆی دەسەڵاتی خۆسەپێنەوە بێئومێدی بەسیمای دەقەکەیەوە دیارە، کە حوکمڕانی دوژمن بەشەوێکی تاریک و ڕەش وەسف دەکات، مەگەر ڕۆژ و خۆری ئازادی و سەربەستی ڕایماڵێت، ئەگینا بەچەشنێیک دەلاقەی لەسەر شاری سەدان ئاوات و ئامانج داخستووە، کە وەک ئەوەی بییەوێت ئەو دۆخە بۆ هەمیشە بەو شێوەیە بێت و هیچ گۆڕانکاری و کرانەوەیەک ڕوونەدات:

ئەی ڕۆژ شەوی تار پەنگی خواردەوە

ئاسـۆی دەم کـەلـی ئەوا شــاردەوە

پەنجەرەی لەسەر شاری سـەد ئاوات

وا داخستـووە کـــە وازی نەکـــات

وا باڵــی ڕەشی خـــۆی داهێشتـــووە

تۆیٚ بەتویٚ ئەرزیش تامـی چێشتووە (قەرەداخی،٢٠٠٢: ٨٦)

بەڵام لەدێڕەکانی پێش کۆتایدا، ئومێد و هیوا و خۆشبینی بۆ ناو دەقەکە دەگەڕێتەوە، کە داوا لەڕۆژ دەکات پەرجوو ئاسا لەسەر باڵی سیمرخی خەبات و تێکۆشانەوە و لە ئاسۆی بڵندی وڵاتەوە هەڵبێت و ڕووناکی و سەربەستی لەگەڵ خۆی بهێنێت ، بەڵام بەبیٚ نیشانە و خەرمانە دەرکەوێت، هەروەکو دەڵێت:

سـا لەسـەر باڵی سمیـرخی خەبات

هەڵبــیٚ لەئاســۆی بڵنـــدی وڵات

بەبیٚ خەرمانە خاڵ و ڕووت دەرخـە

مرواری ئاوات لەگەڵ خۆت سەرخـە

شەو بێنەوە یەک وەک چاوی پەپوو

کە لەگـەڵ ڕۆژا بکـرێت ڕوو بەڕوو

سـەهــۆڵبـەندانی ڕێوبان بشـکێنە

گـــوڵاوی گـزنگ جـــوان بپرژێــنە (قەرەداخی، ٢٠٠٢: ٨٧)

## چوارەم: چەند بابەتێکی دیکە

### ١-سەرنجدان لەدیمەنێک و بوون بە ئیلهامی شیعری

شاعیران کەش و هەوای ناخۆش و دووبارە و بێزارکەرەی ناو زیندان جا چ لەباری دەروونی یان جەستەییەوە بێت، وایان لێدەکات هەستیارترو سۆزاویتر دەرکەون لەباری ئاسایی و سروشتی خۆیان، بۆیە کاتێک دیمەنێک دەبینن، کە بەلایانەوە سەرنج ڕاکێش و بالْکێشە، دەبێتە سەرچاوە و ئیلهامی شیعرییان و لە پەنای ئەوەشەوە هەستی ناوەوەی ماندوو و مەبەستەکانیان ئاوێتە دەکەن، لەڕێگەی پەیڤ و وشەوە گوزارشتیان لێدەکەن.

(بورهان جاهید) لەسالْی(١٩٤٥)دا، کاتێک لەگەلْ کۆمەلْێک هاوڕێی بەند دەبێت، لەنیوەشەودا پشیلەیەکی برسی لەگیراوان نزیک دەبێتەوە و دەبێتە سەرچاوەی شیعری بۆی، وێنای هاتنە ژوورەوەی دەکێشێت و دەزانێت برسییە، بۆیە دەیەوێت تێری بکا، لێرەدا ئاژەلْدۆستی شاعیریش نیشان دەدات، لەگەلْ ئەوەشدا خۆسەرقالْکردنە پێوەی، چونکە زیندانیان هەمیشە بۆ تێپەڕاندنی ئەوکاتە زۆرەی هەیانبووە، لەشتێکی وەها گەڕاون تاکو بۆ چەند ساتێک ناسوڕرییەکانی زیندان فەرامۆش بکەن:

پشیـلەییێکی وەک بەشـەر خـولقاو

لێـمـان هــاتە ژوور بە میـاو میـاو

تەسـلیمم کـرا دامـنـا لــەڕۆخـم

ئەبێ بۆ ئەمـــە نەخـتێ بکــۆخم

لە دەمـوچــاوی گـــەلێ تێفکریـم

ئەو هەڵبەستەیەم من لەوێ کرێم

پاشی مەرحەبا نانم دەرخـوارد دا

زانیـم برسییە بەحــەققی خـودا

گەلــێ مەغدوورە، گـەلێ بـرسییە

شەریفـی ئاشـچی لێی نەپـرسییە (خەزنەدار، ٢٠٠٦: ٣٣٠)

(گۆران) لەشیعری (دواسەرنج)(بەندیخانەی موسڵ-١٩٥٢)دا، بۆ قژ زەردی بەردەرگا، کە لەسەرەڕێی بەندیخانەدا لە موسڵەوە بۆ هەولێر دایناوە، ئەو کچە سەرنجی ڕادەکێشێت و دەبێتە ئیلهامی شیعرەکەی. بەبانگکردن و پرسیار لێی کردنی دەیەوێت وەڵامی ئەوە بەدەست بخات ئاخۆ ئەو خەفەت و پەرۆشی و نیگا تێگرتنانەی ئەو چاوە کاڵانەی لەبەرچین و لەپای چین؟ :

ئەی قژ زەرد؛ ئەی بەژن و باڵای کەڵەگەت

بۆ کــــز ڕاوەستـــــاوی بەرامبـــــەری مـــــن؟

بۆ دەستت ناوەتە ژێر چەنەی خـــەفـــــەت،

لە عـــــاســتی دیــمــەنی دەربەدەریی مــن؟

ئەو چـاوە کاڵانەت نیگـای دەربەست بـوون

لــەبــەرچــی ئەگــرنە گــرفتــاری مـــــن؟

ســـەرنجت ڕووی دەمــی پرس کـردنی ڕوون

ئەکـــاتە کەلەپچەی دەســتی دیاریی مـن؟ (مەلاکریم، ١٩٨٠: ٢٠٦)

دواتر وێنەیەکی هونەریی قەشەنگ دەنەخشێنێت، کاتێک شێوازی قسەکردنی ئەو کچە بەپەپوولەیەکی دوودڵ و ڕاڕا لەسەر گوڵی لێو دەشوبهێنێت، کەهیوا خوازە هەڵفڕێت تاکو بزانێت ئاخۆ ڕاسپێری چی پێیە بۆ گیانی پەشێو و پەشۆکاوی:

ئەبینــم: پەپوولـــەی نیـــازی گفتوگـــــۆ

دوو دڵ ڕاوەستـــاوە لـەســـەر گوڵــی لێـو

ئاخ،خۆزگە، هەڵئەفڕێ، ئەمزانی ئاخۆ

ڕاسپێریی چی پێ یە بۆ گیـــانی پەشێو؟ (مەلاکریم، ١٩٨٠: ٢٠٦)

(دیلان)، لە"بەهاری ١٩٥٥دا، سانی شاعیر و کاک نوری ئەحمەدی تەها لەنوگرەسەلمان لەبن بەردێکا گوڵێک ئەبینن، ئینجا ئەم شیعرە لەدایک ئەبێت"(ئاگرین، ٢٠١٣: ١٨٣)، بەناوی (گوڵی سارای خوارو)، کە مەبەست لێی زیندانی (نوگرە سەلمان)ە، کە شوێنی ئازار و ئەشکەنجەدانی سەدان ڕۆڵە و لاوی نیشتیمان پەروەری کوردە. شاعیر لەگەڵیدا دەکەوێتە گفتوگۆ و پرسیار لێکردنی، سەوزی و بەهێزی و خۆڕاگرییەکەی لەو

دەشتە چۆڵ و وشک و برینگەدا بۆ نەژادی دەگێڕێتەوە، کە گوڵی کوردستانە، هەندێ جار (با) و زەبری دوژمن وەنەوزی پێدەدات و بێ تاقەتی دەکات، بەڵام ناتوانێت کپ و بێ ئاگای بکات. بۆیە هەردووکیان بەپەروازە و هەڵفڕاوی دەستی خەبات و تێکۆشان دەزانێت، شاعیر خۆی لەو گوڵەدا دەبینێتەوە لەڕووی ئاوارەیی و توندکردنی لەو دەشت و سارایەدا:

گوڵە شینەکەی لاسک کورت و سەوز

بای نەرمی دەشتی کاکی بە کـاکـی

ڕات ئەژەنێـت و پێـت ئەدا وەنــەوز

ئەزانــێ وێــڵ و تەریک و تاکــی

چی گـەیانێتیە ئەم مـەرزو بوومـە؟

چۆن ڕوای کــام بـای سـەرو هێناتی؟

یا وەک دەمێـکە و مـن زوو وتوومـە

کە تۆش پەروازەی دەستی خەباتی؟ (ئاگرین،٢٠١٣: ١٨٣-١٨٤)

**٢- شیعری شیوەن و لاوانەوە**

ئەم جۆرە شیعرە لەئەنجامی مردنەوە سەری هەڵداوە، مردنی کەسێکی نزیک یان هاوڕێی و دۆست و کەسایەتییەک، هەست و سۆزی شاعیر دەبزوێنێت و دواجار لەدەقێکدا بەرجەستەی ئەو خەم و حەسرەتەی لەدەستدانیان دەکات، (د.شوکریە ڕەسوڵ) بەمجۆرە پێناسەی دەکات: "لاوانەوە، هونەرێکە لاوێنەر یا شاعیر لەهەست و سۆزی خۆشەویستییەوە بەرانبەر بەمردووەکە دەری ئەبڕێ، بۆ مردووەکە دەگری و هەموو خاسیەتە جوانەکانی دەژمێرێ، ژیان و مردنی مردووەکە وێنە ڕێژ دەکات"(ڕەسووڵ،١٩٩٧: ١٦) هەروەها بەلای (د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان)ەوە: ئەو "شیعرەیە، کە بۆ مردنی کەس و کارو خزم و دۆست و هاوڕێیان دەهۆنرێتەوە و لەو جۆرە شیعرانە، ستایش و وەسف تێکەڵ دەکرێت و مردووەکەی پێدەلاوێنرێتەوە، بێگومان ئەمجۆرە شیعرەش خودییە و هەست و سۆزی شاعیری تێدایە بەچەند پلەیەکی جیاواز، چەند ئەو مردووە لەشاعیرەوە نزیک بێ و خۆشەویستی بێ، هێندە زیاتر سۆز و هەستی دەجوڵێنێ و کوورەی دەروونی دەجۆشێ و شیعرەکە لەڕووی هونەرییەوە دەوڵەمەنتر دەبێت"(شوان،٢٠١٠: ٣٠٦).

شایانی باسە ئەم جۆرە شیعرە بەزۆری لەشیعری زینداندا بەرچاو دەکەوێت، پلەی کوڵان و بەجۆشیی لای شاعیرانی زیندانیکراو زیاترە و بەتینترە، چونکە بیستنی هەواڵێکی لەم چەشنە کاریگەریەکەی لەسەر شاعیر وەک لە کەسێکی ئاسایی زیاتر و قوڵترە، ئەمەش بەهۆکاری دووری و دابڕاوییەتی لێیانەوە. شاعیر خۆی

هەستیار و بەئازارە وەکو پشکۆیەکی ئاگرە و پەنگخواردووە بە دەرد و موناعاتی زیندانەوە، ساز و ئامادەیە تاکو کزەبای هەواڵێکی جەرگبڕی وەک مردنی ئازیزانی گڕو گڵپە لەدەروونی بەربدات.

(دیلان) لەشیعری (هاوینی دڵ)(زیندانی نوگرەسەلمان-١٩٥٥)دا، کۆستی لەدەستدانی باوکی (مەلا ئەحمەدی دیلان) بەهاوینی دڵ و دەروون وەسف دەکات، کە گڕو تینی دووری و فیراقی دیداری، قرچەی لە پێستی ئارامی هەڵێناوە، بەمجۆرە تا کۆتایی دەقەکە لەحەسرەت خواستن بەردەوام دەبێت، شێوازی دەربڕینی و خستنەڕووی بەو تەرزەیە، کە وا هەست دەکەیت بۆ کەسێکی زیندوو نووسرابێت، بارگاوییە بەهەست و سۆزی نامۆیی، "ئەوا حاڵەتی غەریبییەکەی ناوەڕۆکی شیعرەکەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوەو وێنە و شیعرییەکانی کەسێکی ئازار چەشتووی بێ دەرتان و بێ هوودە، دەلاوێننەوە کە لەچاوەڕوانیدا ژیان بەسەر دەبات نەک مرۆڤێکی کۆچکردوو"(محەمەد،٢٠٠٧: ٩٥):

گـــڕەی پەژارەی دووری دیـــــدارت

قــرچەی هــەڵێنـا پێستی ئارامـم

گــەردی سەرگــوڵی وونی ڕوخسارت

شێــوانی وێنـەی تان و پــۆی فامـم

شەرای بێ وادەی تاسـەی ڕەنجووری

ســووتانی... تەرز و گــوڵی ئامانم

قــرچــەی نیوەڕۆی هیجـرانی دووری

پەڕ و پۆی نۆقـرەی هەڵــپرووزانم...

کەی لێو تەڕ ئەبێ بەئاخ هەڵڕشتن

کەی تەزووی نۆخــەی ئەگا بەناخـم (ئاگرین، ٢٠١٣: ١٨٠-١٨٢)

(دیلان) هەر لەزیندانەدا دەبێت، پاش ماوەیەک هەواڵی کۆچی دوایی (بیخود)ی شاعیر دەبیستێت، خەم و پەژارەی، لەشیعری (بێخودی شاعیر)(١٩٥٦)دا، هەڵدەڕێژێت، بەشێوەی موستەزاد نووسراوە. لەگەڵ مانگ دەکەوێتە گفتوگۆ، دیارە مانگ بەزۆری لە شیعری شاعیرانی کۆندا وەک هاوخەم و هاوڕاز و نیازی شاعیران دەرکەوتووە.

لەکۆپلەی سێیەمدا، خۆی دەخزێنێتە نێو کەشە سیاسیەکەوە، ناخی دەروون و دووری هەڵدەرێژێت، پێی وایە ئەم شارو ولات و خەڵکە تا سەر ئەم دۆخە لە بێدەنگی و خامۆشییە قبوڵ ناکەن، ئەوەندەت زانی، زەحمەتی و مەینەتی سەر کوردستان بەتۆفانی نوور ڕامالرا:

ئەی مانگ..بۆ لێڵە تریفەی ئیمشەو هـــەڵبـــرڕزکاوە؟!

چاوی کـەژاڵت وەک چووبێتە خـەو سیـــس و ژاکاوە

بـریقـــەی گـــۆنای درەوشـــەدارت زەرد و خـــاکـییـە

شەوق و چریسکەی گەشی ڕوخسارت کـــەم ڕووناکی یە

بۆ زەردەخـــەنەی زیوینـی لێـــوت بە بار و گـــرژە؟

پرچـی ڕووناکـی پەخشانی کێـوت ئاڵـــۆز و کـــرژە؟..

وا تێنەگـەی ئەم شـــارە خامـۆشە هـــەتا هـــەتایە

ئەم مـل درێژی (بارەی) پێـــخۆشە ئەیکـــا بە مـایە

ئەوەندەت زانـی ئاما سـەرەو ژوور هەورەکەی ڕەحمەت

کـوردستان پڕ بوو لەتۆفانی نوور ڕایمـاڵی زەحمـەت (ئاگرین،٢٠١٣: ١٨٧-١٨٩)

(مارف بەرزنجی شەهید)، شین و لاوانەوەیەکی بەناوی (شین بۆ ڕەحمەی جوانەمەرگ)(گرتووخانەی بەغداد-١٩٥٩)دا، هەست و سۆزی خۆی بۆ لەدەستدانی (ڕەحمە)ی خوشکی و خەم و ئازارە خودییەکانی پێکەوە لە نێو شیعرەکەدا ئاوێتەکردووە، کە ئەم کۆست و خەمە گەورەیە، جارێک دەداتە پاڵ چەرخ و ڕۆژگار و جارێک پاڵ سروشت و خەزانی پایز، کە چۆن نەمامی ژین و هەرەتی لاوێتی و گوڵی تەمەنیان، پیرە لۆکە و تەفرو تونا کرد:

باوباران و تۆف، گەرماو سەرمای چەرخ

نەمامـــی ژیـــنـی پیـرە لـــۆکـــە کرد

پـەڕەی گـــوڵانـــی ژیـــنـــی یـــارانم

خـــــەزان وەرانـــی و تەفرو تونای کرد

ئاشنـــای ئارەزووم هـــۆگـــری دڵـــــم

دڵســـۆز و کـــەسی گیـانی گیـانی بـرد

وەک ئاسـکەی تەرە لەگـەڵ دابـڕاو

ڕاوکـەری دڵـڕەق دواکـەوتوو بەتاو

هەناسـەبـڕاو، هیـوا پـێ نەمـاو

هـا لێرە کـەوتووە، هـا لـەوێنە مرد... (بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ٩٠-٩١)

**٣-شیعری کۆمەڵایەتی**

جۆرێکی شیعرە و پەیوەستە بەژیانی کۆمەڵایەتییەوە، کە بەلای (د.شوکریە ڕەسوڵ)ەوە،"ئەو شیعرەیە کە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی و دەردەکانی کۆمەڵ لە هەژاری و نەزانین و نەخوێندەواری و نەخۆشی و لایەنە چەوتەکانی کۆمەڵ دەخاتە ڕوو، لەهەمان کاتیشدا شاعیر هەوڵ دەدات، چارەسەری ئەو دەردە کۆمەڵایەتییانە بکات کە لەناو کۆمەڵدا باون"(مستەفا،٢٠١١: ١٣٥). لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا و پاش جەنگی جیهانی یەکەم، بەهۆی دید و بۆچوونی ڕەخنەیانەی شاعیرانی کورد بەرانبەر ژیانی کۆمەڵایەتی هەیانبوو، شیعرەکانیان هەڵگری پەیامی کۆمەڵایەتی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگابوون بەرانبەر ئەو دیاردە دواکەوتوانەی ئەو سەردەمە "دەبینین کۆمەڵگای کوردەواری لەبارودۆخێکی ناهەموار و ڕۆژگارێکی سەختی دواکەوتوودا دەژیا و ئالەم بارودۆخەدا ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی ئەرکێکیتری کەوتە بەردەم ئەویش ئەرکی چاکسازی کۆمەڵایەتی و وشیارکردنەوەی جەماوەربوو لەو گیروگرفتانەی، کە کۆمەڵگا بەدەستیەوە دەیناڵاند"(مستەفا،٢٠١١: ١٣٦). شاعیرانی زیندانیکراو سەرەڕای گوزارشت لە خەمەکانی خۆیان و ئەو کەشە سیاسی و ڕامیارییەی وڵات، هاوکات ئاوڕیان لەو دیاردە دزێوانەی کۆمەڵگا داوەتەوە، کە ببوونە هۆی دواکەوتن و درووستبوونی کۆمەڵگەیەکی بێئاگا و ناهۆشیار، کە ڕێگە خۆشکەربوو بۆ هاتنە سەرتەختی دەسەڵاتێکی زاڵم و پاوەنخواز و ستەمکار.

(بورهان جاهید)، دەردەکانی کۆمەڵگا دەخاتەڕوو، دەسەڵات و حوکمڕانانی ئەو سەردەمە بەهۆکاری سەرەکی دەزانێت، کە جگەلە بەرژەوەندی خۆیان هیچ سوود و کەڵکێکیان بۆ خەڵکی نییە، کە چۆن فەیلەسوف و ڕۆشنبیر و خوێنەوارەکان هیچ نرخ و بەهایەکیان نییە، تەنانەت هەموویان بوونەتە خزمەتکار و غوڵامی پاشا و دەست ڕۆیشتوو و دەوڵەمەند و نەخوێندەوارەکان و دەڵێت:

هـەزار محامی هەزار فەیلەسووف

لەتەشی ئەدرێ ئیمڕۆ وەکو سووف

هـەزار مەلاوو هـەزار خوێنـدەوار

فلـسـەکی ناکـا ئیمـڕۆ لەبـازاڕ

هـەزار خەریجی سانەوی و عـالی

لەکـون و قوژبن بۆ خـۆی دەنالّی

هەزار کاتبی خۆش خەت و ئینشا

بوویتە غولّامی چـەلەبی و پاشـا

ئیمرۆ بێ پارەی هەتیوی بێ باب

لەشـی ڕزیـوە لە دەرد و عــەزاب (خەزنەدار،٣٣١:٢٠٠٦)

**٤-شیعری بۆنە و موناسەبەت**

بریتییە لەو جۆرە شیعرەی، کە شاعیر بۆ بۆنە و موناسەبەتێکی (نەتەوەیی، ئاینی، نیشتیمانی، کەسی...) دەیاننووسێت، کە بەلایەوە جێگای بایەخ بێت و هەست و سۆزی وروژاندبێت، هەروەها دەشێت بەشێکی ئەم شیعرانە بەخواست و ویستی شاعیرەکە نەنووسرابن، "بەڵکو زۆری شیعری بۆنە لەسەر داوای کەسانیتر دەنووسرێت یا شاعیر بۆ بۆنە و یادێک بانگهێشت دەکرێت و دەیەوێت بەشعرێکی تایبەت بەو بۆنەیە بەشداری بکات، بۆیە ئەو شیعرانەی کە لەئەنجامی وروژاندنی هەست و دەروونی شاعیرەوە دەنووسرێت بەهێزترو بالاترن لەو شیعرانەی کە لەسەر داوای کەسانیتر دەنوسرێن، چونکە لەمەی دووەمیاندا زۆر لە خۆکردنێک هەیە بۆ نووسینی شیعرەکە"(عەلی،٢٠١٥: ١٣٤-١٣٥). هەروەها بەتێڕوانینی (ئەنوەر قادر) ئەمجۆرە شیعرە لەئێستاتیکا و هونەری بالا دوورن، دەڵێت: "ئەم جۆرە شیعرە، لەڕووی هونەری و بەرزیی ماناوە، بە چاوێکی ئەوتۆوە لەدنیای ئیستێتێکدا تەماشا نەکراوە و بەئەدەبێکی بەرز دانەنراوە"(محەمەد،٢٠٠٧: ١٧٥). ئەو دەقانەی ناو زیندان، کە بۆ ئەم مەبەستە نووسراون، زیاتر زەقکردنەوەی ئەو بۆنانەیەیە، کە ڕەهەندی سیاسی و ئایدۆلۆژی و نیشتمانی و حیزبیان هەیە.

(دڵزار) لەدەقی (نەورۆز نامە)(بەندیخانەی کووت-١٩٥١) دا، یادی بۆنەی نەورۆزی دێرین دەکاتەوە، کە هێمای سەرکەوتنی هێزی حەق و ڕاستییە بەسەر هێز و فەرمانڕەوای زاڵم و خوێنمژدا، ئەو یادە و سەرکەوتن و پیرۆزییە، بەهاندەر بۆ هەموو گەلانی ژێر دەست دەزانێت، تاکو چاوی لێبکەن و کۆت و بەندی ژێردەستەیی ئیستیعمار و داگیرکەر بشکێنن و ئازادی و سەربەستی خۆیان بەدەست بهێنن :

ڕۆژی نـــەو ڕۆژی خــــەبـات و ڕاپــەڕیـــن

ڕۆژی هـــاڕیـــن و شـــکانـــی کـــۆتـی ژیـــن

لابــــەری تـاری شـــەوانـــی مــــاتەمیـــــن

تێکــدەری تەخـــت و تەلاری خـــوێنمـــژین

هەڵکەنی ریشەو ڕەگی خوێنمژین و بەندەگـی

یـــادی تـــۆ، یـــادی پەیـــابوونـت بەخـــوێن...

شـــەڕ فـرۆشـانی دزێـــو ناچـــارەکـــــەیـــن

دەس لەئاسایش نەدەن بۆ گەلان هێرش نەبەن (دڵزار،٢٠٠٦: ٢٤-٢٦)

هەروەها (مەدحەت بێخەو)، لەشیعری (ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر لە ١٩٥٣)(بەندیخانەی کەرکووک-١٩٥٣)دا، ئەو بۆنەیە بە شیعر تۆمار ئەکات، کە بەهۆی سیاسەتی چەوتی ڕژێمی پاشایەتی و چەوساندنەوەی پاڵە و جوتیاران لەلایەن ئاغا و دەرەبەگەکانەوە ڕوویدا:

لــە دوای ستەمـی زۆری خوێنـمـژان

هەسـتی جـوتیـاری دەشت هاتە کوڵان

دژی ڕەفـــتـاری زۆرداری بـــەدکـــــار

ڕاپەڕی چیـــنی ڕەنجـــبەر و جـوتیار

بۆ مـــافی ژیـن و یـەکسـانی و دادی

بۆ ســـەرفرازی و خـــۆشـی و ئازادی

بۆیە مـــەردانە خێـــرا جـــوتیـــاران

بۆ مـاف وەرگرتن کەوتنە هەڵمەتدان

بۆ ڕزگـــار بوونیـان لـەچنـگ زۆرداری

لە کـۆتی ئاغـــا و ژانـی بێـکـاری...

یاسـاکـەی کەڵەک وەک تۆپـی فتبۆڵ

ئەدرێتە بەرشـەق تاج و تەختی زۆڵ

دێتە دی مافـی کـارگەر و جـــوتیـار

ئەبـێ بەجـەژنـی نەورۆز و بەهـــار (بێخەو، ٢٠١٣: ٤٧-٤٩)

## پاری دووەم

## تایبەتمەندییەکانی شیعری زیندان

### یەکەم: ڕاستگۆیی

بەواتای ئەوەی جەوهەری شیعرەکە ڕاستگۆیی بنوێنێت و شاعیر لە گوزارشتکردن لەهەر شتێکدا کردارو گوفتاری یەکبگرێتەوە، (محەمەد بەدری) سەبارەت بەڕاستگۆیی لەشیعردا دەڵێت: "ڕاستگۆیی مەرجێکی هەرە سەرەکییە لە مەسەلەی داهێناندا، شاعیر ئەبێ بڕوای بەو شتە بێ، کە دەری ئەبڕێ و مامەڵەی لەگەڵدا ئەکات، ڕاستگۆبێ لەگەڵ خۆی و ئەو دەربڕینە بۆ چەواشەکردنی خەڵقی و سەر لێ شێواندیان نەبێ(بەدری،١٩٨٩: ١٣٢)، ئەمەش "واتە بڕوا کردن و خۆبەستنەوە بە شتێک بە شێوەیەکی ڕاست و ڕاستەقینە وا لەشاعیر ئەکات ڕەوشت و کردەوەی ڕۆژانە و هەڵوێستەکانی هاوتای دەربڕینەکەی بن، لەگەڵیا یەک بگرنەوە و لەناو یەکتردا بتوێنەوە"(بەدری،١٩٨٩: ١٣٢). هەروەها سەرەکیترین سیمای شیعری زیندانە، "یەکەم شت، کە لە ئەدەبی زینداندا تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە ماناکان ڕاستگۆ و ڕوون و ڕاشکاو و سادەن، خۆنمایشکردن و زیادەڕۆیی لەخەیاڵدا نییە ، جا چ کاتێک شاعیر باسی هەستەکانی دەکات یاخود کاتێک دەوروبەرەکەی لەزینداندا وێنا دەکات"(الصمد،١٩٩٥: ٢٤٨).

هەر ئەمەش سەنگ و پێگەیەکی بەرزی لە نێو کایەی ئەدەبدا پێ بەخشیوە، چونکە شاعیر ڕاستگۆیانە گوزارشت لە خەم و ئازارەکانی دەکات و لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە گفتوگۆ و هەست و سۆزی پەنگخواردووی بەیان دەکات بەبێ هیچ زیادە و پێچ و پەنایەک، واقیع و ڕەوشی نێو زیندان دەگوازێتەوە، وێنە کێشانێکی ڕاستەقینەی موعاناتەکانێتی. هەڵڕشتن و دەربڕینی هەستە پەنهان و شاراوەکانی ناخێتی، بۆیە شاعیر لە جێگا و گوزەرانێکدایە، جگە لە ڕاستی گوتن پەنا بۆ هیچی دیکە نابات.

ئەوەتا یەکێکی وەکو (ئەحمەد موختار جاف)، کە بەتوندی و شەڕانگێزییەوە ڕووبەڕووی دوژمنەکانی دەبێتەوە، بەڵام لەکۆتایدا دانیپێدادەنێت و ڕاستی دەدرکێنێت، کە ئەو هەموو هەڕەشە و گوڕەشانە تەنها قسەی زل و بێ کردار و غەیبەتن، ئەگینا حەپسە و ڕێگەی دەستی نییە و هیچیشی پێ ناکرێت :

خەلقە ئەمرۆ چونکە حەپسم ڕێگەیی دەستم نی یە

ناتوانم هیچ بکەم، مەجبوورم هەر غەیبەت ئەکەم (ڕەسووڵ،٢٠١٦: ١٠٢)

(گۆران)، جگە لە بێ ئومێدی و ڕەشبینیی لە یاسا و حوکمڕانی وڵات، کە دۆخێکی نا یەکسان و نا دادپەروەریان بەرهەمهێناوە، چونکە پێی وایە کە ئەو نەک دزو سندوق بڕ نییە، بەڵکو خاوەن بەهرە و فەنە و کەسێکە تەنها بۆ شیعرو ئەدەب و جوانی زاوە، دەبوو فەخرو شانازیان پێوە بکرایە نەک ڕسواو بەپەنی بکەن.

بۆیە ڕاستگۆیانە دان بەوەدا دەنێت کە بەهۆی ئەو تۆمەت و زیندانی کردنەیەوە کەوتووە و شکۆ و هەیبەتی شکاوە و ناو و ناوبانگیشی چڵکن بووە:

ئەندامێــکی وەک مــنــی بۆ شیعــرو ئەدەب زاو

تیــا نابێــتــە پارە دزی بــرسیــی و ناتەواو

دزی برســی- یان طـەمەعکار- دەوری فــرمانی

ناگــرن، هــەتا بەقوڕ بگــرن مــاڵــی وێــرانی

ئەو کــۆمەڵەی خواپێداوە،خاوەن بەهــرەی فەن

بۆ پیا نازین بەخێو ئەکا،نەک ڕیسوایی و پەن

بلبــلــێ بــووم ئامـــادە بــووم هــەتا بــمــێنم

بەنانــی وشک، بەرگــی پەڵاس بۆ گەل بخوێنم

بەڵام گـــەلــی بەشــرینقە خـــەو لـــێ خــراوم

گــوێی نەدامێ هەتا کــەوتم، چڵــکــن بوو ناوم (مەلاکریم،١٩٨٠: ٢١٧)

(دیلان)یش بەوپەڕی ڕاستگۆیانە و ڕاشکاوی گوزارشت لە دۆخی دەکات، کە دەردی گران و سەختە، گیانی پەرۆشە، بەڵام نە دەرد نە نەخۆشی و زنجیری دەست هیچیان بەقەد موویێک لای نادەن لە ڕێگەی مەبەست:

بەڵــێ دەردم زۆر گــرانە، پەرۆشە گیـــانم

بۆ هیـــوایە بۆ ئامــانجێ بەنـــدی زینـــدانم

بەڵام نەدەرد نە نەخــۆشی نە زنجیری دەست

بەقەد موێیک پێم لائەدا لە ڕێگای مەبەست؟ (ئاگرین،٢٠١٣: ١٦٧)

## دووەم: وەسف

"ڕوویەکە لە ڕووەکانی ڕاستگۆیی لەشیعری زینداندا، شاعیری زیندانیکراو ئیرادە و توانای هونەری و ئیستاتیکی خۆی ناسەپێنێت بەسەر هەستەکانی و شتەکاندا، بەڵکو هەوڵدەدات بیانگوێزێتەوە بۆ تابلۆکانی و بە ئەمانەتەوە ئەم کارە دەکات، بۆیە وەسفێکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاویان دەکات"(الصمد، ١٩٩٥: ٢٥٠)، بەبۆچوونی (سەلاح حەسەن پاڵەوان )یش "وەسفکردن بەشێکە لە باڵای شیعر، وەسفکردن ئاوڕدانەوەیە لە هەموو ئەو هەستانەی کە شیعر دەیەوێ ماناکان لە دیوی خۆیەوە ببینێت"(پاڵەوان،٢٠١٠: ٩٧). شاعیر کاتێک لە زیندان و ئەسارەتدایە، بەهۆی شیعرەوە گوزارشت لە ساتە سەخت و دژوارەکانی ژیانی دەکات، لەڕێگەی وەسفەوە وێنایەکی زیندوو و ڕاستەقینەی دۆخی دەروونی و فیزیکی و کەرەستە و ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان و خزمەتگوزاریەکان و خواردن و خواردنەوە و تەنگ و تاری و ڕەفتاری نیگاهەبانانی زیندان دەکێشێت. لەو وەسفانە:

### أ-وەسفی ئازارو ئەشکەنجەی ناو زیندان

ئەشکەنجەو ئازاری ناو زیندان لە دێر زەمانەوە و لەو کاتەوەی زیندان دروستکراوە بوونی هەبووە، کە کۆنترین یاسای تەمبێکردنە دژی تاوانباران جێبەجێکراوە، بە دڵنیاییەوە یەکێک لە شتە ناخۆش و لە بیرنەکراوەکانی کەسی زیندانیکراوە، زیاتر ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەکرێتەوە کە بەهۆی (بیرو باوەری سیاسی و ئایدۆلۆژی و حزبی و سەربازی ...)یەوە بەند دەکرێن. ئەم ئازار و ناڕەحەتیانە زۆرجار دەبنە ئیلهام و هەوێنی لەدایکبوونی چەندین دەقی شیعریی، کە بە وشە و نووسین گوزارشت لەو تاڵی و تفتی و دۆخە نەخوازراوە دەکەن. بەهەستێکی تێکشکاو و جەستەیەکی کوتراو و ماندووەوە، شاکارێک دەخولقێنن و لەپشتی هەر پەیڤ و دێڕێکەوە چەندین چیرۆکی تراژیدی خۆی حەشار داوە. ئازار و ئەشکەنجەدانیش لە هەموو سەردەمێکدا چوونیەک نەبووە، لە کۆندا سزا و ئازارەکان سەخت و دژوار بوون و کەسی زیندانیکراو لە شوێنێکی تەنگ و تاریکداو لە ژێر زەمینە قوڵەکاندا بەندکراوە و سەرەڕای ئەوەش بە درێژایی ڕۆژ کاری قورس و تاقەت پڕوکێنیان پێدەکردن .

لەسەردەمی تازەشدا گۆڕانکاری بەسەر شێوازو ئامرازو تەکنیکەکانی سزاو ئەشکەنجەداندا هاتن و تاکو وەهای لێ هات سوود لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاش وەردەگیرا بۆ ئەم مەبەستە. ئەمەش دەکرێتە دوو بەشەوە: جەستەییەکان و دەروونیەکان:

- **جەستەییەکان:** لەم جۆرەدا جەستە و لەشی بەندکراوەکە دەکرێتە ئامانج، چەندین جۆر و میکانیز و ئامرازی جیاجیای ئەشکەنجەدان و تۆقاندن بەکاردەهێنرێت، کە سەخترین و ئازاربەخشترین بێت، "ئەوان بە هەموو شێوازەکانی لێدان و کارەبا و سۆندە و کێبڵ و تێڵای سۆندەی پڕ لەتەلی مس و فەلاقە و بەستنەوەو هەڵواسین و تینوو برسیکردن و بێخەوی و تیشک و گوڵۆپی گەرم و ڕەنگاو ڕەنگ و سەدان جۆری دیکەی ئەشکەنجەی

دەروونی و جەستەیی تێریان نەدەخوارد بۆ تێک شکاندنی قەڵای ورەی کەسێکی خۆڕاگر"(مەلاکەریم،٢٠٠٥: ١٦)، هیچ دەست پارێزییەک نییە لای ئەوانەی بۆ ئەم کارانە ڕاسپێراون، چونکە کەسانی بێبەزەیی و ڕاهێنراون. جا هەموو کات و ساتێکی ئەشکەنجەدان خۆی بۆ خۆی مردنێکە،"پێش ئەوەی نۆرەی من بێت تا بەگازو پلایس تێم بەربن، لەو پشیلانەی کە فێری ئەشکەنجەدانی مرۆڤ کراون دوو پشیلەیان هێنا و تێیان بەردام، کارێکیان بەسەرم هێنا هەر هیچ ئاگام لەخۆم نەماو بێهۆش بووم"(جەباری، ٢٠٠١: ٧٠)، زۆرجار هێندە سەختن، بەرگەگرتنیان مەحاڵە و لەتوانای بەندییەکان بەدەرە، مەگەر کەسانی بەهێز و خاوەن هەڵوێست و بیرباوەڕێکی پتەو چۆک دانەدا و دەست و پەنجە لەگەڵ سات بەساتی ئازارەکاندا نەرم بکات، "بۆ ئەوەی بەرگەی ئەشکەنجەدانی ناو زیندان بگری، سەرباری ئیرادەیەکی بەهێز، ئەبێ توانستی لەبیرچونەوەش لەخۆتا بەهێز بکەی. ئەبێ ئەوە لەبیر خۆت بەریتەوە، کە لەودیو شیشەکانی زیندانەوە ژیانێکی دیکە هەیە"(کوێستانی ،٢٠١٧: ٣٥).

ئەوانەش کەم نین، کە بەماوەیەکی کەم لە ئەشکەنجەدانیان خۆیان بەدەستەوە داوە و ئاڵای سپییان هەڵکردووە، بەلاوازی و بێ ئیرادەیەوە تەسلیمی خواست و داواکانی دوژمن بوون، "ئەوەی وای لە من کرد لە زیندان بە تەواوی لە هاوڕێیانی کۆمەڵە دوورکەومەوە، ئەو ڕقەی چەند ئەندامێکی کۆمەڵەبوو، کە لەکاتی گوشاری دەزگاکانی ئیستخبارات و ئەمنی ڕژێم و بەرگە نەگرتنی ئەشکەنجە، ناوی ئەو کەسانەیان دابوو، کە بوونەتە ئاڵای شۆڕش یان وازیان لە کۆمەڵە هێنابوو"(دیبەگەیی،٢٠١٥: ٦٤).

سەرئەنجام زیندان وەکو گۆڕەپانی پاڵەوانیەتی و کێشمەکێشمی پڕ لە نابەرانبەری هێزە، لەنێوان ئەشکەنجەکار، کە کاری هێرش و پەلامارو فەلاقەکردنە، لەبەرانبەردا کەسی زیندانیکراویش تەنها کاری ئەوەیە بەجەستە و ورەیەکی پۆڵاینەوە ڕووبەڕووی ئازار و ناڕەحەتیەکان بوەستێت و نایەوێت ببەزێت و ملکەچ بکات، بەبێ ئەوەی بتوانێت هیچ بەرگری و کاردانەوەیەک ئەنجامبدات، "کاتێک تۆ بەردەوام گەرەکتە (کلیت)ی خۆت لەژێر ئەشکەنجەدا بپارێزی، ئەشکەنجەکار دەیەوێت لێکت بترازێنێت، کاتێک تۆ گەرەکتە لەشت نەبێتە پردی خیانەت، ئەشکەنجەکار لەشێکیترت بۆ دابین دەکات، کاتێک دەتەوێت هیچ نەڵێیت، ئەشکەنجەکار زمانت بۆ کەشف دەکا"(شجاعی:٢٠١١). هەموو جۆرەکانی ئازارو ئەشکەنجەو تۆقاندن لەکات و ساتی خۆیدا و بەپلان و دیقەتەوە ئەنجام دەدرێن بەمەستی گەیاندنی زۆرترین کاریگەری و ئازار.

(فایەق بێکەس)، لەسەرەتای شیعری (ئەی وەتەن)دا، ئازار و ئەشکەنجەکانی ناو زیندان باس دەکات، جۆری ئەو ئەشکەنجەدانە دیاری دەکات، کە (تێ هەڵدان)ە :

من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم واتێ نەگەی

حەپس و تێ هەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە (ئاشنا،٢٠٠٥: ١٥)

(کاکەی فەلاح)، وێنەی ئەو ئێش و ئازارانەی نێو زیندانمان بۆ بەرجەستە دەکات، کە کۆت و زنجیر چەند ئازاریان داوە، بە بەهێزی توندکراون، کە گۆشت و پێستی دەست و پێی زامدار کردووە، هەر بەوەش نەوەستاون تەنانەت دەمیشی کۆت و قوفڵ کراوە، کە ئەمەش ئەوپەڕی نادادی و لێسەندنەوەی ئازادیی لە مرۆڤ دەگەیەنێت، ژوورەکەشی جگەلە تەنگ و تاری و شەوەزەنگیەکەی، سەقف و بنمیچەکەیشی نەوی و نزمە، ڕاخەریشی هەر زەوییە ڕووت و ڕەجاڵەکەیە:

منێکی دیل و یەخسیـــر

هاودەمی کۆت و زنجیـــر

کۆتی دەست ودەم و پێم

زڕەی نابـڕێ لە گــوێم

بەجــۆرێکی گوشـــیبم

تا ئێســکی دابـڕیبـــم

لە زینـدانێکی تەنگـدا

تـاریکی شەوە زەنگـــدا

بن میچەکەی نەوی بێ

ژێر ڕاخـــەرم زەوی بێ

خــەو زاتــی ئەوە ئەکا

خۆی توشی ئەو شوێنەکا (بنەماڵەی شاعیر،٢٠٠٤: ٣٦-٣٧)

بەڵام بەلای (دیلان)ەوە پێچەوانەیە، نەزنجیر، نەکۆت و ئەڵقە و قولاپ هیچیان بێزارکەر نین بەو جۆرە سروشتیەی کە هەن، ئەمەش لەسۆنگەی بیروباوەڕێکی پتەوەوە بەخەبات و کۆڵنەدانەوە سەرچاوەی گرتووە و دەست و پەنجەی لەگەڵ ئەشکەنجە و بەند و زنجیردا نەرم کردووە :

زۆر گیانی سەخت، پێستی ئەستوورە مەچەکی پتەو

لەشــەڕا بــوون لــەگــەڵ ئاســـن بەڕۆژ و بەشەو

لەئەنجاما.. قــەفــی زنجیر.. هەڵقــەی قولاپی

وزەی شــوولْ، دانەجیــــڕە و بـــڕەی خـــراپی

وورد ئەبـــوون هیـــلاک ئەبوون بەدەستەو وسـان

لـەبەر ڕەقــی دڵـــی پۆڵا و ڕاوەستـــانی گیــان

منیش ئاسـۆی ســووری هیــوای جێگیـری دڵــم

گــەشــەی ئەدا بە ئاوات و جـۆش بوو بۆ کوڵم

ئیتر زڕەی زنجیــری شـــەو تەقە و ڕەقـەی ئەو

ئارامـێ بوو بۆ شــەوگــارم یا بۆ پرخــەی خــەو (ئاگرین،٢٠١٣: ١٦٣-١٦٤)

(گۆران) گوزارشت لە ئازار و ناڕەحەتیەکانی دەکات، چۆن بە کۆت و کەلەپچەی توند و ئازار بەخش دەستی کلیل دراوە :

بەڵام ئاخ، دووگاردی چاو لێم داپچڕاو

چەپ و ڕاست وەستاون بۆم دوشمنــــانە

کەلـەپچەی لـە دەسمـــا تـــون کلیــل درا

نیشــانەی ڕێگــامــە کـــە بۆ زینـــدانە (مەلاکریم،١٩٨٠: ٢٠٨)

ئەوەی جێگای سەرنجە مامەڵەی خراپی ئەو دوو گاردەیە، کە ئەرکیان پاسەوانی و گەیاندنێتی بۆ شوێنی مەبەست، کە چەپ و ڕاستیان لێگرتووە، بەدوژمن وەسفیان دەکات، وا دیارە ئارامی و ئاسوودەیان لێ شێواندووە، "هەندێکجاریش هەستم ئەکرد سەری ئەو یاساوڵە تاوانبارانە پان ئەکەمەوە کە بێبەزەییانە و بێ هیچ هۆیەک ئەو خەڵکە بێتاوانەیان ئەشکەنجە ئەدا، کە ڕێکەوت و زوڵمی کۆمەڵایەتی ئەیخستنە بەردەستیان"(زازا،٢٠١٢: ١٧٠).

دیسان لە شیعری (لە بەندیخانە)شدا، هەمان ئازارە جەستەییەکانی دەخاتە ڕوو، کە پاسەوان و نیگاهـ بانانی زیندان مووبەموو و ژوور بە ژوور وەکو سێبەر لێی ناگەڕێن و دەیگێڕن، تاکو تاوانبارکردنی بەیاسایی بکەن بەزەبری لوولەی تفەنگ، کە لەسەر پشتیان توندکردووە و بەئەزیەتدانی وا خەریکن ئامانج و خواستەکەیان بەدیدێنن:

لوولــەوی تفەنگ لە بڕبڕەی پشتی قــایم بوو

تەقەی پۆستاڵ بەشوێنەوە: هەرهات و هەرچوو (مەلا کریم،١٩٨٠: ٢١٤)

(عەلی فەتاح دزەیی)، لە(بەندیخانەی کەرکووک-١٩٥١)دا، پەیامێک بە هاوڕێکانی ڕادەگەیەنێت، باسی چۆنیەتی گرتنی و ئازارەکانی دەکات و دەڵێت :

هـاوڕێم

هـاوڕێم

گوێ بگـرە لێم

تێکۆشام،گیرام،دەست بەسرام

کـۆت و زنجیر لــە پێ کــرام

بردمیــان بۆ ژوورێکــی تەنگ

لەسەریان داخستم خەپەنگ

لەنێـو جــەرگــەی تاریکیـا

هیـوام دەدیت و ســەوزەگیـا

بەهـــارو کــوڵیکەی نیسـان

ژیانــی داهــاتووی ئینسـان (دزەیی،١٩٨٧: ١٢٩-١٣٠)

ڕەنگە ترۆپک و سەرڕیژی ئازارەکانی داخستنی خەپەنگ و دەرگای زیندان بێت، چونکە داخستنی دەرگا ئاماژەی دابڕینێتی لە خاک و کۆمەڵ و دەستپێکی ژیانێکی تاڵ و پڕ جەزرەبەیە، بەڵام شاعیر لە سۆنگەی بیرباوەڕ و هیواو گەشبینیەوە هەموو ئازارەکانی لەبیر دەکات و بەیداخی نەبەزین بەرز دەکاتەوە و لە جەرگەی نائومێدی و شەوەزەنگدا، ڕۆشنایی هیوا و بەهارو سەوزەگیا بەدی دەکات .

- **دەروونییەکان:** شەڕی سایکۆلۆژی ئامراز و چەکێکی سامناک و کاریگەرە لە ڕوخاندنی دەروون و ورەی مرۆڤەکاندا، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئامانجی لەسەر کەسی بەرانبەر دەپێکێت، زۆرکات لە ئەشکەنجە جەستەییەکان ترسناکترو کاریگەرترن، لەسەردەمی نوێیدا و لە ناو زیندانەکان و بەرانبەر زیندانییەکان بایەخێکی زۆری پێی دەدرێت، چونکە مرۆڤ ئەگەر دەروونی تێکشکا ئەوا بەئاسانی دەستەمۆ ئەکرێت، ئەم جۆرە پاش ئازادکردنی کەسی بەندکراویش کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر جێی دەهێڵێت و ڕەنگە تاکو مردن لەگەڵیدا بمێنێتەوە، زۆر لە زیندانییەکان تووشی تۆقین و فۆبیا دەبن و چەندینیان باری دەروونیان بەم هۆیەوە تێک دەچێت، یا زۆرجار دوژمن بەئەنقەست و لە ڕێگای دەرمانخواردکردن و دەرزی لێدانەوە ژیرییان لەناو دەبات، کە ڕێگایەکی ترسناک و ناشەریفانەی دەسەڵاتە ترسنۆک و خۆسەپێنەکانە، دەتوانین بڵێین ئەڵتەرناتیڤی

کوشتنێکی لەسەرخۆیە، "مامۆستا ئەنوەر شوعی بوو کابرایەکی بەتوانابوو، مامۆستای زانکۆ بوو توانای زیرەکی لەڕادەیەکی زۆر بەرزدابوو، بژاردەی بۆ بەعس نەدەکرد، بەهەمیشەیی لە(الأحکام الخاصة )لەژێر ئەشکەنجەدا بوو دواجار دەرزی لێدراو تێکچوو بەتەواوی"(ڕەئووف،٢٠٠٤: ١٨٨).

ئەم پرۆسەیە هەر لەیەکەم ساتی دەستگیرکردن و خستنە نێو زیندانەوە دەست پێدەکات و بەسەر ژیان و هەست و کردەوەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، هیچ زیندانیەک بێبەش نابێت لێی "هەموو زیندانییەک دەبێت ئازار و نیگەرانی بچێژێت، ئەمە یاسا و ڕێساکانی زیندانە، بەڵام سەختترین ئازارەکانی ئازادی لێزەوتکردن، خولقاندنی نیگەرانییە ڕۆحییەکانە، کە لایەنی بەرپرس لە ڕێگای زیندانوان و ئێشکچییەکانی زیندانەوە جێبەجێی دەکات"(نەجمەدین،٢٠١١ :٢٥٦) و دەیان جۆرو چەشنی هەیە، هەندێک لەوانە: (چاوبەستنەوە، ژووری تەنگ و تاریک و تاکەکەسی، بێ کارەبایی یان بەکارهێنانی گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ و بۆیاخی ژوورەکانی زیندان بە جۆرە ڕەنگێک کە کاریگەری خراپ بکاتە سەر دەروونیان، بێزارکردنیان یان ئاگادارکردنەوەی لەناکاو و ڕاچەڵەکاندیان لە شیرینی خەو، ترسان و هەڕەشەی لە سێدارەدان و کوشتن و گولەباران و خستنە نێو ئاوی سارد و گەرم یا تێزاب، جوێن و سوکایەتی بە کەسایەتی زیندانی و بەناموس و ئایین و نەتەوە و پیرۆزییەکانیان، نیشاندانیان وەکو تاوانبار لە دەزگا بینراوەکانی ڕاگەیاندن ...). بێگومان هەژێنەرترین هەڕەشە بۆ سەر دەروونی بەندییەک، هەڕەشەی هێنانی خوشک و دایک و خێزانێتی بۆ نێو زیندان، زۆرجار بە کردارەکی ئەنجامیان داوە و لەبەرچاویان ئازاریان داون یان دەستدرێژی سێکسیان کردۆتە سەریان، بەمەبەستی ئیعتراف کردنیان، "هەڕەشەیان دەکرد، زۆرجار دەیانگوت کە دەتبەین بۆ گوانتانامۆ، یان هەڕەشەیان دەکرد و دەیانگوت، کە ماڵ و منداڵەکەت دەهێنین بۆ ئێرە، هەریەکەو لە ژوورێکی دادەنێین، وەکو فلان"(عومەر،٢٠٠٦: ١٣٦).

ئەو دۆخە نەخوازراوەی نێو زیندان و ئەشکەنجە و فشارە دەروونیەکان، زۆرجار تاقەت پڕوکێنن و بەرگەگرتنیان ئەستەمە، هەندێکیان پێیان هەرس ناکرێت و خۆراگرنین یاخود لەتواناو وزەیان بەدەرە، چونکە ڕەنگە هەرگیز ڕۆژێک ئەوەیان بەخەیاڵدا نەهاتبێت کە گرفتاری دۆخێکی وەها دەبن، بۆیە تووشی ڕووخان و بێهیوایی دەبن. زۆرجار بۆ ڕزگار بوون لەو هەموو دۆخە سەختە پەنا بۆ خۆ کوشتن دەبەن، "کاریگەری گۆشەگیرییەکە زۆر سەخت بوو لەسەر دەروونم تا ڕادەیەک، کە ئێوارەی ڕۆژی سێیەم بیرم لە خۆکوشتن کردەوە، بەبڕینی خوێنبەری مەچەکم"(زازا،٢٠١٢: ٣٢٦).

(ئەسعەد مەحوی)، زیندانیکردنی بەجۆرێکی زۆر قووڵ کاری کردۆتە سەر سایکۆلۆژیای، پەژارە و دەرد سەریان لێ داوە، هەست بەبێ ئۆقرەیی و ئازارێکی یەکجار زۆر دەکات و دەڵێت :

(ئەسعەد) لەغەما(الفی)قەدی چەوتە وەکو(نون)

ئەحـــواڵی لە بەنـدایە برا حــەپسـی عێـراقــە (ئاگرین، ٢٠٠٤: ٢١٦)

وەسفی خۆی دەکات، کە بەچی جۆرێک خەم و خەفەت شەکەتیان کردووە، قەدی ڕاست و قیتی، ئێستا چەوت و نوشتاوەتەوە وەکو پیرەمێردێک، "کەچووم هاوینێکی گەرمبوو، کاکم بەوەزعێکی زۆر ناخۆش بینی جلی گونیەی لەبەردا بوو، هەر بۆیە بەپەلە هاتمەوە سلێمانی وەزعەکەم بۆ باوکم گێڕایەوە بۆ ئەوەی هەوڵبدات بەپارە یاخود واسیتە ئازادی بکات"(ئاگرین،٢٠٠٤: ٢١٦).

(کامەران موکری) لەبەشێکی شیعری(لەزیندانەوە)، چیرۆکی ژیان و ئازار و ناسوێرییەکانی نێو زیندان بۆ هاوڕێیانی باس دەکات، ژیانی بە(وشک، بێ تام، خەمگین)وەسف دەکات، کە هەر سێکیان ئاماژەن بۆ وەڕەسبوون و نائارامی دەروونی، ژیانی هێندە دووبارە و چاوەڕوانکراوە، شەو تابەیانی و بەپێچەوانەشەوە هەمان تاس و حەمامە، بەگۆرانیی و بەستەیەکی بێتامی دەچوێنێت، کە لەلایەن کەسێکی نەزان و بە دەنگێکی ناساز و نەشازەوە بخوێنرێت :

ژیـــانـی مـــن هـــاوڕێینه

وشـــکه،بێ تامـه،خەمـگینه

ژیانـــم وەک یەک گـــۆرانی

بەشـــەو هەتاکـــو بەیـــانی

بەیانیش تا شەو دێ و درەنگ

کە هـاوڕێکان ئەبن بـێ دەنگ

وەک یەک گۆرانیه و بـێ تام

وەک بەستەی یەکێکـی نەفـام (بەفرین،٢٠١٢: ٩٨)

بەلای (ئەحمەد موختار جاف)ەوە، کاریگەری زیندان و تەنیایەکەی بەجۆرێکە تەنانەت ڕەفتارو ئادابی کۆمەڵایەتی و ئینسانیشی لەبیری بردۆتەوە، بۆیە داوا لە(شێخ مەحموود)دەکات ئازادی بکات، داد و بێدادی لە (تەنهایی) بوونێتی، جا بۆ مرۆڤێکی ئاسایی، کە لە دەرەوەی زیندانیش بێت تەنها و دابڕاو بێت لەکۆمەڵگا دەیان جۆر نەخۆشی سایکۆلۆژی تووش دەبێت، بۆ شاعیر وەکو ئەوەبووە دووجار لە زینداندا بێت، چونکە زیندانی تاکەکەسی سەختترین جۆری ئازاردانی ڕوحییە:

کە جورمێکی نی یە تاکەی، لەحەپسا دانیشێ قوربان

لـە تەنهـایی لـە فیکـری چـۆتەوە ئادابی ئینسانی (ڕەسووڵ،٢٠١٦: ١٨١)

(مەدهۆش) گوزارشت لە جۆرێکی دیکەی ئازار و فشاری ڕەوانیی دەکات، زۆربەی گیراوان ڕەنگە ئەم موعاناتەیان هەبووبێت، ئەویش نەچوونە (سەرئاو، گەرماو،...)بەپێی پێویستییان، لەزۆری زیندانەکاندا ڕەچاوی کات کراوە، واتە چەند خولەکێک مۆڵەتیان پێ داون، گەر سەرپێچی بکەن ئەوا ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە :

بەپاڵ پێـوە نان ئەچینە سەرئاو

هەڵمـان دەسێنن نیـوەو ناتەواو (مەلاکەریم،٢٠٠٦: ٦٣)

زۆرجار ڕوویداوە ئەو ماوە کەمەش نەدراوە بەگرتووەکان، یاخود بەپێی میزاجی پاسەوانەکان کەوتووە،"من پێویستم بەسەرئاو هەبوو، بەلام ڕێگەیان نەدام، ئیتر بردیانین، لەدوای دەرچوونمان لەسلێمانی تادەهات ئازارم بۆ دەهات، ناخۆشترین ئازار، کە بینیم ئەو ئازارەبوو لەڕووی دەروونی و هەم جەستەیی"(ڕەئووف،٢٠٠٤: ٢٥٣).

ب- وەسفی ناو زیندان

لێرە شاعیر وەسفی دۆخی ماتریاڵی و خزمەتگوزاری و کەرەستەکانی نێو زیندان دەکات ،هەڵبەت بەدیوە خراپ و نێگەتیڤەکەیدا، کە بوونەتە مایەی بێزاری و وەڕەس بوونیان، هەر لە پێکهاتەی دروستکردنی زیندانەکانەوە، کە زۆربەی هەرە زۆریان نەشیاو و نەگونجاو بوونە بۆ ژیانکردن. (مەدهۆش) دەڵێت :

هەرچەندە کە ئێمە ناترسیـن فێربین

بـۆت ئەگێـــڕمەوە چـۆن ڕائەبوێرین

بەیانیـان خـــواردن نان و تاعینـە

ئەمـــە هـەرباشـە چونکە شیـرینـە

بەلام کـــەبـاب و نانــــی ئێـــوارە

لەخـــواردن ناچــێ وەک زەهری مارە

هەمـووی ڕیخـۆڵە و کـــولێرە کـۆنە

هــەر کــەسێ نەیخـوا نازانێ چـۆنە

بۆ چـاو جگـــەرە هێندە بەپەرۆشین

ناچـار جلەکـەی بەرمـان ئەفرۆشین

خـۆ كیسه و باخـەڵ لـەپاره بەتاڵ

گشت لەناویەكدا كەوتووینەته سواڵ (مەلاكەریم، ٢٠٠٦: ٦٣)

شاعیر وەسفی شێوازی خواردن و پێداویستیەكانی ناو زیندان دەكات، كه لەنان خواردنی بەیانیانەوه دەست پێدەكات، كه نان و تاعینه(دۆشاوی كونجی)ه، كه بەمه ڕازی و قانعن، چونكه هەر نەبێت شیرینه و دەخورێت، بەڵام هی ئێواره له ڕواڵەتدا كەباب و نانه، كەچی تاڵه وەكو ژەهری مار، بۆیه هەركەسێ تاكو نەیانچێژێت نازانێت تامیان چەن ناخۆش و بێزاركەرن، "هەمی لایەنێن ژیانێ د نەخۆش بوون و چ مەرجێن ژیانا مرۆڤا د زیندانێ دا نەبوون، بەلكو ژیان گیانەوەرا گەلەک باشتر بوو، حكومەتێ زاد لێنەرەک(تەباخ) گرت بوو وەک ڤونتەرچی و خارن بۆ زیندانیا چێدەكرد و دئینا زیندانێ و ئەو خارن گەلەكا بێ سەرو بەربوو و نه یا پاقژ و بژین بوو، وەكی دبێژن نەمرن و نەژین بوو"(ئەردەنی،٢٠٠٩: ١١١). هەروەها بۆ چاو و جگەره، بەتایبەتی جگەرەكێشەكان، هێنده پەرۆشن ناچارن بۆ كڕینی جل و بەرگیان لەبێ پارەییدا ئەفرۆشن، "جگەره خۆرێكی نابووت بوو، پوولێكی شک نەدەبرد و هەرگیز نەیدەتوانی بەگیرفانی خۆی جگەرەیەک بكڕێ، ئەگەر ئارەزووی جگەرەی بكردایه دەچووه لای زیندانییەكی جگەرەكێشی شیوعی یان زایۆنی یا غەیری ئەوانه و داوای جگەرەی لێ دەكرد"(نوری ،٢٠٠١: ٢٤٦).

(كاكەی فەلاح)له شیعری (بەندیخانه لەجەژنا)دا، وەسفی بار و گوزەران و خواردن و خواردنەوەی نێو زیندان دەكات، كه بەراوردی ڕۆژی جەژنه، له ژیانی ئاسایی و ماڵی خۆیدا لەگەڵ جەژن له كەش و هەوای زینداندا. لەجیاتی گەشت و سەیران و شەربەت و خۆشاوی جەژن، تەنها چایه یان ئاوی پەتی، چێشته هەر خۆشەكەی بەری بەیانیان نیسكی دانه دانەیه، جوانترین جلوبەرگیشیان (كانه)یه :

شوێنه سـەیرانگای بەهـارم ئێسته بەندیخانەیه

خواردنم نان و پیازه و بەرگەكەم هـی كـانەیه

شەربەت و خۆشاوی جەژنم چایه یان ئاوی پەتی

چێشته خـۆشەی بەر بەیانم نیسكـی دانه دانەیه (بنەماڵەی شاعیر،٢٠٠٤: ٥٣)

(كامەران موكری) دەڵێت: نوێنەكـەم و قـوژ بنـی ژوور

پەنجـەرەی بچكۆلانەی سـوور

پـرێمـزی دووكـەڵاوی

خـــولیای شێـــواو و تەمـــاوی...

بەڵام هەر نوێنەو پەڕۆی خوان

زنجیــرەکــــەم و نەختـــێ نان

هـــــەزار ســڵاو لەخـــاکەکەم

کە خـــۆمی وا بۆ لـــێ ئەکەم (بەفرین،٢٠١٢: ٩٧-٩٨)

شاعیر وەسفی وردی گوزەرانی دەکات، وەک فۆتۆگرافەرێک وێنەی ژوورەکەیمان بۆ دەکێشێت، لە قوژبنی ژوورەوە نوێن و جێگای نوستنەکەی ڕاخراوە، پەنجەرەکەی بچووک و سوورە و پرێمزێکی بێ کەڵک و دووکەڵاوی، لەگەڵ دەیان خولیاو ئاواتی تەم لەسەر نیشتوو، "ژوورەکەمان پانی و درێژییەکەی 2م×2.5م بوو، بەلوعەی ئاو و ئاودەستی تیابوو، پەنجەرەیەکی نیو مەتری چوارگۆشەی تیابوو، کە بەپلێتێکی ئاسن گیرابوو و نزیکەی پەنجا کونی وەک سەرە سووزنیان تێکردبوو، لەدیوی دەرەوەش نایلۆنێکی تاریکیان بە ڕوویا دابوو، تا ئەگەر کەسێک ویستی بڕوانێت ئەودیوی لێ دیار نەبێت، ناو ژوورەکە چوار پەتووی کۆنی ڕزیوی تیابوو"(پێنجوێنی،٢٠١٧ :١٠٦).

(گۆران)ی شاعیر وەسفی دیوی ناوەوەی زیندان دەکات و دەڵێت :

فــــڕێی دامــــە پشتی دەرگـــای ئاسن و پۆڵا

لە ژوورێکـــی تەنگـــەڵانـی تاریک و چـــۆڵا

لەگەڵ ئەوەی گیانم تیایە بەهەناسە و نەبز

ئەڵێی مردووم خراومەتە ژێر ئەڵحەدی قەبر (مەلاکریم،١٩٨٠: ٢١٩)

شاعیر وەسفی ژووری زیندان دەکات، کە تاریک و تەنگەڵان و چۆڵە، "ئەوەندە ئاگام لە خۆبوو لە جێگایەکی تاریکدا فڕێ درام، نەمدەزانی کات شەوە، نیوەڕۆیە، بەیانییە؟ چۆن ئەو زیندانەی منی تێدا فڕێ درابوو هەوای ئاسایی کەم بوو، ئەوە تیشکی خۆر هەر نەدەبینرا بۆیە لای من شەوو ڕۆژ وەک یەکبوو"(جەباری،٢٠٠١: ٤٠)، شاعیر تەنگ و تاری زیندان بەئەلحەدی بنی قەبر، کە مردووی تیا دەنێژرێت و خۆشی بە مردوو دەشوبهێنێت .

## سێیەم: بڕوا و متمانە بەخۆبوون

بڕوا و متمانە و ورە بەرزی، کە زیاتر زادەی دۆخێکی سایکۆلۆژین و پەیوەستن بەهەست و دەروون و ڕۆحییەتی مرۆڤەکانەوە و تایبەتمەندی کەسایەتی سەرکەوتووە، حاڵەتێکی پۆزەتیڤە و کلیلی سەرکەوتن و گۆڕانکاری دروستکردنە لەژیانی تاک و کۆمەڵیشدا و چەندین پێناسەی بۆ کراوە، لەوانە: "واتا زاڵبوون بەسەر هەستەکاندا بەشێوەیەک کۆنترۆڵی سەرجەم بیر و هزرەکانت بکەیت و وەک پۆڵایێک لە بەردەم ڕێگری و ئاستەنگەکانی ژیانتدا بوەستی و نەهێڵی هیچ خەمێک ببێتە بەربەست لە بەردەم بەدیهێنانی خەونەکانتدا و بەچاوی ئومێدەوە لەژیان بڕوانی"(فەتاح، ٢٠١٨)، هەروەها(د. ئیبراهیم فەقێ)یش بەمجۆرە دەیخاتەڕوو: "ئەو مرۆڤە نەکارتێکەرە دەرەکییەکان و نە کەسانیتریش کاری تێدەکەن، چونکە ئەو زۆر چاک ئەوە دەزانێت بەرەو کوێی هەنگا و هەڵدەگرێت و دەشزانێت، کە دەتوانێت بەهۆی ئەم متمانەیەوە بەسەر کۆسپەکاندا زاڵببێت، چونکە بەهۆی متمانەیەوە دەتوانێت بەسەر ئەستەم و دژواریدا سەربکەوێت"(فەقێ، ٢٠١٤: ١٦).

بێگومان ئەو مرۆڤانەی کە خاوەن ئەم سیفەت و خەسڵەتەن، خاوەن ئیرادە و ئیمانێکی بەهێزن و بێ هیچ گومان و دوودڵیەک هەنگاو بەرەو بەدی هێنانی ئامانج و خەونەکانیان هەڵدەگرن، کە هیچ ئاڵەنگارییەک ساردیان ناکاتەوە، ئەمەش بەبیر و باوەڕ و یەقینی تەواوە دەبێت، نە هیچ کارتێکردنێک، یا ترس لەکاردانەوەی کەسانی دەوروبەر، سڵ لەهیچیان ناکاتەوە و ناتوانن ڕایگرن و متمانەی بەلێهاتوویی و توانای خۆی هەیە، بەجۆرێک لەناخیدا گەشەی کردووە گەیشتۆتە لوتکە، واتە "بریتییە لەکۆمەڵێک بیروڕا لای تاک کە گەیشتووەتە پلەی توانەوەی لەناخدا و (متمانە)ی لێ پێکهاتووە، کە کەسەکە بەزمان دەری دەبڕێت و لەدڵدا دەچەسپێت و لاشە بەکردار نیشانی دەرەوەی دەدات"(عەلی: ٢٠١٩).

لەڕاستیدا شاعیر و نووسەری خاوەن هەڵوێست و دۆزێکی ڕەوا، بیر و باوەڕ و ئامانجەکانی دەبنە فاکتەرێکی بەهێز بۆ ئەوەی ئەم هەستەی تێدا بەرجەستە و نشونما بکات و بچەسپێت، هەرچەندە شاعیر لەزینداندایە، بەڵام زیندان و ئازارەکانی نەک نایگۆڕن، بەڵکو بڕوا و متمانە و گەشبینی لەلای چەند هێندە دەکەن، پێچەوانەی ئەوەی دوژمن مەبەستێتی بەلێدان و گرتن، زیندان بکاتە مەنزڵگای پەشیمانکردنەوە و چۆک پێدادانی و دەست هەڵگرتن لەبیروباوەڕ و ڕێگاکەی، بەڵام شاعیر وەکو مۆم دەتوێتەوەو خۆی دەکاتە قوربانی و ڕێگای ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی دەرەوەی زیندانیش ڕۆشن دەکاتەوە، بە وشەو پەیڤەکانی هیوا و گەشبینی دەچێنێت و تاڵی و ناسۆرییەکان دەچێژێت لە پێناوی ئامانجێکی باڵادا.

یەکێک لەفاکتەرە گرنگەکانی خولقاندنی هەستی متمانە بەخۆبوون، هەبوونی فەزایەکی ئارام و پڕ لە ئاسایشە بۆ تاک، بەڵام شاعیری زیندانیکراو لەهەموو کەس زیاتر لەم فەزاو کەشە بێبەشە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو واقیعە تاڵە و دژوارییەکانی دەبنە هەوێنی متمانە و ورە و لەجاران موکورتری دەکەن.

(ئەسعەد مەحوی)، کە بڕوا بە خۆبوون لەناخیدا چەسپیووە، هاوکات گەشبینە بەخەباتی گەلەکەی و هەرگیز چۆک بۆ دوژمن و داگیرکەر دانادا و سوورە لەسەر بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی میللەتەکەی، لەم پێناوەشدا قوربانی دەدا، نە حەپس، نە گرتن و لەقەفەسکردن، نابنە هۆی نەویکردنی عەزم و شکۆی:

نانەویَ عـەزمم بەحەپس و بەرگی گوێنی جانەوەر

شـار و دیهـاتم بسووتیَ، گـەنجـی ببـنە دەربەدەر (ئاگرین،٢٠٠٤: ١١٠)

واتە شاعیر خۆی بۆ هەموو ئەگەر و کاردانەوەیەکی دوژمن ئامادەکردووە، گەر بەسووتان و لەناوچووونی شارو دیهات و سەرگەردانبوونی گەنجانی وڵاتەکەیشی بێت، ناتوانن هەرگیز ئامانج و ڕێچکەکەی پێ بگۆڕن. تەنها چەکی دەستی شاعیر لەنێو زینداندا شیعر و وشەکانێتی، کە چەکێکی مەعنەوی و کاریگەرە،"لەوباوەڕەدا نیم شیعر لەفڕۆکە بەهێزتر بێت، بەڵام فڕۆکە ناتوانێت شیعر بکوژێت، ئەوە شەڕی هەمیشەیی نێوان هێزی گیانیی مرۆڤ و هێزی ماددیی ڕووخانە. بەمانای مێژوو، شیعر لەفڕۆکە بەهێزترە"(خۆشناو،٢٠٠١: ١٩).

بەڵام ئەم هەستە لای (عەلی فەتاح دزەیی)، ڕەهەندێکی دیکە وەردەگرێت و لە خۆیدا قەتیس نەبووە، بەڵکو لەنێو تاریکی و قوڵایی زیندانەوە، پەیامێک بۆ هاوڕێی و هاوخەباتکارانی دەنێرێت، کە لەدەرەوەن و داوایان لێدەکات و هانیان دەدا ئەوانیش هەرگیزا و هەرگیز کۆڵ نەدەن و لانەدەن و نەگۆڕێن لەبیروباوەڕیان:

هـاوڕێـم

هـاوڕێـم

گویَ بگـرە لێم

چیت پیَ دەڵێم

بیڵیَ بە هــاوڕێکانیـتر

سووتێنەرانی وەک ئاگر

تێـکۆشـەران

کۆڵ نەدەران

کڕنووش بۆ زۆردار نەبەران

ئەوانەی هـــەرگیز نابەزن

پەنجەی نەمـزانی ناگەزن

ناگـۆڕێن لانـادەن لــەڕێ

دەڕۆن بەرەو پێش پێ بەپێ (دزەیی،١٩٨٧: ١٢٩)

زیاتر پەیامی بۆ ئەوانەیە کەبەرگەی سەختی و زەحمەتی ئەم کاروانە دەگرن و ناگۆڕێن و نابەزن و پەنجەی پەشیمانی ناگەزن و لەگەڵ ئەو قافڵەدا بە هەوراز و نشێودا هەنگاو بەهەنگاو بەرەو ترۆپکی سەرکەوتن دەڕۆن، "بەڕاستی خوێندنگەیەکی گەورەی کوردایەتی و خەبات و کۆڵنەدان بوو، ئەوەی زیندانی دیبێت و خاوەنی بیرو باوەڕ بێت، هەردەم کۆڵنەدەر و باوەڕدارە"(ڕەئووف، ٢٠٠٤: ١٦٦).

(مەدحەت بێخەو)، لەشیعری (ڕێگە ناگۆڕم)(بەندیخانەی کەرکووک-١٩٥٣)دا، ئەم هەستە لەدەروون و مێشکیدا بەتەواوی ڕەگی داکوتاوە، لەپێناو ئامانج و خەونەکەیدا لەسەرهەمان ڕێگە و ڕێباز دەبێت و ناگۆڕێت و ناوەستێت لەتێکۆشان و هەڵمەت و خەبات تا ئەو ڕۆژەی لەژیاندا بێت و دەڵێت:

ڕێگە ناگـۆڕم... بەبێ وەستـانم

لەچەوتی دوورم... لەتێـکۆشانم

تـاڕۆژی گـۆڕم... لەهەڵمەت دانم

ڕێگە ناگۆڕم

گەرچی بی حاڵم... کڵـوڵ و لاتم

لەژینی تـاڵم... بێ کـارو ماتم

بۆ گەل ئەناڵم... هەر لەخەباتم

ڕێگە ناگۆڕم (بێخەو، ٢٠١٣: ٥٣)

تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی هەر لە(کڵوڵی و لاتی و بێکاری)، کە دەردی کوشندەن، نەیانتوانیووە ئامانجە باڵاکەی لەهۆش و بیری ببەنەوە، ئەمەش ئەو پەڕی خاکپەرستی و گیانفیدایی و چەسپاوی متمانەی بەدۆزی ڕەوای میللەتەکەی دەسەلمێنێت، "دەبینین مرۆڤی متمانە بەخۆبوو بەشێوازێکی دیاریکراو هەڵدەسوڕێت و بەشێوازێکی دیاریکراو بیردەکاتەوە و بەشێوازێکی دیاریکراویش هەناسە دەدات، هەرچییەک ڕوویدات و هەرچییەک بێت، دواجار ئەو گرەو دەباتەوە"(فەقێ، ٢٠١٤: ٢١).

(دڵزار)و هاو فیکرەکانی هێندە بڕوا و متمانەیان هەیە، هەرگیز ئامرازەکانی ئەشکەنجە و ترس و تۆقاندن: (گرتن و لێدان و زنجیر و کوشتن) پاشگەز و ساردیان ناکاتەوە، بەندیخانەکانی (نوگرە و باقووبە و بەغداو کووت) دەکاتە شایەتحاڵی نەبەردی و چاونەترسی و کۆڵنەدانیان:

**گرتن و لێدان و زنجیرکردن و کوشتن چییه**

**ئێمه خاوەن بیر و عەزم و باوەڕێکین ئاسنین**

**بەندیخانەی نوگره و باقووبه و بەغدا و کووت**

**باش ئەزانن ئێمه کێین و چاک ئەزانن ئێمه چین**     (دڵزار، ٢٠٠٦: ٣٠)

# بەشی سێیەم

## بنیاتی هونەری لە شیعری زینداندا

پاری یەکەم

زمانی شیعری لە شیعری زینداندا

پاری دووەم

وێنەی شیعریی لەشیعری زینداندا

پاری سێیەم

مۆسیقای شیعریی لە شیعری زینداندا

پاری چوارەم

ڕەمز لە شیعری زینداندا

# بەشی سێیەم

# بنیاتی هونەری لە شیعری زینداندا

## پاری یەکەم

## زمانی شیعری لە شیعری زینداندا

زمان دیاردە و سەلماندنی مرۆڤە، بە مەبەستی پەیوەندیکردن و ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییانە هاتۆتە ئاراوە، لەم بارەیەوە (د.محەمەد مەعروف فەتاح) دەڵێت:"زمان چۆتە بیرەوە لەگەڵ خەوی مرۆڤدا تێکەڵ بووە و تەنانەت پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکیتر و دەوروبەریدا دیاری دەکات، بێ بوونی کۆمەڵی مرۆڤ نایەتە کایە"(فەتاح،٢٠١١: ٩). کەواتە زمان پێویستییە و مرۆڤ هەر لەدێر زەمانەوە کاری پێی هەبووە، بەم پێیەش بێت زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام زمان لە شیعردا لە زمانی ڕۆژانەی ئاسایی ئاخێوەران جیاواز و باڵاترە ، شاعیر ئەم زمانە ئاسایی و سادەییەی خەڵک دەکاتە بنەما و کەرەستەی شیعری و لە واتا فەرهەنگی و سروشتییەکەی دووری دەخاتەوە، بە جۆرێکی دیکە و ئەرک و ڕۆڵێکیترەوە بە گەڕیان دەخاتەوە، کە جێگای سەرنج و تێڕامان بێت "شیعر بە زمانێکی هێندە باڵا دەنووسرێت هەر دەڵێیت شای دەربڕینە، زمانی شیعری جوان هەر لەزمانێک دەچێت دەڵێیت زمانی گیاندارێکە لە ئینسان باڵاتر، دەڵێیت لە ئاسمانەوە دێت و لەو زمانە دەچێت، کە فریشتە پێی دەپەیڤێت...، شیعری جوان ئاوی حەیاتی ژیانی زمانە، لێ ناگەڕێت گوڵی زمان بژاکێت"(حەسەن، ٢٠١٠: ١٠٧).

(ڕسکن) دەڵێت: "شیعر دەرخستنی سۆزە لە ڕێگەی ئەندێشەوە، واتە زمانی خوازەیە"(دزەیی، ٢٠٠٩: ١٣٧). هەروەها (محەمەد فەریق حەسەن)یش ڕای وایە، کە شیعری باش و خراپ بە زمانی شیعرییەکەی دەنرخێنرێت و سەنگ و تەرازووە بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو جۆرە لەیەکتر،"زمان ئەو سەنگ و تەرازوویە دەقی پێدەنرخێنرێت، چونکە هەر زمانە ملانێ و جوانکاری و هزر و هەست و سۆزەکانی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کات و شوێن، هەر بە زمان گوزارشتیان لێدەکرێت، هەر لە سۆنگەی زمانەوەیە دەقێک بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێت و دەقێکی دی بەرەو داڕزان ڕۆ دەچێت"(حەسەن، ٢٠٠٥: ١٣٤)، لە کورتترین پێناسەدا، شیعر زمانە، زمانیش ئەو چەق و ناوەندەیە کە جێگای پێگەیشتن و ئاوێزانبوونی هەموو جوانی و قەشەنگییەکانە "لە کرۆکدا شیعر پەیامێکی زمانییە لە دەربڕینی ئێستێتیکادا، شیعر لە زمان و شتەکان پێکدێت، بەڵام زمان ناوەندێکی ڕاستەقینەیە و لە ڕێکخستنێکی تایبەتی زمانیدا دەبێتە شوێنێک یان تایبەتکاریی شوێن بۆ یەکگرتنەوەی جوانییەکان"(ڕەنجدەر، ٢٠١١: ٢٠٧). جگە لە جوانی و ئێستاتیکا، زمان ئەو مەڵبەندەیە، کە واتا و ڕەهەندی جۆراوجۆر بە پەیڤەکان دەبەخشێت، کە لەوەوپێش هاوشێوەیان نەبووە"لە تەونێک دەچێت، کە لە نێو ئەو تەونەدا، ماناکان بەها وەردەگرن، بۆ نموونە (نێر) تەنها لە پاڵ (مێ)دا واتای هەیە، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیش پەیوەندی (دال و مەدلوول) دەکاتە یەکێ لەو چەقانەی کە لە سەری دەگیرسێتەوە"(مەلا، ٢٠٠٥:

٥٢)، وشە و واژە مانا و ڕەهەندێکی کۆنکرێتی نابەخشن و هەمیشە لە دەقێک بۆ دەقێک، شاعیرێک بۆ شاعیرێکی دیکە، هەمان واتا و مەغزا بەدەستەوە نادەن، بۆیە پێویستە لەسیاقی دەقدا لێکدانەوە بۆ واتای وشە بکەین، "جیهانێکی پێشبینینەکراو و گومڕاکەرە و بەردەوام وا لە نووسەر دەکات نەهێڵێت جیهانێکی سادە و کەم کاریگەر بخاتە دەقەوە، وای لێدەکات کۆمیدیاکان بکاتە تراژیدیا و تراژیدیاکان بکاتە کۆمیدی. هەر نووسەرێک بە ئاڕاستەیەکی جودای دەلالەتدا لە زمان ورد دەبێتەوە، بە ڕادەیەک وەسفکردنی وشەیەک لە لای سەد نووسەدا دەشێت سەد واتای جیاوازی هەبێت و سەد دەوری جیاوازی هەبێت لە ڕستەی شیعریدا"(ئەحمەد، ٢٠٠٨: ٢٠٧).

زمان پایە و بڕبڕەی شیعر و داهێنانە و بەهۆی ئەو کاریگەرییە گەورەی کە هەیەتی یەکێکی وەکو (هایدگەر) پێی وایە، کە: "مرۆڤ زمان بەکار ناهێنێت، بەڵکو ئەوە زمانە لە میانی مرۆڤەوە قسە دەکات"( عەبدوڵلا، ٢٠١٠: ٢١). ئەگەر لە زمانی ئاساییدا وشە و موفرەدەکان هەڵگری تاقە واتایەک بن ئەوا لە شیعردا دەبنە خاوەنی زۆرترین واتا "زمانی شیعر وشەکان ڕێک دەخات و پڕ واتایان دەکات، ئەو واتایەی کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی واتای دروست و خوازەیی لە لایەک و بینای ڕیتم لەلایەکی ترەوە هەڵدەقوڵێت"(ئەحمەد،٢٠٠٩: ١٨٠). جا شاعیر بیەوێت ئیستاتیکا و داهێنان بخولقێنێت پێویستە زمان تێکبشکێنێت، لە دەستووره باوەکانی لابدات، چونکە زمانی شیعری لە ناو ئەو شەڵەقان و تێکچڕژاوەییەی زماندا دەسازێت، (یاکوبسێن)، "شیعری بە ئەرکی جوانناسانەی زمان و هێرشی ڕێکخراو و شارەزایانە بۆ سەر زمانی ڕۆژانە ناودێر دەکات"(ئەحمەدی، ٢٠٠٤: ٨٧).

شاعیر بۆ ئەوەی تێکستێکی بەپێز و جاویدانی بئافرێنێت، نابێت سڵ لەهیچ بکاتەوە پێویستە پەنا بۆ هەموو ڕێگەیەک ببات ئەگینا پەیامەکەی وەکو وتار و ڕاپۆرتێک بە خوێنەر دەگات و ناتوانێت لە سنووری زمانی ئاسایی بپەڕێتەوە، بۆیە شاعیر بۆ هەر کارێک لە خزمەتی تۆکمەکردنی بەرهەمەکەی بێت ڕێگەی پێدراوە، ئەوەی بۆ شاعیر لواوە بۆ کەسیتر بەو جۆرە نییە، (حەمەسەعید حەسەن) لەم بارەوە دەڵێت: "شیعری جوان مل بۆ دابونەریت کەچ ناکات و نە سنوور و بەربەست دەناسێت، شیعری جوان چونکە لە سەرچاوەی خودی یاخیبووی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت، هەمیشە لە گۆڕاندایە، نەگۆڕایەڵی ڕێساکانی گوتنی باو دەبێت و نە لە قاڵبی شێوازە دێرینەکاندا گیردەخوات، ئەگەر شاعیر سازش بکات، تەنیا لە پێناوی جوانترکردنی زمانی شیعردا دەیکات"(حەسەن، ٢٠١٠: ١٠٦). هەروەها (د.عدنان حسین العوادي) پێی وایە، "ئەرکی شاعیرە زمان لە گشتێتییەوە بگۆڕێت بۆ دەنگێکی کەسی"(العوادي، ١٩٨٥: ٩).. هەندێک زمانی شیعر بە جیاواز و قوڵتر لە زمانی گشتی دادەنێن، ئەمەش بەهۆی فرە ڕەهەندی و فرە لایەنی لە تایبەتمەندییەکانیدا "ئاشکراو بەدیهییە، ئەو زمانەی لە کاری ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێت، جیاوازە لەو زمانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاردێت، زمانی ئەدەب فرە ڕەهەند و مانای دوورو قوڵە لێوان ڕێژە لە تێڕوانین و جیهانبینی، ئا لێرەدا زمانی ئەدەب و زمانی ژیان لێکدەترازێن"(عیسی، ٢٠٠٩، ٤٢-٤٣). هەر چۆن بێت ئەمە لەو ڕاستیە ناگۆڕێت، کە زمانی شیعر خاوەن خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، جۆری بەکارهێنان و وەزیفەی وشە جیاوازترە لە زمانی میللیدا، چونکە هەر

گۆڕانێک لە فۆرمدا، گۆڕان لە ئەرکیشدا دروستدەکات، وشە و کەرەستەکان ڕەنگە بە ڕواڵەت وەک یەکبن، بەڵام لە شیعردا واتا و مەبەستی نوێی دەگەیەنن، ئەمەش پەیوەستە بە بەهرەو ئەزموون و پاشخانی مەعریفی شاعیرەوە، کە چۆن بە شێوەیەکی هونەرمەندانە زمانێکی تایبەت بەخۆی، کە وشە و فەرهەنگێکی خودی دەسازێنێت، مۆرک و تایبەتمەندی خۆی پێوە دیاربێت و بە زمانەکەی بناسرێتەوە و ببێتە ناسنامەی شیعریی و ڕێچکەیەکی هونەری باڵا بنیات بنێت.

ئامراز و کەرەستە و چەکی دەستی شاعیر وشە و واژەکانێتی، پێویستە هێندەی پێی بێت و حازر بەدەست و زاڵ و سوار بێت بەسەر زماندا، ئەگینا سەرکەوتوو نابێت و نوشست و خۆ بەدەستەوەدان چاوەڕانێتی، پێویستە لە زمانی دووبارە و سواو و وڕەسکەر دووربکەوێتەوە، (کەمال میراودەلی) لەم بارەیەوە دەڵێت:"هەر شاعیرێک دەسەڵاتێکی تەواوی بەسەر زماندا نەڕوا و فەرهەنگێکی وشەی دەوڵەمەندی نەبێت لەدەربڕینی تاقیکردنەوەکەیدا، ئەوا پەکی دەکەوێت، چونکە ئەداتی دەربڕینی شاعیر وشەیە"(میراودەلی،٢٠١٣: ٣٧)، چۆن هەر شاعیرێکی سەرکەوتوو زمانێکی تایبەت بە خۆی دەسازێنێت ئاواش هەموو دەقێکی هەمان شاعیر لەگەڵ هاتنە دنیایدا زمانی تایبەت بەخۆی دەرسکێنێت و بەکارهێنان و ڕەنگدانەوەی زمان تیایاندا چوون یەک و هاوسەنگ نییە و هەموو دەقێک لە مەداری خۆیدا زمانێکی نوێی و جیاواز دەهێنێتە ئاراوە.

ئەوەی ڕوونە زمانێک نییە تایبەت بە شیعر و شاعیران، بەڵکو دەبێت شاعیران خۆیان ئەو زمانە دروست بکەن، ئەمەش بە هەوڵ و تەقەلا و خوێندنەوەی قوڵ و خۆتەیار و سازکردن بە وشە و موفرەداتی بێشومارو گونجان و داڕشتنیان لەبەرگێکی جوان و هونەرییدا. پێویستە شاعیر ڕێچکە و ڕێبازێک بۆ خۆی بنیات بنێت و بەرهەمی نەمرو بەپێز بئافرێنێت و نابێت تێکستەکەی بەخامی و کاڵی دەرخواردی خوێنەر بدات و دەبێت خوێنەر لە تەم و مژو چاوەڕوانیدا بهێڵێتەوە و عەوداڵ و گەڕیدەی بکات بەشوێن کۆد و کلیلی مانادا، هەمیشە لەسۆراخ و هەڵچوون و جۆشدا بێت تاکو دەگات بە مەقسەد و لە بۆچوون و مەبەستی شاعیر دەگات و داڕشتنێکی نایاب و چێژبەخش پێشکەش بکات "بەمجۆرە زمانی شیعر دەبێتە زمانێکی چڕ و پڕ لە ئیحا و ئاماژە، کە ماناکان لە نێو جەنگەڵە چڕەکانی دەقدا بەڕێگە پێچاوپێچەکاندا دەهێنێت و دەباو مانا شاراوەکان لە تاریکی دەهێنێتە دەرەوە، ئەمە دەست بەسەرداگرتنێکی سیستماتیکانەیە و لێکدانێکیشە لە ئاخاوتنی ئاسایی"(مستەفا، ٢٠٠٩: ٨٨).

زمان کۆڵەکە و پایەی بنچینەیی شیعرە، لەپاڵ ڕەگەزەکانیتردا شیعرییەت پێکدێنن، هەروەها دەربڕی هەست و سۆزو دەروونی شاعیرە و بارگاوی و تەژییە بەو هەست و سۆز و هەڵچوونانە، کە بەمەش سیحر و ئەفسونێک بەدەق دەبەخشێت، ڕازاوە و قەشەنگی دەکات و داڕشتنێکی ئیستاتیکی و فەنتازی وا دەسازێنێت، کە خوێنەر شەیدای خۆی دەکات "شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە هەوڵدەدات جیهانێکی پڕ لە جوانیی تاسەبەخش بونیات بنێت، لە ناخی شتێکەوە بابەتێکی دیکە مسۆگەر بکات، هەوێنی ئەو بابەتەش شیعرە، لە هونەردا بەها و نرخی دەبێت"(مەحموود، ٢٠٠٩: ٨). بەهۆی شیعر و شاعیرەوەیە، زمان گەشە و نشونما دەکات و ناهێڵێت

چەق ببەستێت و بپوکێتەوە، هەمیشە شاعیر لە ڕێگەی زمانی شیعرەوە کاردەکات بۆ نۆژەنکردنەوە و بووژانەوەی و خوێن بە ڕەگەکانیدا دەکات، لەم بارەوە (عەبدولخالق یەعقوبی) ڕای وایە "وشیاری مرۆڤی مۆدێرنی ئەم سەردەمە ئەو کاتە دەستەبەر دەبێت، کە بەزمانی خۆی ڕابگا و کەڵکەڵەی پاراستن و نۆژەنکردنەوەی زمانەکەی هەبێت"(یەعقووبی، ٢٠٠٦: ٢٠٨).

زمان لە هەر سەردەم و زەمەنێکدا خۆی ئەپدەیت دەکاتەوە و دەگونجێنێت، بۆیە ناکرێت و ناشێت کە بە زمانێکی کۆن و ڕزیو گوزارشت لە سەردەم و واقعێکی نوێی بکات، پێویستە بەپێی دۆخ و زەمەن خۆی بگونجێنێت و مەودایەکی مەعریفییانە و ستاتیکیانە لە ناخی خۆیدا دروست بکات و لەگەڵ ڕەوتی پێشەوەچوونی ژیاندا بەرگی تازەتر بپۆشێت و لەیەک قاوغدا نەمێنێتەوە، (دی سۆسێر) بۆچوونی وایە کە "زمان لە مرۆڤەوە درێژ دەبێتەوە، واتا مرۆڤ و زمان ناکەونە ژێر هەمان پرۆسەی پراکتیزەکردنەوە، بە مانایەکی دیکە زیندوویتیی زمان خۆی لەهەمان پراکتیزەکردنەوە بەندە بە زیندوویتیی مرۆڤ و بیرکردنەوەی مرۆڤ و پێشکەوتنی مرۆڤایەتیەوە"(شێخ بزێنی، ٢٠١١: ٣٥)، ئەمەش بەو مانایە نا، کە زەمەن و کات و شوێن سنوور بۆ زمان بکێشن و لەغاوی بکەن، ڕۆڵ و دەسەڵاتی کەم بکەنەوە، زمان ئەوانە قبوڵ ناکات، چونکە بەرزترین و ڕەسەنترین بەکارهێنانی زمانە، بۆیە دەبێت زمان لە ئاست چاوەڕوانی خوێنەرەکەی بێت، چونکە شاعیر جگە لە خۆی دواجار بۆ ئەوان دەنووسێت و پێویستە وشە و دەربڕین و ڕستەکانی مەبەست بگەیەنن و هزرو خەیاڵیان بوروژێنێت و پەیوەندی و لینکێک لە نێوان خۆی و ئەواندا دروست بکات، بۆیە خوێنەری باش هۆیەکە بۆ سەرکەوتن و بەرەوپێشبردنی بەهرەکانی شاعیریش، کە هەموو ئەمانە بە زمان دەکرێت، (نزار قەبانی) ڕای وایە،کە "هۆی هەموو ناتەباییەکانی ئەم جیهانە لە بنەڕەتەوە لە ناتەبایی زمانەکانەوە سەرچاوە دەگرن، کاتێ پێوەندی نێوان شیعر و خوێنەر دەپسێت ماناى وایە بۆشاییەک لەزماندا سەری هەڵداوە"(قەبانی: ٢٤). بەم پێیە بێت ئەزموونی شیعر لەبنەڕەتدا ئەزموونی زمانە، لە ئەنجامی زمانێکی هەڵچوو و تێکچڕژاو و یاریکردنێکی ئاگایانە بەکەرەستەکان و لەقاڵبی وێنەی هونەری و مۆسیقا و ڕیتم و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و هەڵوێستە مرۆییەکاندا دێتەبوون.

## أ-زمانی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا

زمانی شیعریی بەپێی قۆناغ و سەردەم و قوتابخانە ئەدەبییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەم گۆڕانکاریانە لە سێ قۆناغدا خۆی دەبینێتەوە:

### ١-قۆناغی لاساییکردنەوەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی

شاعیرانی کورد ساڵانێکی دوور و درێژ پەنایان بۆ وشە و واژەی زمانی بێگانە دەبرد لە هۆنینەوەی تێکستەکانیاندا و زمانێکی تێکەڵ دەبینرا، بەتایبەت پەنابردن و سوود وەرگرتن لە وشە و موفرەداتی وڵاتانی دراوسێی، ئەمەش بەهۆی کاریگەریی و زاڵبوونیی زمانەکانی (فارسی، عەرەبی، تورکی) بەسەر زمان و نووسین

و ڕۆشنبیریی نووسەرانی ئەوسای کوردەوە، کە هەریەکەیان بە جۆرێک و بە هۆیەک خۆیان سەپاندبوو. (د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ) لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت: "زمانی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی لە سەرەتاوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی فارسی و تورکی و عەرەبیدا لە دیمەنی گشتیدا یەکدەگرنەوە، بناغەی زمانی کوردییە، کوردییەکی ساغی بێ هەڵە لەڕووی دارشتن و ڕێزمانەوە، بەڵام شاعیر وشەی هەموو شیعری ڕۆژهەڵات و زمانانی ڕۆژهەڵات بە موڵکی خۆی دەزانێ، لەبەر ئەوە وشە موفرەداتی ناو شیعری کوردیی ئەو سەردەمە، لە کوردی و فارسی و تورکی و ئیسلامی تێکەڵە"(ڕەسوول، ١٩٩٠: ٤٣).

(نالی)دەڵێت: موی سپی کردم بەشوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط

شۆرە شەط یەعنی کەتێدا خود بەخود قەل بو بە بەط (مدرس و عبدالکریم،١٣٦٤: ٢٤٢)

ئەو زمانە زمانێکی پتەو و باڵابووە، کەم کەس جگەلە ڕۆشنبیر و خوێندەواران لەم شیعرانە تێ نەگەیشتوون "زمانەکەیان لەسیما و ڕووخساردا لەسفتی و مەحکەمی و زاراوە و وشەی هاوبەشدا تەواو لە زمانی دیکەی ڕۆژهەڵات دەچوو، شاعیر بۆی نەبوو وشەو دەربڕینی ئاسایی بەکاربێنێ"(مصطفى، ٢٠١٤: ٤٢٥).

## ٢-قۆناغی لاساییکردنەوەی شاعیرانی عوسمانی

لەم قۆناغەدا بەهۆی جۆرێک لە کرانەوە بە ڕووی دنیای دەرەوە، واتە دنیابینی و شارەزای پەیداکردن و ئاشنابوون بەزمانی تورکی و کاریگەربوونیان پێی، شاعیرانی وەکو (شێخ نووری، ڕەشید نەجیب، گۆران) کەوتنە لاسایی کردنەوەی شاعیران و ئەدەبی ئەو کاتەی تورکی بۆ تازەکردنەوەی زمانی شیعری کلاسیکی کوردی،"لەدواییدا، یەکەم هەنگاوی نوێکردنەوە ئەو ئاشنایەتییە بوو، کە لەگەڵ شیعری عوسمانی پێشکەوتووی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ناوەوە بوو، نووری خۆی و هاوڕێکانی ئەو شیعرە نوێیەی عوسمانییان کردبوو بەرێبەر، کە شیعریان بەو شێوازە دەنووسی و ناویان نابوو (لاسایی شیعری عوسمانی)"(خەزنەدار، ٢٠٠٦: ٣٥٦).

ئامانج و ویستیان بوو، کە پلە بە پلە لە زمانە کلاسکییەکە دووربکەونەوە، بۆیە نەتوانرا بە یەکجاری دەست لە وشە و واژەی بێگانە هەڵگیرێت، بەڵام کەمکرانەوە و بە ڕێنووسی کوردی دەنووسران و جۆرە مۆرکێکی کوردانەیان پێ دەبەخشین، کە زیاتر وشەی تورکی و ئەو عەرەبیانەی کە لە شیعری عوسمانییدا بەکاردەهێنرا و کوت و مت بە واتا فەرهەنگی و سروشتییەکەی بەکار نەدەهێنران.

## ٣-قۆناغی بەکارهێنانی کوردی پەتی

لەم قۆناغەدا شاعیرانی وەک (شێخ نووری، پیرەمێرد، گۆران)، کەوتنە هەوڵی بژارکردن و خۆ ڕزگارکردنی تەواوەتی لە وشەی بێگانە و بە پاراویکردنی زمانی شیعری کوردی، ئەمەش بە پلەی یەکەم بۆ وریابوونەوەی بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی دەگەڕێتەوە، کە لەو سەردەمەدا لە ناو کورد و نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات

پەرەی سەندبوو، لەم ڕووەوە (د.قەیس کاکل تۆفیق) دەڵێت:"بە بۆچوونی من زمانی کوردی تاکە هۆکارێک بووە بۆ پاراستنی نەتەوەی کورد. وەک نەتەوەیەکیتر بۆی نەشیاوە، کە پشت بە بنەماکانیتر ببەستێت کە خۆی وەک نەتەوەیەک پێی جێگیر بکات، لەبەرئەوە بوونی ترس، ترسی توانەوە و لەناوچوون، وەک هەستێک لەلای کورد هەبووە"(تۆفیق، ٢٠٠٧: ١٢)، بۆیە تاکە چەک و ئامراز و هۆکاری بەزیندوویی هێشتنەوەی گەلێکی بێ وڵات و کیان، زیندوو ڕاگرتن و پاراستنی زمانەکەیەتی. شاعیران و نووسەران لە پێش هەمووان درکیان بەم مەترسیە و ئەگەری قوتدانی تەواوەتی زمانەکەیان، کە لەلایەن زمانانی بێگانەوە لە ئارادابوو، هەروەها گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە هاتنە ئارای ئەو واقیع و دۆخە تازەی ئەو سەردەمە پێویستی بەکەرەستە و زمانێکی نوێتر و گونجاوتر دەکرد بۆ گوزارشتکردن، بەمەش تێڕوانین و دنیابینیان بۆ ئەرک و مەهامی شیعریش گۆڕا، دەیانویست پەیامیان بە زمانێکی سادە و ڕەوان و نزیک لە خەڵک بگەیەنن، "گۆڕانی زمانی شیعری نوێی کوردی، لەو شێوازە گران و ئاڵۆزەی لەشیعری کلاسیکیدا بەکاردەهات بۆ شێوازێکی سادەی نزیک لەئاستی تێگەیشتنی خەڵک پەیوەندییەکی پتەوی هەبوو بەگۆڕانی تێڕوانینی شاعیر بۆ ئەرکی شیعر و بەستنەوەی بە گەیاندنی پەیامی شیعرەکەی بە گەورەترین ژمارە لەکۆمەڵانی خەڵک"(سابیر، ٢٠٠٦: ٦٣١).

لە سەردەمی حوکمی ئینگلیزدا و بۆ بەرەو پێشبردنی زمانی شیعریی بەرەو پاراویی، لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا، لەساڵی (١٩٢٠)دا، (مێجەر سۆن) حاکمی ئەوسای سلێمانی، پێشبڕکێیەکی بۆ ئەم مەبەستە سازکرد "هەر بەهاندانی (سۆن) هەندێ لە نووسەرەکانی ئەو ڕۆژەی سلێمانی کەوتبوونە سەر بیرو مەیلی نووسینی کوردیی پەتی، تەنانەت(سۆن) بۆ ئەمە پاداشتێکیشی دانابوو و ئەوانەی کەنزیکەی لاپەڕەییێکیان لەهەر باسێک بەکوردی پەتی ئەنووسییەوە لە(٢٠)تا(٣٠) ڕوپیە پاداشتی پێدەبەخشین"(سۆن، ٢٠٠٧: ١٩-٢٠)، لە دەقە شیعرییەکاندا، شیعری (جووت و گا)ی (شێخ نووری) پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، ئەمە بوو بە هاندەر بۆ نووسەران و شاعیرانی دیکەش بە گڕوتین و پەرۆشەوە هەنگاویان هەڵهێنا و کەوتنە خولیای ئەم جۆرە نووسینە. (پیرەمێرد)یش بەو پەڕی دڵسۆزی و خەمخۆریەوە بۆی دەکۆشا و بە یەکێک لە شاسوارانی ئەم ڕێگایە دەژمێردرێت، "شیعری (بەیانی بوو لە خەو هەڵسام)ەکەی، هەر بە هەوای ئەو موسابەقەیەوە دوای چەند ساڵێک نووسی"(قادر، ٢٠٢٠: ٤٥). (گۆران) خۆیشی یەکێکە لە ڕابەرانیتری ئەم هەوڵە و بەردەوام بوو لە پاککردنەوەی زمانی شیعریی، بەشێوەیەکی کاریگەر و سەرەکی دەوری هەبوو لەچەسپاندن و بەمەنزڵگەیاندنی ئەم شێوازە نوێیە. واتە نەچوون وشە و واژەی نوێی بتاشن، بەڵکو تەنها ئاوڕدانەوە و زیندووکردنەوەی هەگبەی دەوڵەمەندی سامانی فۆلکلۆری کوردی و زمانی سەر زاری خەڵکی بوون، کە چیتر پێویستیان بە هی بێگانە نەبێت و لە داڕشتن و تانوپۆی تێکستەکانیاندا ڕانەمێنن.

## ب- زمانی شیعریی زیندان

ئەگەر سەیری زمانی شیعری تێکستەکانی نێو زیندان بکەین چەندین دەق بەتایبەت پێش بە پەتیکردنی زمانی کوردی نووسراون، زمانیان تێکەڵە بە وشە و واژەی بێگانە، ئەم شیعرەی (ئەحمەد موختار جاف)، کە لە ساڵی(١٩٢٣) دایناوە وردبینەوە، دەبینین بە زمانێکی تێکەڵ بە وشەی بێگانە نووسراوە :

گـەر لەمـەحبووسی خـەلاس بم، دوشمنـانم پەت ئەکـەم

سـووری سـەر ئەبڵەق لەفـەرجـی دایکیـانا ڕەق ئەکـەم

بۆ ئەمـەی تەرکـی خـراپی و مـوفسیدی و بەدزاتی کـەن

ڕەنگ و ڕوویان گشت بەڕەنگی خاسەڕەنگ خەت خەت ئەکەم

ڕوو بە شـــار و مـولکـــی ئامـەد (من اشاء) دائـەنێـم

عـاقـــڵانە تەرکـــی ڕێگـــای ناحـەزو نەگبـەت ئەکەم

دۆستـــانی خـۆم بە پارە و مـــاڵـی دنیا شـــاد ئەکەم

حاسید و مـــوفسید هەمـوو نابووت و بێ سەروەت ئەکەم (ڕەسووڵ، ٢٠١٦: ١٠٢)

شاعیر لەم دەقەیدا چەند وشەیەکی بێگانەی بەکارهێناوە لەوانە (مەحبووس، خەلاس، فەرج، موفسید، سەروەت)، ڕاستە وشەکان کوردی نین، بەڵام زۆربەیان ئاشنان لای خەڵک و ڕوونن.

پاش نوێکردنەوەی فۆرمی شیعر(زمان)، دەبینین لەشیعری زیندانیشدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەم دەقەی (گۆران)، لەژێر ناوی (لە بەندیخانە)(١٩٥٢)دا نووسیویەتی، بەزمانێکی پەتی و پاراو و ڕەسەنی کوردی چنراوە:

تاوانـم کـرد..گـەل پێوە نام مـۆری ناپاکی

بۆ زینـدانە کـۆچی ژیـنم، دنیـــای ڕووناکی

وتم:گەل..نەء! گەلفرۆشی دەزگا و دووکان گێڕ

عاری تێر پۆش،خەوشی برسی موو بە موو ژمێر

دزی تێـرو بـێ پێویستی نارده سـەر بـرسـی

وتیـان دزە وپرسیـارێکی زۆریان لـێ پرسـی (مەلاکریم،١٩٨٠: ٢١٤)

زمانی ئەم شیعرە بە وشەی پەتی نووسراوە، (تاوان، مۆری ناپاکی، گەل فرۆش، دوکان گێڕ، مووبەموو، مل کەچ، سەرشۆڕ، هەڵڕشتن ...) وشەگەلێکی سادە و ساکار و ساف و ڕەوانن، بەڵام شاعیر بە جوانی ووردی بەکاریهێناون و بەرهەمێکی نایابی لێ داڕشتوون، شاعیر خاوەن فەرهەنگی زمانی خۆیەتی و زمانێکی نزیک لە خەڵکی بەکار بردووە. (ڕەفیق حیلمی) لە بارەی زمانی شیعری گۆرانەوە دەڵێت: "تا پێش دەوری گۆران وا زان ئەکرا، کە لەوشەی پەتی و ساکاری کوردی شیعری بەرز ناوترێ، بەڵام بەهۆی ئوسلووبێکی دای هێنا لە (فەن)ی شیعرا، گۆران ئەم باوەڕەی گۆڕی"(حیلمی، ٢٠١٠: ٢٠٩).

ئەم دەقانەی ناو زیندان خاوەن زمانێکی تایبەت و جیاواز بە خۆیانن، وشە و واژە و دانە زمانییەکانی جودان و زادەی سروشتی ئەم شیعرانەن، زمان چڕ و تەماوی نەهۆنراوەتەوە و شیعرەکان ڕیالیستین و دەربڕی واقع و کۆژانەکانی شاعیرن، سادە و ساکار و بێ گرێی و گۆڵن. زیاتر گرنگی بە پەیام و مەبەست دراوە تا ڕوخسارو شێوە، هەندێک پێیان وایە خەسڵەتی دەقێکی هونەری سەرکەوتوو ئەوەیە کە گونجان و هاوئاهەنگیەک هەبێت لە نێوان پێکهاتەکان و تەرازووی نێوان شێوە و ناوەڕۆک هاوسەنگ بن، وەک (هۆراس) دەڵێت: "مەبەستی شاعیران یا سوود بەخشینە یاخود لەزەت پێ گەیاندن"(هۆراس، ١٩٧٩: ٣٠)، بەڵام لەشیعری بەرەنگاریدا بەگشتی ئەم هاوسەنگییە نابینرێت و بە لای پەیام و ناوەڕۆکدا لاسەنگ دەبێت، ئەمەش بەهۆی سروشت و ستراکچەری شیعرەکەوە وا دەخوازێت بەو جۆرە بێت، چونکە مەبەستی وشیارکردنەوە و خستنەڕووی دۆخ و واقعی خەڵک و شاعیر خۆیەتی، کە تیایدا ژیاوە و ڕەنگدانەوە و کاریگەری ئەو ڕووداو و دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە دەنوێنێت، "شیعری بەرگری سوک و ئاسانە، مانای ئاشکرایە، لەگەڵ خەڵکی نەخوێندەوار و ساکاری کورد قسە دەکات لە دڵێکی پڕ سۆزەوە دێتە دەرێ، فەرهەنگی نەرم و نیانە، کێش و قافیەی سوکە، ڕەمز و پێچ و پەنا و شاراوەیی کەمە، بەڵام کاریگەرە، چونکە وێنەی ڕوون دەدات بە دەستەوە"(شەریف، ٢٠٢١: ٣٥٤).

ئەم جۆرە لە شیعر میحوەری سەرەکی ناوەڕۆکە بۆیە ناخوازێت و بۆی نابێت بە بەرگێکی ڕەمزاوی و تەماوی بپۆشرێت، چونکە هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانەن، قاڵب و شێوەی هونەری هێندە گرنگ و جێی بایەخ نین، چونکە واقع و سروشتی شیعرەکان پێویستە بەو جۆرە بخرێنە ڕوو، ئەمەش هیچ کەم و کاستییەک نابەخشن و هەندێک پێیان وایە ئەم شیعرانە کۆمەڵێک وشەی ڕیزکراون و کێش و سەروایان بە بەرداکراوە، ئەمە بۆچوونێکی لاوازە، چونکە ئامانجی سەرەتا و کۆتایی ئەم دەقانە گەیاندنی پەیامەکەیەتی بە زۆرترین خوێنەر و گوێگر، "شیعر ئەو جیهانەیە لە هەموو لاوە خەمی مرۆڤ و خۆشیەکانی - کارەساتە درامیەکانی سروشت و هێمنی و ئاسایشی ئەوبن، بە ڕووبار و ئەڕژێنە دەریاری شیعرەوە"(ئاشنا، ٢٠٠٧: ١٢٢).

بۆ نموونە ئەگەر لەم شیعرەی (مارف بەرزنجی شەهید)بەناوی(هیوا)(گرتووخانەی بەغدا-١٩٦١) وردبینەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە چەند بە زمانێکی سادە و ساکار نووسراوە، وشە و واژەی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکی بەکارهێناوە:

بەهیـوای بەهــار شــادم بە زستان

بەهــاریش پەستم لە ترسی خەزان

بەهــاریّ خــۆشە خــەزانی نەبــێ

ڕێگاکــەی سەختە و دوور و بیابان

هــەر زستانەکەی بەشــی من نەبێ

شــادم بە باو و بە بەفر و تۆفـان

وەکوو جوتیارێک بە گیان و بە دڵ

بۆ خەڵک ئەکێڵێ و ئەچێنێ تۆوان

منیش ئەکۆشم ســەخت و بێ وچــان

بۆ ئەو بەهارەی جوان و بۆ هەموان

بەری ئەم ڕەنجــە و بەشی بەهــارم

پێشکەش بەکوردو گشت نەتەوەکان (بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ١٢١-١٢٢)

زمان و دەربڕینێکی سادە و ساکارە، وشەکانی (هیوا، بەهار، زستان، ترسی خەزان، سەخت، دوور، بیابان، تۆفان، ...) هەموویان وشەی ئاشنا و ئاسایین کە لە داڕشتنی دەقەکەیدا بەکاری هێناون، "ڕەوانیی لە دەقدا بەشێکە لە کردەی نووسین و بەئاکام گەیشتنی ... تەم و مژو ئاڵۆزکردنی دەق لە بەرژەوەندیی دەقدا نییە و ئەو دەقانەی کە ئەم گرفتەیان هەیە هەمیشە لە ئەدەبدا لەپەراوێزدان و بایەخی خوێندنەوەیان نییە"(ڕەزا، ٢٠٠٧: ٢٩)، بۆیە لەم جۆرە شیعرانەدا پەیام و مەقسەد گرنگی پێدەدرێت زیاتر لە ڕازاندنەوەو ئیستاتیکا. هەندێک پێیان وایە کە فۆرم کراوەتە قوربانی ناوەڕۆک و نەمرنین و بۆ سات و کاتێکی مێژوویی نووسراون، "ڕاستە شیعری سیاسی و بەرگری هەن، بەڵام ئەم جۆرە شیعرانە تا سەر شیعری نەمر نین، شیعرێکن لە ساتێکدا دەنووسرێن، بۆ خەڵکانێک دەنووسرێن، بەڵام ئەگەر باسی دەقێکی شیعری جیهانی بکەین، کە بۆ نەوەکانی داهاتوو بنووسرێنەوە و ئەو شیعرە دەبێت خەسڵەتێکی جیهانی بەخۆوە بگرێ، لێرەدا دەڵێم مەرج نییە وەڵامدەرەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و ئایدۆلۆژی بێت، بەڵام لە پۆلێنبەندیدا ئێمە شیعری سیاسی، جەماوەری، وبەرگری و ... مان هەیە، ناکرێ لە سات و کاتی خۆیدا ئەم جۆرە شیعرانەش فەرامۆش بکرێن"(سامان، ٢٠١٢: ٦٩).

له لایەکیترەوە ئەو بۆچوونەش زاڵە کە پێی وایە، سەنعەتکاری و گرنگی دانی زۆر بە فۆرم زیادەن و زیان بە دەقەکە دەگەیەنێت و ناچێتە ناو ئەو چوارچێوە و ئامانجەی کە بۆی دیاریکراوە، لەم بارەوە (ئومێد ئاشنا)دەڵێت: "بە پێچەوانەی کۆمەڵێ شاعیری ترەوە کە هێندە ورد لە بیری شیعر ناڕوانن، ئەیانەوێ هەڵویست و فەلسەفەی شۆڕشگێڕی بکەن بە ژێر هەندێک لایەنی تەکنیکی و داڕشتن و ڕێبازی نووسینەوە هەتا ئەگەنە ئەوەی ئەو بیرە شۆڕشگێڕییە بخەنە تەمێکەوە ناسینەوەی هەروا ئاسان و لەبار نەبێت"(ئاشنا، ٢٠٠٧: ٢٢٤). هەست و خەیاڵ و فەنتازیا لە زۆربەی ئەم جۆرە دەقانەدا نائامادە و خاڵین لە وێنەی هونەریی باڵا و خەیاڵبازی، کە بڕبڕەی سەرەکی و ستراکچەری فۆرمی شیعرە و هەندێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە کە پێویستە بە پوختی و ڕەوانی پەیامەکەیان بگەیەنن و وێنە و خەیاڵە ڕۆمانسییەکان نابێت بکرێنە کەرەستەی بنیادنانی شیعری (سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ...)، هەروەها هەندێکیتر ئاست نزمی ئەم جۆرە شیعرانە بۆ کەمی و سنورداری کەرەستە و ئامرازەکانی دەربڕینیان دەگێڕنەوە، "هەرچەندە کە شیعری سیاسی هەندێک پێیان وایە لە ڕووی هونەرییەوە بەپێی کەرەستەی کەم، لە ئاستێکی نزمدایە"(غەمبار، ٢٠٠٨: ١٦٥).

کەچی ناتوانین بە هەموو تێکستەکانی نێو زیندان بڵێین سادە و ساکارن و داڕشتنی هونەریان لاوازە، چونکە هەموویان بەو تەرزە نەنووسراون، بەڵکو چەندین دەقی نایاب و باڵا بەدی دەکرێن، کە تەژین لە وێنەی دەروونیی و ڕاستگۆیانە و تابلۆ و وێنەکێشانێکی وردی نێو زیندان و کەرەستەکانی ناو زیندانن، کە بە جوانترین شێواز کێشراون، "لەبەر ئەوەی شیعری زیندان پەیوەندییەکی پتەوی بە واقیعی کۆمەڵگا هەیە و لەناو جەرگەی ئەم واقیعە هەڵقوڵاوە، ئەمانە وایانکردووە داهێنان لە نێو ئەم جۆرە شیعرە ببێتە مایەی پرس و تێڕامان، بەها جوانناسییەکان تا ڕادەیەک سیمایەکیتر وەربگرن، هەرچەندە گەلێک جار ئەم جۆرە شیعرە لە قسەی ئاسایی و دروشم نزیک دەبێتەوە و زمانەکە دەبێتە زمانی ڕاپۆرت و دواندەری ڕامیاری نەک زمانی شیعری، بەڵام لە وێنەی هونەری و ئاڕاستەی جوانناسیش بەدەر نین"(سابیر و عەبدولقادر،٢٠١١: ١٩٣)، بۆیە چەند بە تەنگ ئەوەوە بوونە کە پەیامەکەیان بە جوانی و ڕوونی بگات، بەو چەشنەش بە تەنگ ئەو بەرگ و فۆرمە هونەرییەوە بوونە، کە دەکرێت بە باڵای بیرۆکەکانیاندا.

بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە دەقی (دواتیری کەوان)ی (برایم ئەحمەد)، کە هیوا و بڕوای تەواوی بە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەیەتی، دوژمن و داگیرکەر چەند بەهێز و پڕچەک و زاڵم بن، ئاکامیان هەر نوشست و لەناوچوونە، کە وەرەبەرزی و ئومێدێکی تەواوی هەیە کە ئاسۆی سەرکەوتن و هەڵاتنی خۆری ئازادی و ڕزگاری نزیکە:

دوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە هەڵە دوژمن

دوا سەرکەوتنی تۆیە و دوا نووچی گەلە دوژمن

شەوی ترساندنت سامی نەماوە تاریکو ڕوونە

بە ئاسۆی ئەرخەوانیدا هەتاو لەودیو کەلە دوژمن

چ گەوجی هەژ بەسەر، کەی خۆر بە هێلەک پێشی گیراوە؟

وە یاخود چەرخی مێژوو، کەی بە بەردی ئێوە وەستاوە

هەموو پێشکەوتنێکی تۆ بەرەو چالی نەمان ئەتبا

هەموو سەرکەوتنێکیشت بە وێنەی بلْقی سەر ئاوە (بەرزنجی،٢٠٠٧: ٤٣)

سەیری وشەکانی (دوانووچ، ئاسۆی ئەرخەوانی، گەوج، هەژبەسەر، هێلەک، چەرخی مێژوو، چالی نەمان، بلْقی سەرئاو، خواوەندی شەڕ، پڕتفاق ... )، کە وشەی کوردی پەتی و پاراون، لەگەڵ هونەرەکانی ڕەوانبێژی و وێنە و ڕەمز، زمانێکی سەرکەوتوو و تۆکمەیان پێکهێناوە، هاوکات لەگەڵ پەیام و بیرەکەیدا دەقێکی ناوازە و داڕشتنێکی پتەو و هونەرییانەی لێ سازاندووە، بە حوکمی ئەوەی (برایم ئەحمەد) خۆی ئەزموون و باگراوەندێکی مەعریفی دەوڵەمەندی هەبووە، کە لەیەک کاتدا هەم (شاعیر، ڕۆماننووس، ڕۆژنامەوان ...) بووە، هەموو ئەمانە هۆکارگەلێکن بۆ ئەفراندنی دەقێکی بەهێز و بەپێز، "هەندێک کەس پێیان وایە کە شیعر ئەبێ کۆپیی واقیع بێ و دوورنەکەوێتەوە لە ڕێچکەکانی ژیانی ئاسایی، لەو کەند و کۆسپانەی دێتە سەر ڕێی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووریی خەڵک. بەلام ئەمە وەزیفەی شیعر نییە و بانگهێشت کردنیەتی بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ شێوە ناهونەرییەکانی تری ژیان، بۆ لە دەستدانی بەها ئیستاتیکی و مرۆڤییەکانی" (ڕەزا،٢٠٠٧: ٢٠). ئەم جۆرە شیعرە جوان و هونەریانەی ناو زیندان، ئەو جۆرە بۆچوون و وتنانە پووچەڵ دەکەنەوە، کە گوایە شیعر خۆی بخزێنێتە نێو ژیانی خەڵک و کێشە و ئاریشە (سیاسیی و ئابووریی و ...)ەوە، ئەوا بەها و ڕەونەقی لەدەست دەدات.

تایبەتمەندییەکی دیکەی زمانی شیعری زیندان ئەوەیە، کە زمانێکی حەماسی و پڕجۆش و خڕۆش و گڕاویی و توند و تاڕادەیەک زبر و دروشم ئاسا نووسراون، کە گوزارشتن لە بەرەنگاری و بەگژاچوونەوەی دوژمن و زیاتر جۆشدانی کۆڕی خەبات و خۆڕاگری و ورەبەرزی و نەسرەوتن، کە دەربڕ و زادەی دەروون و دۆخێکی پڕ لەڕق ئەستوورن بەرانبەر زوڵم و زۆری داگیرکەران و خستنەڕووی نەهامەتی و کۆژانی میللەتێکی بن دەستن. بۆ نموونە لەم شیعرەی (عوسمان عوزێری) بەناونیشانی (کپ ناکرێم)[٢](زیندانی سەنگەسەر-١٩٦٤) هاتووە:

هەناوی من ئاخ و دڵم هەموو گیانم

[٢] - ئەم شیعرە لەدیوانەکەی (٢٠٠٩)دا ئاماژەی پێنەکراوە، کە لەزیندان نووسرابێت، بەلام لەئەکاونتی فەیسبووکی شەهید عوسمان عوزێریدا لە١٠/١٢/٢٠٢٠دا بلاوکراوەتەوە، کە لەزیندانی سەنگەسەر و لە(٥/٨/١٩٦٤)دا دانراوە.

گشت ئاگره باش بمناسه من بورکـــانم

ئەمـــرۆ بەزۆری زۆرداری ســـەرنگـرتوم

زۆر بەختیـــاری کەوا ئێستا کپت کـردوم

بەڵام گەوجی زۆر لاژکی ئەی هیچ نەزان

بیرکەرەوە من بورکانم... بورکان بورکان

هەمـوو قینم تێکرا تیـنم ڕقی تـــۆڵە

ئەپێچمەوە ئەیانکەمە،یەک گـرمـــۆڵە...

هـەتاکـــو پەند بێ هـەتا باس بکرێ

کەس نەتوانێ ئیتر دەمی بورکـــان بگرێ (چەرمەگا،٢٠٠٩: ٢١٦-٢١٧)

سەرلەبەری دەقەکە ورەبەرزی و هەستێکی پۆڵاین و نەپساوە و لە دەروونێکی ماندوو و قاڵبووی کوردایەتی و کۆڵنەدان بەرانبەر دوژمنەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ڕۆژی تۆڵەو سەراوژێرکردنی داگیرکەران نزیکە، ئەمرۆ ڕۆژگاری لەگەڵە و بەختیارە بەکپکردن و خامۆشکردنی خەباتی میللەت، بەڵام تا سەر نییە و هاکا ڕۆژێک وەک بورکان قین وتوڕەیی گەل بست بستی دنیایان لێ دەکاتە ئاگرو کڵپەو سزای کردارو ڕەفتارە قەڵب و نابەجێکانی وەردەگرێتەوە. دەقەکە بەزمانێکی پڕ لەحەماسەت و توند و زبر و گەرم و گوڕ چنراوە، وشەکانی(بورکانم، قینم، تۆڵە، ئەپێچمەوە، گرمۆڵە، ئەتەقمەوە، بتۆقێنێ، ئەتسوتێنم، ئەتبرژێنم، ئەتمرێنم) ئەم وشانە گڕو بڵێسەو موکڕی و بڕوابەخۆبوون و ورەی پۆڵاینیان تیا بەدی دەکرێت، کە پەیامی یاخێتی و دروشمی نەبەزین تا سەرکەوتن دەگەیەنن، (نزار قەبانی) دەڵێت: "شیعر تینی ئازادی و سەربەستیە، شیعر بارانی خەمە کە لە ژێر پێستی گەلادا کۆدەبێتەوە و ساڵ و سەردەمان دەخایەنێت هەتا گوڵ و مانگ و یاقوت و پێشمەرگەی سەر لێ هەڵدەدا"(قەبانی: ٨).

## ج-لادان لە شیعری زینداندا

بابەت و دیاردەی لادان هەموو سێکتەرەکانی ژیانی بە درێژایی دیرۆک گردۆتەوە، بەهۆی گۆڕانی ژیان و بارودۆخەوە، لادان و جوڵە و گۆڕانکاری هەر هەبووە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە لادانی زمانییە، کە هونەرێکی شیعرییە و دەق بەرەو داهێنان و شیعرییەت دەبات، ئەم دیاردەیە هەر لە کۆنەوە لە نێو شیعری شاعیراندا بەدی دەکرێت، هەر لە کلاسیکەوە تاکو هاوچەرخ، هەنوکەش زیاتر و زۆرتر بایەخی پێدەدرێت. (جان کۆهین) ڕای وایە "هیچ شیعرێک نییە، خاڵی بێت لە لادان"(ئەحمەد، ٢٠١٣: ٩)، ئەمەش لە ئەنجامی شکاندن و بەزاندنی دەستوور و ڕێسا زمانییە چەسپاوەکانەوە دێتە ئاراوە، "دەرچوون و لادانە لە پێوەر و یاسا و دەستوورە

ڕێزمانی و باوەکانی زمان و هێنانی مانای دەلالی نوێی بۆ وشەکان و تێکشکاندنی ڕێسای زمانییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کە ڕێزمان تێکدەشکێنێ، دووبارە بەهۆی یاسای نوێوە دروستی دەکاتەوە"(سەعید،٢٠١٠: ٤٣). شاعیر بەم کارەی خۆی لە زمانی گشتی و ئاسایی خەڵکی دوور دەخاتەوە و هونەر و زمانێکی باڵا و بەچێژ دەسازێنێت، کە مێشک و بیری خوێنەر تیژدەکات و دەجوڵێنێت، ئەمەش لە پێناوی ئیستاتیکا و ڕێکخستنی ئاواز و ڕیتمی ناوەوە و دەرەوە و سەروای دەقدا ئەنجامیدەدا. لەو گەمەکردن و لادانەدا، کە لەگەڵ دەنگ و وشە و ڕستە و واتادا دەیکات، سەرئەنجام وشە و زاراوەکانیش واتا و دەلالەتێکی نوێتر لە هی پێشتر وەردەگرن.

لادان دوو دیو و باری جیاوازی هەیە، پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، جا ئەوەی یەکەم پێویستە لۆجیکی و هۆشمەندانە و ئامانجدار و بە مەبەستی داهێنان و تازەگەری دەکرێت، کەچی ئەوەی دووەم لە بێئاگایی و نەزانی و کەم ئەزموونی و پەلەکردنەوە سەرچاوە دەگرێت، "یەکێکیان بەدەست شاعیرەکە خۆیەتی و لە ژێر دەسەڵاتیدایە و بۆ مەبەستێک هێناونی (داهێنان)، ئەویتریان لە ڕووی نەزانین و گوێی نەدان و هەڵەشەییەوە پەیدا دەبێت، داهێنان دیاردەیەکی ئیجابی پڕمەبەستە بەڵام هەڵە دیاردەیەکی سەلبییە، کە لەسەر شاعیر دەکەوێ و جیاکردنەوەیان پەیوەندی بەجۆری بەکارهێنان و کەڵک لێوەرگرتنەوە هەیە"(تۆفیق، ٢٠٠٨: ١٤٠).

(د.ئیدریس عەبدوڵڵا) دوو مەرج بۆ لادان دادەنێت، کە ئەوانیش بریتین: "١-لادانەکە بەشێوەیەک بێت لە چوارچێوەی ڕێگە پێدراوی ڕێزماندا ئەنجام بدرێت. ٢-دەبێت لادانەکە سوودێک بگەیەنێت، چونکە لادان لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامانج لە لادان دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر خوێنەر، بۆ ئەوەیە خوێنەر بەو شێوەیە ئاراستە ببێت، کە واقیع و خەونی نووسەرەکە دەیخوازێت"(عەبدوڵڵا،٢٠١٠-٢٠١١: ٦٣-٦٤). ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە لەوانە:

## ١ – لادانی پێکهاتەیی لەشیعری زینداندا

### أ-لادان لە ئاستی دەنگسازیدا

جۆرێکە لە جۆرەکانی لادانی زمانی کە شاعیر لە ڕێگای شکاندنی یاسا و دەستوورە دەنگییەکانەوە خۆی لە زمانی ئاسایی دوور دەخاتەوە، کە بە لابردن و کرتان و گۆڕینی دەنگێک یان زیاتر لە وشەیەکدا خۆی دەبینێتەوە، جا کرتاندنەکە لە سەرەتا، یا ناوەڕاست، یاخود لە کۆتایی وشەکە دەبێت، کە هیچ لە واتای سروشتی وشەکە نەگۆڕێت، واتە "فۆنێمێک یاخود چەند فۆنێمێک لە وشەکە، کەم دەکرێتەوە، ئەمەش لەبەر ڕاگرتنی کێشی شیعرەکە بێت یاخود بۆ مەبەستی کورتی و درێژی و پاراستنی مۆسیقای شیعرەکە بێ"(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ١١٦). (فایەق بێکەس) دەڵێت:

شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ، گەر خودا دەستم بدا

دوژمنت پەت کەم وەکو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە (ئاشنا، ٢٠٠٥: ١٥)

لەچەند جێگەیەکدا لادانی دەنگی ئەنجامدراوە، کە بەم جۆرەن: نیوە دێڕی یەکەم (گەر) خۆی (ئەگەر)ە، کرتاندنی دەنگی (ت) لە وشەی (دەستم بدا) کە لە بنچینەدا (دەستم بدات)ە. لە نیوەی دووەمیشدا دەنگی(ب) لە وشەی (پەت کەم) لابراوە، کە لە بنچینەدا بەم جۆرەیە (پەت بکەم).

(عەلی فەتاح دزەیی) دەڵێت:

تێکۆشام، گیرام،دەست بەسرام

کۆت و زنجیـــر لە پێ کـــرام (دزەیی، ١٩٨٧: ١٣٠)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا شاعیر فۆنێمی (ت) لە وشەی (دەست بەسرام) لابردووە، کە دەبوو بەم جۆرە بێت (دەست بەسترام).

(دڵزار)یش دەڵێت: لەژێر پێی دوژمنی قەومان زەمین یەکبارە بورکانە...

بڵێسەی ئاگـــری شۆڕش لە هـەرلا ســەر ئەبزوێنێ (دڵزار، ٢٠٠٦: ١٩)

لە نیوە دێڕی کۆتاییدا شاعیر سێ دەنگی کرتاندووە لە وشەی (لە هەرلا)، کە لە بنچینەدا (لە هەر لایەک)ە.

**ب-لادان لە ئاستی وشەسازیدا**

شاعیر لەو یاسا و دەستورانەی زمان لادەدات، کە بۆ دروستکردنی وشەی نوێی هەن، "زمان هەوڵدەدات بۆ دروستی و ڕێکی پەیامەکە، ئەویش ڕێکخستنی وشەکان و دانانیان بەپێی یاسا ڕێزمانییەکان، شیعریش کاردەکات بۆ شێواندنی، بەپاش و پێش کردنیان"(سەعید،٢٠١٠: ١١٥). ئەمەش بۆ ئامانج و مەبەستێک دەکرێت (د.محەمەد مەعروف فەتاح) لەم ڕووەوە دەڵێت: "هەندێجار شاعیر بۆ ئەوەی لە درێژبڕی دەرچێت یان بۆ پاراستنی وزەو لکاندنێکی تووندو تۆڵ یان لەبەرنەبوونی هەندێ کەرەسەی ئامادە لە زمانەکەدا، خۆی وشە دادەتاشێ"(فەتاح، ٢٠١٠: ٤١٠)، ئەمەش بە جۆرێک دەبێت، بۆ خوێنەر بێ پێشینەیە و دەبێتە جێگای تێڕامانی.

لادان لە ئاستی وشەسازیدا چەند جۆرێکی هەیە بەکورتی نموونەکانی لە شیعری زینداندا دەستنیشان دەکەین:

- **داهێنانی وشە:** (گۆران) دەڵێت: ئەی قژە زەرد، ئەی گەردن بەناز لارگرتوو

دیـوێکم لـە پاســا تـۆی، دیوێک باخــە (مەلاکریم،١٩٨٠: ٢٠٧)

شاعیر دوو وشەی لێکدراوی داهێناوە، کە (گەردن بەناز) و (لار گرتوو)ە، لەسەر بنەمای ئەو یاسایانەی کە وشەکانی (گەردن زەرد، گەردن گاز ...) و (ڕێی گرتوو، کەنار گرتوو، دوور گرتوو..)ی پێ دروستکراون.

**- بەکارهێنانی وشەی بێگانە:**

(حەسیب قەرەداخی) دەڵێت: سەد پێک هەڵ ئەدەن لەو چاو کاڵە

شەویش بێ ئیتر هـــەر (کەرنەڤاڵە) (قەرەداخی، ٢٠٠٢: ٨٨)

شاعیر وشەی (کەرنەڤاڵ)ی هێناوە، کە وشەیەکی بێگانەیە، لادانی وشەیی ئەنجام داوە، کە بە واتای خۆشی دەربڕین و سەما و گۆرانی وتنی میللییە.

(دڵزار) دەڵێت: بەڵێن بێ تا دڵۆپی خوێنی گەش مابێ لە دڵمانا

نەکەین دەرچین لە ژێر بەیداغەکەی چینی پرۆلیتار (دڵزار، ٢٠٠٦: ٤١)

شاعیر لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەی (پرۆلیتار)ی بەکارهێناوە، کە بە واتای چینی کرێکاران دێت.

**- لادانی شێوەزاری:**

(عوسمان عوزێری) دەڵێت:

هەرچی توانا بێ، هێز بێ بەجـارێ

سەد ڤات لە پلەی خۆی هاتە خوارێ (چەرمەگا،٢٠٠٩: ٢٥٣)

شاعیر وشەی (خوارێ) لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەمدا هێناوە، کە نزیکە لە شێوە ئاخاوتنی هەولێر و دەوروبەری، جگە لادانی وشەیی، هاوکات سەروای کۆتایشی پێ ڕێکخستووە.

(حەسیب قەرەداخی) دەڵێت: نوقمـی تاریـکەن بێ شـنە و ئاواز

بێ چپە و سروە و زەردەخەنە و ڕاز (قەرەداخی،٢٠٠٢: ٨٦)

شاعیر لادانی شێوەزاری ئەنجامداوە، لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (تاریکەن)ی هێناوە، لە شێوەزاری هەورامییەوە وەریگرتووە.

**- تێکدانی ڕۆنانیی وشەیی (پاش و پێش کردن):**

(گۆران) دەڵێت: کار تەواو بوو، قۆچی دزی بوو بە سندووق بڕ

مێشک ماندوو، دڵ بریندار، گوێ لە توانج پڕ (مەلاکریم، ١٩٨٠: ٢١٤)

**وشەی لێکدراوی (توانج پڕ) لە نیوە دێڕی دووەمدا، جێگایان پاش و پێش کراوە، کە لە بنچینەدا بەم جۆرەیە (گوێی پڕ لە توانج)، کە ئەرکی تەواوکەری بە یاریدەیە، شاعیر لادانی ئەنجامداوە، کە لە پێناوی گونجاوی سەرواى کۆتاییدا کردوویەتی.**

**(دڵزار) دەڵێت:** **بازرگانانی مـەرگ و شەڕ**

**لە هەڵپەدان بۆ زیو و زەڕ** **(دڵزار، ٢٠٠٦: ٩)**

**لە نیوە دێڕی دووەمدا شوێنی وشەکانی (زیو و زەڕ) پێش و پاش کراون، کە ڕۆنانی لەبنچینەدا بەم جۆرەیە: (زێڕ و زیو).**

**ج-لادان لە ئاستی ڕستەسازیدا**

**بێگومان ڕستە گەورەترین دانەی زمانییە، کە ڕیزبوون و یاسای چەسپاوی خۆی هەیە (بکەر، تەواوکەر، کار)ن، لەگەڵیشدا واتایەک دەگەیەنێت، بەڵام شاعیر لادان لەو یاسایانە دەکات و ڕستەی شیعری تێکدەشکێنێت و دووبارە دەستوورو ڕیزبوونیان بۆ دادەڕێژێتەوە، بەئامانجی"زەقکردنەوەی مەبەست و دروستکردنی سەروا و کورتکردنەوە ئەنجامی دەدات"(عەبدوڵلا، ٢٠١١: ٨٤). ئەمەش چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە:**

**أ- کرتاندن:**

- **کرتاندنی بکەر:**

**(کاکەی فەلاح)دەڵێت:**

**سەربەرستی ئەتپەرستم**

**تۆی تاقە خۆشەویستم** **(بنەماڵەی شاعیر، ٢٠٠٤: ٣٦)**

**(من)، کە بکەری ڕستەکەیە کرتێنراوە، ڕستەکە لە بنجدا بەم چەشنەیە(سەربەستی من تۆ ئەپەرستم)ە.**

- **کرتاندنی بەرکار:**

**(عوسمان عوزێری):** **ماوەیەک جوان گرتمتە خۆ**

**وشکت کردم هەروا بێ هۆ** **(چەرمەگا،٢٠٠٩: ٢٣٨)**

**لە نیوە دێڕی دووەمدا جێناوی سەربەخۆی (من)، کە ئەرکی بەرکارە، کرتێنراوە.**

- **کرتاندنی کار:**

**(کامەران موکری) دەڵێت:** **نوێنەکەم و قوژبنـــی ژوور**

**پەنجەرەی بچکۆلانەی سوور**

**پریمـــزی دوو کـــەڵاوی**

**خولیـای شێواو تەمـــاوی**

**سڵاوتان لێ ئەکەن هەموو** (بەفرین، ٢٠١٢: ٩٧)

**کاری لێکدراوی (سڵاوتان لێ ئەکەن)، لە چوار نیوە دێڕی یەکەمدا کرتێنراون، بەڵام لە نیوەدێڕی پێنجەمدا هێناویەتی، کە لە بنجدا دەبوو بەم جۆرە بن (نوێنەکەم و قوژبنی ژوور سڵاوتان لێ ئەکەن، پەنجەرەی بچکۆلانەی سوور سڵاوتان لێ ئەکەن، ... ).**

- **کرتاندنی ئامراز:**

**(گۆران) دەڵێت:** **کوڕی خەرجیی لێ وەرناگرێ،کۆشی نابینێ**

**کـچی ســـاوا کێ چوزانـێ هـــەتا بمێنێ** (مەلاکریم،١٩٨٠: ٢٢٠)

**ئامرازی (و) لە نێوان وشەکانی (وەرناگرێ، کۆشی) کرتێنراوە، ڕستەکە بەم جۆرەیە (کوڕی خەرجی لێ وەرناگرێ و کۆشی نابینێ).**

**ب- پاش و پێش خستن (جێگۆڕکێ):**

**(دڵزار) دەڵێت:** **برێژن لە ڕێی ڕاستیا خـوێنی گەش**

**بنێژن لە پێنـــاو ژیـانا کـــەلـەش** (دڵزار، ٢٠٠٦: ٥٣)

**بەپێی یاسای ڕێزمانی، (کار) شوێنی کۆتایی ڕستەیە، بەڵام شاعیر لە هەردوو نیوەکە دێڕەکەدا، هێناونی بۆ سەرەتا. کە لە بنجدا دەبوو بەم جۆرە بن: (لە ڕێی ڕاستیا خوێنی گەش برێژن)، (لە پێناو ژیانا کەلەش بنێژن). هێنانە پێشەوەی ئەو کارانە، بۆ زەقکردنەوەی مەبەستە، کە تا قوربانی و خوێن نەدەی، ئازادی و سەرفرازی بەدەست ناخرێت.**

**(ئەسعەد مەحوی)دەڵێت:** **ئیختیاری حەپسی و دەری سەریم ئەمڕۆکە کرد**

**بۆ کوڕ و کاڵی گەلم تاکو بنۆشن؛ جامی جەم** (ئاگرین ،٢٠٠٤: ١٥٦)

شاعیر گرێی (جامی جەم)، کە ئەرکی بەرکارە، بردۆتە کۆتایی، کە پێویست بوو پێش (کار) بکەوتایە، شاعیر بۆ سەرنج ڕاکێشان و بە لووتکەکردنی بردوویەتی بۆ ئەوێ، مەبەستێتی بڵێت خۆشی و ژیانم لە پێناوی وڵات و لاوەکانیدا دەخەمە لاوە و ژیانی حەپسی و تاڵی و سوێری دەچێژم بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە.

## ٢- لادانی واتایی لە شیعری زینداندا

لایەنێکی هەرە گرنگی ڕستە واتاکەیەتی، دەکرێت بە یاسا و ڕیزکردنی کەرەستە زمانییەکان سەدان ڕستە دروست بکەین، بەڵام مانا و واتای تێدا نەبێت. (واتا) بڕبڕەی پشتی هەر چەشنە نووسینێکە "هیچ زمانێک بوونی نییە، بەبێ بوونی واتا"(ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٤٩). واتە هیچ تێکستێک بێ پەیام و ناوەڕۆک نییە، چونکە هەڵگری دەروون و ناخی خاوەنەکەیەتی، ئەمەش لە ڕێگای زمانەوە گوزارشتی لێدەکرێت، شاعیر بۆ دوورخستنەوەی زمانی شیعریەکەی لەزمانی ئاسایی پەنای بۆ دەبات. (تودورۆف) دەڵێت:"دان بەو سەرپێچیکردنانەی شاعیردا نانرێت، ئەگەر بەم بیانووە ئیستاتیکییەی نەبێت"(ئەحمەد، ٢٠١٣: ١٤٩).

واتە پێویستە لادان پێش هەموو شتێک لە پێناوی جوانکارییدا بکرێت. شاعیر سەرپشکە و بۆی لواوە کە بەگوێرەی پێداویستی شیعرییەکەی هەرچەندێک سەرپێچی زمان بکات، بەڵام لە پێناوی مەبەست و ئامانج و ئیستاتیکدا بێت. ئەم جۆرە یەکێکە لە هەرە تایبەتمەندترین ئەو خەسڵەتانەی کە دەق بەرەو شیعرییەت و داهێنان دەبات و مەیدانێکی فراوانە تاوەکو شیعر کاکڵە و جەوهەری خۆی بنوێنێت، ئەمەش پەیوەندی بە دیوی ناوەوەی زمانەوە هەیە،"لادانی واتایی تایبەتمەندی شیعرە، هەستی مرۆڤی پێ دەوروژێنێت، بەوەش دەستکاری ئەو پەیوەندییە دەکا، کە لە نێوان ناو و ناولێنراودا هەیە، گۆڕان لە واتاکاندا دەکا بە مەبەستی ڕازاندنەوە ... مەبەست (لادانی واتایی لە زمانی شیعردا) لادانی گۆڕانە لەو بەکارهێنانە باو و سواوەی زمان"(دزەیی، ٢٠٠٩: ١٣٥). واتە دەستکاری و بەزاندن و شکاندنی یاساکان دەکات و ئەرک و ڕۆڵی نوێتر بە وشە و واژەکان لە ئاستی ناوەوەدا دەبەخشێت، کە ئەمەش بەپێی مەرج و پێویستیەکی لۆژیکی دەبێت، نەک لە گۆترە و نەزانیەوە، "لادانی واتایی، واتای پێچەوانەی درووستی واتاییش دەگەیەنێ. دەتوانین بڵێین دوو مەرج بۆ دروستی واتایی هەیە، ئەوانیش دروستی لەڕووی لێکدانی ڕێزمانی و لەباری لەڕووی واتاوە"(کانەبی، ٢٠٠٩: ٤٠). هەروەها(د.ئیدریس عەبدوڵڵا) بۆچوونی وایە کە "خواستن (استعارە) کۆڵەگەی سەرەکی ئەم جۆرە لادانەیە"(عەبدوڵڵا، ٢٠١٠: ٧٥). بۆیە گەر شاعیر بە دروستی و لێزانیەوە ئەنجامیبدات، زمانێکی کاریگەر و تۆکمە و سیحراوی بۆ دەقەکەی دەستەبەر دەکات، کە بەهۆی ئەمانەوە دروست دەبێت:

### أ- لێکچوواندن:

(ئەسعەد مەحوی) دەڵێت: عەقڵم وەکو ماڵێکە کە بێ خاوەن و کەس بێ

وا چــۆڕی بڕی ئەو صــەنەمەی نایەوە فــاتە (ئاگرین، ٢٠٠٤: ٢١٦)

شاعیر لێکچواندنی لە نیوە دێڕی یەکەمدا کردووە (عەقڵ)، کە ئەبستراکە بە (ماڵ) کە بەرجەستەیە چواندووە، ئەم لێکچواندنە لەسەر بنەمای بە تەنکردنە (بێ خاوەنی و بێ کەسیش) ڕووی لێکچوونە، (وەک)یش ئەوزارە.

**ب- گیان بە بەرداکردن:**

(حەسیب قەرەداغی) دەڵێت:

پیـکی ڕژاوم وا خۆڵ ئەیمــژێ
وا چاوەڕوانیم خۆزگە ئەیکوژێ
چۆلـەکەی دڵـم دا بەدەم بـاوە
نە پەیامی نـارد نەخۆی گەڕاوە... (قەرەداخی، ٢٠٠٢: ٨٩)

لەم کۆپلەدا چەندین لادانی واتایی ئەنجامدراوە، لە نیوە دێڕی یەکەمدا وشەی (خۆڵ) بێ گیان و بەرجەستەیە شاعیر سیفەتی (مژین)ی پێ بەخشیوە بەمەش بە گیانلەبەرکردنی ئەنجامداوە. لە نیوە دێڕی دووەمیشدا وشەی (چاوەڕوانی) مەعنەوی و ئەبستراکە، سیفەتی مرۆڤی پێداوە، کە خۆزگە دەیکوژێت. هەروەها (خۆزگە) خۆیشی مەعنەویە و سیفەتی گیانلەبەری پێدراوە، کە کاری کوشتن ئەنجامدەدا. لە نیوە دێڕی سێیەمیشدا (دڵ)ی خۆی بە(چۆلەکە) چواندووە، کە بە ئاژەڵکردنی ئەنجامداوە و وێنەیەکی زەینی لە مێشکی خوێنەر دروست دەکات، کە (دڵ)ی وەکو ئەو هەڵفڕاندووە و داوێتە بەر باوە.

**ج- خواستن:**

(مارف بەرزنجی) دەڵێت:

خــونچەی تاقانەی ســەرچڵی باخم
شێتانە پەنجەی مەرگ هـەڵی وەران
دیدە پڕ فرمێسک، دڵ پڕ لەداخــم
بۆ ڕەحمەی دڵسۆز تـا دوا ڕووی ژیـان (بەرزنجی و بەرزنجی، ١٩٩٣: ٩١)

لە نیوە دێڕی دووەمدا شاعیر بەرجەستەکردنی ئەنجامداوە، بە خواستنی پەنجە لەمرۆڤەوە و دانەپاڵ (مەرگ).

## ٣-لادان لە شێواز

ئەم جۆرە بریتییە لەوەی کە لە زمانی نووسین و فەرمییەوە بۆ ئاوازی ئاخاوتنی ڕۆژانە و ئاسایی بگۆڕێت "جاری وایە شاعیر لە شێوازی سەرەکی شیعر نووسین کە پتر لەسەر بنەمای ڕەگەزەکانی زمانی نووسینەوە

دامەزراوە و کەمتر ئاوڕ لە ڕەگەزەکانی زمانی ئاخاوتن دەداتەوە لادەدا و لە واژە و پێکهاتە نەحوییەکانی زمانی خەڵک کەڵک وەردەگرێ"(یەعقووبی، ٢٠٠٢: ٣٨). هەروەها (د.محەمەد مەعروف فەتاح)یش دەربارەی ئەم جۆرە دەڵێت: "بازدان لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکیتر و جیاواز لە چوارچێوەی چەند دێڕێکدا ڕەنگە هەر لە کاری ئەدەبیدا ڕێگەی بدرێ، مەبەست لە شێواز لێرەدا جۆرێکە لە زمان کە بەپێی بارودۆخی زمان بەکارهێنان دەگۆڕێ"(فەتاح، ٢٠١٠: ٤٢١). واتە بازدان و گۆڕینی شێواز بۆ شێوازێکیدی، لە هەمان دەقی شاعیر.

(مەدهۆش) دەڵێت: ئینجـا ئەبینین سـەیرە، سەیـرانە

ئەوسـا دڵــداری و ژیــان ئاســانە

ئێمەش بە خۆشی دەست ئەکەینە مل

بەماچی گەرم و تیکەی چـەور و زل (مەلاکەریم، ٢٠٠٦: ٦٥)

دێڕەکان بە شێوەی زمانی نووسینی ئاساییین، بەڵام لە کۆتا دوو نیوە دێڕدا لە شێواز لایداوە، قسەی ئاسایی و بازاڕی بەکارهێناوە. هەروەها (عوسمان عوزێری)یش دەڵێت:

من بووکـە شووشـەی منـاڵم

ژێرکـەرم هـۆی گـرو گـاڵم

من (یاری)ی مناڵە وردەکەم

بێ فەڕترین بووکە شووشەم

تۆش پەیکـەرێکی پـیرۆزی

ڕێک و پێکـی بەرزی قـۆزی (چەرمەگا،٢٠٠٩: ٢٣٧)

شاعیر لە دوو نیوە دێڕی دووەمدا لە شێوازی سەرەکی لایداوە، زمانێکی ئاسایی و ئاست نزم و خۆ سەرزەنشت کردن و خۆ بێ نرخکردنی خستۆتە ڕوو.

## ٤- لادان لە ناونیشان

دیارە ناونیشان ڕۆڵی گرنگی هەیە، دەروازە و چوونە نێو دەقە، کۆد و کلیل و پەی بردنە بە دەقەکە و تێگەشتن لێی هەر لەوێوە دەست پێدەکات. بۆ نموونە (مارف بەرزنجی) ناونیشانی دەقێکی بە ناوی "نیسانی یەخە"(بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ١٠٨). کە لادانی واتاییە و (یەخە)ی داوەتە پاڵ (نیسان) و بە مرۆڤکردنی ئەنجامداوە، هەروەها "هاوینی دڵ"ی (دیلان)(ئاگرین، ٢٠١٣: ١٨٠).

### ٥- لادانی ناوەکی

ئەم جۆرە لادانە "کاتێک ڕوودەدات، کە نووسەر لەو ئاسایی و لۆژیکەی کە زاڵن بەسەر بەرهەمی خۆی لابدات، بۆ نموونە، کاتێک بانگەشەی شتێک دەکات و دواجار لێی پەشیمان دەبێتەوە"(کانەبی، ٢٠٠٩: ٥٢). (گۆران) دەڵێت:

لە لێشـاوی غەڵبـە غــەڵبـا

بـانگێکی دا  لە گوێچکەم (بـا)

"... ڕژێــمـی جــەمهووری  بژی.."

خەو ئەبینم، جەمهووریی چی؟ (مەلاکریم،١٩٨٠: ٢٨١)

## پاری دووەم

## وێنەی شیعریی لە شیعری زینداندا

وێنە بە یەکێک لە هەرە گرنگترین و سەرەکیترین ڕەگەزەکانی بنیاتی شیعریی دەژمێردرێت، کە "لە ڕەخنەی ئەوروپییدا (image)ی پێدەوترێت، کە وشەیەکی ئینگلیزیە و وشەی وێنە لە ئینگلیزیدا ئاماژە بۆ ئەو ڕەگەزە هاوبەشە دەکات، کە لەگەڵ وشەی خەیاڵدا(imagination)هەیەتی، کە بۆتە هۆی هاوبەشییان لە یەک بواری مەعریفیدا"(گەردی،٢٠٠٢: ٢٥)، (درایدن) دەربارەی گرنگی و بایەخی وێنە دەڵێت: "وێنە خۆی لە خۆیدا شکۆمەندی و ژیانی قەسیدەکەیە"(محمد و عبدالله،٢٠١٩: ٢٩) هەروەها(مالارمیە)ش لەم ڕووەوە دەڵێت: "ئەگەر وێنە نەبوایە قسەکانمان لە شیعردا ئەبوونە قسەی سادە"(محەمەد،٢٠١٤: ١٩٩). بۆیە وێنە جەوهەرو کرۆکی کاری هونەری شیعرییە و لە سادەترین پێناسەدا: "وێنەی هونەری زمانی ئەندێشە و هەموو ئەو دیاردە هەست پێکرا و هەستە دەروونی و بۆچوونە ئەندێشەییە بەرجەستەکراوانە دەگرێتەوە، کە بەهۆی زمانەوە بۆ خوێنەر و گوێگر ئەنجام دەدرێت، بەم پێیەش دەشێت وێنەکە وشەیەک بێت یاخود ڕستەیەکی لێکدراو بیت، یاخود سەرجەمی هەڵبەستەکە بۆ خۆی بەشێوەی وێنەیەک ئەنجام درابێت"(محەمەد،١٩٩٨: ٤٧)، یاخود "وێنەیەکی ڕوونبێژییە لەڕێگەی وەسفی لێکچوواندن و ئاوەڵوانا (خوازە و میتافۆرە)وە، لەباری بێئاگایی لە بنیادی هۆنراوەی شاعیری داهێنەردا دروست دەبێت"(شارەزا،٢٠٠٤: ٥٩).

وێنەی شیعریی لەمێژەوە جێگای بایەخ و سەرنجی ڕەخنەگران بووە، هەر لەسەر ئەم بنەمایە ڕەگەزەکانی شیعر شیدەکەنەوەو واتا و مەبەستە شاراوەکانی لەڕێگای وێنەوە دیاری دەکەن. وێنە بەوشە و واژە دەنەخشێنرێت، شاعیر و تابلۆکێش هەمان خاوەنی هەست و بیر و سۆزن، بەڵام ئامراز و کەرەستەی گوزارشت و وێنەکێشانیان جوداییە، هی شاعیر بە وشە و پەیڤ و هی ئەویش بە فڵچە و بۆیە.

خەیاڵ ڕۆڵی سەرەکی و حەیاتی دەبینێت لە ئەفراندنی وێنەدا و دوانەیەکی پێکەوە گرێدراون، وێنە بەشێکی هەرە زیندووی دەقە و زادەی خەیاڵ و ئەندێشەیە، "چونکە ئەگەر خەیاڵ نەمێنێت، هیچ جۆرە پێشبینییەکیش نامێنێت، کە ڕەنگە بەهەوێن و ماکی بەردەوامبوون بژمێردرێت، چونکە هەر خەیاڵە بە بێوچان و لەڕێگەی وێنەی تازەوە خۆی بەرهەمدێنێ و خۆی دەوڵەمەند دەکات"(عارف،٢٠٠٧: ١٨-١٩)، هەروەها (سی دی لویس) لەبارەی بایەخی ئەندێشەوە دەڵێت: "ئەو پانتاییە، کە سازکەر و پەخشکەری وێنەی شیعرییە"(ئەمین،٢٠٠٢: ١٨). بۆیە ڕەگەزی خەیاڵ وەکو چۆن باڵی بەسەر هەموو کایەکانی ژیانی مرۆڤ و بەتایبەت ژیانی بیری و فیکری و ئەدەبی و هونەری هونەرمەند و شاعیراندا کێشاوە و بوار و کایەیەک نامێنێت، کە لە ئامادەبوون و دەرکەوتنی وزەی دڵفڕێن و ئەفسوناوی خاڵی بێت، بەتایبەت لە بابەتە ڕەوانبێژییەکاندا، خەیاڵ چەشنی وێنەیەکە لە خەو یاخود بێداریدا لە زەهنی مرۆڤدا پەیدا دەبێت.

سایکلۆژیای شاعیریش دەوری گرنگ و یەکلاکەرەوە دەبینێت لە خوڵقاندنی وێنەدا، چونکە ئەندێشە لە سۆز و هەڵچوون و جۆش و خرۆشی شاعیرەوە بەرامبەر ئەو دیاردە و ڕووداوانەی بە خۆشی و ناخۆشییەوە، بە تاڵی و شیرینییەوە کاری تێدەکەن پەیدا دەبێت، "ئەگەر ئەو شاعیرە لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژیی گونجاو و لە دۆخی خۆشیدا بێت ئەوا وێنە شیعرییەکان جوان و کاریگەر و گەشبین دەبن، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکی سایکۆلۆژیی خراپ و خەمۆکیدا بێت ئەوسا، وێنەکانیش ڕەنگدانەوەی ئەو خەمۆکییە دەبن"(ئەسوەد،٢٠١١: ١٩٤)، وێنە بەرهەمی کارلێکی نێوانی هەست و بیرە و بە زمانی شیعری و وزەیەکی هەڵچووە لە(خوازە و خواستن و لێکچواندن و...)، هەستەکانی بەیان دەکات، کە هەستی بینین یان ژیری و ئەبستراکین.

شاعیر بۆ ڕۆنان و بنیاتی وێنەیەکی جوان و بەنرخ و هونەری پەنا بۆ هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بەتایبەتیش ڕوونبێژی دەبات، کە لەوانەش ڕەخنەگران و شارەزایان زیاتر (خوازە و خواستن) بە گرنگتر و لەپێشتر دەبینن، چونکە "ئەو وێنەیەی کە لەڕێگای خواستنەوە ئەنجام دەدرێت بەزۆری نرخێکی هونەری بەرزتر ئەدات وەک لەوەی لەڕێگەی لێکچواندنەوە، خواستە لە شیعردا پتر قوڵترە کاتێک لە بیرۆکەیا سۆز لەگەڵ وێنەی هەست پێکراودا یەکدەگرن، لە ڕاستیشدا پێویست ناکات، کە وێنە هەمیشە هەست پێکراو بێت"(شوانی،٢٠٠٨: ٥٧).

جگە لە دەروون، ئەزموون و سەلیقە و بەهرەمەندی شاعیریش دیسان ڕۆڵدەبینێت لە ئەفراندنی دەقێکی خەیاڵئامێزو بەرزو نەمردا، بەمەش زمانی خۆی دووردەخاتەوە لە زمانی ئاسایی و باو، تابلۆیەکی سەرنجڕاکێشی وەها پێشکەش دەکات، کە ناخی خوێنەر و گوێگر بهەژێنێت و جوانی تێکست لە جوانی وێنەدا خۆی نمایش دەکات و ئەزموونی شیعری شاعیر بەدیار دەخات، "بریتیە لەو جوانکارییەی، کە بەهۆی هۆشمەندی و زیرەکی و خەیاڵفراوانی شاعیرەوە دروست دەبێت و شوێنی خۆی لە هزردا دەگرێت"(عیسی،٢٠٠٩: ٢٣)، بەڵام هەندێک دەقی دیکە هەر بەمردوویی دێنە دنیاوە و بێگیان و سواو و وشک و کاڵ و کرچن و خاڵین لە خەیاڵ، لەیەک کاتدا هەمزادە و هەمیش مردووی زەمەنێکی دیاریکراون و فەرامۆش دەکرێن و نرخی هونەرییان نابێت، "کاتێک باس لە وێنەی خراپ دەکەین مەبەستمان وێنەی سواوە، کە لە قەراغ ئاوی زاکیرەوە لەدایک بووە، نەک قووڵایی ئاوەکان، وێنەی خراپ وێنەیەکی فۆتۆگرافییە لەبەر ئەوەی قەد ناتوانێ دڵسۆزانە واقیعمان بۆ بگوازێتەوە، هەر بۆیەشە ناتوانێ شیعر دروست بکات"(مەلا،٢٠٠٥: ٢٨).

پێویستە وێنە بەجۆرێک ئاوێتەی دیمەنی وەرگیراو بێت، کە واقیع دووبارە و کۆپی نەکاتەوە، بەڵکو واقیعێکی نوێتر و تازەتر پێک بێنێت. بۆیە وێنەی بەرز و باڵا و تێکەڵ بە هەموو کەرەستە و پێکهێنەرەکانی، هۆکارێکە "هۆش لە سڕبوون و چاو لە ڕۆتین بینی و زمان لە هەرزە وێژی و ڕۆح لە نزمە فڕی دەپارێزێ و مرۆڤ لە پوکانەوە دووردەخاتەوە و خەیاڵ دەمەزەرد دەکاتەوە"(عارف،٢٠٠٧: ١٨). پێویستە بە فەنتازیا و ئەفسونی خۆی ببێتە ئەڵقە و گرێدەری نێوان خوێنەر و شاعیر و بێتە ژوانگەی هاوبەشیان و چێژ و خۆشیەک

بەخشێت "وێنەی شیعری ئەو مانایە دەدات، کاتێک کۆپلە شیعرێکی شاعیرێک دەخوێنیتەوە وا هەست دەکەیت، وێنەیەکی زۆر جوان و بەپێزت بەرامبەر کێشراوە"(عیسی،٢٠٠٩: ٢١).

وێنە جگە لە بەهای جوانی و ئیستاتیکییەکەی، ڕەگەزێکی بنچینەییە و پاییەی سەرەکی تێکستیشە، بۆیە "وێنە لە شیعردا بۆ ئەوە نییە کە جوان بێت، بەڵکو هەوڵ دەدات، وێنەیەک بێت لەناو شیعرەکەدا ڕۆڵی خۆی ببینێت، واتا ببێت بە ڕەگەزێک لە بنیاتی هونەری قەسیدەکە و هاوکاری ڕەگەزەکانیتر بکات بۆ گواستنەوەی ئەزموونی شیعری و کاریگەریەکەی"(گەردی،٢٠٠٤: ٥٥٧). هەروەها (محەمەد غنێمی هلال) لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت: "وێنە خۆی بەشێکە لە ئەزموون و پێویستە هاوکات بێ لەگەڵ بەشەکانیتری وێنەدا، تا ئەزموونەکە بەشێوەیەکی هونەری ڕاستەقینە بگوێزرێنەوە"(ئەمین،٢٠٠٢: ١٧). هەروەها دەبێت جۆرێک لە گونجان و هارمۆنیەت هەبێت لەنێوان هەموو مەبەستەکاندا بۆ ئەفراندنی وێنەیەکی بێ کەم و کورتی و کامڵ، لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزەکانیتری وەک، زمان و مۆسیقا و...، شیعرییەت و داهێنان دەخولقێنن و دەبنە تەواوکەر و سازێنەری بنیاتی تێکستەکە.

وێنە لە شیعری زینداندا تایبەتمەندییەکی دیکە وەردەگرێت و جیاوازە لەوێنەی ڕۆمانسی و خەیاڵاوی، وێنەکان زیاتر وێنەی ناخ و هەڵچوون و داچوونی دەروون و ئازارو مەینەتییە خودییەکان و وەسفی زیندان و کەرەستەکانی نێو زیندانن، کە بونەتە مایەی ئازار و نارەحەتی شاعیر، دەبینین "شاعیرەکان پەنایان بردۆتە بەر زیندان و وێنەی بارودۆخی خۆیان کردووە، ئەو بارودۆخە ماندووەی، کە هەیان بووە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر وێنە شیعرییەکانیاندا هەبووە"(قادر،٢٠١٦: ٣٥١)، هەر بۆیە"ئەگەر شاعیری جاران وای کردبێت لەهێزی ئیقاعی کێش و قافیە پتەوییەکی کارکردن و سەرنج ڕاکێشان دروست بکات و بەوە حەماسەت بۆ مەسەلەی نیشتمانی هەڵسێنێت، ئەوا لە شیعری ئەمڕۆدا شاعیر هەوڵی ئەوە ئەدات وێنەی قووڵی چەند سووچیی، لەشدار(مجسم)دروست بکات، چونکە وێنەی شیعری کە حەساسیەتێکی شیعری دەگمەن و وزەیەکی شاراوە و هەڵچوونێکی ویژدانی گەرم و گوڕ و خەیاڵێکی بەربلاوە، هەر تەنیا بریتی نییە لە جوانکارییەکانی ڕەوانبێژی بەڵکو پڕە لەبیری تازەو لە ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزی گۆڕان و کارەساتی ژیانی ئەم چەرخەی مرۆڤ"(خۆشناو،٢٠٠١: ١٤٧). چەندین جۆر وێنەی شیعریی هەیە، ئێمە باسی دروست بوونی جۆرەکانی وێنە دەکەین لەڕوویی: ڕوونبێژی و هەستییەوە:

## ١- جۆرەکانی وێنە لەڕووی ڕوونبێژییەوە

ڕوونبێژی یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی ڕەوانبێژی، کە ڕۆڵێکی گەورە و سەرەکی دەبینێت لەبنیاتی وێنەی شیعریدا، لە کۆن و نوێشدا و "هەمیشە شاعیران لەهەموو سەردەمەکاندا پەنایان بۆ بردووەو کردوویانەتە ئامرازێک بۆ گەیاندنی مەبەستەکانیان بەخوێنەران"(کەریم،٢٠١٢: ١٩٦)، ڕوونبێژی "زانستێکە دامەزراوە لەسەر چەند بنەڕتێک بۆ دەربڕینی تاکە مانا لەڕێگای جۆراوجۆر، کە هەندێکیان لە هەندێکیان ڕوونتر و ئاشکراترن"(گەردی،٢٠١٣: ١١٨).

تەماشای دەقە شیعرییەکانی ناو زیندان بکەین چەندین وێنەی شیعری نەخشێنراوە، لە بەشێک لەو دەقە شیعریانەدا هونەرەکانی ڕوونبێژی بەکارهێنراوە، لەوانە:

**أ- وێنەی لێکچوواندن:** شاعیران زۆرترین وێنەیان لەسەر بنیات ناوە و یەکێکە لە سەرچاوەی دروستبوونی وێنە، "ئەوەیە: شتێک بە شتێکی دی بچوێنێت کە هاوبەشبن لە سیفەتێک یان زیاتر، بەهۆی یەک لە ئەوزارەکانی، باسکرابێ، یان باس نەکرابێ ڕەوتی ڕستە ئاماژەی پێ بکات"(گەردی،٢٠١٣: ١٢٠). ئەمەش بۆ ڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی مەبەستە، واتە "بۆ هەڵدانەوەی پەردەیە لەسەر شتێکی نادیار، ئەمەش بۆ ئەوە کە شتی نادیار لە ئارادا نەمێنێت و ئاشکرایی بێتە مەیدانەوە"(سجادی،١٩٧٨: ٤٤)، بەربڵاوترین و ئاسانترین بەشی ڕوونبێژیە، کە زۆرترین وێنەی لێدروستکرابێت، بنەڕەتەکانی بریتین:(چوێنراو، پێ چوێنراو، ڕووی لێکچوون، ئەوزار)، مەرج نییە ئەوزار لە هەموو وێنەیەکدا هاتبێت.

(مارف بەرزنجی شەهید)، وێنەیەکی لەڕێگەی لێکچوواندنەوە بنیات ناوە و دەڵێت:

بۆ ڕاوم ئەنێی چیت لێم ئەوێ

مــــن بـــولبـــولێکی ئـــازادم

ســـروشت وای ناوە بنیـــادم

کـــە ئـــازاد بـــم دیلـیم نەوێ (بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ١١٢)

شاعیر خۆی بە بولبول چواندووە، کە هەردووک پێویستە ئازاد و سەربەست بن نەوەک کونجی قەفەس جێگەیان بێت، کە دوژمن و ڕاوەر هەردەم هەوڵی بۆ دەدەن.

(دڵزار) دەڵێت: نەوجـــەوانانی نەبەز ئەمـــرۆ لەناو زینـــدانەوە

هەروەکو شێرانی هەڵمەت بەر لە بێشەوە لانەوە (دڵزار،٢٠٠٦: ٢٣٣)

شاعیر لەم دێڕەدا وێنەیەکی شیعری لەڕێگای لێچکوواندنەوە دروست کردووە، شاعیر زیرەکی و ئازایەتی نەوجەوانانی بە (شێر) چواندووە.

**ب- وێنەی خواستن:** هونەرێکە بەزۆری سوودی لێ وەردەگیرت بۆ بنیاتی وێنەی خەیاڵی، کە بنچینە و ناواخنی وتنی شیعرییە، "کە لەسەر بنەڕەتی لێکچواندن دامەزراوە، یەکێک لە دوو تەوەرەکەی چواندن(چوێنراو، پێچوێنراو) نایەت، کە شاعیر مەبەستی نەهاتووەکەیە و بەهۆی لایەنە هاتووەکەوە وێنە و مەبەستەکە دەخاتەڕوو و سیفاتی هەردوو شتەکە تەواو چوونەتە ناویەک و ئەمەش چڕکردنەوەو بەشێکی جوانی و وێنەی شیعرییە"(حەمەئەمین،٢٠١٤: ١٦١)، هونەرێکی هەرە بەرزو باڵاو بەهێزی ڕەوانبێژییە، کە وێنەی نایاب و

قەشەنگی لەسەر بنیات دەنرێت،"ئاسۆی بەرزی ڕەوانبێژی و نیشانەی داهێنانە و هونەرێکە لەهونەرەکانی وتن و زمانی نائارامی هەڵچوونی دەروونە"(عەبدوڕەحمان،٢٠٠٦: ١٠٨).

(ئیبراهیم ئەحمەد)دەڵێت :          کوا(ڤێرماخت)ی ئەڵمانی کە ئەتوت زەروی خوێنە؟

کوا (لوفتڤافە) ئەو هێزە، نەپارێزە، مەرگ چێنە   (بەرزنجی،٢٠٠٧: ٤٤)

لێرەدا (شاعیر) مەرگی چواندووە بە هەرشتێک کە (بچێنرێت)، دیارە ئەو شتەی، کە بە ئاشکرا نەهاتووە، تەنها سیفەتێکی هاتووە، ئەویش (چاندن)ە، بۆخوازراو (مەرگ)ە هاتووە، لێخوازراو هەرشتێکە بچێنرێت نەهاتووە، خواستنی شاراوە دروست بووە.

(کاکەی فەلاح) دەڵێت:          بن میچەکەی ئەوی بــێ

ژێر ڕاخـــەرم زەوی بــێ

خـــەو زاتـی ئەوە ئـەکا

خۆی تووشی ئەو شوێنەکا     (بنەماڵەی شاعیر،٢٠٠٤: ٣٧)

لێرە شاعیر وشەی (خەو)ی بۆ مرۆڤ خواستووە لە نیوەی سێیەمدا (خەوزاتی ئەوەئەکا) واتە هیچ مرۆڤێک زاتی ئەو ئەکا.

(دیلان) دەڵێت :          گوڵەباخ ئیسماڵ شکـاوە چڵی

وەنەوشە سیس و ژاکاوە گوڵی          (ئاگرین،٢٠١٣: ٦٠)

شاعیر وێنەیەکی هونەری باڵای دروست کردووە، خەم و ئازار و هەستە نیشتمانی و نەتەوەییەکەی نیشان دەدات، کە چۆن داگیرکەر و دوژمن ئازار و ئەزیەتی کەسانی دڵسۆز و پاکی نیشتمان پەروەر دەدەن. (گوڵەباخ و وەنەوشە) خوازراون بۆ مرۆڤی نیشتمان پەروەر و دڵسۆز.

ج-وێنەی درکەیی: یەکێکی دیکە لە هونەرە گرنگەکانی ڕوونبێژییە، کە دوو واتا دەگەیەنێت، یەکێک ڕووکەش و یەکێکی دیکە هاوشانی واتای ڕووکەش، واتە خاوەنی دوو واتای نزیک و دوورە، کە هەردووکیان پەیوەست کراوی یەکن، "میتۆنیمی لەسەر بنەمای پەیوەندی و لێکچوونی نزیک دادەمەزرێ، بەڵام میتافۆر نییە، کە ئەم هەر لەسەر بنەمای لێکچوون پێکدێ. پەیوەندیی میتۆنیمی جۆرێکە کە لەسەر بنەمای خزمایەتی یان پەیوەندیی ڕاستەقینەوە دادەمەزرێندرێ. زۆر لەو دەربڕینانەی ڕۆژانەمان میتۆنیمن، بۆ نموونە دەڵێین: من مۆزارتم خۆشدەوێ، مەبەستمانە بڵێین (مۆسیقای مۆزارتم خۆشدەوێ) پەیوەندیی نێوان مۆزارت و مۆسیقا زۆر ئاشکرا و نزیکە"(هاڵبێرگ و دانەرانی تر ،٢٠١٠: ٨١).

(گۆران) دەڵێت :            بەڵام گەلـی بەشرینقە خــەو لێ خــراوم

گوێی نەدامێ هەتا کەوتم، چڵکن بوو ناوم     (مەلاکریم،١٩٨٠: ٢١٧)

لێرەدا شاعیر وێنەیەکی خەماوی لە ژیانی خۆی کێشاوە، کە وشەکانی (خەو، کەوتن، چڵکن) بۆ واتای دروستی خۆیان نەهاتوون بەڵکو درکەن، (خەو) بۆ بێئاگایی و ناهۆشیاری کۆمەڵگا، (کەوتن) بە واتای ڕووخان و تێک شکاندنی دەروونی و مەعنەوی، (چڵکن)بوونیش ئاماژەیە بۆ زڕان و پیسبوونی ناو و ناوبانگی لەنێو کۆمەڵگادا.

(خالید دلێر):       گەوجە، تازە کـورد بە هیچ کەس نافـرۆشرێ و ناکڕێ

چۆن منیش وەک تۆی گەوج، خنجەر لە فەردەی کا ئەدەم   (دلێر،١٩٧٠: ٤٨)

لە نیوە دێڕی دووەمدا دەستەواژەی (خنجەر لەفەردەی کا دان)، بۆ واتای دوور و درکاو هاتووە، کە کاری بێ ئەنجام و نەزانانە و خۆ ماندووکردن لە بەلاش دەگەیەنێت.

(دیلان) دەڵێت:         ڕازاوەیە دیــــواری پــان ڕێـچـکەی زنـــجیـــری

دەم کــــراوە و عـــەزرەتییە لــەش (منم نێچیری)

زۆر گیانی سەخت، پێستی ئەستوور،مەچەکی پتەو

لە شـەڕا بــوون لەگــەڵ ئاســن بە ڕۆژ و بە شەو     (ئاگرین٢٠١٣: ١٦٣)

چەند وێنەیەکی لەسەر بنەمای ڕوونبێژی تێدا بەرچاو دەکەوێت، بەجۆرێ (دیواری پان) خوازەیە، بە واتای (ژووری زیندان) هاتووە لە ڕێگای خواستنی شاراوەشەوە (ژووری زیندان) چوێنراوە بە دڕندەیەک کە شاعیر (نێچیر)ەکەیەتی، (گیانی سەخت و پێستی ئەستوور و مەچەکی پتەو) درکەن بۆ کەسانی خۆڕاگر و خەباتگێڕانی نێو زیندان.

## ٢- جۆرەکانی وێنە لەڕووی هەستییەوە

هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە بەهۆی هەر پێنج هەستەکەی مرۆڤەوە هەست و درکیان پێدەکرێت، کە ئەوانیش (بینین، بیستن، بۆنکردن، بەرکەوتن، چەشتن) دەگرێتەوە کە شاعیر لە بنیاتی وێنەی شیعریدا پەنایان بۆ دەبات و "لە شیعری هەموو شاعیراندا باڵادەستە"(عیسی،٢٠٠٩: ١٨١).

**أ- وێنەی هەستی بینین:** هەموو ئەو وێنانە دەگرێتەوە کە بەر هەستی بینین دەکەون، سەرەکیترین و زاڵترین هەستە، کە شاعیر لەڕێگای بینینی دیمەنەکانەوە کاریگەر دەبێت و دەیخاتە ناو شیعرەکانییەوە. مرۆڤ هەر شتێک دەبینێت وەکو فۆتۆگرافەرێک وینەی دەگرێت و لەیادگەیدا هەڵیدەگرێت، لە کاتێکی دیکەدا بۆیان

دەگەڕێتەوە و دەیان هێنێتە پێشەوە، وێنەیەکی جیاوازتر لە هی فۆتۆگرافەرێک دەکێشێت، "یادەوەری لای ئەو کەسانەی کە بینینیان بریتییە لە زنجیرەیەک تابلۆ، واتە وێنە و ڕەنگەکان، ئەم وێنانە یەکدەگرن تا وای لێدێت هەر وێنەیەک داوای وێنەی تر دەکات، لەنێوان هەستی بینین و بیرەکاندا گونجانێکی شاراوە هەیە، کە شاعیران هەستی پێدەکەن و لە بەرهەمەکانیاندا ڕەچاوی دەکەن"(کەریم،٢٠١٢: ٢٦٥-٢٦٦).

ناکرێت ڕۆڵی ڕەنگ لە دروست بوونی ئەم جۆرە وێنەدا فەرامۆش بکەین، چونکە ڕەنگ یەکێکە لەسیفەتە هەرە بەرجەستە و بەرچاوەکان، کە کاریگەرترین شتە، کە چاوەکان بەزوویی وەردەگرن و دەبنە جێگای سەرنج ڕاکێشانی.

(دڵزار)دەڵێت :

لەبن چڵی چناران

لەژێر سایەی هەناران

لەدەم باخ و ڕووباران

پۆلی نیگاران

وەک گوڵاڵە پەخشانن

بزوێنەری دڵانن (دڵزار،٢٠٠٦: ٦٧)

شاعیر وەسفی سروشت دەکات لەو دەمەی بەهار و نەورۆزە، وێنەیەکی هەستی جوانی کێشاوە(چڵ، سایە، باخ، ڕووبار، نیگاران، گوڵاڵە) بەهۆی بینینەوە هەستیان پێدەکرێت.

(مەجید ئاسنگەر)دەڵێت :

ڕەنگیی زەردی ڕۆژ،هۆی ڕووناکییە

لە مانگ نیشانەی خوای لاو چاکییە

هی گوڵ هیوایە، ڕووی زەردی یارم

هیواو ڕووناکیی و جوانی و پاکییە (ئاسنگەر، ١٩٦١: ٨٨)

ڕەنگی (زەرد)، کە بەگشتی نیشانەی خەم و خەفەت و ناخۆشییە، وێنەیەکی لێدروست کردووە، کە لە ڕێگەی بینینەوە هەستی پێدەکرێت.

**ب- وێنەی هەستی بیستن:** دەنگیش ڕەگەزێکە بۆ بنیاتی وێنە، هەموو ئەو دەنگانە دەگرێتەوە کە ڕۆژانە گوێی بیستیان دەبین وەک دەنگی: ئاژەڵ و خوڕەی ڕووبار و هەورە بروسکەو...، بۆیە "هەر وێنەیەکی شیعریی لەسەر بنەمای دەنگ یا ئاواز یا مۆسیقا بنیات نرابێت، ئەوا لە ڕێگەی هەستی بیستنەوە باشتر وەردەگیرێ و هەست

به خۆشی و جوانی وێنەکە دەکریٚ"(شارەزا،١٩٩٧: ٧)، تاکە هەستە کە مرۆڤ کۆنترۆڵی بەسەردا نییە و هەموو کات و دەمێک کار دەکات و دەبیستێت، بە پێچەوانەی بینینەوە، کە چاو دابخەی یان خەوت لێبکەوێت هیچ نابینیت.

(عوسمان عوزێری) دەڵێت: تۆش ئاوازێکی بەجۆشی

گۆرانییەکــی زۆر خۆشی (چەرمەگا،٢٠٠٩: ٢٣٨)

ئەم وێنەیە لەسەر بنچینەی لێکچواندن دروست بووە، یارەکەی بە (ئاواز و گۆرانی) چواندووە، هەردووکیان دەنگن و بەهۆی بیستنەوە هەستیان پێدەکرێت.

(بورهان جاهید) : پشیلەیێکی وەک بەشەر خولقاو

لێمان هاتە ژوور بە میـاو میـاو (خەزنەدار،٢٠٠٦: ٣٣٠)

وێنەیەکی بنیات ناوە، بەهۆی لێکچواندنەوە، پشیلەی بە مرۆڤ چواندووە لە خولقاندنیدا، دووپاتی دەنگی دەکاتەوە کە (میاو میاو)ە، کە بەهۆی بیستنەوە هەستی پێدەکرێت.

(دڵزار) دەڵێت: لە هەڵپەڕکێ و سەما دایە، درشت و وردی یارانت

وەکو بولبول چریکەی دێ نەوای ئازادی ئەخـوێنێ (دڵزار،٢٠٠٦: ٢٠)

شاعیر وێنەیەکی جوڵاوی نەخشاندووە، کە لە نیوە دێڕی دووەمدا وشەکانی (چریکە، نەوا) بەهۆی بیستنەوە هەستیان پێدەکرێت.

**ج- وێنەی هەستی بۆنکردن:** ئەم جۆرە لەسەر بنەمای هەستی بۆنکردن پێک دەهێنرێت، شاعیر لە داهێنانی وێنەدا پەنای بۆ دەبات، وەک یەکێک لە دەرەچەکانی هەست، کاریگەری لەسەر شاعیر دادەنێت "ئەم هەستە لەهەستی بەرکەوتن و چێشتن نزیکترە لە هەستی بینینەوە، بەوەی کە هەست بەبۆنەکە دەکات هەرچەندە لەوانەیە سەرچاوەکەی دووریش بێت و ئەم سیفەتە لە هەردوو هەستی بەرکەوتن و چێشتندا بەدی ناکرێت"(عەبدوڕەحمان،٢٠٠٦: ١٠٣).

(مارف بەرزنجی)دەڵێت : من گــوڵی گــوڵنــار دێنـم

تۆش بــۆم بـهێنە نەسـریـن

وەنەوشە و شەوبۆی بۆن خۆش

وەک برا و خــوشکی ڕووخۆش (بەرزنجی وبەرزنجی،١٩٩٣: ١٠٨)

**هەموو ئەو گوڵانەی لەم وێنەیەدا هاتوون، هەریەکەیان جۆرە بۆنێکی تایبەتی هەیە، بەڵام شاعیر جەختی لەسەر (وەنەوشە، شەوبۆ) کردۆتەوە، کە وێنەکە بەر هەستی بۆنکردن دەکەوێت.**

**(دڵزار) دەڵێت :** **دەشت و دەر مێرغـوزارە**

**تـــازە بـــەهـــــارە**

**چەمەن جوان و ڕەنگینە**

**هەوای پاک و عـەترینە** **(دڵزار،٢٠٠٦: ٦٧)**

**لەم وێنەیەدا جگە لە هەستی بۆنکردن لە وشەی (عەترین)ە، هەروەها وێنەی هەستی بینینیش بەدی دەکرێت.**

**د- وێنەی هەستی چەشتن: ئەم وێنانەش لەسەر هەستی چەشتن بنیات دەنرێت، کە لە ڕێگای چەشتن و تامکردنەوە هەستیان پێدەکرێت، وەک: (تاڵی ،شیرینی ،سوێری ،تفتی...).**

**(دیلان)دەڵێت:** **ئەی گوڵەکەی ڕەنگ پەمەیی سەرداری ژاڵە**

**وەک بیستوومە ڕەنگ شیرین و چێشتنت تاڵە** **(ئاگرین،٢٠١٣: ١٦٦)**

**لە دروستکردنی ئەم وێنەیەدا وشەی (تاڵ) هاتووە، کە بەهۆی هەستی چەشتنەوە هەستی پێدەکرێت.**

**(مەجید ئاسنگەر)، لەچوارینێکدا دەڵێت:**

**ژیـن لــە ســایەی کـۆت و زنجیـر بێ**

**باری یاسا بەس لە مــل (فەقیر) بێ**

**ڕەنجی زۆربەی گەل بۆ ئاغە و میر بێ**

**لە گـەرووی دوژمن ئەم ژەهرە گیر بێ** **(ئاسنگەر،١٩٦١: ٨٨)**

**لە نیوە دێڕی کۆتایدا وشەی (ژەهر) لەبنیاتی وێنەکەیدا هاتووە، کە بەهۆی چەشتنەوە هەستی پێدەکرێت.**

**هـ- وێنەی هەستی بەرکەوتن: ئەمەش بەهۆی بەرکەوتن و دەست و پەنجە لێدانەوە، هەست و درک بە شتەکە دەکرێت، "هەندێ جار شوێنی هەستی بینین دەگرێتەوە و لەویش کاریگەرتر دەبێ بەوەی کە ماوەی نێوان شتە درکپێکراوەکە و مرۆڤدا نامێنێ، ئەم هەستە زۆر سیفەتی دەربڕین دەبەخشێت بە مرۆڤ، کە لەگەڵ باری**

دەروونیدا گونجاو بێت"(عەبدولڕەحمان، ٢٠٠٦: ١٠١) وەکو هەستکردن بە شتی (ڕەق و نەرم و زبرو وشک و لوس و ساردی و گەرمی..هتد).

(مەلا حەسەن نەوحی زەنگەنە)دەڵێت: نە با لێیداوم نە هــەتاو

بەندم سێ مانگە و تەواو (کاکەیی،٢٠١٠: ١٥١)

لە نیوە دێڕی یەکەمدا بەهۆی وشەکانی (با)و(هەتاو) وێنەیەکی بنیاتناوە، کە هەردووکیان بەهۆی بەرکەوتنی جەستەوە هەستیان پێدەکرێت.

(کاکەی فەلاح) دەڵێت: دەس لەناو دەسی دڵەی ڕەنجەڕۆم

بەرێ ی دڕکـاوی مەیـنـەتا ئەڕۆم (بنەماڵەی شاعیر،٢٠٠٤: ١٦٢)

لە نیوە دێڕی یەکەم (دەست لەناو دەست)و لە دووەمدا (ڕێ دڕکاوی) دەبینرێت، کە بەهۆی پێیەکانەوە کە بەشێکن لە جەستە، هەستیان پێدەکرێت.

(مارف بەرزنجی)دەڵێت: چـــەند لـێـــم دوورە

فێنــک و نـەرم و نیـــان

جاران ئەستێرەی گەلاوێژ

پرشنگی هیوا و ژیان بوو (بەرزنجی بەرزنجی،١٩٩٣: ١٢٤)

وێنەیەکی شیعری بەهۆی وشەکانی (فێنک، نەرم و نیان)دروستکردووە، بەهۆی جەستەو دەست لێدانەوە هەستیان پێ دەکرێت.

## پاری سێیەم

## مۆسیقای شیعریی لە شیعری زینداندا

مۆسیقا یان ئاواز یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە بنەڕەتییەکانی شیعر، کە لەپاڵ ڕەگەزەکانیتردا شیعرییەت دروست دەکەن، هیچ میللەتێک بێبەهرە و دوور نەبووە لە مۆسیقا، تێکەڵ بە ڕۆحی مرۆڤ بووە و گوێی پێی ئاشنابووە، خۆ ئەگەر گوێی لە هاژە و خوڕەی ئاو یان گڤەی بایەک بوویێت. (شکسپیر) دەڵێت: "شیعر ئەو مۆسیقایەیە، کە هەر کەسێک لە دەروونی خۆیدا هەیەتی"(زرین کوب،١٣٧٩: ٤٧)، شیعر بێ بوونی مۆسیقا و ئاواز پووچ و بێ گیانە، لە شیعری کۆن و نوێشدا ئامراز و ڕەگەزێکی گرنگ و کاریگەر بووە، لە هەموو سەردەم و ڕێبازێکی شیعریشدا نەتوانراوە ئەم ڕەگەزە پشت گوێی بخرێت، چونکە بەها و نرخی هەیە و جەوهەری پێکهێنەری شیعرە و هەر بە نەمری و جێگای بایەخ دەمێنێتەوە.

(ڤۆڵتێر) دەڵێت: "شیعر مۆسیقای ڕۆحی گەورە و هەستیارە"(قەهرەمانی،١٣٩٨: ٢٤١)، هەر مۆسیقاشە سەنگی مەحەکە و خاڵی جیاکەرەوەی نێوان شیعر و پەخشانە، بەتایبەتی لە ئاستی مۆسیقای دەرەوەدا، "هەڵبەستی هەر زمانەیش بەپێی تایبەتمەندییەکانی خۆی جۆرە مۆسیقایەکی جیاواز لە مۆسیقاکانی پەخشانی هەیە"(ئاشنا،٢٠٠٢، ١٥٥)، ئەوەشمان بیر نەچێت، کە مۆسیقای شیعریی هەر زمان و وڵاتێک چونیەک و کۆپی یەکدی نین و هەر زمانێک بەپێی سروشت و دەستوور و ڕێساکانی جۆرە مۆسیقایەک دەسازێنێت.

دەبینین (شیعر و مۆسیقا) هەر چەند بە ڕواڵەت دوو هونەری جودان، بەڵام پەیوەندی و ئاوێتە بوونێک پێکەوە گرێیان دەدات، کە لە زۆر ڕوانگەوە هاوبەش و تەواوکەری یەکن و سرووش لە یەکدی وەردەگرن، "میوزیک یەکێکە لە نهێنییەکانی شیعر، شیعر دەشێت کێشێکی دیاریکراوی نەبێت، وەلێ ناشێت موزیکی نەبێت، ئاخر میوزیک لە شیعردا کەرەستەیەک نییە بتوانین بیگۆڕین بە یەکێکی دیکە، یان پشتگوێی بخەین، چونکە شیعر ڕەنگە هیچ نەبێت، جگەلە دەربڕینێکی تەژی لە میوزیک"(حەسەن، ٢٠١١: ٣٨). شیعر بێ مۆسیقا دەقێکی بێ ڕواڵەت و بێ واتایە، جیاوازیەکی وەهای نابێت لەگەڵ قسەی ڕۆژانەدا، لەم بارەوە (عەبدولڕەزاق بیمار) ڕای وایە،کە "کێش و ترپە و مۆسیقا بنەمایەکن لە بنەماکانی هەڵبەست، بە یەکەوە پێوەندارن و بوونیان پێکەوە پێویستە، نەبوونی هەر یەکێکیان کەموکوڕییەک بە لەشی واتایی و شێوە و ڕوخساری هەڵبەست دەدات"(بیمار،١٩٩٢: ١٠).

(کولردج) مەرجی شاعیر دەبەستێتەوە بە بوونی بەهرە و توانای داهێنانی وشەی ئاوازدارەوە و دەڵێت: "هەرگیزا و هەرگیز مرۆڤ نابێت بە هەستیار ئەگەر ئەم توانایەی لە بواری ئاواز و مۆسیقا و ئاهەنگدا پێنەبەخشرابێت"(بەسیر، ٢٠١٥: ٣٣٧)، ئەگەر شاعیر بیەوێت تێکستێکی باڵا و نەمر بخوڵقێنێت پێویستە بە فیترەت ئەو توانایەی هەبێت و وشە و واژەی ئاهەنگدار و تەڕو ناسک لە هەگبەی شیعریدا بێ شوماربن و

بالاپۆشی دەقەکەی بکات، لە سەریەتی ساختمانێ لە ئاواز و ئیقاع و نەغمە دروست بکات، چونکە میوزیک دەق جوان و ڕازاوە دەکات و ئەفسوون و چێژی پێدەبەخشێت و وا لە خوێنەر و گوێگر دەکات شەیدا و پەڕۆشی خوێندنەوەی بن و هەست بە بێزاری و وەڕسبوون نەکەن، هەروەها شیعر ئەو تایبەتمەندییەی هەیە، کە زوو دەکەوێتە سەر زاران و لەبەر دەکرێت بەهۆی مۆسیقاکەیەوە، هەر ئەمەش لە چەشنە ئەدەبییەکانی دیکە جودای دەکاتەوە و سەرنج ڕاکێش و دڵپەزیرتری دەکات، ئەمانەش لە ئەنجامی ڕۆنانێکی زمانی کارزانانەی شاعیرەوە ئەنجام دەدرێت.

مۆسیقا ئەڵقە و ڕایەڵێکی گرنگە بۆ گوزارشت لە هەست و سۆز و واتا و گواستنەوەی بۆ خوێنەر و گوێگر، ئەمەش لە ئەنجامی پاتکردنەوە و گونجاندن و هارمۆنیەت و ڕیزکردنی کەرەستە زمانییەکان و هەڵبژاردنی وشە و پەیڤی گونجاو، کە لە ئاستی خۆیدا و لە کاتی خوێنەوەدا جۆرێک لە مۆسیقا و ئاواز دەربڕێت، "خودی ئاخاوتن خۆی لە کاتی ئەنجامداندا جۆرە ئاهەنگێکی هەیە و هەر کاتێک ئاهەنگی وشە و بێژەکان بە شێوەیەکی موتەناسیب و ڕێک و گونجاو دووبارە بوونەوە، کێش دروست دەبێت، لێرەدا کێش دەبێتە بەرئەنجامی ئەندازەو پێوانەیی ئاوازی شیعر"(دەشتی، ٢٠٠٩: ١٦١).

ئەگەر شیعر بە نیازی نەمریی نووسرابێت پێویستە هەموو ڕەگەزەکانی تێدا بەرجەستە ببێت و ئاوێزانی یەکدی بکرێن، نەبوونی هەر یەکەیان لەنگی و ناتەواویەک لە جەستەی دەقدا دروست دەکات،"فۆرم و ڕیتم و زمان و ناوەڕۆک لەناو هەڵڕژانێکی ئەبەدی شیعریدا ئاوەها بەیەکەوە بەندن، هیچ هێزێ نییە بتوانێ لەبەر یەکیان هەڵوەشێنێتەوە، ئەگەر شیعر بە ئومێدی جاویدانی داڕێژرابێ"(دەشتی،٢٠٠٧: ٧٤).

مۆسیقا، ترپە و دەنگێکی ئاسایی نییە کە بەر گوێی بکەوێت، بەڵکو کاتێک بەوشە و واژەکان، هەست و سۆزە کەسییەکان بەیان دەکات لە ڕۆحی مرۆڤ نزیک دەبێتەوە و واتای تازە پەیدا دەکات، (تی سی ئەلیوت)دەڵێت: "مۆسیقای شیعر شتێکی جیا لە واتا نییە، چونکە گەر وابوایە دەکرا شیعری وا دەسکەوێت کە لەلایەنی مۆسیقییەوە زۆر جوان و بەرزبن بەبێ ئەوەی هیچ مانایەکیان هەبێت، خۆم شیعری لەم چەشنەم نەبینیوە"(چالی، ٢٠٠٨: ٩٠). هەروەها (فەرهاد پیرباڵ) پێی وایە کەس بەقەد شاعیر لەواتا و گرنگی مۆسیقا ناگات و دەستکەلا و ئامرازێکن بۆ خولقاندنی واتا، دەڵێت: "شاعیر لە هەموو کەسێک زیاتر، مەبەستم لە فەیلەسووفێک باشتر لە مانای مۆسیقا تێدەگات و باوەڕی بەوە هەیە، کە مۆسیقا بە ڕاستی مانای هەیە، چونکە شاعیر بۆ خۆی کاری ئەوەیە کە لە ڕێگەی مۆسیقای وشەوە مانا دورست بکات، لە ڕێگای ئاوازەوە مانای ڕستەیەک لە مانای ڕستەیەکیتر جودا بکاتەوە"( پیرباڵ، ٢٠١٠: ٥٣-٥٤). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مۆسیقا تەنها ناکرێت لەیەک ڕوانگەوە تەماشا بکرێت، ئەرکی گەیاندنی چێژ و خرۆشاندنی هەست و سۆزی مرۆڤ بێت، بەڵکو "هەر بە ئەوەندە ناوەستێ هەستی مرۆڤ ببزوێنێ و سۆزو گودازەکانی بوروژێنێ، بەڵکو وێڕای ئەمانە لە ڕێگای هەستەکانەوە ئەقڵ بێداردەکاتەوە و هەست و بەهرە هۆشیارەکان وەئاگا دێنێتەوە و هەندێ حەقیقەتی نوێ کەشف دەکات، کە دەروون لەوەوبەر لێی بێخەبەر بووە"(زەکەریا،٢٠٠٦: ٣٣). هەموو

ئەمانەش:(چێژ، ئەزموون، ئێستاتیکا..)ی مۆسیقا، هەموویان بەهۆی لادان و شکاندنی دەستورە باوو چەسپاوەکانی زمانەوە ئەنجام دەدرێن و دەقێکی بارگاوی بە مۆسیقا و ئاهەنگ و ڕەگەزەکانی دیکە دێتە ئەفراندن، "یەکێک لەو تەکنیکانەی کە ئەبێتە هۆی تێکدانی پێکهاتەی زمانی ئۆتۆماتیک و دووبارە بونیات نانەوەی ئێستاتیکی شیعر، مۆسیقایە"(محەمەدپوور، ١٣٨٨: ١٣٢).

مۆسیقا بایەخ و بەهایەکی دیکە بەشیعر و زمان دەبەخشێت و بالآی پێدەکات و دووری دەخاتەوە لە زمانی ئاسایی، (د.محمد رضا شفیعی کدکنی) بۆچوونی وایە کە: "کۆمەڵی فاکتەر، ئیعتیبار و گرنگیان بە زمانی شیعر لە چاو زمانی ڕۆژانەدا بەخشیووە، کە ئاهەنگ و ئاوازن، دەکرێت بە گروپی مۆسیقایی ناو بنرێن و ئەم گروپە خۆی فاکتەری ناسراوی هەیە، کە ئەتوانرێ شیکردنەوە و ڕاڤەی بۆ بکرێت لەلایەنی جۆرەکانی کێش، سەروا، ڕەدیف، ڕەگەزدۆزی ..."(کدکنی،١٣٩١: ٧-٨). بەهۆی ئەو خاسیەتە گونجاوەی مۆسیقاوە، دەبینین زۆربەی دەقە ئاینییە دێرینەکانی کورد لە پێش ئیسلامدا، بەشێوەی شیعرو ئاواز و کێش نووسراونەتەوە، پشت بە پشت و سینە بە سینە گێڕدراونەتەوە و ترسی لەناوچوونی کەمترە وەک لەو دەقانەی کە بەپەخشان نووسراون، "گات یان گاثا، بە مانای سروودە و لەکاتی ئەنجامدانی ڕێوڕەسمی ئایینیدا دەخوێندرێ، سروود خوێندنیش زۆرتر ئەگەر بە شیعر بێت، لەبارترە وەک لەوەی بە پەخشان بێت، بۆیە گاتا کۆنترین گۆرانیگەلێکن لە چاخە دێرینەکانەوە بۆمان ماونەتەوە، نەک هەر لەباری شیعرەوە بەڵکو لەباری مۆسیقاییشەوە بایەخێکی گەورەی هەیە"(حەمەباقی،٢٠٠٢: ٩١).

مۆسیقای شیعر لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش: ئاوازی دەرەوە (کێش و سەروا) و ئاوازی ناوەوە (ڕیتم) دەگرێتەوە، بەڵام (د.محمد رضا شفیعی کدکنی) چوار جۆر مۆسیقای شیعریی دەستنیشان دەکات، کە بریتیین: لە "مۆسیقای دەرەوە (عەرووز)، مۆسیقای کەنارو لایەکان (سەروا و پاش سەروا)، مۆسیقای ناوەوە (ڕەگەزدۆزی، سەروای نێوەندەکان و هاوبێژە گرو کپەکان)، مۆسیقای مەعنەوی (جۆرەکانی هەماهەنگی واتایی ناوەکی، میسراعێ یان چەند میسراعێک، دژبەیەک، بەرانبەری، هتد)"(کدکنی، ١٣٩١: ٢٧١). مۆسیقای شیعری لەدوو لایەنی سەرەکی پێک دێت :

## یەکەم: مۆسیقای دەرەوە

کە ئەمەش کێش و سەروا دەگرێتەوە و بنچینە و کۆڵەکەی مۆسیقای شیعرن، لە هەموو سەردەمێکدا ڕەگەزی سەرەکی بوونە لە پێکهێنانی تێکستی شیعریدا، لەپاڵ ڕەگەزەکانی تردا. ئەمیش دوو لایەن دەگرێتەوە:

## أ- كێش

یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی شیعر، کە لەگەڵ سەروا و ڕیتمدا، مۆسیقای گشتی شیعر بنیات دەنێن، بۆیە ڕەنگە لە هەموو زەمەن و قۆناغێکدا، گۆڕان بەسەر جۆر و چۆنیەتی بەکارهێنانیدا هاتبێت، بەڵام هەرگیز فەرامۆش نەکراوە، چونکە بڕبڕەی پشتی شیعرە، ڕەنگە شیعر بێ سەروا گرنگی و زیندوویتی خۆی بپارێزێت، بەڵام بێ کێش ناتوانێت، (عبدالحسین زرین کوب) لەم بارەیەوە دەڵێت: "لە شیعردا ئەگەر بشێت لە سەروا چاوپۆشی بکرێت، بەڵام لە کێش ناتوانرێت، چونکە کێش گوزارشتە لە بوونی جۆریک لە ڕێکخستن لە دەنگی وشەکاندا"(زرین کوب، ١٣٦٣: ٩٣)، بۆیە شیعر بەبێ کێش شتێکی نابێت بە ناوی جوانی و نەزم، کە پەیوەستی و مانەوەی شیعر بە کێشەوە گرێدراوە و لە یەک جودا ناکرێنەوە، (معروف رصافی) ڕای وایە: "شیعر لە گۆرانی بووە و پێکەوە نووساون لەبەرئەوە پێویستە لەگەڵ ئاوازو نەغمەی گۆرانیدا ڕێک بێت، ئەوەیش بەڕێکی وەزن ئەبێ لە نێوانیاندا"(بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ٢٦٨-٢٦٩).

کێش بەهۆی سیستەمەکەیەوە هاوسەنگی و ڕێکخستنی دێڕەکان ڕێکدەخات، هەر بەوەش شیعر لەپەخشان جیادەکرێتەوە، "وەزن شتێکە بە هۆنراوە ئاهەنگ دەدا و هەر ئەمە هۆنراوە لەپەخشان جیا دەکاتەوە"(صلاح، ١٣٦٧: ٢٤)، (وردسورس)یش بۆچوونی وایە تاکە شت، شیعر و پەخشان جیا بکاتەوە کێشە نەک هیچ هونەرێکی دیکە: "زمانی هۆنراوە و زمانی پەخشان، نابێ بە هیچ تایبەتییەکی ڕەوانبێژی و هونەری لە یەکتر دووربخرێنەوە جگەلە کێش، کە جۆرێکی ڕێکو پێک لە هۆنراوەدا پەیڕەوی دەکرێت و بە ڕوونی بەر گوێ دەکەوێ"(بەسیر،٢٠١٥: ٢٧٠).

گەر بەرهەمێک هەموو ڕەگەزە هونەرییەکانی وەک (سۆز، بیر، هەست، ئەندێشە، ...)ی تێدا بێت، ئەگەر بێ کێش بێت ئەوا لە بازنەی شیعر دەردەچێت. (عەبدولڕەزاق بیمار) بەمجۆرە کێش دەناسێنێت: "کێش بریتییە لە سەرجەمی ئەو پێیانەی دێڕە هەڵبەستێک دروست دەکەن، کە لە عەرووزی عەرەبیدا تەفعیلەی پێ دەڵێن"(بیمار، ١٩٩٢: ٩٠)، (نوری فارس حەمە خان)یش بەم شێوەیە پێناسەی دەکات و دەڵێت: "بریتییە لە دابەشکردنی چەند بڕگەیەکی یەکسان یا جیاواز لە کورت و درێژیدا بەسەر چەند پێیەکی چوونیەک یا جیاواز، لە چەندی و چۆنیەتی بڕگەکانیاندا، کە لە نێوانی پێیەکاندا، یا لە پاشیانەوە، پشوودانێ، یا لەنگەرێ هەبێت، کە لەسەر یاسایەکی ناسراو بەو بڕگە و پێیانە دێڕە هۆنراوێکی ڕەوانی وا دروست ببێت کە بیسەر یەکسەر هەست بکا ئەوە هۆنراوەیە، پەخشان نییە"(حەمەخان،٢٠٠٤: ٤٣٤)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کێش لە بەرئەنجامی گونجاوی و ڕێکخراوی و چۆنیەتی ئاوێتەبوون و شێوەی ڕیزبوونی یەک بەدوای یەکی بڕگە کورت و درێژەکان، لە کاتی گۆکردندا دەخوڵقێت.

کێش و مۆسیقای گەلان وەکو یەک نین، ئەمەش بەهۆی زمانی جیاواز و سروشتی خودی هەر زمانێکەوەیە، کە لە دەنگ و ژمارەی دەنگیشدا چوونیەک نین، (عەزیز گەردی) لەم ڕووەوە دەڵێت: "کێشی شیعر ئاوازەو ئاوازی شیعریش لە دەنگەوە دێت، لەگەڵ دەنگی هاوبەشی زمانەکەدا، هەر زمانە و ژمارە و هەندێ دەنگی

تایبەت بەخۆی هەیە و بەپێی سیستەمێکی تایبەتی کاردەکا، هەر ئەمەشە وای کردووە، کۆمەڵە بنەمایەکی جیاوازی کێشی شیعری پەیدا ببێ"(گەردی، ٢٠١٤: ٩)، بۆیە هاتنەئارای جۆر و تەرزی جیاوازی تازەی کێش، لەگەڵ خۆیدا مۆسیقا و ئاوازی تایبەت بە خۆیشی دورست دەکات، یاخود بەپێچەوانەشەوە، "لە هەمان کاتدا ئەوەشمان لا ئاشکرا دەبێت کە هەر گۆڕانێک لە ئاوازدا گۆڕانێک لە کێش بەرپا دەکا و کێشەکانیش هەر یەکەیان خاوەنی ئاوازو ئاهەنگی تایبەت بە خۆیان دەبن"(دەشتی، ٢٠٠٩: ١٦١).

سەرەڕای ئەو هۆکارانەش هەروەها هەست و دەروونی هەر شاعیر و میللەتێک ڕۆڵی کارا لەدروست بوونی کێشدا دەگێڕن، کە هەڵچون و هەیەجانی ناوەوەیان شێوازی کێش دیاری دەکەن،"بۆ جیاکردنەوە کەسایەتییەکان و دیاریکردنی هەڵچوون و داچوونی دەروونیان (کێش)ی جیا جیا بەکار دەبرێ"(ڕۆژبەیانی، ٢٠٠٨: ١٠٢).

گەر بڕوانینە کێشی شیعری زیندانی ئەم قۆناغە، ئەم کێشانە بەرچاو دەکەون:

### ١- کێشی عەرووز

ئەم کێشە لە بنەڕەتدا عەرەبییە و بۆ چنینی شیعری عەرەبی دانراوە، کە خۆی لە (١٦) بەحری عەرووزیدا دەبینێتەوە، "عەرووز زانستێکی تایبەتییە، کێشی ڕاست و دروستی شیعری، لە کێشی لەنگ و چەوتی شیعر لە هەموو زمانێکا پێی جیادەکرێتەوە، هەروەها شیعر جیادەکاتەوە لە پەخشان"(حەمەخان، ٢٠٠٤: ٧٣). هەروەها (عادل محەمەد پوور)یش بەم جۆرە پێناسەی دەکات "عەرووز لەسەر پێکەوە گونجانی ژمارە و یەکسانی بڕگە کورت و درێژەکانە لە دوو دێڕدا (کێشی چەندی، کەمی) و یەکسانی و وەستاوی دەنگدار و بێ دەنگەکان"(محەمەد پوور، ١٣٨٨: ٩).

زۆربەی شیعری کلاسیکی کوردیمان بەم کێشە هۆنراوەتەوە، کورد ڕاستەوخۆ و کوت و مت لەعەرەبی وەرنەگرتووە، بەڵکو لەڕێگای فارسەوە بووە، کە ئەوکات زمان و شیعری فارسی کاریگەر بوون بەسەر زمان و شیعری کوردییەوە، بەرهەمەکانی (سەعد و حافزی) شیرازی لە حوجرە و مەدرەسە ئاینییەکاندا دەخوێنران، کورد بە هەندێ دەستکارییەوە وەریگرت و زیاتر ئەو کێشانە بوون، کە لەگەڵ سروشتی زمانی کوردی دەگونجان بەتایبەتی کێشەکانی (هەزەج، ڕەمەل، ڕەجەز)، ئەم سێ جۆرە لە چاو هەموو بەحرەکانی تری عەرووز گونجاوترو لەبارتربوون بۆ دەربڕینی هەست و ناخی شاعیر، "(تەفعیلەی) وەکو (مەفاعییلون، فاعیلاتون، موستەفعیلون)، کە کێشەکانی (هەزەج، ڕەمەل، ڕەجەز) دروست دەکەن و هەمووشیان (٤) بڕگەیین، لە شیعردا بە زەحمەت لە هەنگاوە هاوژمارەکانی دابەشکراوی ئێستای کێشی خۆماڵی جیادەکرێنەوە"(بەکر، ٢٠٠٤: ٩٢). ئەم کێشە بەزۆری لەشیعری زیندانیدا بەکارهێنراوە، زیاتریش سوود لە کێشە سووک و ڕەوانەکانی وەک(هەزەج، ڕەمەل) بینراوە، کە لەگەڵ سروشتی ئەمجۆرە شیعرانەدا دەگونجێن، بەتایبەت شیعرەکانی پێش سالانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو.

شیعری (ئەی وەتەن)ی (فایەق بێکەس)، بە کێشی (ڕەمەلی هەشتی مەحزووف) دانراوە:

ئەی/وە/تەن/مەف/تو/نی/تۆ/م و/شێ/وە/تم/بیر/کەو/تە/وە

فاعــلاتن فاعــلاتن فاعــلاتن فاعــلن

وەخ/تی/بەن/دی/ی و/ئە/سا/رەت/پێ/بە/تەو/ق و/کۆ/تە/وە

فاعــلاتن فاعــلاتن فاعــلاتن فاعــلن (ئاشنا، ٢٠٠٥: ١٥)

هەروەها شیعری (شاگردانی فەهدین)ی (دڵزار)، بە کێشی (هەزەجی شەشی مەقسوور) دانراوە :

کە/شا/گر/دا/نی/فەهـ/دی/قا/رە/ما/نین

مفاعــیلن مفاعــیلن فعــولان

لە/تێ/کۆ/شا/نی/خوێ/نین/بێ/وچ/ا/نین

مفاعــیلن مفاعــیلن فعــولان (دڵزار، ٢٠٠٦: ٣٢)

**٢- کێشی بڕگەیی (پەنجە)**

بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، شاعیران و ڕۆشنبیرانی کوردیش بەهۆی چاولێکەری لە نەتەوە دراوسێکان و زاڵبوون و هۆشیاری و بووژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی، ئەوەی دەخواستن، کە شیعریش خۆی نوێبکاتەوە و بە میکانیزم و فۆرمێکی ترەوە گوزارشت لە واقع و بارودۆخ و خواست و ئاخیان بکەن، کەوتنە نوێکردنەوەی فۆرم و ناوەڕۆکی شیعر، کە لەو گۆڕانکاریانەی فۆرمدا دەست هەڵگرتن بوو لە کێشی عەرووز و هاتنەئارای کێشی بڕگەیی بوو، کە (گۆران) و هاوڕێکانی سەرمەشقی ئەم کاروانە بوون، (گۆران) لە پێشەکی (بەهەشت و یادگار)دا باسی ئەم جۆرە کێشە دەکات و دەڵێت: "شیعرە تازەکان بە وەزنی پەنجە (هیجا) هەڵبەستراون کە هەرچەند شیعر دۆستانی کۆن بە خوێندنەوەی ڕانەهاتوون، بەڵام لەبەرئەوەی وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانە و لەگەڵ خەسائیسی زمانەکەمان چاتر ڕێک ئەکەوێ"(مەلاکەریم،١٩٨٠: ٣)، ئەم قسانەی گۆران دەرخەری ئەوەیە، کە ڕووبەڕووی ڕەخنە بوونەتەوە بەتایبەت لەلایەن ئەوانەی لایەنگری شیعری کۆن بوون، هەروەها ئاماژە بە گونجاوی و ڕێککەوتنی دەکات کە باشترو ڕێکتر لەگەڵ تایبەتمەندی و سروشتی زمانی کوردیدا یەک دەگرێتەوە. (عەزیز گەردی)یش بەمجۆرە باسی دەکات و دەڵێت: "لە کێشی ژمارەییدا حیساب تەنیا بۆ ژمارەی بڕگەکانی دێڕە شیعر و دابەشبوونیان بەسەر پێدا دەکرێ، گوێ بە جۆری بڕگە (کورت و درێژ) و چۆنیەتی و ڕیزبوونیان نادا"(گەردی، ٢٠١٤: ٢٣٩).

(کاکەی فەلاح) لە کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)دا باس لە گرنگی ئەم کێشە دەکات، بە وەرچەرخانێکی مەزنی بۆ شیعر و شاعیران دەزانێت، کە زیاتر سەربەست و ئازادترن لە دەربڕینی هەست و

سۆزیاندا، "مەسەلەی بەکارهێنانی کێشی پەنجەیی و خۆرزگارکردن لە عەرووز، لە ڕووی گۆڕینی مۆسیقا و سەربەستی شاعیر و دەربڕینی هەست و خواستەکانی شاعیرەوە بایەخێکی بنەڕەتی هەیە، ئەمە خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکی گەورەی مۆسیقا و کێشی شیعری کوردی بوو"(قادر،٢٠٢٠: ٣٤)، دیسان (مارف بەرزنجی)، سەبارەت بە کێشی شیعری نوێی دەڵێت: "جاران (وەزن) لەسەر کەرتە شیعر دائەمەزرا، بەڵام ئەمڕۆ لەسەر (تەفعیلە) دائەمەزرێ، گوێ نادرێتە کورت و درێژی کەرتەکانی شیعر، بەڵام مۆسیقا ئەپارێزێ ئەویش بە لانەدان لە (وەزن)"(بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ٢٧٢)، ئەوە نەبێت ئەم کێشە شتێکی تازە بێت و (گۆران) و هاوڕێکانی دایان هێنابێت، بەڵکو پێشتر هەر هەبووە، لە بەیت و گۆرانییە میللی و فۆلکلۆرییەکان و دەقەکانی شێوەزاری هەورامیدا، بەڵام ئەمان هاتن دووبارە بوژاندیانەوە و کردیانە سەرچاوەی نووسینی بەرهەمەکانیان.

ئەم کێشە لای خەڵکی هەژار و ڕەش و ڕووت و ئاسایی بەکاردەهات و شیعر بە کێشە عەرووزییەکانیش لای خەڵکانی دەست ڕۆشتوو و لەتەلاری حاکم و دەسەڵاتداراندا بەکاردەهێنرا، "ژ بەر هندێ کێشێش شعرا خۆمالی تەنها دناڤ خەلکێ ئاساییدا ماڤە و بۆ ستران و بەیتان بکاردهینا، لێ دەمێ شعرا هەلبژاردە دناڤ حوجرێن خویندن و دیوان و کۆچکێن میر و حاکماندا دهاتە گۆتن، دەبیت ئەو کێشە هاتبانە بکارهینان کو وەکو کێشا شعرا فارسی و عەرەبی بیت"(قەرەنی، ٢٠٠٤: ٧٦). بۆیە ئەم کێشە لە (٥) برگەیەوە دەست پێ دەکات تاکو (١٦) بڕگەیی، ئەم جۆرە کێشە بەزۆری لەشیعری زینداندا بەکارهێنراوە، بەتایبەتی لای: (گۆران، کاکەی فەلاح، دیلان، کامەران موکری...).

شیعری (لە بەندیخانە)ی گۆران، کە بەکێشی (١٣) برگەیی نووسراوە، کە کێشێکی بەرچاو و دیارە لە شیعری تازەدا :

تا/وا/نم/کرد/گەل/پێ/وە/نام/مۆ/ری/نا/پا/کی (٤+٤+٥)

بۆ/زیند/دا/نە/کۆ/چی/ژی/نم/دن/یای/ڕوو/نا/کی (٤+٤+٥) (مەلاکریم،١٩٨٠: ٢١٤)

هەروەها شیعری (بۆ شەش پەپولەکەم)ی (کاکەی فەلاح) بە کێشی (١٠) برگەیی هۆنراوەتەوە، دەڵێت:

شەش/پە/پو/لە/کەی/گۆ/شەی/با/خە/کەم (٥+٥)

هـەر/بۆ/ئێـ/وە/یە/ئا/خ و/دا/خــە/کەم (٥+٥) (بنەماڵەی شاعیر، ٢٠٠٤: ١٦٠)

### ٣- کێشی شیعری ئازاد

ئەم جۆرە زیاتر لە شیعری نوێی و بەتایبەتیش هاوچەرخدا بەکارهاتووە، سەرەتاکەی بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کە لە بنچینەدا لە شیعر و ئەدەبیاتی ئەوروپییەوە وەرگیراوە، "کە بە تەواوی سەروایان لە شیعر داماڵی ئەم چەشنە شیعرە هەوڵدەدات خۆی لە هەندێ لە کۆتەکانی شیعر ڕزگار بکات، بەتایبەتی سەروا، هەندێ جاریش خۆی بەکێش و سەروا نابەستێتەوە، بەڵام هەر لەسنوورەکانی شیعردا دەمێنێتەوە و ڕێز لە تایبەتمەندییەکانی شیعر دەگرێت"(ئەسوەد، ٢٠١٥: ٣٠٩)، واتە زۆربەی کات کێش بوونی هەیە، بەڵام بە یەک ئاست و فۆرمی یەکسان نییە، بەڵکو بێسنوور و بێ بەربەستە، سەروا نابێتە ڕێگر و خوێنەر بوەستێنێت وەکو شیعری کۆن، واتا و مەبەستی شیعرەکە بە خوێندنەوەی تەواوی شیعرەکە بەدەست دەخرێت نەک بەشێکی، چونکە "خوێنەری شیعری نوێ وەکو خوێنەری شیعری سەروادار ناچار نییە، بە زەبری سەروا لە کۆتایی دێڕەکاندا بووەستێ بەڵکو بەپێچەوانەوە ناچارە لەبەر نەبوونی سەروا تا کۆتایی، تا تەواوبوونی واتا، یا وێنە شیعرییەکە، یا هەردووکیان پێکەوە لەسەر خوێندنەوەکەی بڕوات"(ڕۆژبەیانی، ٢٠٠٨: ٩٨).

(لوقمان ڕەئوف) سەرهەڵدانی ئەم فۆرمە لە کێش بۆ گەشەسەندنی ڕۆژنامەگەری کوردی دەگێڕێتەوە: "ڕۆژنامە بوویە زەمینەسازێکی باش بۆ ئەم هەنگاوە و لە مێژووی شیعری کوردیدا، زاراوەی شیعری سەربەست بۆ یەکەم جار لەلایەن پیرەمێردی شاعیرەوە بەکارهێنراوە"(ڕەئوف، ٢٠١٣: ٧٨).

ئەم کێشە تەنها پشت بە پێیەکان (تفعیلە) دەبەسترێت و ئەویش دابەشبوونی بەسەر دێڕەکاندا چوونیەک نییە، دێڕی وا بۆی هەیە لە پێیەک پێک بێت و دێڕی دواتر ڕەنگە لە دوو یا سێ پێی بێت.

بەزۆری لە شیعرەکانی (مارف بەرزنجی و گۆران و عەلی فەتاح دزەیی و هەندێ شیعری عوسمان عوزێری)دا بەرچاو دەکەون. (مارف بەرزنجی) لە شیعری (ئاسیاو)دا دەڵێت:

ئەو/ ئـاس/یـا/وە/ کـۆ/نـە/ ش/ڕە 8

بە/ ئا/وێ/کـی/ سـوێر/ ئە/گـە/ڕێ 8

مێش/ک و/سە/ری /خەڵک/ ئە/ها/ڕێ 8

دڵ/ورد/ ئە/کـا 4

لێو/ ئەک/ڕۆ/ژێ 4 (بەرزنجی و بەرزنجی،١٩٩٣: ١١٠)

دەبینین ژمارەی پێیەکان بەهاوسەنگی دابەش نەبوون و هەردێڕەو چەند پێیەکی جیاوازی هەیە.

## ب- سەروا

سەروا بە یەکێک لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی بنیاتی ئاوازی دەرەوەی شیعر دادەنرێت، لەپاڵ کێشدا ئەو بنیاتە تەواو دەکەن، سەروا مۆسیقای لایەکان یا کەناریشی پێدەوترێت، چۆنیەتی بەکارهێنان و جۆری بایەخدان بەسەروا لە شیعری گەلاندا کەوتۆتە سەر سروشت و تایبەتمەندی زمانی ئەو گەلانە، کە هەموویان یەک ڕێسا و دەستووریان نییە و جیاوازن لە ڕووی دەنگ و ژمارەی دەنگەوە، نەتەوەی عەرەب یەکێکن لە کۆنترین میللەتانێک، کە گرنگییەکی زۆریان پێداوە، لە دارشتن و ڕێکخستنی فۆرمی شیعردا زۆربەی گەلانی تری ڕۆژهەڵاتیش چاویان لەوان کردووە. مەرج نییە هەموو زمانێک ئەم سیستەمەی تیا پەیڕەوکرابێت هەندێ زمان بەهۆی سروشتەکەیەوە سەروای پێویست نەبووە، بۆ نموونە زمانە دێرینەکانی هیندوئۆروپی وەک (سانسکریتی و یۆنانی و لاتینی و...)، (ڤۆلتێر) لە بارەی ئەم جیاوازییە و هەبوون و نەبوونی سەروا لە زمانێکەوە بۆ ئەوی دیکە بۆ تایبەتمەندی زمان و دەنگ و برگە کورت و درێژەکانیان لە کاتی گۆکردندا دەگێڕێتەوە، دەڵێت: "ئیتاڵییەکان و ئینگلیزەکان ڕەنگە چاوپۆشی لە سەروا بکەن، بەڵام ئێمەی فەرەنسی پێویستی سەرەکیمان پێیەتی، کە دەنگە دیاریکراوەکان لە شوێنی دیاریکراودا دووبارە بکرێتەوە تاکو شیعرمان لە پەخشان نەچێت، هەمان جۆری خوێندنەوەی شیعر لای ئیتاڵییەکان و ئینگلیزەکان بەسە، کە برگەی درێژ و کورتەکان دیاری دەکرێت، ئەمەش ئاوازی شیعرەکە دەپارێزێت بەبێ ئەوەی پێویست بە سەروا بکات"(خانلری، ١٣٦٧: ١٨).

سەروا خۆی لە دووبارەکردنەوەدا دەبینێتەوە و ئاماژە و زەنگی کۆتایی هاتنی دێڕە شیعرە، نەزم و ڕێکی بە شیعر دەدات و پاژەکانی گونجاوتر و هەماهەنگتر دەکات و کێش و مۆسیقاش تۆکمەتر و جوانتر دەکات، مرۆڤ لە چاوەڕوانیدا دەهێڵێتەوە و هۆگریی لای خوێنەر دروست دەکات، (عەزیز گەردی) لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت: "سەروا ترپە و ئاوازی شیعر زیاد دەکات و لەنگەری شەپۆلی دەنگەکانی دێڕە شیعر ڕادەگرێ و دەبێ بە زایەڵەو دەنگدانەوەی دەنگە هاوجنسەکانی تری ناو هەمان دێڕو دەنگە هاوبەشەکانی دێڕەکانی تر"(گەردی،١٩٩٩: ٣٩)، بەو واتاییەی، کە، "سەروا هێڵێکی وەهمی و ئەندێشەیی دروست دەکا، خرۆشانی دەروونیی هەردوولا (شاعیروخوێنەر) لەسەر ئەو هێڵە وەهمیەدا یەک دەگرنەوە"(گەردی،١٩٩٩: ٣٩).

چەندین پێناسە جۆراوجۆر بۆ سەروا کراوە لەوانە (جۆن ستیکیلێ) لە کتێبی (موسوعة المصطلح النقدی)دا دەڵێت: "کۆپلەی هۆنراوە بریتییە لە دوو نیوە بەیت واتە دوو کۆپلەی سەربەخۆن، کە دوو (سەروەست) جیایان دەکاتەوە، پایەک (سەروەست) دەیان بەستێت بەیەکەوە"(دارتاش، ١٩٨٦: ٢٦)،(ئەخفەش)یش بەمجورە پێناسەی دەکات: "دوا وشەیە لە هەموو دێڕە شیعرەکاندا، کە پێی دەوترێت سەروا، چونکە گوتنەکە ڕادەگرێت، واتە لەکۆتاییدا دێت"(صلاح، ٢٠٠٥: ٢٧٦). (عەزیز گەردی) پێناسەیەکی بەپێزتری بۆ دەکات و دەڵێت: "سەروا بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دەنگێک یا چەند دەنگێک یان چەند دەنگ و وشەیەک لە کۆتایی لەت یان

دێڕە شیعردا، سەروا بە زۆری لە کۆتایی لەت یان دێڕە شیعر دێ، بەڵام وایش دەبێ لە ناوەوە بێ (سەروای ناوەوە) یان لە سەرەتاوە بێ(سەروای سەرەتا)"(گەردی،٢٠١٤: ٢٩٦).

مەرجە ئەو دەنگانەی یان ئەو وشانەی کە سەروا دروست دەکەن، لە ڕووخساردا وەکو یەک بن کوت و مت لەیەک بچن، بەڵام مەرج نییە لە ڕووی واتایشەوە وابن، "بریتییە لە کۆمەڵێ فۆنیم کە کۆتایی نیوە دێڕ یان دێڕی شیعریدا (بەپێی قاڵبی شیعرەکە) جێ دەگرن و لە ڕووی دەنگەوە یەکسان و لە ڕووی واتاوە جیاوازن و دەبێ بە کەمی بزرۆکەیەکیان تێدا بێت و درێژاییەکەشی دەکرێ لە پیتێک تا چەند وشەیەک بێت"(طاهر،٢٠٠٦: ٤٤).

سەروا هەندێ جارو لە هەندێ چەشنی ئەدەبی و هونەرییدا ڕۆڵی لە کێش زیاترە و مۆسیقای دەرەوە بە تەنها دەگرێتە ئەستۆ، بەتایبەتی لای لاوکبێژ و حەیرانبێژەکان "بۆ ئەوەی ئەو شیعرەشیان لە شیعری نەکەوێ، (کێش) لادەبەن و لە مۆسیقای دەرەوەی شیعر بێ بەش نەبێ، هاتوون سەروایان بەکاربردووە"(ڕۆژبەیانی، ٢٠٠٨: ١٠٣).

سەروا چەندین ئەرک و تایبەتمەندی هەیە، وەکو بە سیستەماتیککردنی شیعر و پاراستنێتی لە بێ سەروبەری، واتە یاسا و ڕێسایەکە بۆ چوارچێوەی قاڵبی شیعری و هەروەها واتا پێدانیش پێی،"فۆرمی شیعر ڕۆڵێکی گرنگی لە دەست نیشانکردنی واتای شیعر و کاریگەرییەکەی هەیە، یەکێک لە لایەنەکانی فۆرمی شیعر، سەرواکەیەتی. دیارترین تایبەتمەندی سەروا ئەوەیە زۆرجار قاڵبێکی تایبەتی هەیە، سەروا ڕێک پێچەوانەی باری بێ سستمییە، چونکە دەتوانرێ بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ سستمی ناوەوەی بیرکردنەوە بگوازێتەوە"(پیک و کویل،٢٠١٠: ٦٠).

جگەلە دروستکردنی مۆسیقا، سەروا جوانییەکی وەها بە دەق دەبەخشێت، کە نرخ و سەنگی بەرزتر دەکاتەوە، کەوایە "ئەرکی ئیستاتیکیش دەبینێت، شاعیر زۆرجار هونەر لە داڕشتنی سەروادا دەنوێنێ و جۆرە جوانییەکی زیادی بۆ شیعرەکەی مسۆگەر دەکات، لەگەڵ ڕەگەزەکانی تردا بەهای ئەدەبی بەرز دەکاتەوە"(گەردی،٢٠١٣ :١٥)، جوانی و چێژ کاریگەری ئەرێنی بەسەر هەست و دەروونی خوێنەر بەجێ دەهێڵێت، ئەمەش پێویستی بە بەهرە و توانای شاعیرە، کە چۆن ئەم سەروایانە بەگەڕ دەخات و دەیکاتە هەوێنی چێژ و جوانی و داهێنان، (عەلائەدین سەجادی) سەبارەت بەمە دەڵێت: "ئەم سەرواداریيە، واتە ئاوازەکەی، گەشەیەکی نەفسیی ئەدا بە گوێگر، بە جۆرێک ئەیداتێ و بۆی ئەشنێتەوە، لەوانەیە خۆی بیر بچێتەوە"(سەجادی،١٩٧٨: ١٤١).

لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، بەهایەکی باڵای هەبووە لای شاعیران، سەروای یەکگرتوویان بەکارهێناوە لە چنینی دەقەکانیاندا و پایەیەکی گرنگی فۆرم و مۆسیقای شیعر بووە، کە خۆی لە قاڵبەکانی (غەزەل، قەسیدە، پارچە ...) بەرجەستە کردووە، بەڵام دوای نوێکردنەوەی شیعریی کوردی ئەو ڕۆڵە گرنگەی جارانی

ئەما یان دەتوانین بڵێین بە شێواز و بەرگێکی ترەوە بەکار هێنرا، "لەگەڵ هاتنە ناوەوەی کێشە بڕگەییەکاندا، قافیەی مەسنەی بووە باوترین سیمای شیعری نوێی و هاوچەرخی کوردی"(محەمەد، ٢٠٠٧: ٢١٦).

شاعیران و ئەدەبناسانی نوێی، سەروا بە تەوق و بارگرانی دەزانن و وای دەبینن، کە توانای داهێنان و دەربڕینی خەیاڵفراوانی شاعیر بەرتەسک و لە قاڵب دەدات، چونکە پێیان وایە هێندە لە خەمی دۆزینەوە و گونجاندنی دەنگ و وشەیە بۆ هاوڕێکی سەرواکەی نیو هێندە بە تەنگ جوانی و چێژو واتاوە نییە.

سەرواش چەندین جۆری هەیە لە ئاستی وشەدا، کە بریتین لە سەروا، پاش سەروا(ڕەدیف)، پێش سەروا، لە ئاستی دەنگیشدا بریتین لە (ڕەوی، پێش و پاش ڕەوی). هەروەکو هەمەجۆری کێش، سەروای شیعری زیندانی ئەم قۆناغە هەمەجۆرن و لەوانە:

## ١-سەروای یەکگرتوو

ئەم جۆرە سەروایە، زیاتر تایبەتە بە شیعری کلاسیکی، هەرچۆن گوتمان کێشی عەرووز لە پێش ساڵانی سییەکاندا بەکارهێنراوە، سەروای شیعرەکانیش یەکگرتووبوون وەکو فۆرمی شیعری ئەو سەردەمە، کە سەروای نیوە دێڕی یەکەم و دووەم وەک یەکن، پاشان دێڕەکانی دواتریش بەهەمان شێوە دەبن. زیاتر لە هۆنینەوەی (غەزەل و قەسیدە)دا، پەیڕەوکراوە، بۆ نموونە لەم غەزەلەی (ئەحمەد موختار جاف) بڕوانین:

سەبا عەرزی خلووسی و بەندەگیم و هـەم دوعاخوانی A

ببە بۆ خـزمـەتی شاهی موحیتی گشــت سولەیمــانی A

بلێ قــوربانی تۆ بم ئەی سـەلاحــەدینــی ئەییوبی A

بەزۆری پەنجە وەک حەیدەر، بە سیمــا یوسفی سانی A

ئەبێ ئەم قەومە ئەمڕۆ شا و خەندان و سـەناگۆ بن Ø

کە چونکە تۆ شەهنشاهـ و ڕەئیسی جەمعی کــوردانی A

لە دەست کافر نەجاتمان بوو، بیحەمدیللاهی وەلمێنە Ø

لە سایەی دەست و تیغ و هیممەتی تۆ شێری یەزدانی A

خوداوەندا بە لوتفی خۆت لە چاوی بەد بەدووری کە Ø

بەجــاهی سەییدی مورسەل، بەڕۆحی شاهی گــەیلانی A (ڕەسووڵ، ٢٠١٦: ١٨١)

لەم شیعرەدا دەنگەکانی سەروا بریتییە لە (انی)، لەوشەکانی (دوعاخوانی، سولەیمانی، سانی، کوردانی، یەزدانی، گەیلانی).

**٢- سەروای هەمەڕەنگ**

ئەمە زیاتر لە شیعری نوێدا پەیڕەوکراوە، کە سەرتاپای دەق یەک جۆر سەروا نانوێنێت، بەڵکو سەروای جۆراوجۆر بەکاردەبرێ لە هۆنینەوەیدا، دەستی شاعیر کراوەتر دەکات بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی، "بە لای زۆر شاعیرو ڕەخنەگرەوە قافیەی هەمەڕەنگ بۆ خۆی شۆڕشێک بووەو بەسەر شیعردا هاتووە، بەو پێیەی بەدەست هێنانی قافیە لە هەموو کات و شوێنێکدا بۆ شاعیر کارێکی ئاسان و سووکە دەست نەبووە"(محەمەد، ٢٠٠٧، ٢٢١).

- **جووت سەروا (مەسنەوی)**: بەشێکی زۆری شیعری کوردی بە شیعری زیندانیشەوە پێکدێنێت، بە تایبەتی شیعری نوێی کوردی، کە هەر دوو نیوە دێڕە و یەک جۆر سەروایان دەبێت، (د.مارف خەزنەدار) لەم ڕووەوە دەڵێت: "شیعری جووت قافیە یاخود (مزدوج)، ئەمە بریتییە لەو شیعرەی هەموو دێڕە شیعرێکی قافیەیێکی تایبەتی ئەبێ، واتە هەردوو دێڕە شیعری بەیت، لەسەر یەک قافیە ئەبێ"(خەزنەدار،١٩٦٢: ٦٣).(کاکەی فەلاح)دەڵێت:

دڕێخیم لــێ مــەکە ئەی شەو، بەهێزی جووتە باڵی ڕەش A
زەمیــــنی ژینەکـــــەم یەکســەر بخــە ژێر سێبـــەری باوەش A
بە سەرما شێوە ڕەشمـــاڵی هەڵێبە جـوستەکـــەم بگـــرێ B
هەتا ئەتـــوانی پــرشنـــگـی ژیانــی شـــادی من ببـــڕێ B
مەهێڵە ڕوو بەڕووی من بێت، بەرەو ڕووی زۆر بەدەربەستی C
بچـۆ تاکـــوو لـــە تواناتا هـــەیە زوو بیـــکە بەربەستی C (بنەماڵەی شاعیر، ٢٠٠٤: ٣٥)

لێرەدا وشەکانی (ڕەش، باوەش، بگرێ،ببڕێ، دەربەستی، بەربەستی) سەروای شیعرەکەیان پێک هێناوە، لە دێڕی یەکەم دەنگەکانی (ەش) و لەدێڕی دووەم (ڕێ) و لەدێڕی سێیەم (ەربەستی) سەروای هاوبەشن.

- **سەروای چوارین**: جۆرە قاڵبێکی شیعرییە، کە لە چوار نیوەدێڕ دروست دەبێت، کە لە کۆنەوە لە شیعری کلاسیکدا بەکارهێنراوە، بەتایبەتی چوارینەکانی بابا تاهیر،"چوارین پارچە شیعرێک یا کارێکی ئەدەبی سەربەخۆ و تەواوە بۆ مەبەستی سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە و شەراب و مەیخانە و پەند و قسەی نەستەق و دانایی و شتی تر بەکاردەهێنرێ. لە ئەدەبی تازەشدا هەیە بۆ مەبەستی سیاسی و ڕەخنەی کۆمەلایەتی

دەخرێتە ڕوو"(خەزنەدار، ٢٠٠١: ١٦٢). دوو جۆر(قاڵب)ی سەرەکی هەیە، چوارینی تەواو: کە هەر چوار نیوە دێڕەکە هەمان سەروایان دەبێت و چوارینی ناتەواویش نیوە دێڕەکانی یەکەم و دووەم و چوارەم هەمان سەروا هی سێیەم سەروای جودای دەبێت، (AABA) (AAAA).

(شێخ لەتیفی حەفید)دەڵێت: ڕۆژ لەبەر فرمێسکی چــاوو شەو لەبەر ناڵانی دڵ A

ئێشی چەند زۆرە برین و داخی خـەمخۆرانی دڵ A

وا پلوسکی بەستووە فرمێسک و خــوێنـاوی جگەر B

سەیرە ئارایش ئەکەن بەو خوێنە خوێنخوارانی دڵ A (غالب،١٩٩٨: ١٥٩)

ئەمە چوارینێکی ناتەواوە، نیوە دێڕەکانی یەک و دوو و چوارەم وەک یەکن و سێیەم جیاوازە.

- **سەروای چوارینە(چوارینە بەند):** جیاوازە لە چوارین و "ئەوەیە کە شاعیرێک هۆنراوەیەکی دوورو درێژ بهۆنێتەوە لەسەر یەک بابەت، بەڵام دابەشی پارچەی چوار لەتی بکا"(گەردی،٢٠١٤: ٢٨٦)، کە چەند قاڵبێک لەخۆ دەگرێت، نمونەیەک لە یەکێک لە قاڵبەکانی دەخەینە ڕوو. (برایم ئەحمەد)دەڵێت:

دوا تیری کــەوانی خـۆت بهــاوێژە هــەلــە دوژمن A

دوا سەرکــەوتنی تۆیە و دوا نووچی گـەلـە دوژمن A

شەوی ترســاندنت سـامــی نەماوە تاریک و ڕوونە B

بەئاسۆیی ئەرخەوانیدا هەتاو لەودیو کەلە دوژمن... A (بەرزنجی، ٢٠٠٧: ٤٣)

-**سەروای پێنجین(پێنجینە بەند):** قاڵبێکی دیکەی شیعریە و لە شیعری زیندانیشدا بەدی دەکرێت، کە لە چەند بەندێک پێک دێت، "هەر بەندێ بریتییە لە پێنج نیوە دێڕ شیعر، هەموو نیوە دێڕەکان لە بەندی یەکەمدا لەسەر یەک قافیە دەبن، هەرچی بەندەکانی تریشە چوار نیوە دێڕی یەکەم لەسەر یەک قافیە دەبن، کە ئەمە قافیەی نیوە دێڕی یەکەمی دێڕە شیعرەکەیە، نیوە دێڕی پێنجەمیش لە هەموو بەندەکاندا لەسەر قافیەی بەندی یەکەم دەبێ ااااا ب ب ب ب ا ج ج ج ج ا"(خەزنەدار،٢٠٠١: ١٦٦).

(دڵزار) دەڵێت: فــریشتەی دڵـگەشــی یاران گـوڵــی ئازادی ئەڕوێنێ A

لە هـــەوری بەختیــاریدا گـــەشی و شــادی ئەبارێنێ A

گـــــوڵاڵـەی شادمـانی شـەونمی هێنمــایی دەپژێنــێ A

ســـەرۆکی چینـــی بنچینەی نیــزامی نوو دەچـــەسپێنێ A

قـــەڵاو قـــوڵلەی هـەژاری برسێتی و ڕووتی لەبن دێنێ A

- - -

بەزەبری خوێن کوفارەی سەربەخۆیی شادی پەخشان کرد B

سەراپا خاکەکەی چینی بەهەشت شێوەی دوڕ ئەفشان کرد B

(چیانکای شێکی) خوێنرێژی شپرزە و حـاڵ پەرێشان کرد B

بە جارێ شەڕفرۆش و خـائینانەی خـــانە وێـــران کرد B

دەرفشـــی ســــــووری ئازادی چ بە جـــوانێ دەنەخـشێنێ A (دڵزار، ٢٠٠٦: ١٩)

٣- سەروای ئازاد

ئەمەش تایبەتە بەو شیعرانەی کە بە کێشی ئازاد نووسراون، کە پابەندی هیچ یاسا و ڕێسایەکی کێش نین، تەنها پێیەکان(تفعیلە) کارایە، هەمان شۆڕش کە بۆ نوێکردنەوەی فۆرمی شیعر بەتایبەتی بۆ کێش، بۆ سەرواش هەمان شتبوو، سەروا گرنگی خۆی لەدەست نەدا، بەڵام بە گوێرەی پێویست و فۆرمێکی ترەوە هاتە مەیدان،"شیعری ئازاد خۆی لە خۆیدا پێویستی بە سەروایە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە شیعرەکە هەندێ لەو تایبەتمەندییە مۆسیقییانەی لەدەست داوە، کە لە شیعری دوو نیوە دێڕی باودا هەیە جا چ یەکگرتوویی بێت یا هەمەڕەنگ"(عەلی، ٢٠١٥: ٢٣٨)، هەروەها(عەزیز گەردی)یش سەبارەت بەمە دەڵێت: "سەروا پەیڕەوی دابەشبوونی وردی سەروای کلاسیکی ناکا وەکو یەکێتی سەروا و مەسنەوی و سێینە و چوارینە و پێنجینەو ... هتد. بەڵکو کەی بە پێویستی زانی بەکاری دێنێ"(گەردی، ٢٠١٤: ٢٥٩). بۆیە ئەم ئازادبوونەش شاعیری لە هەندێ کۆت و بەندی سەروا و وشەی زیادە و ناپێویست ڕزگارکرد، کە دەبوو بۆ هۆنینەوەی دەقەکە بە ناچاری بەکاریان بهێنێت، دەستی شاعیر واڵا و کراوەترە و زیاتر گرنگی بە مۆسیقا و ڕیتم و هێنانی وشە بەگوێرەی پێویستی دەقەکەی بدات، "بەکارهێنانی سەرواو دووبارەکردنەوەی هەندێ پیتی دیاریکراو لە بەیتێکداو بەکارهێنانی وشەێن هاوئاهەنگ و ڕەوانی ڕستەێن شیعری، کۆمەڵێک توانای وێنەگرتن و دەربڕینی بۆ شاعیر فەراهەم کرد"(حسەینی، ٢٠٠٦: ١٦٧).

بۆ ئەو شیعرانەی نێو زیندان کە بە کێشی ئازاد نووسراون لای (گۆران، عوسمان عوزێری، و هەندێ شیعری مارف بەرزنجی...)دەبینرێن، کە سیستەمێکی سەروای ڕێک و پێکیان تێدا بەدی ناکرێت. لەم شیعرەی(مارف بەرزنجی) بەناوی (دوورتر لە گەلاوێژ)دا بڕوانین:

کاتێ کە ئەنوارِمە تۆ بەچاوی یاد A

وەک بنوارمە گەلاوێژ B

چەند لێم دوورە C

فێنک و نەرم و نیان بوو D

جاران ئەستێرەی گەلاوێژ B

پرشنگی هیـواو ژیان بوو D

ئێستە ئەمخـــاتە بیابان E

ئەمخاتە گێژ B

جاران گۆرانیم ئەهۆنی F

لە باخی بەژن و باڵای یار G

ئێستا مـــرواری ئەهۆنم H

لە چاوانم، لە دەروونم H (بەرزنجی و بەرزنجی، ١٩٩٣: ١٢٤)

٤- پاش سەروا(ردیف)

دەکەوێتە پاش سەروای بنەڕەتی دێڕەکانەوە، "وشەیەکە یان چەند وشەیەکە لە دوای وشەی سەروادا وەکوو خۆیان، بە هەمان مانا دووبارە دەبنەوە"(گەردی، ٢٠١٤: ٢٧٧)، بە جۆرێکی دەوڵەمەندتری سەروا دەژمێردرێت و ئاوازی شیعر جوانتر دەکات.

(دڵزار) دەڵێت: کێوی نادانی و نەبوونی کون ئەکا

هێـرشی سـەر ئاگـر و ئاسـن ئەکـا (دڵزار،٢٠٠٦ :٢٥)

وشەی پاش سەروا بریتییە لە (ئەکا) لە هەردوو نیوە دێڕەکەدا وەکو یەک و بۆ یەک واتا دووبارە بۆتەوە.

## دووەم: مۆسیقای ناوەوە(ڕیتم)

شیعر و مۆسیقا ڕایەڵێکی بەهێز و پتەو پێکەوەیان دەبەستێتەوە و مەرجی شیعرێکی سەرکەوتووش هەبوونی ئاواز و ئاهەنگێکی جوان و سەرنجراکێشە تێیدا، گەر وا نەبوو ئەوا بێبایەخ و پووچە، ڕیتم وەکو بەشێکی گرنگ و ڕەگەزێکی سەرەکی بەشداری دەکات لە بنیاتنانی مۆسیقادا، بە دروستکردنی مۆسیقای ناوەوە بەشدار دەبێت لەو بنیاتەدا، لەگەڵ کێش و سەروادا، ستراکچەری گشتی مۆسیقای دەقەکە پێک دێنن.

لە شیعری کۆن و نوێشدا گرنگییەکی بەرچاو بە ڕیتم دراوە، جێگای بایەخی ڕەخنەگران و شارەزایان بووە، بەتایبەت لە سەردەمی تازەدا، ڕەنگە ڕۆڵی سەروا بە جۆرێک لە جۆرەکان سست بوویێت یان کێش بە فۆرم و شێوازێکیترەوە هاتبێتە مەیدان، بەڵام نەتوانراوە دەست بۆ ڕیتم ببرێت، چونکە بڕبڕەی پشتی مۆسیقایە، ئەم گرنگییەی لە شیعری هاوچەرخدا گەیشتۆتە ترۆپک و ئەرکی پڕکردنەوەی کەلێنی یان نەبوونی سەرواشی گرتە ئەستۆ و بۆتە ئەڵتەرناتیڤی، بەڵام بێ کێش هەڵناکات، ناوی ڕیتم بێت دەبێت ناوی کێشیش بێت و بە پێچەوانەشەوە، چونکە دوو کۆڵەکەی گرنگ و گرێدراوی یەکن. پێکەوە ئێستاتیکا و واتا و زیندوویەتی بە دەق دەبەخشن.

ڕیتم زادەی پێکەوە گونجانی وشەکانە، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە دووبارەکردنەوەی کەرەستە زمانییەکان و هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەبەستێت.(عادل محەمەدپوور) بەم جۆرە پێناسەی دەکات: "ڕیتم لە قاموسدا یانی هەڵقوڵاوی کانیاو، ئەم ڕەوتە یەک لەدوای یەکەی، کە دووبارەبوونەوەی دۆخێکی دژبەیەک درووست دەکات، دەنگ و بێدەنگ، درێژی و کوڵی، خێرایی و هێوری، هەڵچوون و داچوون دەگرێتەوە"(محەمەدپوور،١٤٠٠: ١٧٠). هەروەها (سەلاح ڕەئوف)یش بەم جۆرە پێناسەی دەکات: "ڕیتم یان کێش، بریتییە لە پەیوەندی دەنگە مۆسیقاییەکان یەک بەوەی ترەوە لە ڕووی بەردەوامبوونی هەر یەکەیان لە بابەت درێژی و کورتی مەوداو کاتی ئەو دەنگە مۆسیقاییانە"(ڕەئوف، ١٩٨٧: ٦١).

ڕیتم شتێکی بەرجەستە نییە بتوانرێت دەستی لێبدەین و بیبینین، بەڵکو خۆی لە نێوان وشە و ڕستەکاندا بزرکردووە، تەنها بە خوێندنەوە یان گوێگرتن، هەستی پێدەکەین، "مۆسیقایەکی نادیار و شاراوەیە بەهۆی هەڵبژاردنی ئەو وشانەیە کە شاعیر لە داڕشتنی دەقەکەدا بەکاریان دەهێنێت و ئەو گونجاندن و ڕێکەوتنەی لە نێوان پیت و وشە و هەڵبژێراوەکاندا هەیە پەیدا دەبێت"(سەعید، ٢٠١٧: ٢٥٥).

ڕیتم لە ڕۆحی مرۆڤ نزیک دەبێتەوە و بە وشەگەلێک گوزارشت لە هەستەکانی دەکات، باری دەروونی شاعیر هەڵچوون و داچوونەکانی ڕۆڵێکی گرنگیان لە خولقاندن و چۆنێتی سروشتی ئەو ڕیتمەدا هەیە، (د.سەردار ئەحمەد گەردی) لەم ڕوانگەیەوە دەڵێت: "باری دەروونی شاعیرو خرۆشانی هەستی ناوەوەی پەیوەندییەکی زۆری بە ڕیتم و مۆسیقای ناوەوەی سروشتی ئەو ڕیتمە هەیە کە لە ناوەوە حوکمی شیعر دەکا و لایەنی ئاشکرا و تاقیکردنەوەی شیعری بەڕەنگی خۆی دەنەخشێنێ"(گەردی، ٢٠١٣: ٢٠). هاوکات کارامەیی و

بەهرەمەندی شاعیریش دەورێکی مەزن دەبینێت لە بنیاتی ڕیتمدا، کە بە هێنانی پیت و وشەی تازەی پڕ لە مۆسیقی و ئاهەنگدارو چۆنیەتی بەکاربردنیان، لە چ کاتێک و لە کوێدا پێویست بێت و بیخاتە خزمەت بەرهەمەکەیەوە، بۆیە ڕیتم و مۆسیقاش بە گشتی بەهۆی گرنگیان دەتوانرێت بکرێنە سەنگ و تەرازوویەک کە پلەی بەراوردی نێوان شاعیرانی پێبکێشرێت.

ڕیتم و ئاواز کەرەستەگەلێکی هێندە ناسک و لەبەر دڵانن، گەر جوان داڕێژرابن خوێنەر سەرسام دەکەن، ئەمەش وادەکات بە زوویی و بەئاسانی تێکستەکە وەرگرن و چێژێکی وای لێ ببینن، کە سۆزیان ببزوێنێ و خولیایەکی زیاتریان پێدەدا بۆ بەردەوام بوون و خوێندنەوەی تەواوی دەقەکە. ناکرێت ڕیتم تەنها وەکو دەنگ و وشەییەکی دووبارە و ڕووت و بێ ماهیەت سەیر بکرێت، کە تەنها ئەرکی دەرخستنی لایەنی ئیستاتیکی بێت، بەڵکو لە دروستکردنی واتای گشتی دەقیشدا کاریگەرو ئیحا بەخشە، مۆسیقا بە گشتی جۆرێک لە واتای لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، کە لە ڕیتمدا خۆی حەشارداوە، (د.محەمەد بەکر) لەم بارەیەوە دەڵێت: "بەوەش پێوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا دروست دەبێت: (واتا) هەموو ئەدگارە سەرەکی و لاوەکییەکانی ڕیتم دەردەخات، ڕیتمیش هەموو نیشانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی (واتا) بەرجەستە دەکات"(بەکر، ٢٠٠٤: ٨٢).

ڕیتم تەنها لە شیعردا نییە، بەڵکو لە پەخشان و زۆربەی چەشنە ئەدەبییەکاندا بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی بەرجەستە دەکات، تەنانەت ژیان و گەردوونیش خۆیان لە خۆیاندا پێکهاتەیەکی ئیقاعین، هەتا لە لێدانی دڵی گیانلەبەرانیشدا بوونی هەیە، "خەسڵەتێکی دانەبڕاوی هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی ئەدەب و هونەرەو بەتێکڕاو دیاردەیەکی زیندوویی جیهانی و سرووشتی و گەردوونییە: ڕیتمی شانۆ، ڕیتمی تابلۆ، ڕیتمی سەما..." (محەمەدپوور، ١٣٨٨: ١٢).

لە شیعری زینداندا ڕیتم جیاوازترە و خاسیەتی خۆی هەیە، بەهۆی دەربڕینی سروشتی ئەم جۆرە شیعرەوە، چونکە لێرەدا بەهای ڕاستەقینەی ئیقاع بەند نییە بە دەنگ و وشەوە بەتەنها، بەڵکو سایکۆلۆژیای شاعیرو چۆنیەتی گوزارشت لە ناوەوەی، سیمایەکی دیکەی پێدەبەخشن، کە پڕە لە هەڵچوون و داچوون و حەماسەت، بۆیە زۆرجار لە شێوەی ڕیتم و ئاوازێکی بەرزو خێراو گڕدا خۆی دەنوێنێت، "ڕیتمی ئەم جۆرە شیعرە توندوتیژە و بەرزە، چونکە لە تووڕەیی و یاخیبوون سەرچاوەی گرتووە، سروشتی زمانەکەی پڕیەتی لە ئاه و ئازار و شکستی و گیانی سەرکەوتن و غەمگینی و خوێن و دەمارگیری...، ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی ڕیتمی گشتی دەقەکان بەرزتر بکاتەوە"(سابیر و عەبدولقادر،٢٠١١: ١٩٢)، زیاتر لە دەقە حەماسی و سروود و گۆرانییە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا بە زەقی خۆی بەرجەستە دەکات. ئەو ڕەگەزانەی کە ئاوازی ناوەوە پێک دێنن:

### ١- دووبارەکردنەوە

شاعیر لەڕێگەی شێوازی دووبارەکردنەوەوە (دەنگ، وشە، دەستەواژە و ڕستە)وە، جگە لە دروستکردنی مۆسقای ناوەوە، هاوکات دەیەوێت لە ڕێگەیەوە شیعرەکەی بەرەو داهێنان ببات، ئەم تەکنیکە لە شیعری زیندانیشدا بەدی دەکرێت:

### أ- دووبارەکردنەوەی دەنگ

دەنگ بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، دیارە وشە و ڕستەکانیش هەر لە تاکەتاکەی دەنگەکان دروست دەبن، بۆیە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دروستکردنی مۆسیقای ناوەوەدا، هەر لە کۆنەوە لە سنوری دێڕ و دەقی شیعرییدا پێکهێنەری ئاوازی شیعر بوونە بە گشتی، ئەمەش لایەنی جوانکاری و دەلالی دەق بەهێز دەکات، شاعیر بە دووبارەکردنەوەی دەنگێ یان زیاتر، فۆکسی خوێنەر بە لای شیعرەکەیدا ڕادەکێشێت.

- دووبارەکردنەوەی تاکە دەنگ

(گۆران)دەڵێت: ئاخ نازانن خاوەن چێژان، فرمێسکی چاویان

ڕێگــا نادا بــڕوانـنـە زیـنــەتی ئاسـمــان (مەلاکریم،١٩٨٠: ٢١٩)

لەم دێڕەدا دەنگی (ا)،(١٢)جار دووبارە بووەتەوە، لەوشەکانی (ئاخ، نازانن، خاوەن، چێژان، چاویان، ڕێگانادا، بڕوانن، ئاسمان)، دەتوانین بڵێین دابەشی سەر هەموو وشەکان بووە بە یەکسانی، کە بەمەش ئاوازێکی دڵگیری پێ بەخشیووە، بەهۆی زۆری دووبارەبوونەوەی، ئاوازی دێڕەکانی خاوکردۆتەوە.

(دڵزار) دەڵێت: ئەوا باڵی ڕەشی شوومی شەوی ئیرهابی ئیستعمار

بەسەر خاکی عێراقـا ڕاکشا داپۆشی شارە و شار (دڵزار، ٢٠٠٦: ٤١)

دەنگی (ش)، (٧)جار دووبارەکراوەتەوە، ڕیتمێکی بەرزو گڕو پڕ جووڵەیان بە دێڕە شیعرەکە بەخشیووە.

(کاکەی فەلاح) دەڵێت: بۆ تۆ بـژیم، بۆت بــڕۆم

ئۆباڵێـکە و لە ئەسـتـۆم (بنەماڵەی شاعیر،٢٠٠٤: ٣٦)

شاعیر لەم دێڕەدا(٦)جار دەنگی(ۆ)ی دووبارەکردۆتەوە، لەوشەکانی (بۆ، تۆ، بۆت، بڕۆم، ئۆباڵ، ئەستۆ) توانیویەتی بە باشی ڕیتمێکی تا ڕادەیەک خێرا و گەرم و گوڕ لێی بنیات بنێت.

- دووبارەكردنەوەی دوو دەنگ

(دیلان) دەڵێت: ڕێم ڕێگەی ڕۆڵەی گیان بەخش كەربێ

ئەوی پێشكەشی بێ نرخ بێ سەربێ (ئاگرین، ٢٠١٣: ٦٣)

شاعیر دەنگەكانی (بێ)ی چوار جار دووپات كردۆتەوە، بەتایبەتی لە نیوەی دووەمدا، ڕیتمێكی توند و بەرزی لێ دروست كردووە.

(دڵزار) دەڵێت: تێیان گەینین بۆ بمرین

یەكتر بكوژین، بدڕین، ببڕین؟ (دڵزار، ٢٠٠٦: ١٠)

شاعیر (٥)جار دەنگەكانی (ین) لە كۆتایی وشەكاندا دووبارەكردۆتەوە، ڕیتمی توند و بزۆز و پڕ جوڵەی لێ سازكردووە.

ب- دووبارەبوونەوەی وشە

دووبارەبوونەوەی وشە یەكێكە لە دیارترین و بەرچاوترین شێوەكانی دووبارەبوونەوە، جا لەسەر باری ستونی یان ئاسۆیی دێڕەكان بێت، بەمەش خوێنەر دەوروژێنێت و خۆشی و چێژێكی زیاتری پێدەدات و سەرنج و بیروهۆشی ڕادەكێشێت و ئاوازێكی جوانی ناوەكی بە دێڕەكان دەبەخشێت. مەرج نییە ئەم دووبارەبوونەوانە بە زنجیرەیی و یەك لەدوای یەك بن، بەلای (ئیلیۆت)ەوە: "ئاوازی وشە ئاكامی پەیوەندی وشەكان خۆیانە بە پێش و دوای خۆیانەوە و بەسەرجەمی ئەو دەقەی كە تێیدایەتی، ئەمە جگە لەوەی، كە ئاوازی وشە لە توانای هەست بزواندنەكەیدا دەبینرێت"(عەلی، ٢٠١٥: ١٠٥). ئەم وشە دووبارانە نابێت ببنە ڕەگەزدۆی و پێویستە هەمان مانا ببەخشن، ئەمەش بۆ پاتكردنەوە و جوانی و هەندێك جاریش بۆ ڕێكخستنی سەروای دێڕەكان بەكاردەهێنرێت.

(كاكەی فەلاح) دەڵێت : هەر خۆم ئەزانم دەردی دڵی خۆم

(تخوا با هەر خۆم بۆ خۆم خەم بخۆم) (بنەماڵەی شاعیر،٢٠٠٤: ١٦١)

شاعیر ، چوار جار وشەی(جێناوی خۆیی)، (خۆم)ی دووبارە كردۆتەوە، كە ئاهەنگ و ڕیتمێكی بە دێڕەكە بەخشیوە.

(گۆران) دەڵێت: ئەی دنیای جوان، دنیای بەهار، دنیای ڕووناكی

تاوانم كرد گەل پێوە نام مۆری ناپاكی (مەلاكریم،١٩٨٠: ٢١٩)

لەم دێڕەدا وشەی (دنیا) سێ جار دووبارەکراوەتەوە لە سەر شێوەی ئاسۆیی لە نیوە دێڕی یەکەمدا، بەمەش ئاوازێکی هێمن و خەمگین و چنینێکی نایابی بنیات ناوە.

**ج-دووبارەکردنەوەی دەستەواژە و ڕستە**

جۆرێکی دیکەی دوبارەبوونەوەیە لە ئاستی دەستەواژە و ڕستەدا، جاری وا هەیە دوو نیوە دێڕ لە پێش یان پاش هەموو کۆپلە شیعرێک دووبارە دەبنەوە، بەمەش ڕیتمێکی خۆش و تایبەت دەبەخشن و ئاوازی ناوەوە دروست دەکەن، وەکو دیاردەیەک لای زۆربەی شاعیران پەیڕەوی لێکراوە بەتایبەت لە شیعری نوێیدا.

(کاکەی فەلاح)دەڵێت: شەش پەپولەکەی گۆشەی باخەکەم

هـــەر بۆ ئێوەیە ئاخ و داخـــەکەم (بنەماڵەی شاعیر، ٢٠٠٤: ١٦٠)

ئەم دوو نیوە دێڕە لە سەرەتای هەر پێنج کۆپلەی شیعری(بۆ شەش پەپولەکەم) دووبارەبووەتەوە و جوانیەکی بەئاوازی ناوەوەی شیعرەکە بەخشیوە.

یان(حەسیب قەرەداغی) لەشیعری(بەهاری عومرم)دا، کە لە شەش کۆپلە پێک پێکهاتووە، دوو نیوە دێڕی لەکۆتایی هەر شەشیاندا دووبارە کردۆتەوە و ڕیتمی شیعرەکەی پێ تۆکمە کردووە. دەڵێت:

بەهاری عومـرم بێ بارانـی بوو

وەرزی دڵداریم هەر گـــرانی بوو

نەمـامی هیوام چرۆی هەڵـــوەری

گوڵێکی گەشـی نەدا لە ســـەری

خۆشەویستەکـــەم بە ناز و نیان

نیگای تۆم هەبێ لام خۆشە ژیان... (قەرەداخی، ٢٠٠٢: ٨٨)

(گۆران) دەڵێت: ناچار بم سەری خۆم شۆڕ کەم

بۆ کۆچ ناومـاڵم لە هۆڕ کەم

هەی داخەکەم

هەی داخەکەم (مەلاکریم، ١٩٨٠: ٢٩١)

دەستەواژەی (هەی داخەکەم)ی دووپاتکردۆتەوە، ڕیتمێکی ناوەوەی پێی دروستکردووە .

## ٢- ڕەگەزدۆزی

ڕەگەزدۆزی هونەرێکی ڕەوانبێژییە، ڕۆڵی هەیە لە جوانکردنی دەقی شیعریدا، لە شیعری کۆن و نوێشدا بەدی دەکرێت، "بریتییە لە بوونی دوو وشە لە دەربڕیندا وەکو یەک، یان لێکچووبن و لە واتادا جیاواز بن، ئەمەش دوو جۆری هەیە، بریتین لە: ڕەگەزدۆزی تەواو و ڕەگەزدۆزی ناتەواو"(عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ١٥)

(ئەحمەد موختار جاف)دەڵێت:

بۆ ئەمـــەی تەرکـــی خـــراپـــی و مـــوفسیدی بەدزاتـــی کـــەن

ڕەنگ و ڕوویان گشت بە ڕەنگی، خاسەڕەنگ خەت خەت ئەکەم (ڕەسووڵ، ٢٠١٦: ١٠٢)

شاعیر لەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزی تەواوی لە وشەی(ڕەنگ)دا ئەنجام داوە، ئەوەی یەکەم، بە واتای دەموچاو (وجە) دێت و ئەوەی دووەمیان بە واتای (لون) دێت، ئاوازێکی جوانی ناوەوەی پێدروست کردووە. خۆی سێ جار هاتووە، لە کۆتا جاردا پێکەوە لەگەڵ وشەی (خاسە)دایە، وشەی (خاسەڕەنگ)یان دروست کردوە، کە بە واتای ڕەنگێک دێت، کە نەچێتەوە و کاڵ نابێتەوە هەرگیز، خۆڕەنگ، یا خواکردیشی پێدەوترێت.

(کامەران موکری)دەڵێت: بەچاوی خەیاڵ دوور لە (دەشت)

کچـــان ئەبینـــم دێن بۆ (گـــەشت) (بەفرین، ٢٠١٢: ٩٧)

ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە نێوان وشەکانی (دەشت و گەشت) دایە، کە سێ دەنگیان وەکو یەکە(ە شت) و لەیەک دەنگ جیاوازن.

## ٣-دژیەک

جۆرێکی دیکەی بابەتی ڕەوانبێژییە، شاعیران پەنای بۆ دەبەن لە دروستکردنی ڕیتمدا، کە بریتییە لە هێنانی دوو وشەی دژبەیەک و پارادۆکس، کە دوو جۆری هەیە، جۆرێکیان وشەکان بەڕەگەز جودان و هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیان بەدی ناکرێت وەک: (ڕەش X سپی)، جۆرەکەی تری بەهۆی ئامرازی نەرێیوە سازدەبێت وەک: (ساز X ناساز).

(عوسمان عوزێری)دەڵێت: ئەگەر (ڕووناکی) نەبووایە

ســـەد (تـاریکـی) بهـــاتایە (چەرمەگا، ٢٠٠٩: ٢٤٥)

شاعیر وشەکانی (ڕووناکی و تاریکی) هێناوە، مۆسیقای ناوەوەی پێی دروست کردووە.

(کاکەی فەلاح)دەڵێت:

یادی دێـــرین

تاڵ و شیرین

خەندە و گرین

کەوتە لـەرین (بنەماڵەی، ٢٠٠٤: ٥٨-٥٩)

شاعیر دژیەکی لە دوو شوێندا ئەنجام داوە (تاڵ و شیرین) و (خەندە و گرین)، کە مۆسیقایەکی دەروونی خۆش و دڵگیری لێی سازکردوون.

(دڵزار) دەڵێت : بەگیانی جـانفدایانی نەمـرمـان بۆ پەیامـی ژین

دەکۆشین تا شەهێنی حەق قەلی ناحەق ئەخنکێنێ (دڵزار، ٢٠٠٦: ٢٠)

بەهۆی ئامرازی نەرێیوە، دژیەکی لە وشەکانی: (حەق) و (ناحەق)دا دروستکردووە، ئاوازی ناوەوەی پێی تۆکمە کردووە.

٤- دوابەسەر (رد الصدر علی العجز)

هونەرێکی ڕەوانبێژیە، بۆ جوانکاری و بەهێزکردنی ڕیتمی ناوەوەش بەکار دەهێنرێت، (ئیدریس عەبدوڵلا) بەم جۆرە پێناسەی دەکات:"بریتییە لە هێنانی وشەیێک لە سەرەتا، یا ناوەڕاست، یان کۆتایی نیوەدێڕی یەکەم، یان سەرەتا و ناوەڕاستی نیوەدێڕی دووەم و هەمان ئەو وشەیە، یان وشەیێکی هاوڕەگەزی خۆی لە کۆتایی دێڕەکەش هێنرابێتەوە"(عەبدوڵلا،٢٠١١: ٢٤١). لە شیعری کۆن و نوێی و زیندانیشدا گرنگی و بایەخی پێ دراوە.

(مارف بەرزنجی)دەڵێت: ئەم نەورۆزەش لەزیندانە

ژیان نـییە، ئەمــە ژانە

ژانـیش سـەرەتـای ژیانە (بەرزنجی و بەرزنجی، ١٩٩٣: ٩٩)

دووجار لەوشەکانی (ژیان) و (ژان)هاتووە و هونەری دوابەسەری ئەنجامداوە، کە ئاوازی ناوەوەی درووستکردووە.

(گۆران)یش دەڵێت :                    دەنگێکی دوور

دوور.. ئێجگار دوور..

بەئاستەمێک ئەهاتە ژوور

ئەی دەنگی دوور ...                    (مەلاکریم، ١٩٨٠: ٢٨٠)

بۆ دروستکردنی مۆسیقایەکی دەروونی دوابەسەری ئەنجامداوە، چوار جار وشەی (دوور)ی دوبارەکردۆتەوە.

٥- وشەی هاوکێش و سەروا

بریتییە لەوەی، کە دوو وشە خاوەن هەمان کێش و هەمان سەرواش بن، یان تەنها کێش یاخود سەروایان وەکو یەک بێت، ئەمەش سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و هەست بە جوانی و بەپیزی چنینی دەقەکە دەکات و میوزیکێکی جوان بە شیعرەکە دەدات.

(عوسمان عوزێری)دەڵێت:                    تۆش دارێکی گەورە و بەرزی

خاوەن گۆپکی هـەزار تەرزی                    (چەرمەگا،٢٠٠٩: ٢٤١)

وشەکانی (بەرزی، تەرزی) هاوکێشن، کە دوو بڕگەن، هاوسەرواشن، بەهۆی دووبارەی چەپکە دەنگی (ەرزی)ەوە، ئاوازێکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە، هەروەها وشەکانی (دارێکی، گۆپکی) هاوسەروان.

(مەدحەت بێخەو)دەڵێت:                    دێتە دی مافی کارگەر و جوتیار

ئەبێ بە جەژنی نەورۆز و بەهار                    (بێخەو، ٢٠١٣: ٤٩)

وشەکانی (جوتیار، بەهار) هاوکێش و هاو سەرواشن لە هەمان کاتدا.

# پاری چوارەم

## ڕەمز لە شیعری زینداندا

ڕەمز تەکنیک و خاسیەتی زمانی شیعرییە و پەیوەستە بە ئەزموونی شاعیرەوە، جگە لە بەخشینی ئیستاتیکا بە شیعر، مەبەستی دیکەشی لە پشتە. لە کۆنەوەو لە ژیانی ڕۆژانە و ئاساییشدا بەکارهێنراوە، هەروەها کەرەستە و ئامرازێکی هونەریی گرنگە بۆ پۆشین بەدەستی شاعیرەوە، لە ڕێگەی زمانەوە دەقەکەی پێ بەپێزتر دەکات. گەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دەرکەوتنی وەک فیکر و ڕێچکە، ئەوا ڕێبازی "سیمبولیزم زیاتر لە سایەی کاریگەری فەلسەفەی ئایدیالیزمدا بوو، کە لەمیتافیزیکەوە ئیلهامی وەردەگرت و لە دەوروبەری ساڵی (١٨٨٠)دا لە فەرەنسا ڕەونەقی پەیدا کرد"(حسەینی، ٢٠٠٦: ١٦٢).

ڕەمز بەشێکە لە مانا مەبەستدارەکان و شاعیر بۆ خستنەڕووی بیر و هزری بە شێوەیەکی ناڕوون و پەنهان پەنای بۆ دەبات و نایەوێت بە ئاشکرا و بەبێ پەردە بیخاتە بەردەست خوێنەر و گوێگر و ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی شیعرییەتدا. ڕەمز زیاتر لە واتاییەک هەڵدەگرێت، واتایەکی کە بەئاسانی خوێنەر لێی تێدەگات و واتاکەی دیکەی، کە جێگای بایەخی شاعیرە بە جۆرێک حەشاری دەدا، کە ئاستی ڕۆشنبیری و سەلیقە و ئەزموونی خوێنەر پێوانە دەکات. واتە ڕاڤە و شیکردنەوەی دەقەکە بۆ خوێنەر جێ دەهێڵێت، بۆ پەیبردن بە پشت و مەغزای ئەو وشانە، ئەمەش چێژ و تێڕامان و سەرقاڵیەک لای خوێنەر دروست دەکات، واتە چۆن بەکارهێنان و دەلالەتی هەر پەیڤ و ڕستەیەک لای هەموو شاعیران چونیەک و بۆ یەک مەبەست بەکارنابرێن، بەو جۆرەش ڕاڤە و تێگەیشتنی خوێنەرانیش جیاوازن.

ڕەمز چەندین پێناسەی بۆ کراوە، لەوانە: "بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک، دەستەواژەیەک یا ڕستەیەک، کە لە دوو توێیدا مەبەستێک لە پشتییەوە خۆی حەشار دابێت، جگە لە واتا ڕووکەشەکەی خۆی"(محموود،٢٠٠٧: ١٦٩)، هەروەها (ڕۆلان پارت) سەبارەت بەڕەمز دەڵێت: "هەر دەقێک، کۆمەڵێک پێکەوە چنراوە لەڕەمزە فەرهەنگییەکان و سیستەمێکە لە نیشانەکان"(کدکنی،١٣٩٢ :١٩٦). هەروەها (جبور عەبدولنوور)یش بەمجۆرە پێناسەی دەکات: "ڕەمز ئاماژەکردنە بۆ وشەیەک، کە دەلالەتە لەسەر هەست پێکراوێک یا هەست پێنەکراوێک، بۆ واتایەکی سنوردار نەکراو بەوردی و جیاواز، بەپێی خەیاڵی ئەدیب، خوێنەرانیش لە تێگەیشتنی جیاوازن و بەپێی ڕۆشنبیری و هەست ناسکیان"(خۆشناو،٢٠٠٨: ٣١).

(بۆدلێر) ڕای وایە کە جیهان بوونێکی ڕەمزاوییە و تەنها شاعیر بە لێهاتوویی و ئیدراکی خۆی هەستیان پێ دەکات، دەڵێت: "دنیا بێشەیەکی لێوان لێوی هێما و ئاماژەکانە، حەقیقەت لە خەڵکی ئاسایی شاراوەتەوە و پەنهانە و تەنیا شاعیر بە زەبری ئەو ئیدراکەی هەیەتی لە ڕێگەی تەفسیر و ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو هێما و

ئامانژانەوە هەستی پێدەکات"(حسەینی،٢٠١٨: ١٥٦-١٥٧). بۆیە شاعیر ڕێگایەکی پێچاوپێچ و تەماوی دەسازێنێت، خوێنەر ئەگەر بیەوێت دیوە شاراوەکەی دەقەکەی بۆ ئاشکرابێت، دەبێت هەموو ڕێگایە بە لێزانی و وریایی و شارەزایەوە تەی بکات تاکو دەگاتە مەبەست و کرۆک، بۆیە "ڕەمز دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ، لە پشت دەقەکەوە بۆ شتێکی تر بڕۆین، ڕەمز پێش هەموو شتێک واتایەکی شاراوە و ئیحائی هەیە و ئەو زمانەیە، کە لەگەڵ کۆتاپێهاتنی دەقدا دەست پێدەکات ... ئەو بروسکەیەیە، کە دەرفەتی ئاگایی دەدات جیهانێکی بێ سنووری بۆ دەربکەوێت، لەبەر ئەوە ڕووناکییە بۆ بوونێکی تاریک و هەنگاونانە، ڕووە و کرۆک"(کەریم، ٢٠١٢: ١٣٢-١٣٣).

لە ڕووی دەروونیشەوە ئامراز و دەرەچەیەکی باشە بۆ خاڵیکردنەوەی دەروونی مرۆڤ و گوزارشت لە هەست و سۆزی ناخەوەیان. ڕەمز لە کۆندا لە ژێر چەتری ئەفسانەدا خۆی مەڵاس دابوو و سەرچاوە و کۆگایەکی باش بوو بۆ حەشاردان و لەخۆگرتنی، بۆیە ئەفسانە بەرزترین ئاستی ڕەمزە،"سیمبولەکان، لە کۆنەوە ئامرازێک بوون بۆ نیشاندانی بیرۆکە و هەست و هەڵچوونەکانی مرۆڤ، دەروونناسان جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکەنەوە، کە سەرچاوەی بیرکردنەوەی مرۆیی پێش هەر شتێک لە ئەفسانەکاندا شاردراوەتەوە بەهۆی سیمبولەکانەوە خراوەتە ڕوو"(امامی، ٢٠١٨: ٢٦٩). بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمە ئەدەبییەکان و درککردن بە زۆرێک لە واتاکانیان، بە یارمەتی ناسینی ڕەمزەکان دەبێت، واتە بە کۆمەکی شیکردنەوەی ڕەمزەکان فەراهەم دەبێت.

شاعیر و نووسەران لە ئاکامی هەبوونی سانسۆر و مل نەدان بە واقیعی (سیاسی و ئایدۆلۆژی و ئاینی و کۆمەڵایەتی ...)، ڕەمز دەکەنە ئامراز و دەروازەی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردە و بیروباوەڕانەی، کە بە نادروست و چەپەڵیان دەزانن، بۆیە ئەو دۆخ و کەتوارە وادەکات و هۆکارن، کە خەڵکی بە گشتی بە ترس و لەرزەوە گوزارشت لە ناوەوەیان بکەن، بۆیە شاعیر لە ژێر سایەی هێما و ڕەمزدا مەبەستەکانی دەشارێتەوە، لە باوەڕی (فرۆید)دا "ڕەمزەکان دەرئەنجامی ئەو پاڵنەرە ڕەتکراوانەن کە دەبنە هۆی جۆرە ئاخاوتنێکی ناڕاستەوخۆ و لە بارودۆخێکی وەها دایە کە ئاو دەبێتە ڕەمزی زاوزێ و ژیان، یا گەشت وەکو ڕەمزێک بۆ مەرگ دەردەکەوێت"(امامی، ٢٠١٨: ٢٧٠).

پێویستە شاعیر بە وریایی و شارەزاییەوە بازنەیەکی تەماوی بە دەوری مەبەستەکانیدا بکێشێت و ئەفراندن و شیعرییەت بهێنێتە بوون، بە پێچەوانەی هەندێکیترەوە دەقەکانیان بەرەو لێڵی و ناڕاستەیەکی وا دەبەن، کە سەرلێشێواوی و بێزاری لای خوێنەر دروست دەکات، ئەمەش لە ئەنجامی نەزانی و ساوایی ئەزموونی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت و ناچێتە ناو خانەی ڕەمزەوە، "ڕەمز ئیشارەتی شیعر نییە کە ڕێگا بۆ خۆی خۆش دەکات، بەڵکو ئاوازێکە بۆ تەقاندنەوەی توانا شاراوەکان لە خودی شاعیرداو ئەم ئامرازەش لەسەر چ ڕێگای هەست و نەستەکانی خۆی دەگرێ و وەرگیراوەکانی واقیع و غەیرە واقیع و ڕەمزو ڕاستی لە دەمەتەقێیەکدا تێکەڵ دەبن"(حەمەسالح، ٢٠١٥: ٦٩).

هەندێک ڕەخنەگر و توێژەر زۆرجار لەسەر بنەمای مەجاز دەڕواننە ڕەمز و لە تای تەرازوویەک بەراوردیان دەکەن، ئەمەش بۆ نزیکایەتی و لەیەکچوونیان دەگەڕێتەوە، بەڵام ڕەمز گشتگیر و فراوانترە و دەوڵەمەندترە ناوەڕۆکی، "بەمجۆرە دەبینین لە شیعری لیریکی وێنەی گوڵەباغ زۆرجار وەکو ڕەمزی جوانی و پاکیزەیی و خۆشەویستی دەردەکەوێ، شتێکی ئاساییە سەرنجی خوێنەری ئەمڕۆ لە نێوان ڕەمز و مەجاز بەلای یەکەمدا بشکێتەوە، کە دەوڵەمەندتر و قوڵترە، بەڵام هەندێ جار ئەم ئەفزەلییەتەی ڕەمز دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی تەسک و ڕووکەشی مەجاز"(عومەر،٢٠٠٥: ٧). هەروەها لای (کولیردج)، "هێما پەیوەست دەکرێتەوە بە جیهانی خەیاڵەوە، چونکە پێیوایە خەیاڵ ڕەمز بەرهەم دەهێنێت لە بەرامبەردا، وەهم خوازە بەرهەم دەهێنێت"(ڕەئوف،٢٠١٨: ٨٨).

ئەوەی جێگای ئاماژەیە هەندێ کات ڕەمز و نیشانە تێکەڵ دەکرێن، بەهۆی نزیکایەتییان لەیەکترەوە، وەکو ئاشکرایە هەموو ڕەمزێک نیشانەیە، بەڵام هەموو نیشانەیەک ڕەمز نییە، چونکە "هێما زیاتر پشت بە ئەقڵ و وێنا بیرییەکان دەبەستێت، بەڵام نیشانە دەلالەت لە بابەت و شتە مەلموسەکان دەکات، واتە هەست بە بیرەکە بکرێت لەپێناو هێماکردنی، بەڵام نیشانە چۆنیەتی هەستکردنە بە شتەکە"(ڕەئوف، ٢٠١٨: ٨٩). هەروەها (د.محەممەد مەعروف فەتاح)یش ڕای وایە ،کە "تەنیا ئەو نیشانانە هێمان، کە بۆ لە یەکتر گەیشتن یان تێگەیاندن بەکاردێن و ڕەوشت و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی چەسپاندوونی، بۆ نموونە (سووربوونەوە) بە (شەرم) و (دووکەڵ) بە (ئاگر) و (تا) نیشانەی (نەخۆشییە)، بەڵام ناتوانین بڵێین (دووکەڵ) هێمای (ئاگرە) یان (سووربوونەوە) هێمای (شەرم) ... چونکە ئەم نیشانانە مۆری کۆمەڵیان پێوە نەنراوە"(فەتاح، ٢٠١١: ٤٩).

لە شیعری زینداندا ڕەمز بەزۆری بەکارهێنراوە، (زیندان) هەر بۆ خۆی ڕەمزی زوڵم و ستەم و سەرکوتکردنی ئازادییە، زیاتر بۆ دوو مەبەست بەکار هاتوون، بەشێکیان بۆ پۆشین و بوونی سانسۆر و ترس هاتووە،"ڕەمز لەلایەن دیلانەوە، زۆرتر بۆنی ئەوەی لێدێ، کە سەبارەت بە بەشداربوونی خەبات و نەدانی بەڵگەو پاڵەپەستۆی هێزی تاریکی و ستەم نەیویستووە مەبەستەکان یەکلابکاتەوەو زۆرتر بۆیە خۆی بۆ ژێر سێبەری فێنکی ڕەمز کوتاوە تا لەو ڕێیەوە کەف و کوڵی، داخ و زووخاو لافاوی بیرو مەبەستی خۆی بڕێژێت و بحەسێتەوە"(قادر،٢٠٢٠: ١٩٤)، وە بەشەکەی دیکەی بەئاشکرا هاتوون، بۆ وێناکردنی خراپی و شەڕانگێزی و خوێنڕێژی و دڕندەی و شوومی دوژمن یان بۆ ئازایەتی و قارەمانیەتی و تێکۆشانی گەل و ئازادیخوازان هاتوون، ئەوەک بۆ مەبەستی پۆشین و تەم و مژکردنی شیعرەکە. چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە:

### ١-ڕەمزی گشتی

ئەو جۆرە ڕەمزانەن، کە لە ناو هەموو میللەتانی سەر ڕووی زەوی هەمان مەبەست و مانا دەبەخشن، شاعیران لە تانوپۆی شیعریدا سوودیان لێ وەردەگرن، بۆ نموونە (شێر) بۆ ئازایەتی و (ڕێوی) بۆ فێڵبازی، (مار) بۆ نەمری بەکارهێنراون، (یۆنگ) ئەم ڕەمزانە بە ڕەمزی دووبارە و سواو و مردوو دەزانێت: "ڕەمزی مردوو

ئەو ڕەمزەیە کە لە قسەکردندا بەکاردێ و گوزارشت لە مانای ئاسایی دەکا، وەکو گوڵ بۆ ڕەمزی خۆشەویستی، کۆتر و زەیتون بۆ ڕەمزی ئاشتی"(مستەفا، ٢٠٠٩: ١٧٦).

(گۆران)دەڵێت: ئەی مانگ و ڕۆژ، ئەی ئەستێرەی شەو، هەڵمەیەن ئیتر

بۆ ئــەو دیــوی بە نهــێنــی تــاوان کـــەر پـــڕ (مەلاکەریم،١٩٨٠: ٢١٦)

(مانگ، ڕۆژ، ئەستێرە)هەر سێکیان ڕەمزی گشتین، مانگ ڕەمزە بۆ هاوڕێی و هاوخەمی ئەویندارا‌ن و ئازادیخوازان، ڕۆژیش ڕەمزە بۆ هاتنی ژیانێکی نوێ و ڕووناکی و بەسەرچوونی تاریکی، هەروەها ئەستێرەش ڕەمزە بۆ جوانی و قەشەنگی و پاکیەتی.

(دڵزار)دەڵێت: بەشۆڕش نەبێ دوژمنی جـــانەوەر

چلۆن وازدەهێنی لە ئاڵتوونی ڕەش؟ (دڵزار،٢٠٠٦: ٥٣)

(ئاڵتوون ڕەش) ڕەمزی گشتییە، بەواتای (نەوت) دێت.

### ٢-ڕەمزی ئەفسانەیی

کاتێک باسی ئەفسانە یان باسی ڕەمز بکرێت، یەکسەر ئەوی ترمان بیردەخاتەوە، چونکە پەیوەندیی و نزیکایەتییەکی قوڵیان هەیە، لە سەردەمی کۆندا تەنها دەرچەی دەربڕین و گوزارشت لە ڕەمزەکان ئەفسانە بووە، بۆیە بەرزترین ئاستی ڕەمزە،"بە شتێکی کۆن دەژمێررێ، چونکە بەرهەمی ئەوکاتەیە کە ئادەمیزاد دەستەوسان و بێدەسەڵات ڕووبەڕووی سروشت دەوەستا و هیچ ڕووداوێکی سروشتی بە ڕێکی بۆ لێک نەدەدرایەوە و تێی نەدەگەشت و دەسەڵاتیشی بە سەریا نەبوو، بۆیە دەرگای بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵ خستە سەر پشت و بەو جۆرەی، کە ئەم ئەفسانانەی لێ هاتە بەرهەم"(ڕەسووڵ، ٢٠١٠: ١٧).

شاعیر ئەم ڕەمزە لە داڕشتنی شیعردا بەکار دەهێنێت و بە بیرۆکە و وێنەیەکی تازەترەوە، کە بگونجێت لەگەڵ کات و سات و سەردەمە شیعرییەکەی، بە گەڕیان دەخات و تاقیکردنەوە هونەرییەکەی پێ دەوڵەمەند دەکات "چەمکە ئەفسانەییەکان لە چەند پارچەیەک دەلالەتی بێسنوور پێکدێن و هیچ چەقبەستوویێکیان تێدا نییە، لەو سەرچاوانەن کە وزەیەکی شیعریی زۆر بە دەق دەبەخشن و توانای کرانەوە بە ڕووی دونیا و بڕستی فرە ڕەهەندی بۆ دەق فەراهەم دەکەن"(کوردۆ،٢٠٠٩: ١٢١)، ئەم جۆرە لە ڕەمز لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکیدی و بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی... یان، دەگۆڕێن و بۆتە پێویستیەکی شیعری و خۆی فەرزکردووە، چونکە "بەکارهێنانی ڕەمزی ئەفسانەیی لە چامەکاندا (دەق) شتێکی زۆر سروشتییە و مێژووی مرۆڤایەتی و پەرەسەندنەکەی، فەرزی دەکات"(خۆشناو، ٢٠٠٩: ٣١٩).

**به زۆری له شیعری زینداندا ڕەمزی ئەفسانەیی بەدی دەکرێت، که دەسەڵات و داگیرکەران به ڕەمزە خراپ و دزێوەکانی نێو ئەفسانه و ئەستورەکان چوێنراون، "ئەفسانه واقیعی نەتەوەیی و لایەنەکانی کۆمەڵگای شاعیر دەردەبڕن، خودی شاعیر و کێشه تایبەتییەکانی دەردەبڕن"(حەمەد، ٢٠١٢: ٢١٧).**

**(گۆران)دەڵێت: بەڵام ئەهرەمەنی گەڵای باخ سیس کەر**

**بێزارە له جـووکـەی دەنووکی کـوردی؛**

**ڕاوکەری دارستان، له باڵدار پیس کەر**

**جێی چینەی لـێ تەنیـم به داوی وردی (مەلاکریم، ١٩٨٠: ٢٠٧)**

**له نیوەی یەکەمدا شاعیر وشەی (ئەهرەمەن)ی هێناوە، که ڕەمزی خوای شەڕ و خراپە و ئاشووبە، خواستراوە بۆ دوژمنی گەلی کورد، که دەیەوێت گەڵای داری باخ سیس بکا و له جووکە و دەنگی خەباتگێڕ و نیشتمان پەروەران بێزار و قەڵسە، بۆیە جێ چینەیان به داوی ورد و پلان دەتەنێ و دەیانگرێ و دەیانخاتە قەفەس و زیندان.**

**(حەسیب قەرەداخی)دەڵێت: سا لەسەر باڵی سیمرخی خەبات**

**هەڵبێ لـه ئاســۆی بڵندی وڵات (قەرەداخی، ٢٠٠٢: ٨٧)**

**شاعیر وشەی (سیمرخ)ی هێناوە، که باڵندەیەکی ئەفسانەیە و زۆرجار یارمەتی و هاوکاری مرۆڤەکان بووە بۆ ڕزگاربوون و دەربازبوون له کێشه و گرفت و ناخۆشییەکانی، شاعیریش هیواخوازە لەسەر باڵی سیمرخی خەبات، ڕۆژی ئازادی و سەربەستی له ئاسۆی وڵاتەوە هەڵبێت.**

**(عوسمان عوزێری): بەڵام که کاتێ (کیوپید) له پڕ**

**تیرەکەی هاویشت به باخی ژینا (چەرمەگا،٢٠٠٩: ٢٥٦)**

**شاعیر وشەی (کیوپید)ی بەکارهێناوە، ڕەمزی خوای دڵداری و ئەڤینداری بووە لای یۆنانییە دێرینەکان.**

**٣-ڕەمزی ئایینی**

**ئایینەکان به گشتی له ڕابردوو و ئێستاشدا له کۆنەستی مرۆڤەکاندا بوونیان هەبووە و هەیە، بەشێکن له کلتووری هەمیشەیی کۆمەڵگا، لەم جۆرەدا شاعیر به سوود وەرگرتن له هەموو دەقە ئاینییەکان و پێغەمبەران و کەسایەتی و جێگا و شوێنه پیرۆزەکان وەردەگرێت و دەیکاتە سەرچاوەی ڕەمزی ئایینی، وەکو ئایینەکانی (یەهودی، مەسیحی، موسڵمان، زەردەشت ... هتد)، بۆیە هەمیشه هەوێنی بەرهەمی زۆری شاعیرانی کورد بووە، چونکه ئایین شانبەشانی ئەفسانه و داستانەکان هەمیشه له ناو کورددا ئامادەگی هەبووە و باڵیان بەسەر**

بیروهزری تاکی کورددا گرتبوو،"پێش هاتنی ئاینی زەردەشت، باوەڕ و دینی فراوان لە ناوچەکەدا باو بووە، ئەفسانە و چیرۆک و داستان و ڕازو ئەستورەکان دەوری گرنگیان لە ڕامان و هزری دانیشتوانی نیشتمانی کوردستان بینوە"(سەقزی، ٢٠٠٦: ٤).

(پەخشان سابیر) یەکێک لە هۆیەکانی بەکارهێنانی ڕەمزە ئاینییەکان لە نێو شاعیرانی کورددا پەیوەستی باری نەتەوەیی و نیشتمانی و ژێردەستی دەکات، دەڵێت: "هۆکاری ئەم فراوانییەی ڕەمزە ئاینییەکان یا بۆ بەخشینی کەشێکی ئاینی بە شیعرەکە دەگەڕێتەوە، یان بۆ باری نا لەباری کورد وەکو نەتەوە هەمیشە چەوسێنراوەتەوە، کە پێویستییەکی ڕووحی لە ناخی کوردا دروستکردووە، بە ئایین نەبێت ئەم بۆشاییە گەورە پڕ نابێتەوە"(حەمەد، ٢٠١٢: ٢٤٨).

(دڵزار) دەڵێت :                لەو دەمەی ئاهورەمەزدایی مــەزن

خستبوویە لەرزە تەختی ئەهریمەن        (دڵزار، ٢٠٠٦: ٢٤)

لێرەدا (ئاهورەمەزدا)ی هێناوە، دیارە بە بڕوای زەردەشت جیهان لە دووبەرەکی و کێشمەکێشی بەردەوامدایە لە نێوان هێزی چاک و پاک و هێزی خراپەدا، کە خواوەندی (ئاهورەمەزدا) خوای چاکەیە و (ئەهریمەن)یش هێز و ڕوحە خراپەکانن. شاعیر ئەوەی یەکەمی خواستووە بۆ خەباتی میللەت بۆ ڕزگاریی و دووەمیش بۆ دوژمن و داگیرکەر، کە تەخت و دەسەڵاتدارێتی کەوتۆتە لەرزین.

(شێخ لەتیف)، لە چوارینەیەکدا، دوو کەسایەتی و ڕەمزی ئاینی ئیسلام دەخاتە ڕوو و دەڵێت:

لای دەسی ڕاستم حوسێنە و ڕووبەڕووی چاوم عەلی

ســەر خــەریکی خۆبــڕینە تا فیدای بــێ ناوەکــەم

مــوددەتێکە من خــەریکم بچمە زیارەت بۆ نەجەف

مەنعــی دیدارم ئەکــەن پۆلیس لە مــاڵی باوەکەم   (خەزنەدار،٢٠٠٦: ٣١٣)

(حوسێن) ڕەمزی قوربانی و غەدرە و (عەلی) خەلیفەی چوارەمی موسوڵمانانە، هەردووکیان ڕێز و پلە و پایەیان لە نێو موسوڵمانان بەگشتی و پەیڕەوکەرانی مەزهەبی شیعەدا دیار و بەرچاوە.

### ٤-ڕەمزی فۆلکلۆری

فۆلکلۆر سەرچاوە و گەنجینەیەکی دەوڵەمەند و فراوان و پڕ بایەخی میللییە، کە لەبەر دەستی شاعیردایە و پەنای بۆ دەبات بۆ بەهادارکردن و جوانترکردنی بەرهەمەکەی، "بریتییە لە ئەو گۆرانی و چیرۆک و ئەفسانە

و هەڵبەست و قسانە، کە لە کاتی کۆنەوە بەسەر زاری بوێژ و پیرەکانەوەیە، هەزاران ساڵە دەما و دەم، باوک و باپیرانمان بۆ نەوەکانی خۆیان گێڕاوەتەوە و ئەوانیش لەبەریان کردووە"(ووردی،١٩٦١: ٣)، ئەمەش واتە گرێدانی ژیانی ڕابردوو بە ئێستامانەوە. (سیگمۆند فرۆید) باس لە گرنگی و کاریگەری ئەم جۆرە ڕەمزە دەکات و دەڵێت: "ڕەمز زیاتر پڕتر و کاریگەریشی لە واقیعی ڕاستەقینە زێدەترە، کە لە خورافات و حیکایەت و ئەفسانەکان و نوکتە و هەموو کەلەپوورێکی میللیدا دەبینرێت"(مەعروف، ٢٠٠٤: ١٥١).

(مارف بەرزنجی)دەڵێت:

ئەو ئاسیاوە کۆنە شـڕە

بەئاوێکی سوێر دەگەڕێ

بەناڕەوا

لەناو شەوا... (بەرزنجی و بەرزنجی ،١٩٩٣: ١١٠)

شاعیر لەم شیعرەدا بۆ گوزارشت لە ستەم و بیرکردنەوەی کۆن و سواوی دوژمن، پەنای بۆ فۆلکلۆر بردووە "ئاش لە خەیاڵێک، باراش هاڕ لە خەیاڵێک"(خاڵ،٢٠٠٧: ١٧) ئەم پەندەی وەرگرتووە و خواستوویەتی بۆ ئاسیاوێکی کۆن و شڕ، واتە سەردەمی جۆرە حوکمڕانییەک، کە بەسەر چوویێت و لەگەڵ ڕۆژگاردا نەگونجێت، (ئاسیاوی کۆن) ڕەمزی دەسەڵاتێکی کۆنەخواز و دیکتاتۆریە.

(عوسمان عوزێری) دەڵێت:

زلێخای یەمـەن، لەیـلا یان شیـرین

کەی بە تۆ بوون ئەی گیـانی شیرین

کەی بە قـەدەر تۆ خاوەن وەفا بوون

کەی ئەوەندەی تۆ چەشتەی سزابوون (چەرمەگا،٢٠٠٩: ٢٦٦)

شاعیر لە نیوەی یەکەمدا، سوودی لە هەردوو داستانی فۆلکلۆری (لەیل و مەجنون) و (شیرین و فەرهاد) وەرگرتووە، (لەیل و شیرین) هەردووکیانی وەکو ڕەمزی عەشق و ئەوینداری ڕاستەقینە بەکارهێناوە.

**٥-ڕەمزی مێژوویی**

شاعیر بە مەبەستی چنینی تێکستێکی مانادار و پەیامدار، مێژوو ئاوێتەی دەقەکەی دەکات، ئەمەش بە سوود بینین و بەسەرکردنەوەی ڕووداو و بەسەرهات و کەسایەتییە مێژووییەکان، کە کت و مت وەکو خۆی وەریان ناگرێت، چونکە "ڕەمزی مێژوویی دووبارە نووسینەوەی بەشێکی مێژوو نییە"(خۆشناو،٢٠٠٩: ٣١٣)، بەڵکو سیما و ڕەهەندی تازە و سەردەمیانە بە باڵایاندا دەبڕێت و لەگەڵ سەردەم و ڕۆژگاردا دەیگونجێنێت، کە"پڕیەتی لە ڕووداو و کارەساتی هەمەجۆر جا شاعیر پەنا دەباتە بەر ڕەمزی مێژوویی، لەلایەک ئەزموونەکەی خۆی پێ

دەوڵەمەند دەکات، لەلایەکیتر کەسایەتییە مێژووییەکان وەک دەمامک، وەردەگرێت بۆ ئەوەی گوزارشت لە هەڵوێستی شاعیر بکات"(معروف، ٢٠٠٠: ١٠٦)

(برایم ئەحمەد)دەڵێت: ئەوە هیتلەر خواوەندی شەڕی سەرڕووی زەمین بوو خۆ

قـــەڵای ســـەرمایەداری پڕ تفـاقـی ئاسنین بوو خۆ

هەموو ئەڵمـانیـای نازی لەدەستـا وەک نگین بوو خۆ

لەڕێی ئازادیخـوازانا وەکـوو شـووڕایی چین بوو خۆ (بەرزنجی،٢٠٠٧: ٤٣)

شاعیر (هیتلەر)، کە کەسایەتی و سەرکردەیەکی مێژوویی و سەربازی بووە، وەکو ڕەمزی شەڕ و ماڵوێرانی و خواوەندی شەڕ بەکاری هێناوە.

# ئەنجــام

# ئەنجـــــام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١- زیندان شوێنی زەوتکردنی ئازادی و سەربەستی مرۆڤە، تەنها ئامرازی دەستی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانە بۆ دەمکوت کردن و چۆک پێدادانی شاعیران و نووسەرانی خاوەن هەڵوێست.

٢- بەهۆی زیندان و زیندانیکردنی شاعیرانەوە جۆرێکی دیکە لە شیعر لەدایک بوو، کە لە هەناوی زیندانەوە سەری هەڵداوە، پێی دەوترێت (شیعری زیندان)، واتە تەمەن و پەیدابوونی بەندە بەهەبوون و دروستکردنی زیندانەوە، کە شاعیر بەکردارەکی لە ژوورەکانی زیندان و لە کاتی زیندانی و دەستبەسەریدا دەیانووسێت.

٣- شیعری زیندان کۆژانی ناڵەو هاواری مرۆڤی مەزڵووم و بێبەشکراو لە ئازادییە، کە گوزارشتە لە ئازارە جەستەیی و دەروونیەکانی شاعیر و لەو دیوی شیشە بڵندەکانی زیندانەوە نووسراون و وشەکانی بارگاوین بەئێش و ئازارو خۆڕاگری.

٤- بەزۆری لەم قۆناغەدا هۆکارەکانی گرتن و زیندانیکردنی شاعیرانی کورد، بەهۆی هەڵوێست و چالاکی نیشتمانی و نەتەوەیی و سیاسی و حزبییەوە بووە، بەشێکی زۆر کەمیان بەهۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بووە.

٥- ئەم شیعرانە خاوەن تایبەتمەندی و خاسییەتی خۆیانن و جیاوازن لەو دەقانەی بەشێنەیی شاعیران لەجێگایەکی ترو بۆ مەبەستێکی تر دایناون.

٦- بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان سالانی(١٩٢٠-١٩٥٨) ڕەهەندی ئایدۆلۆژی و بیری ئەنتەرناسیۆنالیزمی بەسیمای شیعرەکانەوە بەدی دەکرێت، بەڵام لەسەرەتای شەشتەکانەوە بەهۆی گۆڕانکارییە سیاسییەکان و سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری، ڕەهەندی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی دەسەپێنێت بەسەر سیمای شیعرەکانەوە.

٧- لەشیعری زینداندا گرنگی زیاتر بەناوەڕۆک دراوە و ناوەڕۆکی شیعرەکانیش گوزارشتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن و ورەبەرزی و پتەوی بیروباوەڕ و کۆڵنەدان و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی دژی زوڵم و زۆر و نادادی و خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و سەربەستی.

٨- لەپاڵ مەبەستی سەرەکیدا، کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، هاوکات بابەتەکانی (دڵداری و کۆمەڵایەتی و شیوەن و لاوانەوە...) و گوزارشت لەغوربەت و دووری وڵات و کەس و کاریش بەدی دەکرێن.

٩- شیعری زیندان بەڕەهایی لەژێر هەژموون و کاریگەری سایکۆلۆژیدا نووسراون و بەزەقی هەستییان پێدەکرێت و بە گشتی بەباری ئومێد و گەشبینیدان، بەڵام ڕێژەیەکی کەمیشیان بێئومێدی و گلەیی و گازندەکردنیان تێیدا بەدی دەکرێت.

**١٠- بەشێکی دیکەی ئەم شیعرانە وەسف پێکدەهێنن، کە خۆی لەوەسفی ئازارو ئەشکەنجە جەستەیی و دەروونییەکان و کۆت و بەند و دەرگا و پەنجەرە و ژووری زیندان و کەرەستەکانیدا خۆی دەبینێتەوە.**

**١١-دیارترین ئەو شاعیرانەی لەم قۆناغەدا زۆرترین جار زیندانیکراون (کامەران موکری، حەمەساڵح دیلان، کاکەی فەلاح)ن. هەروەها (ئەحمەد موختار جاف)یش تاکە شاعیرە، کە لەلایەن دەسەڵاتی کوردیەوە، کە (شێخ مەحموود)بووە دەستگیرکراوە و (مارف بەرزنجی)یش تاکە شاعیری لەسێدارەدراوی ئەم قۆناغەیە.**

**١٢-تاکو ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوو کەمتر شیعری زیندان بەدی دەکرێت، واتە زیندان بەشێوەیەکی سەرەکی بەشێک نەبووە لەژیانی شاعیرانی ئێمە، بەڵام لەساڵانی چل و پەنجاکانی سەرەتای شەستەکاندا بەزۆری بەدی دەکرێت، ئەمەش بۆ هۆشیاربوونەوە و هاتنەئارای پارت و ڕێکخراوە ڕامیاریی و نەتەوەییەکان دەگەڕێتەوە.**

**١٣- شیعری زیندان بێبەش نییە لەبنیاتی هونەری، بەڵام بە سیمایەکی جیاوازتر لەچەشنە شیعرییەکانی تر خۆی دەنوێنێت، زمانی ئەم شیعرانە سادەو ڕوون و ڕەوان و ڕاشکاو و ڕاستگۆیانە و دروشم ئاسا نووسراون، بۆ ئەوەی پەیامەکەی بگاتە زۆرترین ڕێژە لەخەڵکی.**

**١٤- وێنەی شیعریی لەم شیعرانەدا، لە ژیان و بارودۆخ و نەهامەتییەکانی شاعیرەوە وەرگیراوە، واتە بارودۆخی سەختی ناوەوەی زیندان، کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەبنیاتنانی وێنەکاندا بینیوە.**

**١٥- مۆسیقا و ڕیتمی شیعری زیندان، توند و بەرز و گڕن، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی دژی دوژمن نووسراون و هەروەها لە شیعرە حەماسی و سروودەکانیشدا.**

**١٦- ڕەمز بە شێوەیەکی فراوان بەکارهاتووە، کە زۆرینەیان بە ئاشکراو بەمەبەستی چواندنی ڕووی خراپ و دزێوی دوژمنە بە کەسایەتیی و ڕەمزە خراپەکانی جیهان، یان بەپێچەوانەوە، قارەمانییەتی و جوامێری گەل و ڕۆڵەکانی بە ڕەمز و کەسایەتییە باشەکانی ناو (ئەفسانە و فۆلکلۆر و مێژوو...). هەروەها بەشێکی دیکەیان بەپەنهانی شاعیر هێناونی، ئەمەش بەهۆی هەبوونی سانسۆر و فشارو ترسەوە لە دوژمن.**

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

- قورئانی پیرۆز

**کتێب**

**١- کوردی**

١-ئاشنا،ئومێد،(٢٠٠١)،ئەشکی باوان-بەرهەمی بڵاونەکراوە و لەیادکراوی-کامەران موکری،چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢-ئاشنا،ئومێد،(٢٠٠١)،بارانی سلێمانی-بەرهەمی بڵاونەکراوە و لەیادکراوی-محمەدساڵح دیلان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣-ئاشنا،ئومێد،(٢٠٠٢)، گۆران: نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٤-ئاشنا،ئومێد،(٢٠٠٥)، دیوانی بێکەس،چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥-ئاشنا،ئومێد،(٢٠٠٧)،شێوەو ناوەڕۆک(کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی)، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس،هەولێر.

٦-ئاگرین،د.عەبدوڵڵا،(٢٠٠٤)، دیوانی ئەسعەد مەحوی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٧-ئاگرین،د.عەبدوڵڵا،(٢٠١٣)،(دیوانی شیعر) محەمەدساڵح دیلان، چاپی یەکەم، چاپخانە چوارچرا، هەولێر.

٨-ئەحمەد،د.سافیە محەمەد،(٢٠١٣)، لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٩-ئەحمەد،نەجات حەمید،(٢٠٠٨)، تیۆریی بنیاتی شاراوە، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٠-ئەحمەد،نەوزاد عەلی،(٢٠٠٧)، منداڵ و ئەدەب، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

١١-ئەحمەدی،بابەک،(٢٠٠٤)، پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، کتێبی یەکەم و: مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر.

١٢-ئەمین، بورهان محەمەد،(٢٠٠٤)،تەفسیری ئاسان،چاپی یەکەم،لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر

**١٣-ئەردەنی،مستەفا عەبدوڕەحمان یونس،(٢٠٠٩)، زیندان،نەخۆشیێن ژن و زارۆکێن کوردان د زیندانێن رژێما بەعسدا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.**

**١٤-ئەسەسەرد،فەرید،(٢٠١٢)، ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهانی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.**

**١٥-ئەسوەد،نەوزاد ئەحمەد،(٢٠١١)، فەرهەنگی زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەیی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.**

**١٦-ئەسوەد،نەوزاد ئەحمەد،(٢٠١٥)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانەی تاران، تاران.**

**١٧-ئەمین،د.ئەحمەد حەمەد،(٢٠١٦)،ڕەوتی چەپ لەباشووری کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەک نموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر.**

**١٨-ئەمین،عەبدولقادر محەمەد،(٢٠٠٢)، وێنەی شیعری لە ڕێبازی رۆمانسیی کوردی دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.**

**١٩-ئەمین،کاوە،(٢٠٠٦)، ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.**

**٢٠-ئیروانی،موسلیح،(٢٠٠٣)، ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا، چاپی یەکەم ،دەزگاری ئاراس ،هەولێر.**

**٢١-ئەحمەد،ئامانج حەسەن،(٢٠٠٩)،برایم ئەحمەد، رۆڵی لەبزاڤی ڕزگاریخوازی و ڕووناکبیریی گەلی کورددا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.**

**٢٢-ئەفلاتون،(٢٠٠٩)، کۆمار، و: د.محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی .**

**٢٣-امامی،د.نصرالله،(٢٠١٨)،بنەما و میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی،و: سەنگەر نازم + هیمداد حوسێن، چاپی یەکەم، هەولێر.**

**٢٤-بەفرین،حسێن،(٢٠١٢)، دیوانی کامەران موکری، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی**

**٢٥-باخەوان،هاوڕێ،(٢٠٠٦)، ئەدەبیاتی کازیک، چاپی یەکەم**

**٢٦-بامەرنی،نەوزاد عەبدوڵلا،(٢٠٠٧)،ئایدۆلۆژیا دهۆزانین(جەگەرخوین)یدا،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی،دهۆک.**

**٢٧-بنەماڵەی شاعیر، (٢٠٠٤)، دیوانی کاکەی فەلاح، چاپخانە کارۆ، سلێمانی.**

٢٨-بەرزنجی،سامان مارف و بەرزنجی، عومەر مەعروف،(١٩٩٣)، سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٢٩-بەرزنجی،شێخ عوبێد شێخ لەتیف، (٢٠١١)، دیوانی هەوری، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٣٠-بەرزنجی،عومەر مەعروف،(٢٠٠٧)، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی برایم ئەحمەد، چاپی یەکەم، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، سلێمانی.

٣١-بەرزنجی،ئازاد، (٢٠١٧)،ژیان و شیعری مەحموود دەروێش،لەبیر دەچیتەوە وەک ئەوەی هەرگیز نەبوویت، چاپی یەکەم ،چاپخانەی تاران، تاران.

٣٢-بەسیر،کامل حەسەن،(٢٠١٥)، مێژووی ڕەخنەسازی، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنوس، چاپخانەی تاران.

٣٣-بەکر،د.محەمەد،(٢٠٠٤)، پەخشانە شیعری کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣٤-بەکر،د.محەمەد،(٢٠٠٤)، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣٥-بۆکانی،سابیر بەکر، (٢٠٠٢)، تاوانبار و سزا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣٦-بێخەو،مەدحەت،(٢٠١٣)،(دیوانی شیعر)، بڵاوکراوەی ئەکادیمییای کوردی ژ(٢٤٥)،چاپخانەی هاشم، هەولێر.

٣٧-بێرلین،ئایزایا،(٢٠١٦)، ئازادی و خیانەت لەئازادی، و:ئەرسەلان حەسەن، دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، چاپخانە حەمدی، سلێمانی.

٣٨-بیمار،عەبدولڕەزاق،(١٩٩٢)، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپی یەکەم،چاپخانەی دار الحریە،بەغداد

٣٩-پاڵەوان،سەلاح حەسەن،(٢٠١٠)، شیعری کراوە لەئەزموونی شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٤٠-پاڵەوان،سەلاح حەسەن،(٢٠١١)، مێژووی گریان، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٤١-پیربال،فەرهاد،(٢٠١٠)، مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٤٢-پیک،جۆن&کویل،مارتین،(٢٠١٠)،ڕەخنەی پراکتیکی، و: د.ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٤٣-پێنجوێنی،حەسەن،(٢٠١٧)، شەش مانگ زیندانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

٤٤-توفیق،د.قەیس کاکل،(٢٠٠٧)،ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٤٥-جەباری،سەید قادر،(٢٠٠١)، ٢٥ڕۆژ لەزیندانی فاشیەکانی بەغداد،چاپی یەکەم ،چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٤٦-چالی،شەعبان،(٢٠٠٨)، شێوازی شیعری جزیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤٧-چەرمەگا،بەرزان حاجی ئیبراهیم،(٢٠٠٩)، دیوانی شیعری شەهید عوسمان عوزێری،چاپی دووەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی

٤٨-حسەینی،ڕەزا سەید،(٢٠٠٦)، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و: حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.

٤٩-حەبیب، وریا،(٢٠٠٨)، دیوانی هێمن موکریانی، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی چوارچرا، سلێمانی

٥٠-حەسەن،حەمەسەعید،(٢٠١٠)،لە هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ و لەپەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٥١-حەسەن،حەمەسەعید،(٢٠١١)، سێوی هۆشیاری، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥٢-حەسەن،محەمەد فەریق،(٢٠٠٥)، تکایە دەست بە شیعرەوە بگرن، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٥٣-حسن،شەوکەت مەلا اسماعیل،(٢٠١٧)، فەرهەنگی شوان کوردی-کوردی، چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر .

٥٤-حەمد، پەخشان سابیر.(٢٠١٢)، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی، کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراق(١٩٧٠-١٩٩١)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

٥٥-حەمەباقی،محەمەد،(٢٠٠٢)، مێژووی مۆسیقای کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٥٦-حەمەخان،نوری فارس،(٢٠٠٤) عەرووزی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

٥٧-حەمەعەلی،ئومێد.(٢٠١٨)، فەلسەفەی ئومێد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

٥٨-حیلمی،ڕەفیق،(٢٠١٠)، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥٩-خاڵ،شێخ محەمەدی،(٢٠٠٥)،فەرهەنگی خاڵ،چاپی دووەم،دەزگای ئاراس،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٦٠-خاڵ،شێخ محەمەدی،(٢٠٠٧)،پەندی پێشینان، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٦١-خەزنەدار،معروف،(١٩٦٢)، کێش و قافیە لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی الوفا، بغداد.

٦٢-خەزنەدار،د.مارف،(٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی،(ب١)، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٦٣-خەزنەدار،د.مارف،(٢٠٠٤)،مێژووی ئەدەبی کوردی،(ب٤)، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٦٤-خەزنەدار،د.مارف ،(٢٠٠٥)، مێژووی ئەدەبی کوردی،(ب٥)، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس،هەولێر.

٦٥-خەزنەدار،د.مارف،(٢٠٠٦)، مێژووی ئەدەبی کوردی (ب٦)A، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس ،هەولێر .

٦٦-خەزنەدار،د.مارف،(٢٠٠٦)، مێژووی ئەدەبی کوردی،(ب٧)B، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٦٧-خۆشناو،نەریمان عەبدوڵلا،(٢٠٠٨)، ڕەمز و مەغزا لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربالدا، چاپی یەکەم

٦٨-خۆشناو،هێمن عومەر،(٢٠٠٩)، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر .

٦٩-دزەیی،د.عەبدولواحید موشیر،(٢٠٠٩)، واتاسازی، چاپی یەکەم، دەزگای موکریان، چاپخانەی خانی، هەولێر.

٧٠-دزەیی،عەلی فەتاح،(١٩٨٧)، دیوان شیعر (خرۆشان و ڕامان)، مطبعە الثقافە والشباب، اربیل.

٧١-دلزار،ئەحمەد،(١٩٩١)، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، بەشی یەکەم و دووەم، ستۆکهۆلم.

٧٢-دلزار،(٢٠٠٦)،(دیوانی شیعر)، چاپی دووەم، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٧٣-دلێر،خالید،(١٩٧٠)، ئاگر و گوڵ(شیعر)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار السلام، بەغدا.

٧٤-دلێر،خالید،(١٩٨٥)، هەندێ ووتار و چاوپێکەوتنی وێژەیی،ب١،چاپی یەکەم،چاپخانەی(الحوادث)، بەغدا.

٧٥-دەشتی،د.عوسمان،(٢٠٠٩)، شیعری ناوچەی موکریان، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٧٦-دەشتی،کەریم،(٢٠٠٧)، بەرەو منالی بەجلی پایزەوە، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٧٧-دیبەگەیی،دەرسیم، (٢٠١٥)، ،ئازارە شاردراوەکان، یاداشتی زیندان، بێ ناوی چاپخانە،دانیمارک.

٧٨-ڕەزا،ئەحمەد، (٢٠٠٧)،هونەری شیعر نووسین، ب١، چاپخانە/ دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن

٧٩-ڕەسووڵ، د.عیزەدین مستەفا، (١٩٩٠)، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی فێرگەی باڵا، هەولێر.

٨٠-ڕسووڵ،د.عیزەدین مستەفا، (٢٠١٠)،لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی،چاپی سێیەم،دەزگای ئاراس،هەولێر

٨١-ڕەسووڵ،عیزەدین مستەفا، (٢٠١٦)، دیوانی (ئەحمەد موختار جاف)، چاپخانەی پەنجەرە، تاران.

٨٢-ڕەسووڵ،د.شوکریە، (١٩٩٧)، ڕێ و ڕەسمی شین و لاوانەوەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەولێر اوفیست کریستا، هەولێر.

٨٣-ڕەنجدەر،سەباح، (٢٠٠٧)، دوو کتێب لە بارەی شیعرەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

٨٤-ڕەئوف،لوقمان، (٢٠١٣)، سەرەتایەک بۆ ڕۆمان و شیعری سەربەستی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی لاوەند، سلێمانی.

٨٥-ڕەئوف،د.لوقمان، (٢٠١٨)، دەق و مانا، چاپی یەکەم، چاپخانەی دێکان، سلێمانی.

٨٦-ڕەئوف،کاروان، (٢٠٠٤)،یاداشتی دیوان و کوژرانی زیندان، ،چاپخانەی هەرێن، سلێمانی

٨٧-ڕۆژبەیانی،زاهیر، (٢٠٠٨)، شیعریەت لە دەرەوەی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٨٨-ڕەسڵ،بێرتراند، (٢٠١١)،حیکایەتی ڕۆژئاوا، (ب١)، و: کامیل محەمەد قەرەداغی، بەڕێوەبەرایەتی خانەوەرگێڕان، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٨٩-زازا،د.نورەدین، (٢٠١٢)، ژیانی کوردەواریم، و: باست حەمەغەریب،چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٩٠-زەکەریا،د.فوئاد، (٢٠٠٦)، گوزارشتی مۆسیقا، و: حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

٩١-سابیر، پەرێز، (٢٠٠٦)،ڕەخنەی ئەدەبی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر،چاپی یەکەم،دەزگای ئاراس، هەولێر

٩٢-سابیر،جەبار، (٢٠٠٨)، لەودیو هەناسەکانی شیعرەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٩٣-سابیر،د.ڕەفیق، (٢٠٠٨)، کولتوور و ناسیۆنالیزم، چاپی سێیەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٩٤-ساڵح،تانیا ئەسعەد محەمەد،(٢٠١٢)، دیاردەی غەم لەشیعری حەسیب قەرداغیدا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٩٥-ساڵح،مەجید،(٢٠١٦)،بیری نەتەوەیی لای شێخ نوری شێخ ساڵح، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٩٦-سامان،فەریدوون،(٢٠١٢)، ئەزموون لە نێوان شکست و داهێناندا،چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٩٧-سجادی،علاءالدین،(١٩٧٨)، خۆشخوانی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا .

٩٨-سەعید،هیواعەزیز،(٢٠٠٣)،ناسیۆنالیزمی کوردی(١٨٨٠-١٩٣٩)،بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری، سلێمانی.

٩٩-سەقزی،بابان،(٢٠٠٦)، (گاتا،سروودە پیرۆزەکانی زەردەشت)، چاپخانەی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری،سلێمانی.

١٠٠-سۆن،مێجەر ئی.ب،(٢٠٠٧)، چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، و:نەجاتی عەبدوڵلا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٠١-سێرڤانتێس،(٢٠٠٨)،دۆن کیشۆت،و: ئەحمەد قازی ،ب(١)، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر .

١٠٢-سەعدون،سامان عیزەدین،(٢٠١٥)، دەقە شیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروونناسییەوە، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانەی تاران.

١٠٣-شارەزا،کەریم،(٢٠١٣)، کۆیە وشاعیرانی،ب٢،چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

١٠٤-شوان،د.ئیبراهیم ئەحمەد،(٢٠١٠)، لێکدانەوە و ساغکردنەوەی بەشێک لەدیوانی موخلیس، چاپی یەکەم، چاپخانەی سپیرێز، دهۆک.

١٠٥-شوانی،د.ڕەفیق محەمەد،(٢٠٠٨)،کۆمەڵەوتارێکی ئەدەبی،چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر

١٠٦-شێخ بزێنی، سەعد فاروق یوسف،(٢٠١١)، بنیاتی هونەری لە شیعری ئەحمەد موختار بەگی جافدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١٠٧-صلاح،حسن (سۆران)،(١٣٦٧)، زمان و ئەدەب، چاپی یەکەم، چاپخانەی جهان نما، تهران.

١٠٨-طاهر،ئامر،(٢٠٠٦)، نیما یوشیج و عەبدوڵلا گۆران(نوێکردنەوەو دابڕان)، چاپی یەکەم،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٠٩-عارف،حەمەکەریم،(٢٠٠٧)، سادقی هیدایەت،نموونەی مەرگی نووسەر، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، سلێمانی.

١١٠-عارف،حەمەکەریم،(٢٠٠٧)، دەربارەی شیعرو شاعیری، بێ ناوی چاپخانەو ناوی شوێن.

١١١-عەبدوڵڵا،نایب،(١٩٩٦)، بیرەوەری ٢١ ساڵی تێکۆشان، چاپی یەکەم، چاپخانەی نەورۆز، سوید.

١١٢-عەبدوڵڵا،ئارێز،(٢٠٠٤)، لەودیو دەرگا داخراوەکانەوە،چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر.

١١٣-عەبدوڵڵا،چنار سەعد،(٢٠١٠)، پەروەردە و نەتەوایەتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١١٤-عەبدوڵڵا،د.ئیدریس،(٢٠١٠-٢٠١١)، شێواز و شێوازگەری، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١١٥-عەبدوڵڵا،د.ئیدریس،(٢٠١١)،لایەنە ڕەوانبێژییەکان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا(حەمدی و حاجی قادری کوردی)،چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١١٦-عەبدوڵڵا،د.ئیدریس (٢٠١٣)، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم،چاپخانەی منارە، هەولێر.

١١٧-عەبدوڵڵا،سۆران مامەند،(٢٠١٦)، نۆستالژیا لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم،چاپخانەی تاران.

١١٨-عەبدوڵڵا،عەبدولسەلام نەجمەدین،(٢٠٠٨)، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانیەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١١٩-عەبدوڵڵا،عەبدولموتەڵیب،(٢٠١٠)،(زمان، بوون، شیعر)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

١٢٠-عەزیز،د.حوسێن مەحمەد،(٢٠٠٠)، خڵتەی بیرێکی ژاراویی، چاپی یەکەم ،چاپخانەی هەمیشە، سولەیمانی.

١٢١-عوسمان،هەرێم،(٢٠١٣)، چەمکی مردن لەزمانی کوردییدا، چاپی یەکەم،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٢٢-عومەر،د.موحسین ئەحمەد،(٢٠٠٥)، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، ب١، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٢٣-عومەر،هاوژین،(٢٠٠٦)، ئەشکەنجە و زیندان، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

١٢٤-عومەر،یاسین،(٢٠٠١)، ئەزموون (شێرکۆ بێکەس(١٩٨٥-٢٠٠٠)، چاپی یەکەم، چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٢٥-عیسی،هاوژین سلیوە،(٢٠٠٩)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٢٦-عەزیز،حوسێن محمد، (٢٠٠٢)، پێنج کاتژمێر لەگەڵ (ئیبراهیم ئەحمەد)دا،چاپی سێیەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

١٢٧-غالب،ئورخانی، (١٩٩٨)، ئەمری لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، سوید.

١٢٨-غەمبار،کەمال، (٢٠٠٨)، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێک، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٢٩-فەتاح،د.محەمەد مەعروف، (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانییەکان، ئا: شێروان حسێن خۆشناو- شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٣٠-فتاح،د.محمد معروف، (٢٠١١)،زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٣١-فرج،کامل محمد علی، (٢٠٢١) ،شیعری زیندان لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی ئاڤێستا، کەرکوک.

١٣٢-فەتاح،ڕزگار عومەر، (٢٠١٤)، ڕۆمانسیزم لەشیعری هێمن و محەمەد نووری دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٣٣-فەقێ،د.ئیبراهیم، (٢٠١٤)،هێزی متمانە بەخۆبوون، و: کارزان عەزیز، چاپی سێیەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١٣٤-قادر،حەمەی حەمەئەمین(کاکەی فەلاح)، (٢٠٢٠)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە.

١٣٥-قەرەداخی،حەسیب، (٢٠٠٢)،فەرەنگی خەم-سەرجەمی شیعرەکانی حەسیب قەرەداخی،ب١،چاپی یەکەم،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.

١٣٦-قەرەنی،ئەحمەد، (٢٠٠٧)،شیعری فێرکردن لەئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس،هەولێر.

١٣٧-کاکەیی،هەردەوێڵ، (٢٠١٠) دیوانی مەلا حەسەنی نەوحی زەنگنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٣٨-کانەبی،دلێر سادق، (٢٠٠٩)،هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

١٣٩-کەریم،فەرهاد قادر، (٢٠١٢)، بنیاتی وێنە لەشیعرەکانی حەمدیدا،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر

١٤٠-كەمال،د.عەلی،(٢٠١٥)، سێکس و دەروون، و: سۆزان جەمال، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٤١-كەمال،محەمەد،(٢٠٠٥)، نیهێلزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٤٢-كەمال،محەمەد،(٢٠١٠)، فەلسەفەی ئەفلاتون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی..

١٤٣-کوردۆ،محەمەد،(٢٠٠٩)، جوانی و جیاوازی،چاپخانەی بینایی، سلێمانی

١٤٤-کوێستانی،هەڤاڵ،(٢٠١٧)، ئەو ڕۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٤٥-کوردستانی،موحەممەد مەردۆخی،(١٣٨٨)، فەرهەنگی مەردۆخ،ب(١)،ل.ئا: ڕەئووف رەهنموون، چاپی یەکەم،خانەی بڵاوکردنەوەی پڕتەوبەیان، سنە .

١٤٦-گەردی،د.عەزیز،(١٩٩٩)، سەروا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١٤٧-گەردی،عەزیز،(٢٠١٤)، کێشناسی کوردی، چاپی یەکەم، کتێبخانەی ئارام، ڕانیە.

١٤٨-گەردی،سەردار ئەحمەد حەسەن،(٢٠٠٢)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٧١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٤٩-گەردی،موحسین ئەحمەد مصطفی،(٢٠١٣)، بەهاری ڕەوانبێژی، چاپی یەکەم، هەولێر.

١٥٠-محەمەد،دڵشاد عەلی،(١٩٩٨)،بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕەنج،سلێمانی.

١٥١-محەمەد،د.دڵشاد عەلی،(٢٠٠٧)،دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٥٢-محەمەد،ئەنوەر قادر،(٢٠٠٧)، لیریکای شاعیری گەورەی کورد(مەولەوی)1806-1882،چاپی سێیەم،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٥٣-محەمەدپوو،عادڵ،(١٣٨٨)،سۆزی لیریکالەئەزموونی شیعری کوردیدا،چاپی یەکەم،چاپخانەی مەهارەت، تهران.

١٥٤-محەمەدپوور،عادل،(١٤٠٠)، بۆتیقای جیاواز، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەوین، مەریوان.

١٥٥-مدرس،مەلا عبدالكريمی و عبدالکریم،فاتح ،(١٣٦٤)، دیوان نالی، چاپی یەکەم،چاپخانە سپهر، تهران.

١٥٦-مستەفا،مامۆستا محەمەد باقی سەعید،(٢٠١٤)،کەرکوک لەمێژوودا، چاپی یەکەم،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٥٧-مستەفا،د.محەمەد فازیل،(٢٠١١)، دەنگی پیرەمێرد لەبزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٥٨-مستەفا،ئاسۆ عومەر،(٢٠٠٩)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای (پیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران)، چاپی یەکەم ، چاپخانەی خانی، دهۆک.

١٥٩-معروف،د.ابراهیم طاهر،(٢٠١٥)، هاوسەرگیری سەرکەوتوو، دەزگای بەیان بۆ گەشەپێدانی مرۆیی.

١٦٠-معروف،کمال،(٢٠٠٠)، ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، چاپخانەی داناز، سلێمانی.

١٦١-مەحمود،فازیل مەجید،(٢٠٠٧)، سروشت لە شیعری گۆراندا، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٦٢-مەحموود،ئازاد ئەحمەد،(٢٠٠٩)، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردی(١٩٨٥-٢٠٠٥)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٦٣-مەلا،ئەحمەدی،(٢٠٠٥)،شیعر تەنیا هەر بنەمایە،لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی،چاپی یەکەم،بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

١٦٤-مەلاکەریم،عەتا،(٢٠٠٥)، لالۆ منیش زیندانیی سیاسی بووم، بەریتانیا.

١٦٥-مەلاکەریم،محەمەدی،(١٩٨٠)، دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

١٦٦-مەلاکەریم،مەحمەدی،(١٩٩٩)، لەپێناوی ڕاستی و کورد و خانیدا، چاپی یەکەم، دەزگاری ئاراس، هەولێر.

١٦٧-مەلاکەریم،محەمەدی،(٢٠٠٦)،یانەی دڵان(دیوانی شیعری مەدهۆش)،چاپی سێیەم،چاپخانەی گەنج، سلێمانی

١٦٨-موکریانی،گیوی،(١٩٩٩)،فەرهەنگی کوردستان، چاپی دووەم،دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٦٩-مودەرریس،مەلا عەبدولکەریمی و مەلاکەریم،محەمەدی،(٢٠١٥)،دیوانی سالم،ب١، ئا:سدیق ساڵح، بنکەی ژین، سلێمانی.

١٧٠-میران،سەردار حەمید & شارەزا،کەریم مستەفا،(١٣٩٠)، دیوانی حاجی قادری کۆیی،چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی کوردستان، سنە .

١٧١-میراودەلی،کەمال، (٢٠١٣)، گۆران- رۆمانسیزمی سروشت و جوانی

١٧٢-نانەوازادە،عەلی، (٢٠٠٥)،فەرهەنگی کوردی هەرمان. (ب١)، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتپەروەردە، هەولێر.

١٧٣-نەبەز، جەمال، (٢٠٠١)، هێندێک لەکێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم، ب١، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە(٢٠)، هەولێر.

١٧٤-نەبەز، جەمال، (٢٠٠٢)، بیری نەتەوەییی کوردی ،چاپی دووەم، بڵاوکراوەی بنکەی کوردنامە، لەندەن .

١٧٥-نەجمەدین، پشکۆ، (٢٠١١)، ئەزموون و یاد، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی سێیەم.

١٧٦-نەقشی، ڕەحمان، (٢٠١٨)، بابەت و نووسراوەکانی عەلی لەیلاخ.

١٧٧-نوری، بەهادین، (٢٠٠١)، بیرەوەرییەکانی بەهادین نوری، و: سەردار صالح، ب(١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕنج، سلێمانی .

١٧٨-هاڵبیێرگ، پیتەر و دانەرانیتر، (٢٠١٠)، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی دووەم، کتێبخانەی یادگار، سلێمانی.

١٧٩-هۆراس، (١٩٧٩)، هونەری شیعر، و: حەمید عەزیز، چاپی یەکەم، مطبعە الزمان، بغداد .

١٨٠-هەژار، (١٣٦٩)، هەنبانە بۆرینە، فەرهنگ کردی-فارسی، چاپی یەکەم، چاپخانە سروش، تهران.

١٨١-هەژار، (٢٠٠٨)، ئەحمەدی خانی(مەم و زین)، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر

١٨٢-هەژێن (٢٠١٤)، نازم حیکمەت، دوا هۆنراوەکانی، وەرگێڕانی لەفارسیەوە: هەژێن، چاپی یەکەم

١٨٣-ووردی، محمد توفیق، (١٩٦١)، فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار التضامن، بەغدا.

١٨٤-یەعقووبی، عەبدولخالق، (٢٠٠٢)، دەنگی بلورینی دەق، چاپی یەکەم، ناوەندی کوردیکا، بۆکان.

**ب- عـەرەبی**

١٨٥-البزرة، د.احمد مختار، (١٩٨٥)، الأسر و السجن في الشعر العرب، طبعة الاولى، مؤسسة علوم القرأن، دمشق، بيروت.

١٨٦-الجريوى، د.محمد بن عبدالله، (١٩٩١)، السجن و موجباته في الشريعة الاسلامية، ج١، طبعة الاولى، ادارة الثقافة والنشر بالجامعة السعودية.

١٨٧-الدورى، عدنان، (١٩٨٩)، علم العقاب ومعاملة المذنبين، طبعة الاولى، ذات السلاسل، كويت.

١٨٨-الصمد، د.واضح، (١٩٩٥)، السجون وأثرها فى الادب العربية، طبعة الاولى، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.

١٨٩-العوادى، د.عدنان حسين، (١٩٨٥)، لغه الشعر الحديث فى العراق، طبعة الاولى، وزاره الثقافه والاعلام، دائرة الشؤون الثقافه والنشر، بغداد.

١٩٠-المعوش، د.سالم، (٢٠٠٣)، شعر السجون فى الادب العربي الحديث و المعاصر، طبعة الاولى، دار النهضه العربيه، بيروت.

١٩١-النجفى، احمد الصافى، (١٩٨٣)، الحصاد الشعر، مكتبه المعارف، بيروت .

١٩٢-إمام، د.إمام عبدالفتاح، (١٩٩٤)، الطاغية ، طبعة الاولى، علم المعرفة ، كويت.

١٩٣-ج.هروود، بيرنهاردت، (٢٠١٧)، تاريخ التعذيب، ت: ممدوح عدوان ، طبعة الرابع، دار ممدوح عدوان للنشر والتوزيع، دمشق.

١٩٤-حلمى، احمد، (١٩١١)، السجون المصرية فى عهد الاحتلال الانجليزي، طبعة الاولى، مطبعة النجاح، مصر.

١٩٥-خضر، د.عبدالفتاح، (١٩٨٤)، تطور مفهوم السجن و وظيفته، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية ، الرياض.

١٩٦-ديورانت، ول وايريل، (١٩٧١)، قصة الحضارة، ت: محمد بدران، الجزء الثاني من المجلد الاول، طبعة الاولى، مطابع الدجوى، القاهرة.

١٩٧-صلاح، د.شعبان، (٢٠٠٥)، موسيقى الشعر بين الاتباع والابتداع، طبعة الرابع، دارغريب للطباعه والنشر، القاهره.

١٩٨-ضيف، د.شوقى، (١٩٩٠)، عصر الدول و الامارات الشام، طبعة الثانية ، دارالمعارف، القاهرة

١٩٩-طالب، أحسن مبارك، (٢٠٠٠)، العمل الطوعي لنزلاء المؤسسات الإصلاحية ، طبعة الاولى، أكاديمية نايف العربية ، للعلوم الأمنية ، الرياض.

٢٠٠-منصور، د.أسحق ابراهيم، (١٩٩١)، موجز في علم الاجرام وعلم العقاب، طبعة الثانية ، ديوان المطبوعات الجامعية ، الجزائر.

ج- فارسى

٢٠١-بهار، محمد تقى، (١٣٣٦)، ديوان(اشعار ملك الشعرا)، جلد٢ ، چاپ سوم، چاپخانەى سپهر، تهران

٢٠٢-خانلری، د.پرويز ناتل،(١٣٦٧)، وزن شعر فارسى، چاپ دوم، انتشارات توس، سازمان چاپ خواجه، تهران

٢٠٣-زرين كوب، د.عبدالحسين،(١٣٦٣)، شعر بى دروغ، شعرى بى نقاب، چاپ چهارم، چاپخانه زيبا.

٢٠٤-زرين كوب، د.عبدالحسين،(١٣٧٩)، يادداشت ها و انديشه‌ها، چاپ پنجم، چاپخانه مهارت، تهران.

٢٠٥-شاملو، احمد،(١٣٧٩)، باغ ايينه(مجموعه‌ى-شعر)، چاپ نهم،انتشارات زمانه، تهران.

٢٠٦-ظفرى، د.ولى الله،(١٣٨٠)،حبسيه در ادب فارسى، از آغاز دوره قاجاريه تا انقلاب اسلامى،جلد٢،چاپ اول،چاپخانه سپهر ،تهران.

٢٠٧-كدكنى، محمد رضا شفيعى،(١٣٩١)، موسيقى شيعر، چاپ سيزدهم، نشر اگه، تهران

٢٠٨-كدكنى، محمد رضا شفيعى،(١٣٩٢)، زبان شعر در نثر صوفيه، چاپ چهارم، انتشارات سخن، چاپخانه (دايره سفيد)، تهران.

## گۆڤـــار و ڕۆژنامە

### ا- كوردی

٢٠٩-ئاسنگەر،مەجيد،(١٩٦١)، چوارين، گۆڤاری ڕۆژی نـوێ، ژ(١٢).

٢١٠-برايم،د.هێمن عزيز،(٢٠١٦)، پاراستی ئازادی وەكو مەبەستێكی گشتی مرۆڤبوون لەنێوان كەتوار و دەقدا، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژ (٤٩)،بەشیB

٢١١-بەدری،محەمەد،(١٩٨٩)، هەندێ تێبينی دەربارەی شيعروشاعير، گۆڤاری نووسەری كورد ،ژ (٧) .

٢١٢-بێكسترۆيم،لاش،(١٩٨٨)،گۆران شاعيری نەتەوەی كورد،و: ئەمجەد شاكەلی، گۆڤاری مامۆستای كورد، ژ(٦).

٢١٣-درتاش،عەبدوڵلا،(١٩٨٦)، قافيە لەنێوان سەرواو سەروەست دا، گۆڤاری بەيان، ژ(١١٦).

٢١٤-ديلان،هەڵبەست،(١٩٩٦)، يادێک لە(ديلان)ی شاعير، گۆڤاری گزينگ، ژ (١٠) .

٢١٥-ڕەئوف،سەلاح،(١٩٨٧)، تيۆرەكانی مۆسيقا، گۆڤاری كاروان، ژ (٥٣).

٢١٦-زمدار،مەحموود،(٢٠٠٦)، ديمانەيەک لەگەڵ (مەدحەت بێخەوی شاعير)، گۆڤاری ڕامان، ژ (١٠٨) .

**٢١٧-سابير،د.پەخشان و عەبدولقادر،جوان،(٢٠١١)، شیعری زیندان لە نێوان واقیع و ئەدەبدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژ(١٧).**

**٢١٨-سابیر،د.پەخشان،(٢٠١٥)، تەوەرە سەرەکییەکانی شیعری زیندان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ(٤٧) بەشی(B).**

**٢١٩-سالح،هەژار، (٢٦٩٤)، ئازادی، گۆڤاری گزنگ، ژ (٩).**

**٢٢٠-سەعید،د.ناز ئەحمەد،(٢٠١٧)،شیعرییەتی دەقی گەشتی ژیانمی مەسعود محەمەد،گۆڤاری کۆنتێکست،ژ (١).**

**٢٢١-سەعید،د.محەمەد ئەحمەد،(٢٠٠٥)، شیعری هاوچەرخی کوردیی کەرکووک،لەنێوان ١٩٦١-١٩٧١، سیمای نوێگەری ، گۆڤاری ز.سلێمانی ، ژ(١٦) بەشیB.**

**٢٢٢-شارەزا،کەریم،(١٩٩٧)،وێنەی شیعری لەهۆنراوەی کوردیدا چۆن دروست دەبێ و بە چ هەستێک وەردەگیرێ، گۆڤاری (ڕامان)، ژ (٩).**

**٢٢٣-شارەزا،کەریم،(٢٠٠٤)،نوێکاری شیعر و جوانیی لەدیوانی (بنەوشەکان)دا، گۆڤاری ڕامان،ژ (٨٦ ،٨٧).**

**٢٢٤-شەریف،عبدولواحید ادریس & دەشتی،عثمان حمد خضر،(٢٠١٦)، خالید دلێر و سروودی کوردی ،گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان، ژ (٧)، بەشی (B).**

**٢٢٥-شەریف،عەبدولواحید ئیدریس،(٢٠٢١)، بەرەنگاری لەشیعرەکانی مەلا عەلی دا،گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین،ژ(٢).**

**٢٢٦-عەبدولواحید،ئازاد،(٢٠٠٤)،چاوپێکەوتنێک لەگەڵ شاعیری بەناوبانگ(ئەحمەد هەردی)،گۆڤاری ڕامان، ژ(٨٦، ٨٧).**

**٢٢٧-غالب،د.مستەفا، (٢٠١٢)، سوقرات، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: لوقمان ڕەئوف، گۆڤاری ئایدیاوالا، ژ(٣١).**

**٢٢٨-فەلاح،شەریف،(٢٠١٤)،زیندان، قوتابخانەی ئەدەبیی هاوچەرخی تورکیایە، گۆڤاری ئایدیا، ژ (٤٣).**

**٢٢٩-قادر،ڕێبین خلیل،(٢٠١٦)، شیعری زیندان لە ئەدەبی کوردیدا،(چوار شاعیری کورد بەنموونە)، گۆڤاری ز.سەلاحەدین، ژ (٥).**

**٢٣٠-قەرەنی،ئەحمەد،(٢٠٠٤)، کێشێن شعرا کوردی دناڤبەرا بەحرێن فەراهیدی و هەسپێن جگەر خوینی دا، گۆڤاری ڕامان، ژ(٨٦-٨٧).**

٢٣١-کەریم،فەرهاد قادر،(٢٠٢٠)،تارمایی مەرگ لە شیعرەکانی شەهید مەلا عەلی-دا،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ(٤٥).

٢٣٢-گەردی،د.سەردار ئەحمەد،(٢٠١٣)، کاریگەری غەزەلێکی جزیری لەسەر قەصیدەیەکی وەفایی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژ(٢٤).

٢٣٣-محمد،دڵشاد علی و عبدالله،سعید محمد،(٢٠١٩)، پێوانە هونەرییەکانی ڕەخنەی شیعریی لە ئەدەبی کوردیدا ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩٠)بە نموونە، گۆڤاری ز.جیهان-سلێمانی، ژ(٢)

٢٣٤-مدکور،منی، (٢٠١١)،زیندان و مەسەلەی داهێنان و ئازادی بیروڕا، و: باوکی ڕەهەند، گۆڤاری سەردەم، ژ(٦٥)

٢٣٥-مەعروف،د.کەمال مستافا،(٢٠٠٤)، ڕەمز لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژ ١٤،بەشی B

٢٣٦-موفتی،ئیحسان ڕەشاد،(٢٠٢١)، بورهان جاهید،چەند بیرەوەریەک و شیعرێکی بڵاونەکراوەی،گۆڤاری دیوان،ژ٧.

٢٣٧-یەعقوبی،عەبدولخالق،(٢٠٠٦)،(زمان، باڵاپۆشی، هزر)، گۆڤاری(ڕامان)، ژ (١٠٨) .

٢٣٨-غەفوری،شۆڕش،(٢٠١٨)،بزرگ عەلەوی ئەوپیاوەی لەڕێگەی چاوەکانیەوە ئاسیمان،ڕۆژنامەی هەولێر،ژ(٢٨٨١)

ب- عەرەبی

٢٣٩-جغدم، د.الحاج،(٢٠١٩)،صوره المقاومه فى شعر مفدي زكرياء، مجله(الكلم)جامعة وهران الجزائر،عدد(١).

٢٤٠-مصطفى، مصطفى سيد مينه،(٢٠١٤)، زمانی شیعری هێمن، مجلة جامعة كركوك، العدد (١).

ج- فارسی

٢٤١-قەهرەمانی،جەعفەر،(١٣٩٨)، لێکدانەوەی ئاستی زمانی شیعریی وەفایی، پژوهشنامه ادبیات کردی، ش (٨).

**نامەی ئەکادیمی**

**ا- کـوردی**


**٢٤٢-تۆفیق،ئاڤان عەلی میرزا،(٢٠٠٨)،چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی دا، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی.**

**٢٤٣-عەبدوڕەحمان،عەبدولسەلام سالار،(٢٠٠٦)، وێنەی هونەری لە شیعری (شێخ نووری شێخ ساڵح)دا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.**

**٢٤٤-عەبدولڕەحمان،عبدالسلام سالار،(٢٠٠٠)،هونەری ڕەوانبێژی لەشیعری نالی دا،نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.**

**٢٤٥-حسێن،هیوا کەریم،(٢٠١٣)، پێگەی مەدهۆش لەشیعری کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.**

**٢٤٦-حمەساڵەح،دلاوەر ئیبراهیم،(٢٠١٥)، شیعرییەت لە دەقەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.**

**٢٤٧-حەمەئەمین،باخان ئەحمەد،(٢٠١٤)، شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی کوردیدا (بەکەرەستەی کرمانجی خواروو، سالانی ١٩٩٠-٢٠٠٠) نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.**

**٢٤٨-خۆشناو،ئەبوبەکر عەبدوڵلا حەسەن،(٢٠٠١)، شیعری بەرەنگاری کوردی(١٩٧٥-١٩٩١)،نامەی ماستەر،زانکۆی سلێمانی.**

**٢٤٩-سەعید،ناز ئەحمەد،(٢٠١٠)، لادان لە شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.**

**٢٥٠-عەلی،زانیار ساڵح،(٢٠١٥)، بنیاتی ئاوازەیی لەشیعری نوێی کوردی دا(١٩١٨-١٩٥٨)،نامەی ماستەر،زانکۆی سلێمانی.**

**٢٥١-عەلی،صدیق ئەوڕەحمان،(٢٠١٥)، حەقیقەتی شاعیر-ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی**

**٢٥٢-قادر،عەباس مەحمەد،(٢٠٠٨)،ڕیالیزم لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا(١٩٤٦-١٩٧٠)،نامەی ماستەر،زانکۆی سلێمانی .**

**٢٥٣-محەمەد،یوسف ئەحمەد،(٢٠١٤)،شیعری کوردی لە ژێر چەمکی ڕیالیزمدا(١٩٠٠-١٩٥٠)، نامەی ماستەر،زانکۆی سلێمانی.**

**٢٥٤-مستەفا،سەرحەد حوسێن،(٢٠١٥)، بیری نەتەوەیی و بەرەنگاری لە شیعرەکانی (کامەران موکری)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.**

٢٥٥-مصطفى،محمد فاضل،(١٩٨٩) زێوەر و ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

٢٥٦-مەعروف،هەرێم عوسمان،(٢٠١٧)، لیریکی گۆران لەڕوانگەی بونیادگەریی کراوە و تەواوکارانەوە، نامەی ماستەر،زنکۆی سلێمانی.

ب- عەرەبی

٢٥٧-أختر،ياسمين،(٢٠٠٤-٢٠١٠)، الشكوى فى الشعر العربي في النصف الأول من القرن العشرين، اطروحة دكتوراه،جامعه الاسلاميه العالمية باسلام اباد.

٢٥٨-البلاجى،محمد،(١٩٩٠-١٩٩١)،شعر الاسر فى العصر العباسى،جزء١،اطروحة دكتوراه،جامعة الحسن الثانى،مغرب.

٢٥٩-التميمى،أيمن سليمان خالد،(١٩٩٧)، السجون في العصر العباسي (٧٥٠-٩٤٥م)، رسالة الماجستير، كلية الدراسات العليا، الجامعة الأردنية.

٢٦٠-حسين،احلام محسن،(٢٠٠٦)، العقوبة وأبعادها الاجتماعيه فى العصر صدر الاسلام،الخلافة الراشدة،اطروحة دكتوراه ،جامعة بغداد .

٢٦١-حسين،غزوة عادل،(٢٠١٣)،عقوبة الاعدام واثرها فى الحد من ظاهرة الاجرام بين الشريعة والقانون، رسالة الماجستير، الجامعة النهرين، بغداد.

٢٦٢-حليمة ،بوسعيد،(٢٠١٤-٢٠١٥)،صورة الوطن فى شعر السجون محمود درويش أنموذجا،رسالة ماجستير،جامعة العربى بن مهيدي-أم البواقي، الجزائر.

٢٦٣-قدور،سكينه،(٢٠٠٦-٢٠٠٧)،الحبسيات فى الشعر العربي،اطروحة دكتوراه،جامعة منتورى-قسنطينة، الجزائر.

٢٦٤-لعرابى،عائيشة،(٢٠١٥-٢٠١٦)، صورة المعتقل فى الادب الفلسطيني، دراسة نفسية، رسالة من المعتقل،لسميح القاسم أنمودجا،رسالە ماجستير،جامعة محمد بوضياف بالمسيلة.

پێگەی ئەلیکترۆنی

ا- کوردی

٢٦٥-ئەمانی،سەعید،(٢٠١١)،زیندان و شیعر،سایتی دەنگەکان: http://dengekan.ca/archives/17670

٢٦٦-شجاعی،سامان،(٢٠١١)، ئەشکەنجە و ڕەوایەت، سایتی پەراوێزی سوور:
https://perawez.wordpress.com/2011/09/02/%d8

٢٦٧-عەبدوڵڵا،کنێر،(٢٠١٧)، چەمکی ئازادی، جۆر و ڕەهەندەکانی، سایتی پێنوس:
http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/444-2018-09-02-18-56-38

٢٦٨-عەلی،ئارام مەجید،(٢٠١٩)،متمانە بەخۆبوون،سایتی شەن پرێس:
http://www.shanpress.com/Wtardetails.aspx?jimare=2418&

٢٦٩-عەلی،ئارام مەجید،(٢٠١٨)، جیاوازی نێوان (برا)و(برادەر)،سایتی شەن پرێس:
http://www.shanpress.com/Wtardetails.aspx?jimare=2034

٢٧٠-فەتاح،کرمانج (٢٠١٨)، بڕوا بەخۆبوون چیە؟، سایتی گوڵان میدیا:
https://www.gulanmedia.com/so/story/195639/1621549815

٢٧١-قەبانی، نزار، شیعر چیە، وەرگێڕانی: حەسەن ئەیوب زادە:

- https://www.kurdipedia.org/?q=20101222144124194918&lng=1

٢٧٢-کەریم، د.زاهیرلەتیف،(٢٠١٦)، ئەدەبی زیندان بەنموونەی دوا دەقی شەهید مەلا عەلی، ماڵپەری خاک:https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=10115

٢٧٣-مەعروف زادە،ڕێبوار،(٢٠١٢)، 0مرۆڤی ژمارە135490648 زیندانی دەسەڵات و ئەدەبیاتی زیندان:
http://www.komarixwaz.com/ku/index.php/2011-10-20-07-47-07/525-o-135490648

ب- عەرەبی

٢٧٤-حنفي،محمد،(٢٠١٦)،كتب السجون..الابداع فی الزنزانة ،موقع القبس:
https://alqabas.com/article/191518

٢٧٥-مصاروة ،ایمان،(٢٠٢٠)،أدب السجون فی فلسطین،شبكة محزون،الاصدارالكترونی(١٣٦):

https://adabesjoone.com/wp-content/uploads/2021/04/adab_alsojon_iman_msarwa.pdf

ج - فارسی

٢٧٦- رضایی،د.محمد& کوهسار،مهدی بیات،(١٣٩٤)، مضامین حبسیه در شعر اخوان ثالث(با تکیه بر کتاب"در حیاط کوچک پاییز در زندان"):

https://www.sid.ir/fa/seminar/ViewPaper.aspx?ID=43097

د- ئینگلیزی

277 -Bunny mcfadden,2022, Writing Poetry i Prison as an Act of Resistanc : https://daily.jstor.org/writing-poetry-in-prison-as-an-act-of-resistance

# ملخص البحث

لقد جاء هذا البحث بعنوان (شعر السجون في جنوب كوردستان- الكرمانجية الوسطى ١٩٢٠-١٩٧٠) كمحاولة لتسليط الضوء على هذا النوع الشعري المميز الذي يختلف عن غيره من الانواع الشعرية من ناحية الشكل والمضمون، يعمل هذا النوع من الشعر على المشاعر و العواطف والافكار الانسانية، حيث انها من ناحية استخدمت كسلاح فعال و روحي بيد الوطنيين و المناضلين من اجل الحرية و الاستقلال و نصرة قضاياهم المشروعة و من ناحية اخرى استطاعوا من خلالها اظهار الوجه الخفي و العدواني لاعدائهم و اعداء الشعب. و يختص هذا البحث بدراسة شعراء الكورد و نتاجاتهم الشعرية في داخل السجون حصرا، حيث تم القاء العشرات منهم في غياهب السجون في فترات الحكم المتعاقبة في تاريخ العراق الحديث سواء بسبب كتاباتهم و قصائدهم و اختلاف مواقفهم و معتقداتهم او بسبب الحركات الوطنية و السياسية، والذين حولوا زنزاناتهم الى ساحة الدفاع الاولى عن القضية الكوردية.

ان الدافع الاساسي لاختيار هذا الموضوع هو قلة البحوث المنجزة في هذا المجال و ندرتها في الادب الكوردي و المنجز منها لا يتعدى سوى الاشارة اليها بامثلة بسيطة و مختصرة او الاشارة اليها ضمن ادب و شعر المقاومة الكوردية. ومن اجل الوصول الى النتائج المرجوة فقد حددنا نطاق البحث بالقصائد التي كتبها شعراء الكورد أثناء اعتقالهم وفي داخل غرف السجون المظلمة باللهجة الكرمانجية الوسطى و لفترة ما بين سنة ١٩٢٠-١٩٧٠، وهذه الفترة تشمل في طياتها فترتين رئيسيتين (١٩٢٠-١٩٥٨) و (١٩٥٨-١٩٧٠) و هاتان الفترتان تميزتا بالاضطرابات السياسية و تغيير الحكومات والانظمة في العراق، كما تميزت باختلاف و شدة تعامل الحكام و السياسيين مع حقوق الكورد و قضيتهم.

استخدم الباحث المنهج (الوصفي التحليلي) للكشف عن المحتوى الحقيقي للنصوص الشعرية و تحليل بنيتها الفنية. و يتكون البحث من مدخل و ثلاثة فصول رئيسية، ففي المدخل تم شرح مفهوم و مصطلح و معنى السجن في المعاجم الكوردية. و يناقش الفصل الأول تاريخ السجون عند الامم من العصور القديمة إلى العصر الحديث و العلاقة ما بين الشعر والسجون و كذلك اسباب سجن الشعراء والكتاب. اما الفصل الثاني فيشمل مواضيع شعر السجون و خصائصها. و يختص الفصل الثالث بالتركيب الفني لشعر السجون والتي تشمل اللغة الشعرية و الصورة الشعرية و الموسيقى الشعرية و الرموز الشعرية في شعر السجون. وفي الخاتمة تم تحديد اهم النتائج التي توصل اليه البحث مع قائمة المصادر و ملخص البحث باللغة العربية و الانكليزية.

# Abstract

This research came under the title **(Prison Poetry in Southern Kurdistan - Middle Kurmanjia 1920-1970**) as an attempt to shed light on this distinctive poetic type, which differs from other poetic genres in terms of form and content. This type of poetry works on feelings, emotions and human thoughts. Where, on the one hand, it was used as an effective and spiritual weapon in the hands of patriots and fighters for freedom and independence and to support their legitimate causes, and on the other hand, they were able to show the hidden and aggressive face of their enemies and the enemies of the people. This research is concerned with the study of Kurdish poets and their poetic productions exclusively inside prisons, as dozens of them were thrown into prisons during successive periods of rule in the modern history of Iraq, whether because of their writings and poems and their different attitudes and beliefs, or because of the national and political movements at the time. They turned their jails into the first arena for defending the Kurdish cause.

The main motive for choosing this topic is the lack of research done in this field and its scarcity in Kurdish literature. In order to achieve the desired results, we determined the scope of the research with poems written by Kurdish poets during their arrest and inside dark prison rooms in the middle Kurmanji dialect and for the period between 1920-1970, and this period includes two main periods (1920-1958) and (1958- 1970) and these two periods were characterized by political turmoil and the change of governments and regimes in Iraq, as well as by the difference and severity of the rulers and politicians dealing with the rights of the Kurds and their case.

The researcher used the (analytical descriptive) method to reveal the real content of the poetic texts and analyze their technical structure. The research consists of an introduction and three main chapters. In the introduction, the concept, term and meaning of prison in Kurdish dictionaries were explained. The first chapter discusses the history of prisons among nations from ancient times to the modern era and the relationship between poetry and prisons, as well as the reasons for imprisoning poets and writers. However, the second chapter includes the topics of prison poetry and its characteristics. The third chapter, on the other hand, is concerned with the artistic composition of prison poetry, which includes poetic language, poetic image, poetic music and poetic symbols in prison poetry. In the conclusion, the most important results of the research were identified with a list of sources and a summary of the research in Arabic and English.

**Kurdistan Regional Government**

**Ministry of Higher Education and Scientific Research**

**Garmian University**

**College of Education**

**Department of Kurdish Language**

# Poetry of prison in South Kurdistan

## (Middle Kurmanji 1920-1970)

**Submitted by**

**Ata Ali Ameen**

**He has submitted his thesis to the Council College of Education of Garmian University as a part of the requirements for obtaining a master's degree in Kurdish literature**

**Supervised by**

**Assit Prof.Dr. Omed Rahem Shamsulddin**

**2722 kurdy** **2022**